
# فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا

## (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا

## (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)

**د. کاروان عومەر قادر**

سلێمانی
٢٠١٢

**فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا**

**(بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)**

- نووسەر: د.کـــاروان عـــومـــەر قـــادر
- بابەت: زمانەوانی
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: سۆران عوسمان
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: بەختیار ئەورەحمان
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: **٢٣ x ٣٣**
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (**٨٨٤**)
- تیراژ : ( **٥٠٠** ) دانە
- چاپ: چاپخانەی بینایی
- نرخ: ( **٣٠٠٠**) دینار
- ژمـارەی سـپاردنی (**١٩٥٩**)ی سـاڵی ٢٠١٢ی وەزارەتـی ڕۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

پێشکەشە بە:

- گڵکۆی دایکم.
- تنۆکی عارەقە ماندوونەناسەکانی باوکم.

د. کاروان

* ئەم پەرتووکە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرای (د. کاروان عومەر قادر)ە، کە ساڵی (٢٠١٠– ٢٠١١) پێشکەشی (زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمانی) کردووە، تێزەکەش لە لایەن زانکۆوە وەك خۆی وەرگیراوە بە پلەی (باڵا).

* تێزی دکتۆراکە بە سەرپەرشتی مامۆستای بەڕێز (پ.ی.د. محەممەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید)ئەنجامدراوە.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ∀ | ڕادەی گشتی، وەك (هەموو) |
| E | ڕادەی هەبوونیی، وەك: (هەندێك) |
| X | گۆڕینۆك/ ڤاریابڵ |
| α | ئەلفا/ لە بابەتی مەودای ڕادەدا بە واتای (ڕستە/ڕستەی شکاوە/ڕستەکە پاش هەڵگواستنەکە)دێت. |
| [ ∅ ] | فای/ پۆلە بەتاڵەکان |
| i ، j | هێمای هاونیشانەکردن |
| π | پای، لە (بەرنامەی کەمینە)دا بە واتای (دەنگ) دێت، کە لە فۆڕمی فۆنۆلۆژییەوە کێشراوە. |
| λ | لامدا، لە (بەرنامەی کەمینە)دا بە واتای (واتا) دێت، کە لە فۆڕمی لۆژیکییەوە کێشراوە. |
| (LI و i) | لە بەرنامەی کەمینەدا، (LI) بریتییە لە لێکسیمەکان و (i)یش بریتییە لە ئاماری (ژمارەی لێکسیمەکان). |
| QM | ڕادەکانی Mostowski |
| QR | ڕادەکانی Rescher |
| t | لە قوتابخانە (بەرهەمهێنان وگواستنەوە)دا، بە واتای (شوێنپێ"Trace") دێت. |



| | |
|---|---|
| e | لە قوتابخانە (بەرهەمهێنان وگواستنەوە)دا، بە واتای (کاتەگۆری بەتاڵ "Empty Category") دێت. |
| t | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (چەشنی نرخی ڕاستییەکان) دێت. |
| T | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (ف. ن) دێت. |
| ⊥ | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (کردار) دێت. |
| e | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (چەشنی تاکەکان وەك (ناوەکان، فرێزە ناوییەکان)) دێت. |
| (e،t) | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (چەشنی گۆکردنەکان لە تاکەکانەوە بۆ نرخی ڕاستی) دێت. |
| (t،(t،e)) | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (ڕادە گشتییەکانی چەشنی (١)ی وەك: (∀،∃)) دێت. |
| ((t،(t،e))،(t،e)) | لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا، بە واتای (ڕادە لۆکاڵییەکانی چەشنی (١،١)ی وەك: (نەختێك،کەمێك، هەر... هتد،)) دێت. |
| λ | لامدا، بریتییە لە پرۆسەیەك، کە گۆکردنەکان دەخولقێنێت لە لێکۆڵینەوەکانی (تیۆری سیمانتیکی چەشن)دا. |
| β | بێتا/ لە ڕێسای مەودادا بە واتای (ڕستە پێش |

| | |
|---|---|
| | هەڵگواستنی ڕادەکە) دێت. |
| O | لە ڕێسای مەودادا، بە واتای (ڕادە گواستراوە) دێت. |
| پ | لە ڕێسای مەودادا، بە واتای (پرۆسە) دێت |
| ڕ | ڕادە/ ڕستە |
| ڕ− | ڕستەی شکاوە |
| (زنجیرەی – Σ) | کۆکراوەی پرۆسەکانی– Ψ |
| پرۆسەکانی – Ψ | سایی، لە ڕێسای مەودادا بریتییە لە هەریەکە لە دوو ڕادە هەڵواسراوەکە، واتە (Qi و Qj). |
| (Qi و Qj) | ڕادە هەڵواسراوەکان لە ڕێسای مەودادا. |
| پ. ن | پرۆسەی – نەرێکردن |
| ك. ن | کەرەستەی نەرێکردن |
| p | لە تیۆری (گرایس)دا بە واتای (واتای ڕەسەنی دەربڕاو) دێت. |
| q | لە تیۆری (گرایس)دا بە واتای (واتای بەخشکەیی دەربڕاو) دێت. |
| [ φ ] / [ Φ ] | فیی "PHI" بە واتای (ئەگریمێنتی نێوان هەردوو پێکهاتەی (بکەر و کردار)) دێت. |
| [ π ] | پای، لە تیۆری فییدا، بە واتای (نیشانەی کەس) دێت. |
| [ # ] | هاش، لە تیۆری فییدا بە واتای (نیشانەی ژمارە) دێت. |
| ¬ | هێمای نەرێکردن |



| | |
|---|---|
| [ ] | کەوانەی شکاوەی دروستە "Bracketing" |
| / | یان |
| * | واتای ناڕێزمانی ڕستە |
| ؟ | لە ڕووی ڕێزمانییەوە گومانلێکراوە |
| //// | قرتاندنی پێکهاتەی ڕستە |
| [ +/− ] | بەهای نیشانەی واتایی |
| ← | دەبێت بە |
| → | هەڵگوێزراوە لە |
| (ڕ"T") | ڕاستی"Truth" |
| (هە"F") | هەڵەیی "False" |
| پ. چ | پێکهاتەی چەمکی |
| ج | جێکەوتە |
| گ | گۆکردن |
| د. ق | ئاستی دروستەی قوڵ |
| د. ڕ | ئاستی دروستەی ڕووکەش |
| ف. ل | ئاستی فۆڕمی لۆژیکی |
| ف. ف | ئاستی فۆڕمی فۆنۆلۆژی/فۆنەتیکی |
| د. | دەق/ ڕستە، کە وەك دەقێك سەیر بکرێت. |
| پ. ل | پێشەکی لۆژیکی |
| ئە. ل | ئەنجامی لۆژیکی |
| ج. م | جێکەوتەی مەودا |
| Pro | جێناوی بکەریی سفر |

| | |
|---|---|
| تیۆری ڕێسا و پارامیتەرەکان | P&P |
| بەرزکردنەوەی ڕادە " Quantifier Raising" | QR |
| لە بەرنامەی کەمینەدا، بە واتای (جێکەوتەی ئەگریمێنتی بکەریی) دێت. | AgrS |
| لە بەرنامەی کەمینەدا، بە واتای (جێکەوتەی ئەگریمێنتی بەرکاریی) دێت. | AgrO |
| بریتین لە داتای هەمەچەشنی لێڵ بۆ زۆربەی نموونە گۆڕاوەکانی (Φ). | [ (A) یـــاخود (A و B) ] |



## لیستی زاراوەکان

| ئـ | |
|---|---|
| Metaphysics | ئەودیو سروشت |
| Reference | ئاماژەبەند/ سەرچاوە |
| Logical Empiricism | ئەزمونگەرە لۆژیکییەکان |
| Level of Representation | ئاستەکانی نواندن |
| Level of analysis | ئاستەکانی شیکردنەوە |
| Level of Structure | ئاستەکانی دروستە |
| Merge | ئاوێتەکردن |
| Conceptual – Intentional (C-I) | ئاوەزی بەئەنقەست/مەبەستدار |
| Movement Parameters | ئاڕاستەکانی گواستنەوە |
| Permutation Invariance | ئاڵوگۆڕی جێگیریی |
| **ب** | |
| Subject Raising | بەرزکردنەوەی بکەر |
| Quantifier Raising | بەرزکردنەوەی ڕادە |
| (Minimalisim Program(MP | بەرنامەی کەمینە |
| À-Binding | بەستنەوەی نائارگوکێنت |
| Barriers | بەربەستەکان |
| Optimal Way | باشینەڕێگا |

| | |
|---|---|
| Feature Strength | بەهێزی نیشانەی گواستنەوە |
| Thought | بیر |
| Barriers Variety | بەربەستە هەمەچەشنەکان |
| Conjoint Subjects | بکەرە لکێنراوەکان |
| Implecature | بەخشکەیی دەربڕین |
| Together- Implicature | بەخشکەیی دەربڕینی پێکەوەیی |
| Alone-Implicature | بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایی |
| Encoding | بە جفرەکردن |
| All - Implicature | بەخشکەیی دەربڕینی – هەمویی |
| No All – Implicature | بەخشکەیی دەربڕینی– ناهەمویی |
| | پ |
| Communication Process | پرۆسەی پەیوەندیکردن |
| Representation System | پێڕەوی نواندن |
| Θ / Theta-Creation | پێوەری ڕۆڵی بابەتانە |
| (Strong Crossover (SCO | پەڕینەوەی بەهێز |
| (Weak Crossover (WCO | پەڕینەوەی لاواز |
| Project | پرۆژە |
| Computational System | پێڕەوی ئاوەزیی |
| Group | پۆل |
| L-related | پەیوەستی–لۆژیکی |
| (Conservativity (CONS | پارێزگاریی |



| | |
|---|---|
| Beyond Grice | پاش گرایس |
| | ت |
| Input | تێکردەیەك |
| Trace Theory | تیۆریی شوێنپێ |
| Copy Theory | تیۆریی کۆپی |
| Binding Theory | تیۆریی بەستنەوە |
| Optimal Theory | تیۆریی نموونەیی |
| Perfect System | پێڕەوی تەواو و پڕاوپڕ |
| Checking | تاقیکردنەوە |
| Type Theory | تیۆریی چەشن |
| Semantic Theory Type | تیۆریی سیمانتیکی چەشن |
| Generalized Conversational (Implicature(GCIs | تیۆریی بەخشکەیی دەربڕینی ئاخاوتەیی بەرهەمهێنراو |
| Relevance Theory | تیۆریی پەیوەندیی |
| | ج |
| A-Position | جێکەوتە– ئارگومێنت |
| ¯Position_A | جێکەوتەی– نائارگومێنت |
| Theta-Position | جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانەدار |

| | |
|---|---|
| | ح |
| Mood-indictor | حاڵەتی ئاماژەیی |
| Proper Government | حوکمکردنی شیاو |
| | د |
| Foundation | دامەزراوە |
| Output | دەرکردە |
| R-expression | دەربڕاویی سەرچاوەیی/ئاماژەبەندیی |
| Domain of relativization | دەسەڵاتی حوکمکردن بۆ بە سەرجێناوکردن |
| Domain divisible into subset "DDS | دەسەڵاتی دابەشکردن بۆ وەچەپۆلەکان |
| Optimal Design | دیزانی نموونەیی |
| (Articulatory-Perceptual(A-P | درکپێکردنی تەواو و پڕاوپڕ |
| Spell Out | بە واتای (خاڵی شەقبوون/ دەرکردە) لە بەرنامەی کەمینەدا دێت. |
| Primary Linguistics (Data(PLD | داتا زمانەوانییە بەرایییەکان |
| Binary Theory | دوو پەلکیی/ دروستەی دووانیی |
| Shell | دەرەوەی قاوغی (ف. ك) |
| Procrastinate | دواخستن |



| | |
|---|---|
| (Extension(EXT | درێژبوونەوە |
| Minimal Context | دەقی گچکەیی |
| | ڕ |
| Truth | ڕاستیی و ڕاستەقینە |
| True | ڕاستێتی |
| Empty Category (principle(ECP | ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ |
| Projection Principle | ڕێسای پڕۆژەسازدان |
| Extended Projection (Principle (EPP | ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراوە |
| Function Chain | ڕیزبەندی گۆکردن |
| Binding Theory | ڕێسای بەستنەوە |
| Crossover Principle | ڕێسای پەڕینەوە |
| Erasure Principle | ڕێسای سڕینەوە |
| Principle and (Parameters(P&P | ڕێساو پارامیتەرەکان |
| (Universal Grammar(UG | ڕێزمانی گشتی |
| Theta-Role Assigment (Principle(TRAP | ڕێسای نیشانەکردنی ڕۆڵی بابەتانە |
| Scope Principle | ڕێسای مەودا |
| Cooperative Principle | ڕێسای هاریکارییانە |
| Conjoint Sentence | ڕستە لکێنراوەکان |

| | |
|---|---|
| Horn's Q and R-Principle | ڕێسای Q و Rی زانا هۆرن |
| | ز |
| pro-drop Language | زمانە بکەر خراوەکانە |
| Linguistics Representation | زانستی زمانی نواندن |
| | ژ |
| Numeration | ژمارەیی |
| | س |
| Physics | سروشت |
| Behaviorism Psychology | سایکۆلۆژییەتی ڕەفتار |
| Restrictor | سنوردارکەر |
| | ف |
| Focus | فۆکس/تیشکۆ |
| Inner form | فۆڕمی کرۆکیی |
| Clause | فریزی بچووك/ڕستیلە |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Joint NP | فریزی ناوی لکاو |
| Unjoint NP | فریزی ناوی نەلکاو |
| Optimal Form | فۆڕمە نموونەییەکان |
| | ك |
| Relative Reduction | کەمکردنەوەی سەرجێناوی |
| Attract | کەمەندکێش/ ڕاکێشان |
| Negative Polarity items | کەرەستە جەمسەرییە نەرێیەکان |



| | |
|---|---|
| Link-definites | کەرەستەکانی جەختکردنەوە |
| Minimalist | کەمینەیی |
| | گ |
| Variable | گۆڕینۆك |
| Overt and Covert Movement | گواستنەوەی ئاشکرا و داپۆشراو |
| (Grammatical Function(GF | گۆکردنە ڕێزمانییەکان |
| Grammatical Functional(GF-<br>Θ | گۆکردنە ڕێزمانییە ڕۆڵی<br>بابەتانەدارەکان |
| Move | گواستنەوە |
| (Universal(UNIV | گشتێتی |
| Implies | گرتنەوە |
| | ق |
| Deletion | قرتاندن |
| | ل |
| Traditional Logic | لۆژیکی چاولێکەری |
| Affix Movement | لاگر گواستنەوە |
| Pure Logic | لۆژیکی پەتیی |
| | هـ |
| Subjacency Condition | هاوسێیەتیی ڕاستەوخۆ |
| Select | هەڵبژاردن |
| Isomorphism Invariance | هاوشێوەبوونی جێگیر |

| | |
|---|---|
| ((ISOM | |
| Adjunction | هەڵواسین |
| | و |
| C-Command | وەچەئاڕاستەکردن |
| Sublabel | وەچەناو |
| Antecedent | وەچەبەستێنەریی/ بۆگەڕاوە |
| Timeless meaning | واتای هەمیشەیی/نەمر |
| | ن |
| Truth-Value | نرخی ڕاستیی |
| quasi- quantifier | نیمچە ڕادە |
| Strong Feature | نیشانەی بەهێز |
| Unaccebility | نەشیاویی |
| | م |
| Knowledge | مەعریفە |
| Truth –conditions | مەرجەکانی ڕاستیی |
| Binding Condition | مەرجەکانی بەستنەوە |
| Local Domain | مەودا و دەسەڵاتی لۆکاڵی |
| Phase | ماوەی گواستنەوە |
| Visibility Condition | مەرجی شیاو |
| Inclusiveness Condition | مەرجی گشتێتیی |



| | |
|---|---|
| Absolute Scope | مەودای بێگومانیی |
| Uniformity Condition | مەرجی هاوشێوەبوون |
| Minimal Link Condition ((MLC | مەرجی بەستنەوەی کەمینەیی |

## پێشەکی

"فۆڕمی لۆژیکی" هەم وەك ئاستێکی نواندنی زمانەوانیی و هەم وەك تیۆرییەکی زمانەوانی، تا ئێستا (ساڵی پێشکەشکردنی نامەکە) هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی بۆ تەرخان نەکراوە. هەروەها کارکردن لەم بوارەدا شیکردنەوەیەکی بەرایی تەواو وپڕاوپڕ بۆ تێگەیشتن لە پێڕەوی درکپێکردنی مرۆڤی کورد لە هەموو بوارەکاندا نەخشە دەکێشێت. ئەمە وێڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەو ئومێدە نووسراوە، کە توێژینەوە لە بوارەکانی ژیربێژی بە شێوەیەکی گشتی و لۆژیك و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و ژیربێژی بە شێوەیەکی تایبەتی لە زمانی کوردیدا جێبەجێ دەکرێن، بخاتە ناو چوارچێوەی زانستییەوە و لێکۆڵینەوە لێیان پەیوەست بکات بە تیۆرییە زانستیی و زمانەوانییەکانەوە.

لە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەکەدا کەرەستەی "دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست– شێوەزاری سلێمانیی" بەکارهێنراوە و زۆربەی نموونەکانی ناو ئەم نامەیە لە خودی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی شێوەزاری زمانەکەوە وەرگیراوە.

بەمشێوەیەش ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم نامەیەدا ڕێبازی "شیکاریی پەسنکارانەیە"، چونکە تیۆریی جێبەجێکراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیۆری (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە "Government and Binding



Theory(GB))") و (بەرنامەی کەمینە "Minimalism Program(MP)")یە لە چوارچێوەی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا.

بە مەبەستی زیاتر زیکبونەوەی لۆژیکییانە لە ڕاستەقینە درکپێکراوەکان خودی نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، کە زیاتر بەمشێوەیە نەخشەی بۆکێشراوە:

### بەشی یەکەم:

ڕاڤەکردنێکی ورد و تەواوی شیکردنەوە بەراییەکانی (لۆژیك) و (فۆڕمی لۆژیکی)یە. لەم بەشەدا تیۆری و زانیاری پێویست پێشکەشکراوە. بۆیە بەشێکی پەروەردەیی (دیداکتیکییە)،چونکە بە نموونەوە ڕوونکراونەتەوە، هەروەها تێیدا ئەو هۆکارانەیش، بە بەڵگە و سەلماندنەوە، تێیدا شیکارییانە و پەسنکەرانە دۆزراونەتەوە، کە هەبوونی فۆڕمی لۆژیکی لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا دەچەسپێنن. بەمشێوەیە، هەر لەم بەشەدا خوێنەر بە تیۆری و زانیاری پێویست لەسەرڕێزمانی کوردی بەرەو شیکردنەوە و توێژینەوەکانی بەشەکانی دیکە دەبرێت. لەم ڕوانگەیەوە بۆ زیاتر زانستێتی لێکۆڵینەوەکە، ئەم بەشە لە دوو پاری سەرەکیدا پێشکەشکراوە:–

پاری یەکەم/لەم پارەدا هەنگاوە بەراییەکانی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە (لۆژیك و فۆڕمی لۆژیکی) لە ژیربێژی و زانستی زماندا لە ڕوانگەی (لۆژیکی چاولێکەری "Traditional Logic")ەوە بە پوختی خراوەتەڕوو و بە نموونەی شیکارییەوە بۆچوونەکان گفتوگۆکراوە.

پاری دووەم/ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو لێکدانەوە جیاوازانەیە، کە تیۆریی (دەسەڵات و بەستنەوە "Government and Binding Theory(GB")) لەم بابەتدا هێناویەتەکایەوە. بۆ مەبەستی زانستێتی شیکردنەوەکانیش خودی ئەم پارە بە سەر (٩) وەچەپاردا دابەشکراوە و تێیدا بە وردی شیکردنەوە بۆ (ئاستەکانی نواندنی ڕێزمانیی)، (ئاڕاستە جیاوازەکانی هەژمارکردنی (فۆڕمی لۆژیکی) وەك ئاستێکی زمانەوانی)،(چۆنیەتی پەیکاڵبوون و هاوشێوەبوونی هەردوو ئاستی (دروستەی قوڵ) و (فۆڕمی لۆژیکی))، (چۆنیەتی هەڵگواستنی ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی) وەك ئاستێکی زمانەوانی لە ئاستی (دروستەی ڕووکەش)ەوە)، (ئەو بەڵگانەی، کە دەیسەلمێنن ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی) ئاستێکی نواندنی زمانەوانییە)، (تایبەتمەندییەکانی (فۆڕمی لۆژیکی) لە زمانی کوردیدا)، (ئارگومێنتەکانی ئەم ئاستەمان لە زمانی کوردیدا)، (هەردوو چەشنەکەی گواستنەوە (ئاشکرا و داپۆشراو)ی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە))، (ئەو یاسایانەی ئاستی (دروستەی ڕووکەش) بۆ ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی) هەڵدەگوێزن) کراوە.

## بەشی دووەم:

ئەم بەشەی نامەکە تەرخانکراوە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی، کە تەواوکەری یەکترین، لە هەمانکاتیشدا دەرخەری ئاڕاستە نوێیەکانی ئەم بابەتەیە، چ لە ڕووی تیۆرییەوە چ لە ڕووی کارەکییەوە. هەربۆیە بەشەکە لە دوو پاری سەرەکیدا نەخشەکێشراوە:



پاری یەکەم/ ئەم پارە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی لایەنی تیۆریی (بەرنامەی کەمینە). لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدراوە پەیوەست بە شیکردنەوەکانی ئەم بەرنامەیەوە ئاڕاستە سەرەکییەکانی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە) سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە و بخرێتەڕوو. بەمەش ئەوە سەلمێنراوە، کە ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی) تەنیا ئاستی بەرنامەی کەمینەیە هەمبەر بە ئاستی (فۆڕمی فۆنۆلۆژی).

پاری دووەم/ ئەم پارە وەك لایەنێکی کارەکیی خۆی دەنوێنێت و تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی (فۆڕمی لۆژیکی مەودا لۆژیکییەکانی دەربڕاوەکان) لە زمانەکەماندا، بە تایبەتی ئەو مەودا لۆژیکییانەی دەربڕاوە ڕادەیی و پرسیارییەکان لە زمانی کوردیدا هەیانە و دەبنە هۆی لێڵبوونی واتایی و بە ئەنجام نەگەیاندنی پرۆسەی پەیوەندیکردن. هەربۆیە ئەم پارە بە نموونەی شیکارییەوە ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ نەخشەکێشانی لێکۆڵینەوە لە پێڕەوی درکپێکردن لە ئاوەزی مرۆڤی کورد. بە مەبەستی زیاتر وردکردنەوە و بە دەستهێنانی ئەنجامی زانستی لە خودی ئەم پارەدا شیکردنەوە بۆ (چەمکی گشتێتی لە زماندا)، (چەشن و جۆرەکانی دەربڕاوە ڕادەییەکان)، (واتای دەربڕاوە ڕادەییەکان و ڕۆڵیان لە هەڵهێنجانی واتای سەرلەبەری ڕستەدا)، (یاسای بەرزکردنەوەی ڕادە و ڕێسای مەودا)، (جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان (فرێزی ناویی) و (فرێزی ناویی ڕادەدار))، (چەمکی (مەودا) و (ڕێسای مەودا) پەیوەست بە (بەرنامەی کەمینە)وە)، (مەودای ڕادەکان و لێڵییە واتاییەکانیان)، (کارلێکی مەودای دەربڕاوە ڕادەییەکان و دەربڕاوە پرسیارییەکان)، (کێشەی مەودای ڕادە پەیوەست بە دیاردەی پەڕینەوەی لاوازەوە)، (مەودای ڕادە و جەمسەری نەرێکردن)،

(مەودای واتایی ئەو دەربڕاوە ڕادەییانەی ڕۆڵی (بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) دەبینن) کراوە.

## بەشی سێیەم:

ئەم بەشە، وەك بەشێکی کارەکیی، تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان (فۆڕمی لۆژیکی) و (بەخشکەیی – دەربڕین). لەم بەشەدا بە شێوەیەکی کارەکی ئەوە سەلمێنراوە، کە ڕستە بەخشکەییە دەربڕاوەکان فۆڕمی لۆژیکی تەواو جیاوازییان هەیە. بە مەبەستی سەلماندنی کارەکییانەی ئەم بۆچوونەش خودی بەشەکە بە سەر (٣) پاردا دابەشکراوە:

پاری یەکەم/ ئەم پارە، پەیوەست بە تیۆریی (گرایس) هەمبەر بە ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی)، تەرخانکراوە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو واتایەی، کە قسەکەر ڕستەکان دەریدەبڕێت لەگەڵ ئەو واتایەی گوێگر لە ڕستە دەربڕاوەکانی قسەکەر هەڵیدەهێنجێت.

پاری دووەم/ ئەم پارە بە شێوەیەکی کارەکیی لە پەیوەندی نێوان فۆڕمی لۆژیکی و واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکانی کۆڵیوەتەوە، لەم ئاڕاستەیەشدا هەردوو پۆلی (کردارەکان) و (ئاوەڵناوەکان) وەك نموونەی بۆ شیکردنەوەکان وەرگیراون. لەم ڕوانگەیەوە چەشن و جۆرەکانی واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکان خراونەتەڕوو.

پاری سێیەم/ ئەم پارە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئەو گرفتانەی لە پەیوەستکردنی دیاردەی (بەخشکەیی – دەربڕین) بە ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی)یەوە، سەرهەڵدەدەن.



لە ڕاستیدا بەرهەم و ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانرێت وەك بناغەیەك وەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ژێربێژیی بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەندی تێکچڕژاوی نێوان (زمان و لۆژیك) و (زمان و بیر) و (سیمانتیکی شێوازبەندانە) و (ئێرگاتیڤی زمانی کوردی لە ڕوانگەی فۆڕمی لۆژیکییەوە) و (واتای پراگماتیکی) لە زمانەکەماندا، بە شێوەیەکی تایبەتیی. ئەمە جگە لەوەی بنەمایەکی بەهێزیش دەچەسپێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری کوردیی. بە شێوەیەکی تایبەتتر بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو هاوکێشە ماتماتیکی و ئەنجامە لۆژیکییانەی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردیدا شاراوانە نەخشەیان بۆ کێشراوە.

د. کاروان عومەر قادر

سلێمانی/ ٢٠١٢

# بەشی یەکەم

## لۆژیك و فۆڕمی لۆژیکی

**(وەك ئاستێکی نواندنی زمانەوانی)**

### ١/١) بەرایییەکانی لۆژیك و فۆڕمی لۆژیکی:

**زمان هەر لە سەرەتاوە ئەو دەقە بووە، کە ژیربێژیی کاری تیاکردووە، بۆ گەیشتن بە (ڕاستیی و ڕاستەقینەکان** Truth**). پەیوەندی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیەی ئیپستمۆلۆژیا (واتە زمان و ژیربێژیی) پەیوەندییەکی کرۆکی ناوەکییە. هەربۆیە زمان ڕۆڵی سەرەکی لە درکپێکردنەکانماندا بۆ ڕاستی و ڕاستەقینەکان هەیە . لێرەشەوە ژیربێژیی زمان وەك زانستێکی سەربەخۆ گرنگی بە خستنەڕووی پانتایی و قووڵی زمان لە دەقەکانی ئەودیو سروشتدا(**Metaphysics**) دەدات، واتە دەرخستنی ڕۆڵی زمان لە شیکردنەوەی ئایدیا و ڕاستی ڕاستەقینەکاندا. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوە، کە زانا لۆژیکییەکان پێیانوابووە، کە: ((لۆژیك هونەری بیرکردنەوەیە/ لۆژیك ڕاڤەی یاساکانی بیرکردنەوەیە))[١]. هەروەك ئاشکرایە ڕستەکان ئاماژەپێدەری ئاخاوتنەکانن، ئاخاوتنەکانیش خاوەنی پێشەکی و ئەنجامی**

---

[1]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بیروبۆچوونانە، بە تایبەتی بیروبۆچوونی زانا لۆژیکییەکانی وەك پۆرت ڕۆیاڵ (Port Royal) و بۆڵی (Boole)، بڕوانە: Margaret A. Boden(2006: 122-123) هەروەها بۆ زێتر ناساندنی سەرەتا و ڕاڤەکردنەکانی ژیربێژیی (بە تایبەتی لۆژیك) و پەیوەندی بە زمانەوە (لە ئاستی سیمانتیکدا ) وەك چەند لێکۆڵینەوەیەکی زەنگین لەم بوارەدا دەتوانرێت سوود ببینرێت لە:

ا/ حەمید عەزیز (٢٠٠٥: ٥١–٧٠)، ب/ بکر عمر و ئاڤێستا کمال (٢٠٠٩: ٢٧–٣١).

پ/محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ٢٢٣–٢٣٥).

ت/ محمود فتح الله (٢٠٠٩: ١٦٧–١٦٩)، ج/ اندریه چاکوپ،ت/لیلی الشربینی (٢٠٠٢: ٢٠٩–٢٣٥)، هەروەها ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە لە ڕوانگەی قوتابخانەی ئەرکیی زانا (هالیدە)یەوە دەبینرێتەوە لە:

ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠٠٨: ١٤٦–١٧٣).

شیاون و تێیاندەگەین. هەربۆیە ڕاستی و دروستی ئاخاوتنەکان لە گەلێك لایەنەوە پەیوەستن بە ڕاستیی و دروستیی ڕستەکانەوە. هەر لێرەشەوەیە، کە دەتوانین بڵێین دروستەی ڕێزمانی ڕستەکان بنەمای دروستەی گفتوگۆکانمانن و فۆڕمدروستیشیان لە پەیوەندی واتایی نێوانیان هەڵهێنجراوە. بەمەش لێکدانەوەی فۆڕم و واتای ڕستەکان بنەمایەکی زیرەکانە بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن لە ئاخاوتنەکان وەك بەرهەمهاتوویەکی پرۆسەی پەیوەندیکردن (Communication Process) دادەڕێژن. ئەم تێگەیشتنانەش لە واتاکانی زمان بۆتە بنەمای ئەو پرسیارەی، کە ئایا دروستەی لۆژیکی چۆن پەیوەستە بە دروستەی ڕێزمانییەوە؟! لە ڕاستیدا خستنەڕووی پەیوەندی نێوان لۆژیك و ڕێزمان (یاخود بە شێوەیەکی وردتر پەیوەندی نێوان فۆڕمی لۆژیکی و فۆڕمی ڕێزمانی) تەنها بە هۆی چەمکێکی سادە و هێڵی ڕێزمانی وشەکان (ڕیزبەندی وشەکان)ەوە ناخرێتەڕوو، بەڵکو وێڕای ئەمانە پێویستمان بە تەکنیکی خستنەڕوو و نواندنی جیاوازە لەم بوارەدا، تا بتوانین هەم دروستەی لۆژیکی و دروستەی ڕێزمانی بخەینەڕوو هەم دروستە هاوشێوەکانیشی لەیەکتر جیابکەینەوە (چ لە ڕووی ڕێزمانەوە بێت یاخود لە ڕووی لۆژیکەوە بێت). بۆ کۆنکریتکردنی چەمکەکانمان، با بڕوانینە (١ ا و ب) و دواتر بەراوردییان بکەین بە خودی دروستە لۆژیکی و ڕێزمانیەکانیان لە (٢ ا و ب)دا:

(١) ا/ ئازاد سانایە داوای لێبوردن بکات.

ب/ ئازاد پەرۆشە داوای لێبوردن بکات.

(٢) ا/ [چەمك سانایە] – داوای لێبوردن بکەیت لە (ئازاد).

ب/ [چەمك پەرۆشە] – داوی لێبوردن بکات (ئازاد).



ئەگەر بمانەوێت ڕاستێتی لە (١ ا و ب)دا درك پێبکەین، ئەوا دەبێت (چەمك)ی بنەڕەتی ڕستەکان دەربهێنین [وەك لە (٢ ا و ب)دا دیارە] وەك درکپێکردنێکی لۆژیکی و دواتریش چەمکەکان پەیوەست بکەین بە کەرەستەیەکی دەرنەبڕاوەوە، کە بنەمای لێکدانەوە ڕێزمانییە لۆژیکییەکەیانە، کە ئەویش دەشێت بکەرێکی بێ شوێنی وەك (***هەموو کەسێك***) بێت لە نموونەی (١ا)دا و (***هەندێك کەس***) بێت لە (١ب)دا، هەروەك لە (٣ ا و ب)دا خراوەتەڕوو:-

(٣) ا/ (***هەموو کەسێك***) سانایە داوای لێبوردن لە ئازاد بکات.

ب/ ئازاد پەرۆشە داوای لێبوردن (***لە هەندێك کەس***) بکات.

بێگومان خستنەڕووەکان لێرەدا ناوەستن و بەردەوام دەبن، تا شیکردنەوەی تەواوی ڕاستییەکان و دەرخستنی وردێتی جۆری وردی واتاکان[2]. خۆ ئەگەر بێتوو بمانەوێت لە بەراییەکانی لۆژیك و فۆڕمی لۆژیکی تێبگەین، ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕێزمانی چاولێکەریی و لەوێوە دەست پێبکەین، بە تایبەتی تێڕوانینەکانیان بۆ (چەمکە دەربڕاوەکان "Expression Proposition")، کە کردوویانەتە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی (پێشەکی لۆژیکی) و (ئەنجامی لۆژیکی)[3]. ئەم چەمکە دەربڕاوانەش

[2]– ئەم جۆرە شیکردنەوانەی دەربڕاوەکانی زمانی کوردی و چۆنیەتی نواندنە ڕێزمانی و لۆژیکییە هەمەچەشنەکانیان کاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاری (یەکەم) و (دووەم)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[3]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (چەمك "Proposition" ) شیکردنەوە و تێڕوانینە جیاوازەکانی، بڕوانە:(Stuart G. Shanker (2004:13-23 لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە هەریەکە لە [یوسف شریف (٢٠٠٩: ١٢) و محمود فتح الله (٢٠٠٩: ١٩٤)] زاراوەکانی (بنە و پێشنیاز)یان بۆ ئەم زاراوەیە بەکارهێناوە.

**پێشبینی (ڕاستێتی "True" و هەڵەیی "False") خودی چەمکەکان دەکەن، بەوەی ئەم چەمکانە**

**(کە پێشەکی و ئەنجامی لۆژیکیان هەیە) دەتوانرێن بسەلمێنرێن یاخود ڕەتبکرێنەوە، تێگەیشتنەکەمان بە نموونە (٤) ئەزموونبەند دەکەین:**

(٤) [ئەنجامی لۆژیکی یەکەم **کارزان دووگۆڵی دەکات** [ پێشەکی لۆژیکی یەکەم **ئەگەر باوکی بهێڵێت**، [پێشەکی لۆژیکی دووەم **هەروەها باوکی ڕێگە دەدات:** [ئەنجامی لۆژیکی دووەم **کارزان دووگۆڵی دەکات**]]]].

**ئەگەر لە نموونەکە وردببینەوە، دەبینین (ئەگەر باوکی بهێڵێت) پێشەکییەکی لۆژیکییە بۆ ئەنجامی**

**(کارزان دووگۆڵی دەکات) وەك ئەنجامێکی لۆژیکی دروست. هەر لە نموونەکەدا پێشەکی لۆژیکی یەکەم، بە دواشیدا پێشەکی لۆژیکی دووەم هاتووە، کە هەر هەمان پێشەکیین، بەڵام بە فۆرمی جیاواز. هەربۆیە هەر هەمان ئەنجامیش دێت، بەڵام بە فۆرمی جیاواز، کەواتە دەتوانین بڵێین پێشەکییە لۆژیکییە فۆرم جیاوازەکان ئەنجامی لۆژیکی فۆرم جیاوازییان دەبێت. بەمشێوەیە پێشەکییە لۆژیکییەکان و ئەنجامە لۆژیکییەکان دێن، کە وەك چەند ئارگومێنتێك دووبارە دەبنەوە، ئەم ناکۆتاییەی ئارگومێنتەکانی ئاخاوتن، کە زیاتر مەبەستی ڕێزمانی چاولێکەریی بووە، لە یاسای (١)دا خراوەتەڕوو:**

(١) q **ئەگەر** p، **هەروەها** p: **هەربۆیە** q [4]

**لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم فۆرمەلەکردنی ئاوەزییانەی ڕستەکانی زمان بووە، کە ڕێزمانی چاولێکەری بۆ دەرخستنی چەمکە دەربڕاوەکان وەك**

[4]– Ernest Lepore and Bary C. Smith (2006:822-823)



**بنەمایەکی سەرەکی گەیشتن بە ڕاستی و ڕاستەقینەکان گرنگی پێداوە. کەواتە چەمکەکان دەبێت پێشەکی لۆژیکیان هەبێت، تا ئەنجامی لۆژیکی دروستیان هەبێت، کە ئاشکرا لە ڕێگەی دروستیی دروستە چەمکییەکانەوە بە دەست دێن، کە لێکۆڵینەوە لە لۆژیك سانا دەکات، هەروەك چۆن (ئەرەستۆ) بەهۆیەوە توانیویەتی مامەڵەیەکی شیکاری لەگەڵ (پێوانەی لۆژیکیدا)[5] بکات. شیکردنەوەی زیاتری ئەم بۆچوونە لە نموونەی (٥) و فۆڕمی (٦) و (٧)دا ڕیزبەند دەکرێن:**

(٥) [ پێشەکی لۆژیکی یەکەم (پ ل١) **هەموو گوڵێك بۆنخۆشە**، [پ. ل٢ **هەروەها هەموو مێخەکێکیش گوڵە:** [ ئەنجامی لۆژیکی (ئە. ل) **هەربۆیە هەموو مێخەکێکیش بۆنخۆشە**]]].

**لە نموونەی (٥)دا (هەموو گوڵێك بۆنخۆشە) پێشەکی لۆژیکی یەکەمە و چەندین بەشی دیکەیشی لێدەبێتەوە/ لەژێر دەستدایە، کە هەریەکەیان بەشێکن لە خودی خۆی، چونکە لە ناوی (گوڵ) و (بۆنخۆشیی) زاراوەی گشتیین و گەلێك ناوی هاوشێوە دەگرێتەوە، کە دەتوانین بڵێین چەمکی وەك یەکن بە مەرجێك بەشەکرداری هەمان شێوەشیان هەبێت[6]. بەمەش دەبێت هەمان ئەنجامیان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، با بەراوردی فۆڕمی (٦) و (٧) لە ڕووی ئەنجامی بەدەستهاتووەوە بکەین:**

[5]– سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢٣، هەروەها بشڕوانە لە:

حەمید عەزیز (٢٠٠٨: ٤٢–٤٨) و امبرتو ایکو،ت/احمد الصمعی (٢٠٠٥: ٢٤٦–٢٥٧).

[6]– پێشبینی دەکەین، کە گشت زاراوە هاییپۆنیمەکانی زمانی کوردی هەمان شیکردنەوە بیانگرێتەوە.

(٦) [ پ.ل١ هەموو (P)یەك بریتییە لە (D)، [ پ.ل٢ هەروەها هەندێك (S)یش بریتی بێت لە (P): [ ئە.ل ئەو كاتە هەموو (S)ێك بریتی دەبێت لە (D) ]]].

(٧) [ پ.ل١ ئەگەر هیچ (P)یەك بریتی نەبێت لە (D)، [ پ.ل٢ هەروەها هەندێك (S)یش بریتییە لە (P): [ ئە.ل ئەو كاتە هەندێك (S)ێش بریتی نابێت لە (D) ]]].

ئەگەر دوو فۆڕمەكە بەراورد بكەین، دەبینین، كە لە (٦)دا پێشەكی لۆژیكی پۆزەتیڤ ئەنجامی لۆژیكی پۆزەتیڤی هەبوو، هەروەك چۆن لە (٧)یشدا پێشەكی لۆژیكی نێگەتیڤ ئەنجامی لۆژیكی نێگەتیڤی هەبوو. ئەمەش ڕاستەوخۆ دروستی چەمكەكان دەسەلمێنێت، واتە دروستی فۆڕم دروستی چەمك دەسەلمێنێت، دەتوانین ئەم ڕاستیەش لە نەخشەی (١)دا بخەینەڕوو:

| فۆڕمی (٦) | فۆڕمی (٧) |
| --- | --- |
| هەموو (P)یەك= (D)<br>هەموو (S)یش=(P)<br>هەربۆیە (S)= (D) | هیچ (P)یەك#(D)<br>هەندێك (S)یش = (P)<br>كەواتە هەندێك (S)یش#(D) |
| پێشەكی و ئەنجامی لۆژیكی پۆزەتیڤیی | پێشەكی و ئەنجامی لۆژیكی نێگەتیڤیی |
| پێوانەی لۆژیكی | |

نەخشەی (١)



ئەگەر ئەم شێوەداڕشتنانەی بۆ چەمكی ڕستەی (٤ و ٥) كێشامان، بنەماكەی هەر ئەو شێوەداڕشتنانە بون، كە بۆ ڕستەكان دەمانكێشا[٧]، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە، كە ئەو دابەشكردنەی بۆ ڕستەكان دەمانكێشا زیاتر بۆ تێگەیشتن بووە لە دروستەی ڕێزمانی ڕستەكە، بەڵام ئەو دابەشكردنەی/ شێوەداڕشتنەی بۆ چەمكەكان (چ سادە بن یان ئاڵۆز) دەكێشرێن زیاتر بۆ گەیشتن بە ڕاستێتی و هەڵەیی چەمكەكان بووە، تا بە هۆیەوە ڕاستی وڕاستەقینەكان لە (سروشت "Physics") و (ئەودیو سروشت "Metaphysics") درك پێبكەین. لە ڕاستیدا ئەمجۆرە ئاڕاستەیە لە بیركردنەوەیە لە (بیر) و (ڕاستی و ڕاستەقینەكان) پەیوەست بە كرۆكە واتای (چەمك "Proposition")ەوە لە لای زانا لۆژیكییەكانی سەدەی ناوەڕاستیش بەردەوام بووە. هەربۆیە هەوڵیانداوە (پێوانەی لۆژیكی) (ئەرەستۆ) بۆ دوو یاسا كەمبكەنەوە، تا بتوانن تەرزەكانی بەرهەمهێنان شیاوانە شیانی لۆژیكیان شیبكرێتەوە، هەردوو ڕێساكەشیان لە (٢ و ٣)دا خستۆتەڕوو:-

(٢) سەرلەنوێ دانانەوەی بەشەكرداری كەمتر هاوشێوەی بەشەكردارە ڕەسەنەكە. (یاسای دووەم).

(٣) سەرلەنوێ دانانەوەی بەشەكردارە ڕەسەنەكە، بەڵام بە نەرێكراوی (واتە بەشەكرداری نێگەتیڤ)، (یاسای سێیەم)[٨].

7- واتە پێشتر ڕستە دابەشكراوە بۆ (بكەر +بەشی كردار )، بەڵام لێرەدا (چەمك)ی ڕستە دابەشكراوە بۆ (پێشەكی لۆژیكی و ئەنجامی لۆژیكی).

8- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Ernest Lepore and Barry C Smith(2006:824).

بۆ پاساودانەوەی یاسای (١) لە ڕێگەی یاسای (٢ و ٣)ەوە دەڕوانینە نموونەی (٨ ا و ب و پ) بە لەبەرچاوگرتنی فۆڕمەکانیان، کە بەرانبەریانن:-

(٨) ا/ حەز گورگێکی برسییە، ئەوکاتە حەز گورگە.

| فۆڕمی ١٨ |
|---|
| D = P |
| P = N |
| واتە D = N |

با ئێستا یاسای (٢) بە سەر (٨ ا)دا جێبەجێ بکەین و بەشەکرداری (گیاندار) لە بری (گورگی برسی) دابنێین:

ب/ حەز گیاندارە.

ئاشکرایە (٨ ا و ب) هەمان دروستەی لۆژیکیان هەیە، چونکە هەم (گورگی برسی) هەم (گورگ) هەردووکیان گیاندارن، هەربۆیە (حەز)یش گیاندارە، واتە:

| فۆڕمی ٨ ب |
|---|
| D = P |
| D = S و N |
| ئەوکاتە P =S و N |

پاش جێبەجێکردنی یاسای (٢)، با ئێستا یاسای (٣) بە سەر (٨ ا)دا جێبەجێ بکەین، کە لە (٨ پ)دا دیارە:

پ/ حەز گورگێکی برسی نییە، ئەوکاتە حەز گورگ نییە.



| فۆڕمی ٨ پ |
|---|
| D# P |
| D = N |
| واتە P یش # N |

لەگەڵ ئەم پاساودانانەوەی ڕێزمانی چاولێکەریشدا، دەتوانین بڵێین، کە هێشتا تێڕوانینی ڕێزمانی چاولێکەری بۆ دروستەی لۆژیك (واتە لۆژیکی چاولێکەری)[9] تەواو و پڕاوپڕ نییە و خەوش و لەکەی تیایە، کە زۆرجار پێشەکییە لۆژیکییەکان هەموویان ئەنجامی لۆژیکیان نابێت. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین، نموونەی (٩ ا) وەك ئەنجامێکی لۆژیکی بە دووای نموونەی ((٩ ب)دا هاتووە، وەك پێشەکییەکی لۆژیکی بۆ ئەنجامە لۆژیکییەکەی (٩ ا)، بەڵام ناتوانین بڵێین نموونەی (١٠ ا) وەك ئەنجامێکی لۆژیکی بە دوای نموونەی (١٠ ب)دا هاتووە، کە وەك پێشکییەکی لۆژیکی وابێت بۆ نموونەی (١٠ ا):

(٩) ا/ پۆلێك پێشمەرگە شەهیدبوون. (ئە. ل)

ب/ پۆلێك مرۆڤ پێشمەرگەبوون. (پ. ل)

(١٠) ا/ هەندێ کەس کوژران. (ئە. ل)

ب/ هەندێ سیاسەتمەدار کوژران. (پ. ل نییە)

بە وردبوونەوە لە دوو نموونەی (٩ ا و ب) و (١٠ ا و ب) دەتوانین بڵێین، چەمکی (شەهیدبوونی پێشمەرگە) سانا دابەشکراوە بۆ (پ. ل) و (ئە . ل)

9- لەم لێکۆڵینەوەیەدا (لۆژیکی چاولێکەری) بەکاردەهێنرێت بەرانبەر سەرجەم ئەو کارانەی لەم بوارەدا کراون، هەر لە سەرەتاوە تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، واتە بەرانبەر (ڕێزمانی چاولێکەری ) دەوەستێتەوە، بەمشێوەیە: (ڕێزمانی چاولێکەری "Traditional Grammar" )، (لۆژیکی چاولێکەری "Traditional Logic " ).

**له نموونەی (٩ ا)دا، بەڵام چەمکی (کوڕانی سیاسەتمەدار) نابێتە (ئە. ل)، ئەگەرچی لە خۆشیدا (پ. ل)یش بێت[١٠]. پاساودانی ئەم ڕاستییەش لە نموونەی (١١) و فۆڕمەکەیدا بەرچاو دەکەوێت:**

**(١١) [ پ. ل پۆلاّ مرۆڤ بوونە پێشمەرگە، [ ئە. ل هەربۆیە پۆلاّ پێشمەرگە شەهیدبوون ].**

| فۆڕمی ١١ |
|---|
| D= P |
| بەڵام N = D |
| کەواتە P یش = N |

**بەڵام ئەم پاساودانە زەحمەتە لۆژیکیانە شیانی شێوەداڕشتنی بدرێتێ، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ زبری و خەوشەکانی (لۆژیکی چاولێکەری) دەنەخشێنێت. زبری خەوش و لەکەکانی (لۆژیکی چاولێکەری) بنەمایەکی پتەو بوو بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە گشت بۆچوونەکانی ئەم بوارەدا. بەڵام لەگەڵ ئەم پێداچوونەوەیەشدا، هێشتا لە بنەما سەرەکییەکانیاندا یەکیاندەگرتەوە، واتە هەروەك چۆن زمان دەقی سەرەکی کار و لێکۆڵینەوەکانی ژیربێژیی بووە لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش ئەمجۆرە بیر و بۆچوونانە هەر بەردەوامە. ئەوەتا** Ludwing Wittgenstein **لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا** Tractatus Logico-Philosophicus[١١] **وتویەتی: ((هەموو فەلسەفە بریتییە لە ڕەخنەی زمان))[١٢].**

[10]– بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی (پێشەکی لۆژیکی) و (ئەنجامی لۆژیکی)، بڕوانە: Peter Long(2001:3-9).

[11]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بەرهەمە، بڕوانە:



**لە ڕاستیدا تێڕوانینەکانی** Frege **سەرەتایەکی پتەوی ژیربێژیی زمانیی سەدەی بیستەم بووە، چونکە ئەم پێی وابووە، کە ژیربێژیی زمان دەبێتە هۆی دامەزراندنی (دامەزراوەیی** "Foundation"**) ژیربێژیی لە (مەعریفە** "Knowldege"**)دا. ئەم زانایە گرنگی بە وێنەی ژیربێژییەکانی سەردەمی خۆی داوە، بگرە زیاتریش گرنگی بە چەمکی (ڕاستی و ڕاستەقینەکان**"Truth"**) داوە، لە بەرئەوەی بۆ ئەم ڕاستی و ڕاستەقینە چەمکی سەرەکی [ (لۆژیك) و (بیر) و (ڕستە) ] هکانە. هەربۆیە (ڕاستێتی و هەڵەیی** "Truth and Falsity"**) لەیەکتر جیاکردۆتەوە. کارەکانی ئەم زانایە[١٣] بۆتە بنەمای سەرجەم کارە ژیربێژییەکانی سەدەی بیستەم، چونکە لە کارەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی دروستەی ئاسایی زمان و دروستەی لۆژیکی زمان داوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بووە، کە پێیوابووە چەمکی (ڕاستێتی** "Truth"**) بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی واتای ڕستەکان. ئەم گەشەپێدانەشی لە ڕێگەی**

Matthew B. Ostrow,(2000), Wittgenstein's Tractatus (A Dialectical Interpretation ), Cambridge,(University Press ).

[12]– Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006:60).

[13]– گرنگترین کاری ئەم زانایە دانانی کتێبی (Begriffsschrift(1879 یە، کە بە هۆیەوە ژیربێژی کلاسیکی تێکشکاندووە، بەوەی دەستیکردووە بە شیکردنەوەی A Truth Functional Sentential Logic و دوواتر ڕۆیشتوە بۆ ناساندنی First-order predicate logic لەگەڵ (ڕادەکان"Quantifier "). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیان بەرهەم و بۆچوونە ژیربێژییەکانی، بڕوانە:

a / Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006)
b/ Theo M. V. Janssen (1997).
d/ Deborah J. Bennett(2004)
e/ Merrie Bergman (2008)

جیاوازیکردن بووە لە نێوان (درکپێکردن/واتاگەل و سەرچاوە/ئاماژەبەند "Sense and Reference"). لەمبارەیەوە تێڕوانینەکانی دەربارەی (نرخی ڕاستی Truth-Value) دێنێتە کایەوە و دەڵێت: ((ئەگەر واتای دوو ڕستە نرخی ڕاستیان وەك یەك بوو، ئەوا هەردووکیان ڕاستن، یاخود ئەگەر نرخی هەڵەییان وەك یەك بوو، ئەوا هەردووکیان چەوتن))[14]. Frege ئەم بۆچوونەی پەیوەست دەکات بە (مەرجەکانی ڕاستی"– Truth conditions")ەوە و ئەم دوو ڕستەیە بە نموونە دەهێنێتەوە:

(١٢) بەفر سپییە.

(١٣) گیا سەوزە.

دەبینین هەردوو ڕستەکە هەمان (نرخی – ڕاستی)یان هەیە، چونکە هەردووکیان ڕاستن، بەڵام مەرجەکانی ڕاستی لە دوو ڕستەکەدا جیاوازە، چونکە (مەرجی – ڕاستی) لە ڕستەی (١٢)دا بریتییە لەوەی، کە (بەفر سپی بێت)، بەڵام لە ڕستەی (١٣)دا بریتییە لەوەی، کە (گیا سەوز بێت). هەر بۆ ئاسانکاری دەتوانین بڵێین، کە هەردوو ڕستەی (١٢ و ١٣ و سەرجەم ڕستەکانی دیکەی زمانیش)، کە هەمان (نرخی – ڕاستی)یان هەبوو، ئەوا هەمان (مەرجی – ڕاستی)یشیان دەبێت. Frege لە ڕوانگەی ئەم چەمکانەوە و لە ڕوانگەی ئەوەی، کە لە ڕووی کاتەگۆرییەوە (چەمکەکان) و (بابەتەکان "Objects ") لە یەکتری جیادەکاتەوە و هەوڵیداوە شێوەدارشتنی ڕاستی ڕستەکان دابڕێژێت، تا بتوانێت زیاتر و زۆرتر لە ڕاستی و ڕاستەقینەکان نزیك ببێتەوە بۆ دارشتنی فۆڕمی لۆژیکی ڕستەکانیش پەیڕەوی ئەم ڕێبازەی کردووە:–

[14] - Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006:60).



١)   دەرهێنانی چەمکی ڕستەکە (جا سادە یان ئاڵۆز بێت).

٢)   دانانەوەی ڕستەکە بەبێ چەمکەکە لە شێوەی کەوانەی لەناو یەکدا شکاوەدا (واتە کەوانە لەناو کەوانەدا)، کە تەنها بابەتەکان یاخود ناوەکان دەگرێتەوە.

ئەم دوو هەنگاوەی شێوەدارشتنی فۆڕمی لۆژیکی لای Frege لە نموونەکانی (١٤ ا و ب) و (١٥ ا و ب)دا دەخەینەڕوو:

(١٤) ا/ ئازاد دەستگیرانی شیرینە.

ب/ دەستگیران (ئازاد(شیرین)).

(١٥) ا/ ئارام بکوژی بارامە.

ب/ کوشتن (ئارام (بارام)).

هەر ئەم فۆڕم دارشتنەی ئەم زانایە پێشنیازی کردووە دەتوانرێت بۆ زیاتر ئاسانکاری پێکهاتەکان (چ چەمکەکان چ ناوەکان/بابەتەکان) لە شێوەی هێمادا دەربڕین. بەڵام لێرەدا دەبێت بزانین، کە چەمکەکە بەرانبەر دەبێت بە (ڕاستی"Truth"، کە بە (ڕ"T")هێمای بۆ دەکرێت)، بڕوانە ڕستەی (١٤ پ) و (١٥ پ)، کە کورتکراوەی (١٤ب) و (١٥ ب)ن:–

(١٤) پ/ ڕ "T" = (ئا(ش)).

(١٥) پ/ ڕ=(ئا(با)).

لە کارەکانی دیکەی ئەم زانایە ئەوەیە، کە فۆڕمی لۆژیکی ڕستەی سەرلەنوێ دارشتۆتەوە، لە ڕوانگەی بەشداری ڕادەکانەوە بۆ ئاماژەدان بە ڕاستی و ڕاستەقینەکان، بۆ ڕادەکەش هێمای (E) داناوە، بەمشێوەیە فۆڕمی نموونەی (١٦ ا) دەتوانرێت لە (١٦ ب)دا بخرێتەڕوو:

(١٦) ا/ هەموو لادێیەك جوانە.

ب/ $\forall$ x [ جوان (x) ]        فۆڕمی لۆژیکی زانا Frege

دەبینین لە (١٦ ب)دا (E) هێمای ڕادەکەیە و (x)یش گۆڕینۆکێکە"Variable"، کە ڕادەکە بەستوویەتی بە خۆیەوە و بە هۆی فۆڕمی (١٦ ب)ەوە دەتوانین بگەینە ڕاستێتی (جوانی هەموو لادێیەکان). خۆ ئەگەر بێتوو (x)ەکە زیاتر بێت لە تاکێك، ئەوا لە ڕاستیدا هەر یەکێك لەو تاکانە لەژێر دەسەڵاتی حوکمی (∀)دایە، کە مەبەست لێی مەودای ڕادەکەیە[١٥]، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت (١٧ ا) وەك (١٧ ب) بنوێنرێت:

(١٧) ا/ هەموو لادێکان جوانن.

ب/ x∀ [ جوان (x) ] ⟵ فۆڕمی لۆژیکی مەوداداری Frege

لە نموونەی (١٧ ب)دا (∀) هێمای مەودای ڕادەیە و بە هۆی دەسەڵاتی مەودای ڕادەکەوە بە سەر هەموو لادێکاندا چەمکی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لادێی (x) و لادێی (y) و لادێی (z) و ....... . هتد. هەموویان جوانن، بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین فۆڕمی لۆژیکی (١٧ ب) هاوتا دەبێت لەگەڵ فۆڕمی لۆژیکی (١٧ پ)دا:

(١٧) پ/ x ∀ [ جوانی (x) و جوانی (y) و جوانی (z)و..هتد، ] ⟵ فۆڕمی لۆژیکی زاناFrege

ئەم ژێربێژە باکگراوەندی بیروبۆچوونەکانی بۆ مۆدێلە ماتماتیکییەکان دەگەڕایەوە، کە بۆ دروستەی سیمانتیکی ڕستە بەکاریدەهێنا و لە کۆتایشدا بەرەو ئەوەی بردووە، کە بیربکاتەوە لە ڕستە،ڕستەش وەك

[15] پرسی بەشداری ڕادەکان و مەوداکانیان لە سازکردن و داڕشتنی فۆڕمی لۆژیکی ڕستەکانی زمانی کوردیدا بە وردی و بە قوڵی کەرەستەی لێکۆڵینەوەی (بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١٣٩–٢٥٧).



(دەربڕاوێکی ئەرکی) و وەك (ناوەکان) مامەڵە بکات. بێگومان بە دوای Fregeدا چەندین ژێربێژ و قوتابخانە و ڕێباز ی ژێربێژیی دیکە هاتون، کە هەریەکەیان بە پێی تێگەیشتنیان بۆ چەمکە ژێربێژییەکان لایەنی ژێربێژیی Frege یان فراوانکردووە،بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان لەسەرهەمان ئەو فۆڕمە لۆژیکیانە ڕۆیشتوون، کە ئەم بۆ لۆژیکی ڕستەی زمان داینـاوە و بە هۆیەوە دروستەی لۆژیکی پێ خستۆتەڕوو. ئەوەتا هەر لە دوای Frege زانا Wittgenstein پێیوابووە، کە دەبێت بیر نواندنی وێنەیەکی لۆژیکی ڕاستی و ڕاستەقینەکان بن و هەر لەسەرئەم بنەمایەش دەبێت دروستەی سیمانتیکی ڕستە هاوتا بێت بە دروستەی لۆژیکی ڕستەکە. بەڵام Russell، کە زیاتر کارەکانی لە بواری

(چەمك "Proposition") دا بووە، سانایانە ئەوەی دەربڕیووە، کە فۆڕمی لۆژیکی مەرج نییە بریتی بێت لە خودی فۆڕمی ڕاستی و ڕاستەقینەی چەمکەکە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت (قەسابەکە سەرخۆشە)، ئەوا فۆڕمی لۆژیکی ڕستەکە هەرچی چۆنێك دابڕێژێت، هێشتا ڕاستی و ڕاستەقینەی خودی چەمکی (سەرخۆش) ناپێکێت. هەر لەمبارەیەشەوە ئەم زانایە هەوڵیداوە سەرلەنوێ چەمکی بونیادی لۆژیکی بناسێنێت بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی فۆڕمی زمان. بە کورتی Russell پێیوابووە، کە چۆن ڕووکەشی ڕێزمانی زمان هەڵخەڵەتێنەرە بە هەمان ڕادەش فۆڕمی لۆژیکی زمانیش هەڵخەڵەتێنەرە. بۆیە زمان کاتێك دروستەکەی تەواو ڕۆشن دەبێت، کە فۆڕمی لۆژیکیەکەی لە بەرچاو بگیرێت لەگەڵ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی فیزیکدا[١٦]. دوای ئەم دوو ژێربێژە گروپی ژێربێژیی (ئەزمونگەرە

[16]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بیروبۆچونانەی Russell، بڕوانە:

لۆژیکییەکان"Logical Empiricism") دەرکەوتن، کە لە هەموویان بەناوبانگتر Carnap بوو، کە هەوڵیانداوە زانستیانە لە (سروشت و ئەودیو سروشت "Physics and Metaphysics") بگەن. هەربۆیە هەمیشە وتەکەی Wittgenstein یان بە سەرسامییەوە دەگوتەوە، کە وتبووی: ((کۆی ڕاستی بانگەشەکان بریتییە لە کۆی زانستە سروشتییەکان))[17]. لەم ڕوانگەیەوە Carnap پێیوابووە، کە خەون و خەیاڵ بۆ تێگەیشتن لە نهێنییەکانی ئەودیوسروشت تەنها کاتێك ئاشکرا دەبێت، کە لێکۆڵینەوەی زانستیی بکەین لەو هەوڵانەی ئەم لایەنانە دەردەبڕن بە زمان وەك بانگەشەکان دەربارەی خودی زمان. (کارناپ) بە وێنەی (ڕەسڵ) هەوڵیداوە زمانێك بونیاد بنێت و پەسنبکات، کە (نموونەیی "Ideally") بێت بۆ زانست و نزیکبوونەوە لە ڕاستی و ڕاستەقینەکان[18]. بە دوای ئەم گروپەشدا چەندین زانا و ژیربێژیی دیکە دەرکەوتن، کە هەموویان تەواوکەر و درێژەپێدەر و فراوانکەری ڕێبازی ژیربێژیی زمانیی سەدەی بیستەم بوون[19]، تا لە

Bertrand Russell,The Philosophy of Logical Atomism(2010)
Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006:73)- 17

18– لە گرنگترین کارەکانی ئەم زانایە بلاوکردنەوەی کتێبی The Logical of Language بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Margaret A. Boden (2006:123)

19– لەو زانایانەش William Van Quine و Donald Dvidson و Dummett . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کار و بەرهەم و بیروبۆچوونی ئەم زانا و ژیربێژانەی زمان و ڕەوتی ژیربێژیی زمانییەکانی سەدەی بیستەم تا نیوەی هەمان سەدە، بڕوانە:
ا/ ویل دیورانت، و/ شۆڕش، (٢٠٠٧)، ب/ کەمال میراودەلی (٢٠٠٧)، پ/ میهردا و میهرین، و/ سیدۆ داود عەلی (٢٠٠٩: ٢١٧–٢٢٨).
a/ Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006) b/ Stuart G. Shanker (2004)،
c/ Paul Tomassi (2002) d/ Alice Crary and Rupert Read(2000).
e/ Julian Baggini and Jeremy Stangroom(2005)



کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٥٦)دا Noam Chomsky دەرکەوت و ڕێبازێکی تیۆری و کارەکیی تەواو جیاوازی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و تێگەیشتن لە ئاوەز و گەیشتن بە ڕاستی و ڕاستەقینەکان داهێنا، کە کرۆکی لێکۆڵینەوەکانی پاری دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت.

## ٢/١) فۆرمی لۆژیکی لە چوارچێوەی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا:

ئەو ڕێبازە نوێیەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەلایەن Noam Chomskyەوە داهێنرا هەرگیز دانەبڕاو نەبوو لەو قوتابخانە ژیربێژییانەی لە ڕابردوودا (بە تایبەتی لە سەدەی (١٧ و ١٨) لەسەر زمان کاریانکردووە)، بەڵکو بە پێچەوانەوە خودی ڕێبازەکە لەسەربنەمای بۆچوونەکانی ئەوان هەڵگوێزرابوو[20]، بەڵام بە شێوەیەکی تەواو جیاواز و وردتر. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، کە ژیربێژیی ڕەخنەیی بەناوبانگی سەدەی حەڤدە (ئەمانوئێل کانت)[21] کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ژیربێژیی ئاوەزییەوە بەجێهێشتوە لە ئەوروپا بە تایبەتی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا. هەربۆیە دەبینین ژیربێژیی زمان، کە لە ئەوروپا پەیڕەو دەکرا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە ڕاستەوخۆ کەوتبوونە ژێر

f/ Dale Jacquette(2002) ،j/ Michael Devitt and Richard Hanley (2006).

20– بنەما ژیربێژییەکانی قوتابخانەکەی چۆمسکی و بەراوردکردنی بە خودی ژیربێژی زیاتر دەبینرێتەوە لە:
ا/ محمود فهمی زیدان (٢٠٠٣: ١٤١–١٤٨) ب/ امحمد الملاخ و حافظ اسماعیل (٢٠٠٩: ٩١–١٢٠)

21– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەم زانایە، بڕوانە: عماد عبدالسلام ڕووف،و/سامان مستەفا(٢٠٠٨: ٧–١٢).

کاریگەری بۆچوونەکانی (ئەمانوئێل کانت)ەوە. لە گرنگترین ئەو بیرمەندانەی ئەو کاریگەریەیان ئاشکرا لەسەر دیار بوو زیاتر بریتی بوون لە:Johann Georg Hamann و Johann Gottfried Herder و Wilhem Von Humbold[22]. لەمبارەیەوە چۆمسکی خۆی دەڵێت: ((پێموایە، کە زۆرێك لە کارە گشتییە شیاوەکانی لێکۆڵینەوەی زمان و ئاوەز بریتییە لە پێڕەوی ئەو بیرۆکانەی گەشەی پێدراوە وەك بەشێکی ڕێبازی سایکۆلۆژی سەدەی حەڤدە و هەژدە))[23]. لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین بڵێین، کە کاریگەری ژیربێژییەکەی ژیربێژ (ئەمانوئێل کانت) پەڕیوەتەوە بۆ (چۆمسکی) و بۆتە بنەمایەکیش بۆ بیروبۆچوونە زمانەوانییەکانی، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زیاتریش لە ڕێگەی بیروبۆچوونەکانی Humboldەوە بووە[24]، کە دەربارەی زانستی زمانی گشتی دەریبڕیووە، چونکە زۆرێك لە چەمکە سەرەکییەکانی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی (چۆمسکی) زیاتر هەروەك گەشەپێدانێکی زیرەکانەی وردی چەمکەکانی Humbold ە دەربارەی کێشەی زمان، وەك لەم سێ ڕوانگەیەوە ئەم ڕاستییە دەردەخەین:-

یەکەم/ چەمکی سەرەکی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بریتییە لەو بیرۆکانەی، کە زمان پشت دەبەستێت بە پێڕەوێك لە یاساکان، کە لێکدانەوەی ڕستە بێشومار و نادیاریکراوەکانی زمان دیاریدەکەن. لە بەرانبەردا Humbold

[22] -T. C. Williams (1992:4).

[23]- سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (١٠).

[24]- بە تایبەتی ئەو بیروبۆچوونانەی لە کتێبە ناوازەکەیدا دەریبڕیوە، کە لەژێر ناونیشانی On the Structure Differences of Human Language,(1836,1870) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: T. C. William (1992: 10-15).



بیرۆکەکەی بەمشێوەیە دەربڕیووە: ((زمان بەکارهێنانی نادیاریکراو بۆ واتا دیاریکراوەکان دروستدەکات، هەروەها خودی ڕێزمانیش پێویستە ئەو پرۆسانە پەسنبکات، کە ئەم شیانانە دروستدەکات))[25].

دووەم/ چەمکێکی دیکەی سەرەکی تیۆرییە زمانەوانییەکەی (چۆمسکی) بریتییە لە بوونی (فەرهەنگی ئاوەزیی "Mental Lexicon")، کە هەموو داتا و ڕێسا زمانییەکانی بە خودی نیشانە واتاییەکانیانەوە تیاهەڵگیراوە و بنەمای گشت بەرهەمهێنانە زمانییەکانمانن. لە بەرانبەردا Humbold نکوڵی کردووە لەوەی، کە تێگەیشتن لە دەربڕاوە زمانییەکان سانایانە بریتی بێت لە کێشەی هەڵبژاردنی چەمکی دیاریکراوی تەواو لە (کۆگای چەمکەکان "Store of Concepts")[26].

سێیەم/ چەمکی (فۆڕمی کرۆکیی "Inner form")ی Humbold لە خودی پێشبینییەکانی (چۆمسکی)دا هاوڕێیەتی دەستپێکردنی تیۆرییەکەی کردووە دەربارەی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)[27].

لە کۆتاییدا بە شێوەیەکەی گشتگیرتر دەتوانین بڵێین، کە لە ڕاستیدا هەم بۆچوونەکانی Humbold هەم بۆچوونەکانی Chomsky دەربارەی کێشەکانی زمان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان شیکراوەتەوە لەسەربنەمای (ئاوەز و ئاوەزمەندێتی) تەواو پێچەوانەی بۆچوون و تێڕوانینی (سایکۆلۆژییەتی ڕەفتار "Behaviorism Psychology")[28]. هەر لەسەر ئەم

[25]-T. C. William (1992:10).

[26]- سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (١١).

[27]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[28]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

**بنەمایانە بووە، کە (چۆمسکی) دەستی کردووە بە دامەزراندنی قوتابخانەکەی و شیکردنەوەکانی بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی زمان و ئاوەز، کە ڕەنگە لە هەموو ئەو کێشانە ئاڵۆزتر، ئەو هەوڵانە بێت، کە (چۆمسکی) لە چوارچێوەی تیۆرییە جیاوازییەکانی قوتابخانەکەیدا سەبارەت بە چۆنیەتی دەستگەیشتن بەو لایەنە ئەبستراکتانەی زمان داویەتی، کە تەنها لۆژیکییانە ئاوەز درکیان پێدەکات. لێرەشەوە هەوڵیداوە فۆرمی ئەم لایەنە ئەبستراکتانە شێوەداڕشتنێکیان بداتێ، تا بتوانرێت لە نەبوونەوە بهێنرێتە بوون و چارەسەری گەلێك ناتەواوی هەم تیۆرییە زمانەوانییەکەی و هەم تێنەگەیشتنمان بۆ زمان بکات. هەر لێرەشەوە زاراوەکانی.**

**(ئاستەکانی نواندن"Level of Representation")ی هێناوەتەکایەوە چ لە تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا(١٩٨١) و چ لە (بەرنامەی کەمینە "Minimalism Program(MP)") (١٩٩٥)دا، کە لەم دوو تیۆرییەدا ئاستەکانی (دروستەی قووڵ"د. ق") و (دروستەی ڕووکەش"د. ڕ") و (فۆرمی لۆژیکی "ف. ل") و (فۆرمی فۆنەتیك/فۆنۆلۆژی"ف. ف") دیاریکردووە، کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاستی (ف. ل)مان هەڵبژاردووە و کاری لەسەردەکەین و پەیوەندی بە ئاستەکانی دیکەیشەوە دەردەخەین چ لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا چ لە بەرنامەی کەمینەدا.**




### ١-٢/١) ئاستەکانی نواندنی ڕێزمانی[٢٩]:

**ئامانجی سەرەکی ڕێزمان دەربڕینی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ئاستی نواندنی فۆڕم (ف. ف) و واتا (ف. ل)یە. لەم بنەمایەوە دامەزرێنەری قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) پێڕەوە زمانەوانییەکی خۆی بۆ ئاستە گتییەکانی (ڕێزمانی گشتی "Universal Grammar") خستۆتەڕوو، کە لە شێوەی داری زمانی (١)[٣٠]دا داڕێژراوە:**

---


[29]– هەندێکجار وەك زاراوە بە (ئاستەکانی شیکردنەوە "Level of analysis") یاخود (ئاستەکانی دروستە "Level of Structure")یش ناودەبرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، Cedric Boeckx (2006:39).

[30]– یەکێکی دیکە لە نیشانە کرۆکییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ئەوەیە، کە ئاستەکانی ڕێزمان ڕێکخستنێکی (مۆدێلی T– "T-model") ی هەیە لەو درکپێکردنەدا، کە ئاستی دروستەی ڕووکەش تەنها ئاستە ڕاستەوخۆ ئاستەکانی دیکە دەبەستێتەوە بەیەکەوە، هەروەك لە داری زمانی (١)دا خراوەتەڕوو:




بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a/Norbert Hornstien,Jairo Nunes and Kleanthes K. Grohmann(2005:23)
b/Chomsky (1993:17)
c/Jamal Ouhalla(1991:20)




**داری زمانی (١)**

**ئـەم پێـڕەوەی (چۆمـسکی) هـەر لـە سـەرەتاوە بـۆ پێـشنیازکردنی ئـەو بیرۆکەیـە هاتۆتەکایـەوە، کـە هـەردوو ئاسـتی (ف. ل) و (ف. ف) ببنـە دوو کۆڵەکـەی ڕاگـر بـۆ پێکهاتـەی ڕێزمـان وەك یـەکێك لـە پێـڕەوە ئاوەزییـە گرنگـەکانی زمـان. بـە وردبوونـەوە لـە پێڕەوەکـە، کـە لـە داری زمـانی (١)دا خراوەتەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت، کە یاساکانی (ف. ل) بابـەتێکی بچووکن لـەناو زمانـەکانی جیهانـدا، بـەڵام بـە ڕادەی بـچووکێتی ئاسـتەکە هێنـدەش گرنگە بۆ پێڕەوەکە، چونکە ئەم یاسایانە دروستەی ڕووکەشی ڕستەکانی زمانەکانی جیهان بە ئاستەکانی دەربڕین و واتا دەگەیەنن. لە پێڕەوی (١)دا ئاسـتی (د. ق)، ئـەو ئاسـتەیە، کـە تیایـدا تایبەتمەندییـە لێکسییەکانی داتاکـانی زمـان بـە شـێوەیەکی دروسـتەیی ئامـاژەی پێـدراوە (واتـە جفـرە لێـدراوە) و کەرەسـتە زمانییـەکان ڕۆڵـی بابەتانـەیان پێبەخـشراوە. (د. ق) نەخـشە دەکێـشرێت بـۆ (د. ڕ) لـە ڕێگـەی جێبـەجێکردنی یاسـاکانی (α- بجوڵێنە)ەوە. لـەم ئاستەشدا (د. ڕ) کەرەستە زمانییەکان دۆخـی ڕێزمانیان پێدەبەخـشرێت (پەیوەسـت بـە تیـۆریی دۆخـی ڕێزمانیـەوە)[٣١] پاشـان**

[31]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تیۆری دۆخی ڕێزمانی و چۆنیەتی جێبەجێبونی لەم ئاستەدا، بروانە:



**دەبەسترێنەوە، تا حوکم بکرێن لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکانیانەوە (پەیوەست بە تیۆری بەستنەوە)ەوە[٣٢]. هەروەها یاسای (هاوسێیەتی ڕاستەوخۆ "Subjacency Condition")[٣٣]، هەندێك لایـەن لە (ڕێسای کاتەگۆریی بەتاڵ "Empty Category Principle(ECP)")[٣٤] هـەر لەم ئاستەدا جێبەجێ دەکرێن. کەواتـە لـە بنەڕەتدا ئاستی (د. ڕ) ئاسـتێکی هەڵگوێزراوە، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆسەکانی سەرەوە دێتـەبوون لەسـەربنەمای وەرگرتنـی (د. ق) وەك تێکردەیـەك، کـە ئەنجامەکـەی (د. ڕ)ە وەك دەرکردەیــەك، کــە لــە تێکردەکــەدا تایبەتمەندییــە لێکــسیکییەکانی**

ا/ محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٥٧–١٨٧)، ب/ عرفان مستەفا (٢٠٠٣: ١٣)، پ/ حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ٩٩–١١٦)، ت/ سەباح ڕەشید (٢٠٠٩: ٧٢–٩٦)

a/ Alexander Gruse (2005) b/ Chomsky(2000:10) c/ Jim Miller(2002:133-135)
d/ Randall Hendrick(2003:68-72) e/ Robert D. Van Valin(2005:90-114)
f/ Pavol S. and Rochelle L. (2005: 113-134)

[32]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تیۆری (بەستنەوە ) و چۆنیەتی بەستنەوەی کەرەستە زمانییەکان و حوکمکردنیان لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکانیانەوە، بڕوانە: ا/ محەمەدی مەحویی(٢٠٠١: ٢١–٢٦)، ب/ حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ١١٩–١٢٨)، ب/ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ١٣١–١٣٦)، ج/سەباح ڕەشید (٢٠٠٩: ١٢٩–١٤٠)، چ/ Samira T. Saeed(2009:51-87)

a/ Chomsky(2000:93) b/ Randall Hendrik(2003:95-98)
c/Robert D. Van Valin(2004:193-205) d/ Martin Haiden(2005:99-115)
e/ Danile Buring (2005)

[33]– زانیاری زیاتر لەسەر وردەکارییەکانی ئەم یاسایە لەم سەرچاوانەدا بەرچاودەکەوێت:

a/ Fredrick J. Newmeyer(1996:61-67) b/ Samuel D. Epstein(2002:194)
c/Jon A. Hawkins(2004:1969-193)

[34]– دەکرێت وەك سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ئەم بابەتە سوود وەربگیرێت لە:

ا/ محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٣–٣٥) ب/ سەباح ڕەشید (٢٠٠٩: ١٤٥) پ/ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩)

a/Chomsky(2000:181) b/ Hilda J. (2000:117-147) c/ Rochelle L. (2004:170-177)
d/ Peter A. ,Patrick B. , Maaik S. and Fred W. (2006:195-230)

داتاکانی زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدەدەنەوە، بەڵام لە دەرکردەکەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك درکپێکردنێك بۆ دەرکردەکردنی کەرەستە زمانییەکان[٣٥]. ئاستی (د. ڕ)، کە وەك دەرکردەیەك وابوو، جارێکی دیکە دەبێتەوە بە تێکردە و وەك تێکردەیەك ڕۆڵ دەبینێت، تا بتوانرێت لە ڕێگەی سەرلەنوێ جێبەجێکردنەوەی یاساکانی (α–بجوڵێنە) (بەڵام بە شێوەیەکی داپۆشراو و نەبینراو) هەردوو ئاستی (ف. ل) و (ف. ف) لێهەڵبگوازرێت. لەم دوو ئاستەدا زانیاری ڕێزمانی پێویست سەلمێنراوە بۆ لێکدانەوە فۆنەتیکی/فۆنۆلۆژی و سیمانتیکییەکانی ڕستە. ئاستی (ف. ل) ڕاستەوخۆ لە ئاستی (د. ڕ) و ناڕاستەوخۆش لە ئاستی (د. ق)ەوە هەڵگوێزراوە، لە کاتێکدا ئاستی (ف. ف) تەنها ڕاستەوخۆ لە ئاستی (د. ڕ)ەوە هەڵگوێزراوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم دوو ئاستە (ف. ل) و (ف. ف) دوو ئاستی هەمبەرین و پێڕەوی زمان بە پێڕەوە ئاوەزییەکانی دیکەی مێشکی مرۆڤەوە دەبەستنەوە، بە شێوەیەك، کە ئاستی (ف. ل) زمان دەبەستێت بە پێڕەوەکانی درکپێکردن و پراگماتیکەوە، بەڵام ئاستی (ف. ف) زمان بە پێڕەوی درکپێکراوی (دەربڕین/دەرکردە)ەوە دەبەستێت[٣٦، ٣٧]. پاساودانی شیکردنەوەکانمان بە شیکردنەوەکانی نموونەی (١٨) دەست پێدەکەین:

35– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەند و چوونەکانی هەریەکە لە ئاستەکانی (د. ق) و (د. ڕ) و ۆنیەتی پەیوەندی نێوانیان، بڕوانە:

ا/ کلود جرمان و ریمون لوبلان (١٩٩٤: ١١١–١٢١) ب/ مازن الوعر (٢٠٠١: ٥٩–٧٤)

a/ Jamal Ouhalla (1991:20) b/ Norbert Hornstien,Jairo Nunes and Kleathes K. Grohmann(2005:20-22)

36– بۆ زایاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی هەڵگواستنی ئاستەکانی (ف. ل) و (ف. ف) لە ئاستی (د. ڕ)ەوە و هەمبەریی هەردوو ئاستی (ف. ل) و (ف. ف)، بڕوانە:




(١٨) مامۆستاکان پێیان باشبوو، کە ئازاد سەرچاوەی زیاتر بخوێنێتەوە.

ئەگەر لە نموونەکە وردببینەوە، دەبینین، کە کرداری (پێباشبوو) لە ئاستی (د. ق)دا وەك تایبەتیەکی لێکسیمی دیاریکراوی خۆی فرێزی ناوی (مامۆستاکان) و بەشەکرداری (ئازاد سەرچاوەی زیاتر بخوێنێتەوە) داوا دەکات و وەردەگرێت. پەیوەست بە شیکردنەوەکانی (چۆمسکی)[٣٨]ەوە

a/Chomsky (1993:18-20) b/ Norbert Hornstien,Jairo Nunes and Kleathes K. Grohmann(2005:22-23)

37– ئەم دوو ئاستە لە بەرنامەی کەمینەی (چۆمسکی١٩٩٥) بە شێوەیەکی تەواو ڕاڤەکراوە و وەك تەنها دووو ئاستی زمان پەسنکراوە، کە گشت ئاستەکانی دیکەی تیاکۆبۆتەوە، کە لە خاڵی (دەرکردە "Spell Out")ەوە شەقدەبن و جیادەبنەوە وەك دوو ئاستی ستانداردی مۆدێلی بەرنامەی کەمینە، تەنانەت (چۆمسکی) لەم ڕوانگەیەوە خودی پێڕەوی (١)ی داڕشتۆتەوە، هەروەك لە داری زمانی (٢)دا خراوەتەڕوو:




بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا/ پاری یەکەمی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان، لاپەڕە (١٤٠–١٦٧)، ب/ Cedric Boeckx (2006:79-80)

38– Chomsky (1993:19)

**دەتوانین بڵێین، جێکەوتەی (COMP)ی نموونەی (١٨) بە کەرەستەی (کە) پڕکراوەتەوە لەگەڵ پێکهاتەیەکی چەمکی، کە دەتوانین (ف. ل)ەکەی لە دروستەی (١)دا بخەینەڕوو:**

**دروستەی (١): فۆڕمی لۆژیکی پێکهاتە چەمکییەکەی نموونەی (١٨)= ف. ن+(ف. ک + کاتوکەس)**

**بەمشێوەیە دەتوانین ئاستی (د. ڕ)ی نموونەی (١٨) لە شێوەداڕشتنی (١٩)دا دابڕێژین:**

(١٩) [ ف. ن **مامۆستاکان**] [ ف. ك **پێیانباشبوو** [ Ś [ comp **کە**[ ف. ن **ئازاد**[ ف. ك **سەرچاوەی زیاتر بخوێنێتەوە** ]]]]].

**لە نموونەی (١٩)دا (ف. ن)ی (مامۆستاکان) دۆخی ڕێزمانی بکەریی لەلایەن کرداری (پێیانباشبوو)ەوە پێبەخشراوە، هەروەها (ف. ن)ی (ئازاد) لەناو ڕستە شکاوەکەدا (Ś) بە هەمان شێوە دۆخی ڕێزمانی بکەریی لەلایەن کرداری (بخوێنێتەوە) پێبەخشراوە و (ف. ن)ی (سەرچاوەی زیاتر)یش دۆخی ڕێزمانی بەرکاریی لەلایەن هەمان کردارەوە پێبەخشراوە و سەرجەم ڕستە شکاوەکەش (Ś) (کە وەك تەواوکەرێکی ناوەکی وایە کە یەکەیەکە و لە شێوەی ڕستەدایە) بۆ کرداری (پێیانباشبوو) لەلایەن کرداری (پێیانباشبوو)ەوە دۆخی ڕێزمانی بەرکاری پێدەبەخشرێت. بەمەش تەواوکەرەکان بە سەرە ڕێزمانییەکانیانەوە دەبەسترێنەوە و تووند حوکمدەکرێن و ڕستەکە دروست دەبێت. ئێستا ئەگەر نموونەی (١٨) بەراورد بکەین بە نموونەی (٢٠)، ئەوا دەبینین، کە نموونەی (٢٠)یش هەر هەمان (د. ڕ)ی هەیە، هێندە نەبێت، کە کرداری (پێیانباشبوو) گۆڕدراوە بە کرداری (ویستیان):**



(٢٠) [ ف. ن **مامۆستاکان**] [ ف. ك **ویستیان** [ Ś [ comp **کە**[ ف. ن **خۆیان**[ ف. ك **سەرچاوەی زیاتر بخوێننەوە** ]]]]].

**بە بەراوردکردنێکی پەیکاڵییانەی نموونەی (١٩) و (٢٠) دەتوانین هەردوو (د. ڕ)ی دوو نموونەکە لە دروستەی (ف. ل)ی (٢١)دا بنوێنین:**

(٢١) [ ف. ن١ ] [ ف. ك١ [ Ś ] comp [ ف. ن٢[ ف. ك٢ ]]]]].

**لە دروستەی ئەبستراکتی (٢١)دا دەشێت (ف. ك١) یان کرداری (پێیانباشبوو) یان کرداری (ویستیان) بێت، هەروەها(ف. ن)ی ناو ڕستە شکاوەکەش دەشێت (ئازاد) یان (خۆیان) بێت و (ف. ك٢)یش هەر هەمان شت دەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی (کەس و ژمارە) تەنانەت ئەگەر (ف. ن)ی ڕستە شکاوەکە لە نموونەی (٢٠)یشدا دەرنەبڕێت و لە بری (pro)یەکی بچووك دابنرێت، ئەوا دروستەی (ف. ل)ی (٢١) هەر دەتوانێت چوارچێوەی لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستەکە بگرێتە خۆی وەك لە ڕستەی (٢٢)دا دیارە:**

(٢٢)[ ف. ن **مامۆستاکان**i] [ف. ك **ویستیان** [ Ś [ comp**کە**[ ف. ن i pro ] ف. ك **سەرچاوەی زیاتر بخوێننەوە**]]]].

**لە ڕاستیدا بە لابردنی (ف. ن)ەکە و دانانی (pro) بچووکەکە (کە جێناوێکی نیشانەکراوی بچوکە)** [39] **دەبێت (pro)ەکە هاونیشانە بکرێت**

---

[39]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم کەرەستەیە و چەشنەکانی، بڕوانە:

ا/ محەمەد مەحویی (٢٠١:٢٠٠١–٢٢٤) ب/ حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦: ١٣٢–١٤٢)

پ/ ئەمیر مسطو محەمەد (٢٠٠٩: ٩٧–١٠٠)

a/ Chomsky (1993:19-20)
b/Luigi Rizzi(2000:17-85) c/ Samuel D. Epstein(200015-21)
d/ Alexander Grosu (2005:66-73)
e/ Peter A. , Patric B. , Maaike S. and Fred W. (2006: 101-160)

**لەگەڵ (ف. ن)ی (مامۆستاکان). بەمەش (pro)ەکە هەمان ڕۆڵی بابەتانەی (ف. ن)ی (مامۆستاکان)ی دەبێت. ئەگەر ئەم ڕۆڵی بابەتانەیە بەراورد بکەین بە ڕۆڵی بابەتانەی (ف. ن)ی (ئازاد) لە نموونەی (١٩)دا، دەتوانین بڵێین هەر هەمان ڕۆڵە، بەڵام هێندە هەیە، کە (pro)ەکە نیشانە واتاییەکانی لە ڕێگەی (وەچەبەستێنەری/ بۆگەڕاوەی "Antecedent")ی (مامۆستاکان)ەوە بۆ دیاریدەکرێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆسەی هاونیشانەکردنەوە، بەڵام (ف. ن)ی (ئازاد) ڕۆڵی بابەتانەکەی ڕاستەوخۆ لەلایەن (ف. ک٢)ەوە بۆ دیاری دەکرێت. بە بەراوردکردنی شیکردنەوەکانی نموونەی (١٩ و ٢٠ و ٢٢) و (ف. ل)ی (٢١) دەسەلمێت، کە (د. ق)ی ڕستەکە وەك بنەمایەك/تێکردەیەك وەگیراوە و (د. ڕ)ی وەك دەرکردەیەك لێهەڵگوێزراوە و لەم دەرکردەیەشەوە (کە دەبێتەوە بە تێکردە) سەرلەنوێ هەردوو ئاستی (ف. ل و ف. ف)ی ڕستەکان هەڵگوێزراوە.**

## ٢/١– ٢) فۆرمی لۆژیکی وەك ئاستێکی نواندنی زمانەوانی:

**پەیوەستبونی واتا بە دەربڕاوەکانەوە یاخود هەڵهێنجانی واتا لە دەربڕاوەکان، ئەو پرسیارەیە، کە زۆرێك لە قوتابخانە ژیربێژیی و زمانەوانییەکان خۆیان بۆ تەرخانکردووە، تا بتوانن ڕاستییەکان بدۆزنەوە. هەربۆیە بینیمان، کە Frege پێی وابوو، کە پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا زیاتر ڕاستەوخۆیە و فۆرمە ڕێزمانییەکان شیکردنەوەمان دەدەنێ (جا یان بە ڕوونی یان بە لێڵی) دەربارەی واتای دەربڕاوەکان. کەچی ئەم ڕاستییە بۆ Russell بە**



**پێچەوانەوە بوو، چونکە ئەم پێیوابوو، کە ڕێزمان ڕاستی و ڕاستەقینەکان دادەپۆشێت و هەندێکجار دەیشارێتەوە[40]. لە بەرانبەردا ئەم فۆرمە (فۆرمی لۆژیکی/ خستنەڕووی لۆژیکی/ نواندنی لۆژیکی) بە لای Donald Davidson ەوە گەلێك گرنگ و سەرنجڕاکێشە، چونکە ئەم پێیوایە، کە: ((دروستەی واتایی (کە بنەمایە بۆ شیکردنەوەی ڕاستی و ڕاستەقینە) دەبێت چالاکانە هاوشێوەی تەرزەکانی دەنگ بێت، کە بۆ دەربڕینی ڕاستی و ڕاستەقینەکان بەکاریدەهێنین))[41]. ئەم بۆچوون و تێڕامانانە زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەم چەمکی (تێگەیشتن، بە تایبەتی چۆنیەتی تێگەیشتن لە ڕستە) و هەم چۆنیەتی فراوانکردنی ئەم چەمکە و پەیوەستکردنی بە چەمکی (ئاستە زمانەوانییەکانەوە) ڕاڤەبکرێن و بخرێنەڕوو. لێرەشەوەیە لەگەڵ وردبوونەوەمان لە هەر ئاستێکی ڕێزمان یەکسەر ئەو پرسیارە دێتە خەیاڵمان، کە ئایا ئەم ئاستە زانیاری تەواومان بۆ تێگەیشتن لە فۆرمە دەربڕاوەکە دەداتێ یان نا؟!**

**لە ڕاستیدا ئاستە ڕێزمانییەکە ئەو زانیارییەی تیا بێت یان نا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە نەك خودی چەمکی تێگەیشتنمان نابێت، بەڵکو هیچ شتێکیشمان نابێت، کە لێکدانەوەی بۆ بکەین، یان بکرێتە بنەما بۆ چەمکی تێگەیشتن[42]. کەواتە چ لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە بێت یان لە ڕوانگەی**

40– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاری یەکەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٣٠–٤٥).

41 –Robert May (1985:1-2)

42– ڕەنگە ئەم بۆچوونە لە تێڕامانە بەرایی و بنەماییەکانی (سیمانتیکی شێوازبەندانە "Formal Semantics") بێت، سەبارەت بە پەیوەندی (فۆرم و واتا). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا/ محەمەد مەحویی (٢٠٠٩: ٢٢٣–٢٣٥)    ب/ Emma Borg (2004:18-26)

سیمانتیکەوە بێت پێویستە خاڵێك/ئاستێك هەبێت ئەم تێکەڵبوونەی فۆڕم و واتا (ڕێزمان و سیمانتیك) شیبکاتەوە و بخاتەڕوو. بێگومان ئەم خاڵ یان ئاستە لە ئێستای زمانەوانیدا وا پێشنیازکراوە و سەلمێنراوە، کە ئاستی (ف. ل) بێت (ئەگەرچی گەیشتن بەم پێشنیازە بێ بنەما نەبووە و ڕای جیاواز لەو بارەیەوە هەبووە، چونکە لە سەرەتادا ئاستی (د. ق) بەو ئاستە دانراوە)[43]. لەسەر بنەمای ئەم پێشنیازە ئاستی (ف. ل) وەك ئاستێکی زمانەوانی نواندن خراوەتەڕوو، کە دەربڕی پەیوەندییەکانی نێوان فۆڕم و واتایە. ئەم ئاستە ئاستێکی هەڵواسراوی تەنها نییە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە ئاستەکانی دیکەی ڕێزمانەوە و پێکەوە کاردەکەن. لەم ڕوانگەیەوە ئاستی (ف. ل) تایبەتمەندی سینتاکسی فۆڕمەکان دەنوێنێت بۆ هەڵهێنجانی واتا و ڕاستی لەو فۆڕمانە کە بە شێوەیەکی سینتاکسیانە داڕێژراوە. بەمەش ئاشکرا ئاستی (ف. ل) چەند و چوونەکانی نێوان (سینتاکس و سیمانتیك) دەخاتەڕوو. لێرەوە ئاستی (ف. ل)، وەك ئاستێکی زانستی زمانی خستنەڕوو (زانستی زمانی نوێنراو "Linguistics Representation") ڕاڤە دەکرێت، کە تیایدا هەموو دروستەڕێزمانییەکان پەیوەستن بە شیکردنەوە سیمانتیکییەکانەوە[44]. بەم درکپێکردنە بێت، دەتوانین بڵێین، کە ئاستی (ف. ل) زانیاری بۆ شیکردنەوەی سیمانتیکی تیا هەڵگیراوە.

هەربۆیە وەك کێڵگەیەکی سینتاکسی داپۆشراو یان شاراوە دەردەکەوێت، لە بەرئەوەی گەرچی ئەم ئاستە لە ئاستی (د. ڕ)

43– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شیکردنەوەکانی پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕەی (٤٦–١٣٨).

44 –Norbert Hornstein (1995:3).



هەڵگوێزراوە[45] لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە، بەڵام ئەمجۆرە هەڵگواستنانە هیچ ئاکامێکی فۆنۆلۆژییانەی نابێت، هەربۆیە گواستنەوەیەکی داپۆشراوە. ئەگەر بمانەوێت تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاستە لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو، ئەوا پێویستمان بە وەڵامدانەوەی ئەو سێ پرسیارە دەبێت، کە May(١٩٨٥) بۆ ناساندن و خستنەڕووی تایبەتمەندێتی هەر ئاستێکی زمانەوانی دایناوە، کە بریتین لە:–

١) چۆنیەتی دەستکەوتنی ئەو ئاستە لەگەڵ فۆڕمە سروشتییەکان لەو ئاستەدا؟ واتە بەڵگەکانی هەبوونی ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا؟

٢) چۆنیەتی هەڵگواستنی ئەم ئاستە؟ واتە تایبەتمەندییەکانی ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا چین؟ تا بتوانرێت چۆنیەتی هەڵگواستنەکەی پێ شیبکرێتەوە؟

٣) مەرج و کۆت و بەندەکانی فۆڕمدروستی و فۆڕمنادروستی لەم ئاستەی زمانی کوردیدا چین؟[46]

تەنها لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیەکی قووڵ و پەیوەست بەیەکی ئەو سێ پرسیارەوە دەتوانین هێڵە گشتییەکانی ئەم ئاستە لە زمانی کوردیدا

45– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

46 –Robert May (1985:3).

**شیبکەینەوە[٤٧]، چونکە تەنها لە ڕێگەی گریمانە دیاریکراوەکانی پەیوەست بە یاساکان و چۆنیەتی هەڵگواستنی خستنەڕووەکان و مەرجەکانی فۆڕمدروستی و فۆڕمنادروستی دەتوانرێت ئاستێکی ڕێزمان وەك ئاستێکی کرۆکی و بنەڕەتی زمانەوانی نەخشە بکێشرێت. بۆ نموونە ئەگەر لە (د. ق) ورد ببینەوە، دەبینین وەك ئاستێکی خستنەڕوو/ نواندن پرۆژەیەکی دروستکراوە و لە ڕێگەی تایبەتمەندی لێکسیمەکانەوە سازبووە بە گونجاندنی لەگەڵ ئەو مەرج و قەید و کۆت و بەندانەی فۆڕمدروستی و فۆڕمنادروستی جیادەکەنەوە (بۆ نموونە وێنەی گشت ئەو مەرجانەی چۆمسکی لە تیۆری (X-بار)[٤٨]دا دایناوە بۆ دەستکەوتنی ڕستەی فۆڕمدروست). لە بەرانبەردا ئاستی (د. ڕ) ئاستێکی نواندنی ڕێزمانە و لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە هەڵگوێزراوە، کە (د. ق) وەك تێکردەیەك وەردەگرن[٤٩]. لەم بنەمایەوە با وادابنێین، نواندنە ڕێزمانییەکان لەسەر ئاستی (ف. ل) هەڵدەگوازرێت لە ڕێگەی جێبەجێبوونی ئەو یاسایانەی، کە نواندنە ڕێزمانییەکانی (د. ڕ) وەك تێکردە وەردەگرن. لەم ڕوانگەیەوە ئەزمونبەندانە لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ئاستی (ف. ل) بەمشێوەیە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت:**

---

[47]– وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە ڕاستەوخۆ دەیخەینە دوای ئەم شیکردنەوەیە و پەیوەندییەکانی هەردوو ئاستی (د. ق و ف. ل)، هەروەها هەردوو ئاستی (د. ڕ و ف. ل). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

[48]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Chomsky (1993).

[49] بۆ نموونە بۆ جێبەجێبوونی تیۆریی دۆخی ڕێزمانی پێویستە گواستنەوەکان لە (د. ق)ەوە بۆ (د. ڕ) ڕووبدەن. لەم پرۆسەیەدا (د. ق ) دەبێتە (تێکردەیەك "Input" ) بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە و (د. ڕ)یش دەبێتە (دەرکردە "Output")ی پرۆسەکە.



**((فۆڕمی لۆژیکی، دروستەیەکی فرێزە، کە لە (دروستەی ڕووکەش)ەوە بە هۆی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە هەڵدەهێنجرێت و دەشبێتە تێکردەیەك بۆ ڕێساکانی لێکدانەوە))[٥٠].**

**شیکردنەوەکە هەم پەیوەندی نێوان (ف. ل) و ئاستەکانی دیکەی نواندن لە ڕێگەی نواندنەوە ڕووندەکاتەوە، هەم پێشنیازی ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو یاسایانەی لە جێبەجێبوونیاندا دروستەی سینتاکسی ئاشکرا (واتە د. ڕ) بەرهەمدەهێنێت، هەر جێبەجێبوونی ئەو یاسایانەشە (بەڵام بە شێوەیەکی داپۆشراو) دروستەی سینتاکسی داپۆشراو (واتە ف. ل) بەرهەمدەهێنێت. بۆ سەلماندن و کۆنکرێتکردنی بیروبۆچوونەکانمان با لە هەردوو کۆمەڵە ڕستەی (٢٣) و (٢٤) بڕوانین:**

**(٢٣) ا/ [ من [ نان [ خواردم ]]] .    د. ق**

---

[50] ئاستی (ف. ل) بە زۆر ڕێگەی جیاواز تەواو و پڕاوپڕ دەتوانرێت ڕاڤە بکرێت، بۆ نموونە لە شیکردنەوەکانی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا (ف. ل) ئاستێکە، کە تیایدا (ڕێساکانی کاتەگۆری بەتاڵ "Empty Category Principle(ECP)") تاقیدەکرێتەوە. بە شێوەیەکی وردتر و لەناو تیۆری (بەربەستە هەمەچەشنەکان"Barriers Variety")ی (GB)دا، (ف. ل) وەك ئاستێکی داهێنراو ڕاڤە دەکرێت، کە تیایدا ڕێزمانی نیشانەکراو تاقیدەکرێتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرێك لەو زانایانەی لە چوارچێوەی (GB)دا کاریانکردووە، ئاستی (ف. ل) وەك ئاستێکی ڕێزمانی پەیوەست دەکەن بە (تیۆریی بەستنەوە "Binding Theory")ەوە، بەوەی زۆربەی بەستنەوەکان لەسەر ئاستی (ف. ل) جێبەجێدەبن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Norbert Hornstein (1995:4-5) و دواتر بەراوردی بکە بە بۆچوونی بەرنامەی کەمینە سەبارەت بە ئاستی (ف. ل) لە (پاری یەکەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١٤٠–١٦٧) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشەکەشکراون).

ب/ [ من [ نان[ م ] [ خوارد[ e ] ]]]. د. ڕ

**لە نموونەی (٢٣)دا یاسای (لاگر گواستنەوە "Affix Movement")[٥١] ڕوویداوە، کە بەهۆیەوە (٢٣ ب) لە (٢٣ ا)ەوە هەڵدەگوێزرێت وەك جێبەجێکردنی یاسایەکی گواستنەوەی خورتیی. هەربۆیە لە ڕستەی (٢٣ ب)دا [ e ] وەك کاتەگۆڕییەکی بەتاڵ دەردەکەوێت و وەك شوێنپێیەك هاونیشانە دەکرێت و هەمیشە دوای جێبەجێبوونی یاسای گواستنەوە بەجێدەمێنێت. ئەم شیکردنەوەیە بۆ ئاستی (ف. ل)یش هەر بە هەمانشێوەیە، چونکە هەمان پرۆسە جێبەجێ دەبێت لە (د. ڕ)ی ڕستە ڕادەدارەکاندا:**

(٢٤) ا/ [ ف.ن ئازاد [ ف.ك [ ف.ن هەموو کەسێك [ ك دەناسێت ]]]] د. ڕ

ب/ [ ڕ٢ [ ف.ن هەموو کەسێك ] [ ڕ١ [ ف.ن ئازاد[ ف.ن e ]

[ ك دەیناسێت ]]]] ف. ل

**ئەگەر لە نموونەی (٢٤) ورد ببینەوە، دەبینین ڕستەی (٢٤ب) لە ڕستەی (٢٤ ا)ەوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسای (هەڵواسین "Adjunction")٥٢ ی چۆمسکییەوە هەڵگوێزراوە، کە تیایدا فرێزی ناوی ڕادەی بەرکاری (هەموو کەسێك) لە (د. ڕ)ەوە دەرهێنراوە و بە گرێی ڕستەکەوە هەڵواسراوە. کەواتە لە نموونەی (٢٣ ا و ب)دا گواستنەوەی خورتیی ڕوویداوە ئاستی (د. ڕ) بەرهەمهاتووە (وەك دەرکردەیەك)، کە ئاستی (د. ق)ی وەك تێکردەیەك وەرگرتبوو، لە بەرانبەردا لە نموونەی (٢٤ ا و ب)دا گواستنەوەی سەرپشکی**

[51]– بۆ زانیاری زیاتر لە یاساکانی گواستنەوە (چەشن و جۆرەکانی) و جێبەجێبوون و جێبەجێنەبوونیان لە زمانەوانی و زمانی کوردیدا، بڕوانە:

ا/ محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) ب/ کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨: ٢٠–٤٢)


[52]– بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.



**هەڵواسین ڕوویداوە و ئاستی (ف. ل) وەك دەرکردەیەك بەرهەمهاتووە، کە (د. ڕ) وەك تێکردەیەك وەرگرتبوو. ئێستا ئەگەر بەراوردی هەردوو ڕستەی (٢٣ ب و ٢٤ ب) بکەین، دەبینین، کە لە هەردوو گواستنەوەکەدا شوێنپێیەك بەجێدەمێنێت، کە هاونیشانەیە لەگەڵ فرێزە گواستراوەکە لە**

**(دەرەوەی جێکەوتەی بەشەکردار "À- Position"). ئەم شوێنپێیانە وەك (گۆڕینۆکێك "Variable") وان، کە لە چوارچێوەی (جێکەوتە–ئاڕگومێنت "A-Position")دا هەڵگیراون و نائاڕگومێنتانە بەستراونەتەوە À-Binding. ئەم شوێنپێیانە دەبێت بکەونە ژێر مەودای فرێزە گواستراوەکان و لەلایەن ئەو فرێزە گواستراوانەوە وەچە ئاڕاستە بکرێن (کە وەك وەچەبەستێنەرێك/بۆگەڕاوەیەك)ێك وان. بۆ ئەمەش پێویستمان بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی خودی چەمکی (مەودا "Scope") دەبێت، بەوەی بریتییە لە : ((مەودای گۆڕینۆکی α لەسەر ئاستی (ف. ل)، بریتییە لە پۆلی ئەو گرێیانەی ئەم گۆڕینۆکە (α) لەسەر ئاستی (ف. ل) وەچەئاڕاستەیان دەکات))[٥٣]. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە نموونەی (٢٤ ب) وردببینەوە، دەبێت داری زمانی (٢) بنەخشێنێت:**

[53]-Robert May (1985: 5).




**داری زمانی (٢)**


ئەگەر لەم داری زمانییه وردببینەوه، ئەوا دەبینین، كه فرێزی ناوی ڕاده گواستراوەكه مەودای به سەر هەموو ڕستەكەدا هەیه، به شوێنپێكەی خۆشییەوە. هەربۆیه شوێنپێیەكه به فرێزه ڕاده گواستراوەكەوه دەبەسترێتەوه وەك (گۆڕینۆكێكی بەستراوه)، ئەگەرچی شوێنپێیەكه هەر له مەودای هاونیشانەكردنی لەگەڵ فرێزه گواستراوەكه ماوەتەوه، بەمەش دەتوانین بڵێین كه گۆڕینۆكەكه وەك (نیمچه ڕاده "quasi- quantifier")[54] لێكدەدرێتەوه لەناو (ڕ١)دا. لەم شیكردنەوەیەشەوه دەتوانین به هۆی تیۆر

[54]– Robert May (1985:5).



ی شوێنپێ و ڕۆڵی لەسەر ئاستی (ف. ل) سەرجەم دروسته ڕادەییەكان شیبكرێنەوه و چۆنیەتی بەستنەوەی كاتەگۆرییه بۆشەكان/بەتاڵەكان[٥٥] تیایاندا بخرێتەڕوو.

پەیوەست به شیكردنەوه تیۆرییەكانی ئەم وەچەپاره و شیكردنەوەكانی هەردوو جووته نموونەی (٢٣ ا و ب) و (٢٤ ا و ب) دەتوانین به پوختی ئاسته سەرەكی و كرۆكییەكانی نواندنی ڕێزمانی (كه له داری زمانی (١)دا خستبومانەڕوو) لێرەدا لەم هێڵكارییەدا بخرێتەڕوو:




دەبێتەوه به (تێكردە) بۆ (ف. ل)

دەبێتەوه به (تێكردە) بۆ ڕێساكانی لێكدانەوه

**(هێڵكاری تێكردەیی و دەركردەیی ئاستەكانی زمانەوانی)**

ئەم ئاستانەی نواندنی ڕێزمانی هەندێكیان دەبنه تێكردە بۆ دەركردەی ئاستەكانی دیكەیان، به شێوەیەكی وردتر، دەتوانین بڵێین، ئەو ئاستانەی ئاوەزیین (یاخود تەنها ئاوەزییانه و لۆژیكیانه دركیان پێدەكرێت) وەك

[55]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (كاتەگۆرییه بۆشەكان) له زمانی كوردیدا و چۆنیەتی بەستنەوه و حوكمكردنیان بڕوانه:
ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩).

تێکردەیەك دەبن بۆ دەرکردەی ئاستە تواناییەکان (یاخود ئەو ئاستانەی وەك کەرەستە بونیان هەیە). لێرەشەوە دەتوانین سادەییانە ئەو چەمکە دەربڕین، کە ئاستی (د. ڕ) لێکدانەوە فۆنۆلۆژییەکان دەخاتەڕوو، هەربۆیە ئاستی (د. ڕ) و ئاستی (ف. ف) پەیکاڵ دەبن. لە بەرانبەردا ئاستی (ف. ل) لێکدانەوە واتاییەکان دەنوێنێت، هەربۆیە لەگەڵ ئاستی (د. ق) پەیکاڵ دەبن[56].

لە ڕوانگەی ئەم شیکردنەوانەی سەرەوە و بۆ مەبەستی زیاتر شێوازبەندکردنی لێکۆڵینەوەکەمان بە پێویست دەزانرێت بە دوو هەنگاو دەست بە شیکردنەوەی ئاستی (ف. ل) بکەین، کە لە هەنگاوی یەکەمدا بیرۆکەی پەیکاڵبوونی ئاستی (د. ق) و ئاستی (ف. ل) و لە هەنگاوی دووەمیشدا چۆنیەتی هەڵگواستنی ئاستی (ف. ل) لە ئاستی (د. ڕ)ەوە دەخەینەڕوو.

## ٢/١– ٣) پەیکاڵبوونی دروستەی قوڵ و فۆڕمی لۆژیکی:

دۆزینەوەی زاراوە و چەمکی (ف. ل) و بەکارهێنانی بەم واتایەی ئێستای لە زمانەوانی نوێباودا وەك ئەو ئاستەی، کە (فۆڕم و واتا) تیایدا

[56]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی ئەم پەیکاڵبوونەی ئاستی (د. ق) و (ف. ل) و چۆنیەتی هەڵگواستنی (ف. ل) لە ئاستی (د. ڕ)ەوە، بڕوانە:

أ/ پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

a/ Norbert Hornstien,Jairo Nunes and Kleathes K. Grohmann(2005:13-18)

b/ Cedric Boeckx (2006:40-41)



تێکەڵ بەیەکدەبن و سەرچاوەی شیکردنەوە و لێکدانەوە واتاییەکانە، نزیکەی نیو سەدەی ویستووە. لەبەر ئەوەی زمانەوانەکان لە سەرەتادا باوەڕیانوابوو، کە ئەو ئاستەی (فۆڕم و واتای) تیا تێکەڵدەبێت زیاتر ئاستی (د. ق)ە. لەم بۆچوونەشیاندا پێیانوابووە، کە تایبەتمەندییەکانی ڕۆڵی بابەتانەی ڕستەیەك بریتییە لە شێوەدارشتنی ئاستی (د. ق)ی ڕستەکە. بەمشێوەیە پێیانوابووە، کە ئاستی (د. ق) لە ڕووی سینتاکسییەوە واتای ڕستە دیاریدەکات[57]. بەمشێوەیە و لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە (د. ق) وەك دروستەیەکی فرێز ئاماژەی بۆکراوە، کە تیایدا (ڕۆڵی بابەتانە و گۆکردنی ڕێزمانی)[58] نوێنراوە و ئەم دوو لایەنە بە تەواوی تیایدا گونجێنراوە، واتە دەربڕاوەکان لە ئاستی (د. ق)دا بە شێوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ پەیوەستدەکرێن بە (ڕۆڵی بابەتانە/ ڕۆڵی لۆژیکی) لەگەڵ گۆکردنی ڕێزمانی دەربڕاوەکان. هەربۆیە لەم ئاستەدا ئەو کەرەستەیەی ڕۆڵی لۆژیکی/ ڕۆڵی بابەتانەی (بکەر یاخود بەرکار یان ......هتد) پێدەبەخشرێت، دەبێت گۆکردنی ڕێزمانی (بکەر یاخود بەرکار یاخود... هتد،)ی هەبێت. بەمەش دەبێت ئەو جێکەوتانەی ڕۆڵی بابەتانەی

[57]– ئەم تێڕوانینە بەراییانە زیاتر هی زانایانی وەك: Chomsky (1965) و Katz and Postal (1964) و Jackendoff (1972) بووە و بۆچوونەکانیش زیاتر لە تیۆری (فراوانکراوەی ستاندارد" Extended Standard Theory(EST)")دا خرابووەڕوو، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بیروبۆچوونانە، بڕوانە:

a/Norbert Hornstein (1995:1-3) b/ Cedric Boeckx (2006:40-4

[58]– لە ڕێزمانی چاولێکەری و تەنانەت لە سەرەتاکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەشدا بە (ڕۆڵی بابەتانە ) وتراوە (گۆکردنی ڕێزمانی ). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم دوو زاراوە و چەمکە و ئاوێتەبوون و دواتر پەیکاڵبوونیان، بڕوانە: Chomsky(1993:13-14)

پێدەبەخشرێت بە کەرەستە پڕبکرێنەوە، بەڵام ئەوانەی ڕۆڵی بابەتانەیان پێنابەخشرێت دەبێت بە بەتاڵی بهێڵرێنەوە[59]. بۆ لە چوارچێوەدانی بۆچوونەکان، با لە نموونەی (٢٥) بڕوانین:

(٢٥) ئازاد چاوبەستی لە نەوزاد کرد، تا نەسرین مارە بکات.

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکە وردببینەوە، ئەوا لە ڕووی ڕۆڵی بابەتانەوە کرداری (چاوبەستی لێکردن) پێویستی بە (چاو بەست لێکەر و چاو بەست لێکراو) هەیە لەگەڵ چەمکێکی تەواوکەریش، (کە بریتییە لە چەمکی "مارەکردنی نەسرین")، کە تیایدا دیسانەوە کرداری (مارەکردن) پێویستی بە (مارکەر و مارەکراو) هەیە، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ڕستەی (٢٥) دروستەی قوڵی (٢٦)ی هەبێت:

(٢٦) [ [ چاوبەست لێکەر **ئازاد** [ چاوبەست لێکراو **چاو بەستی لە نەوزاد کرد** ]] [ چەمکی تەواوکەر **تا** [ مارەکەر e [ مارەکراو e **نەسرین مارە بکات**]]]]. د. ق

بە وردبوونەوە لە (د. ق)ی (٢٦)، دەبینین ڕۆڵی بابەتانەی (مارەکەر) بە جێکەوتەکە بەخشراوە، بەڵام فۆنەتیکیانە بە کەرەستە پڕنەکراوەتەوە، ئەمەش ئاڕاستەی تیۆرییەکە بریندار ناکات، چونکە ئەم جێکەوتەیە بە کاتەگۆری بەتاڵی (pro)ی بچووک پڕکراوەتەوە، کە لەگەڵ جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانەداری (چاوبەست لێکەر)دا هاونیشانەیە، کە بە (ئازاد) پڕکراوەتەوە، ئەم ڕاستییەش لە (٢٧)دا ئاشکرا دەبێت:

(٢٧) [ ئازاد]$_i$ چاو بەستی لە نەوزاد کرد، تا [ (pro)$_i$ ] نەسرین مارە بکات.

[59]– سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٥–١٨).



ئەمجۆرە شیکردنەوەیەی ڕستە (٢٥) واتای ڕستەکە ئاشکرا دەکات و لە زبرێتی دەیپارێزێت. لە بەرانبەردا، ئەگەر بمانەوێت لە واتای ڕستەی (٢٨) بگەین، ئەوا هەست بە گرانییەك یان ناڕێزمانی یان زبرییەك دەکەین، کە سانا ئەو زبرییە لە واتا گەیاندنی ڕستەکەدا ئاساییانە لە ڕێگەی (ڕۆڵی بابەتانە) و (گۆکردنی ڕێزمانی) دروستەی قوڵەوە یەکلایدەکرێتەوە:

(٢٨) ؟ حەمە وادەردەکەوێت ئەڤینی خۆشبووێت.

ئەگەر لە ڕستەی (٢٨) وردببینەوە، دەبینین کرداری (خۆشویستن) دەتوانێت دوو ڕۆڵی بابەتانەی (حەزلێکەر و حەزلێکراو) ببەخشێت، لە کاتێکدا کرداری (وادەردەکەوێت) تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە بە چەمکە تەواوکەرەکە (کە لێرەدا بریتییە لە "ئەڤینی خۆشبووێت")، بەڵام نابێت کرداری (وادەردەکەوێت) بە هیچ شێوەیەك بتوانێت ڕۆڵی بابەتانە بدات بە (حەمە)، چونکە ئەمە جێکەوتەی بنەڕەتی (حەمە) نییە. ئەم ڕاستیەش لە بەراوردکردنی ڕستەی (٢٨) لەگەڵ (٢٩) و (٣٠) دا ئاشکرا دەردەکەوێت، بەوەی دەتوانرێت لە بری (حەمە) وشەی هەستدەربڕی زبری وەك (ئەو کەرە، ئەو گدیشە، پاتاخچییە... هتد،) پڕبکرێتەوە، نەك هەر واتاکەی زبر نابێت، بەڵکو سفت و بێگەردیش دەبێت:

(٢٩) ئەو کەرە وادیارە ئەڤینی خۆشدەوێت.

(٣٠) گدیشی وا دیارە ئەڤینی خۆشدەوێت.

کەواتە شیکردنەوەکان سانا ئەو ڕاستیە دەخەنەڕوو، کە (حەمە) لە نموونەی (٢٨)دا لە بنەڕەتدا و لە ئاستی (د. ق)دا لەو جێکەوتەیە بەرهەمنەهێنراوە، بەڵکو لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاسای گواستنەوەی

(بەرزکردنەوەی بکەر "Subject Raising")ەوە[٦٠] چۆتە ئەو جێکەوتەیە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە ڕاستیدا ئەم جێکەوتەیە ڕۆڵی بابەتانەی پێنەبەخشراوە نە لەلایەن کرداری (خۆشبوویت)ەوە نە لەلایەن کرداری (وادەردەکەوێت)ەوە، هەربۆیە وەك جێکەوتەیەك بە بەتاڵی دەبێت بمێنێتەوە، تا واتای ڕستەکە بریندار نەبێت لە زمانی کوردیدا، هەروەك لە (د. ق)ی (٣١)دا خراوەتەڕوو:

(٣١)[ چەمکی تەواوکەر △ [ وادەردەکەوێت [ حەزلێکەر حەمە [ حەزلێکراو ئەڤینی خۆشبوویت ]]]]. د. ق

بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاستی (د. ق) چ وەك زاراوە و چ وەك چەمك سەرەتای بیرۆکەی زاراوە و چەمکی (ف. ل)ی زمانەوانی ئێستا بووە، چونکە ئەمجۆرە شیکردنەوەیەی فۆڕمی ڕستە بۆ گەیشتن بە واتای ڕاست و دروستی ڕستەکە و هەڵهێنجانی ڕاستی و ڕاستەقینە لێی بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە ڕێگەی (ڕۆڵی بابەتانە) و (گۆکردنی ڕێزمانییەوە) لە ئێستای زمانەوانیدا چ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB) چ لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینە(MP)[٦١]دا بێت ئەرکی سەرەکی ئاستی (ف. ل)یە.

[60]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی ئەم یاسایە لە زمانی ئینگلیزیدا و جێبەجێبوون و جێبەجێنەبوونی لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: ا/ محەمەد مەحوی (٢٠٠١)، ب/ عەبدالجبار مستەفا (٢٠٠٥)، پ/ کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨).

[61]– هەروەك لە پاری یەکەمی بەشی دووەمدا شیکردنەوەی تێر و تەسەلی بۆ دەکرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، لاپەڕە (١٤٠–١٦٧).



### ٢/١–٤) هەڵگواستنی فۆڕمی لۆژیکی لە دروستەی ڕووکەشەوە:

(د. ڕ) لە ڕووی گۆکردنەوە وەك ئەو خاڵە پەسنکراوە، کە هەم گواستنەوەکانی تیادا ڕوودەدات و هەم وەك ئاستێکی ڕێزمانیش بۆ هەڵگواستنی هەردوو ئاستی (ف. ل) و (ف. ف) شەق دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە (د. ڕ) گەلێك زانیاری سیمانتیکی بە دەستەوە دەدات، لە بەرئەوەی دوای داهێنان و گەشەسەندنی (تیۆریی شوێنپێ "Trace Theory")[٦٢] لە ناوەڕاستی ساڵەکانی (١٩٧٠)ی سەدەی ڕابردوودا، ئەو پێشنیازە هاتەکایەوە، کە گواستنەوەی کەرەستەکان و هەڵگواستنی ڕستەکان لە (د. ق)ەوە بۆ (د. ڕ) هیچ زانیارییەکی ڕێزمانی ڕستەکە وناکات یاخود کەمناکاتەوە. بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی بەجێمانی شوێنپێیەك (هەندێکجار و لە هەندێك لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا جگە لەم شوێنپێیە (جێناوێك)یش بەجێدەمێنێت و لە پێکهاتەی کرداری ڕستەکەدا دەردەکەوێت و هەم لەگەڵ شوێنپێیەکە و هەم لەگەڵ کەرەستە گواستراوەکەشدا هاونیشانە دەکرێت) لە بری کەرەستە گواستراوەکە. دواتر ئەم شوێنپێیە لە ڕێگەی پەیوەندییە دروستەییەکانەوە، کە لە چوارچێوەی دروستەی فرێزەکەدایە دیاریدەکرێت[٦٣].

[62]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەرەتا و گەشەکردنەکانی ئەم تیۆرییە لە زمانەوانیدا و پاشان چۆنیەتی کارکردن و شیکردنەوەی زمانەوانیانەی زمانی کوردی بە هۆی ئەم تیۆرییەوە، ورد ببەرەوە لەم سەرچاوانە:

ا/ محەمەد مەحویی(٢٠٠١: ٥٥–٦٠) ب/ ئەمیر مسطو محەمەد (٢٠٠٩: ٩٥–٩٧).

a/ Samuel D. Epstein,Erich M. , Rurik K. and Hisat S. (1998:140-161)
b/ Randall Hendrick(2003:110-115) c/ John A. Hawkins(2004:215)
d/Daniel Buring (2005:164) e/ Norbert Corver and Jairo Nunes(2007:1-11)

[63]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Norbert Hornstein (1995:2-3)

بەمشێوەیە، بە هۆی زانینی (شوێنپێیەکان/کلیتیکەکان) ئەو زانیارییە ڕێزمانیانەی تیایاندا هەڵگیراوە بنەمایەکی لۆژیکی بۆ تێگەیشتن لە سیمانتیکی (د. ڕ) ڕستەکان دەڕەخسێنێت. ئەم ڕاستیەش ئاشکرا لە بەراوردکردنی (د. ڕ)ی (٣٢ ب و ٣٢پ)ی (د. ق)ی ڕستەی (١٣٢)ەوە نیشاندەدرێت:

(٣٢) ا/ هێمن کڵاوەکەی لەسەرکرد. د. ق

ب/ کڵاوەکە، (هێمن) لە سەریکرد. (د. ڕ) بێ دیاریکردنی شوێنپێ و کلیتیک

پ/ [ کڵاوەکەi ]، ([ هێمن ]) [ ف. ك [t i ] ك لەسەر [ کلیتیك یـi ] کرد]]].

(د. ڕ) پاش دیاریکردنی شوێنپێ و کلیتیک

گەر بەراوردی (١٣٢) بە (٣٢پ) بکەین وەك دوو ئاستی نواندنی ڕێزمانی، دەبینین تێگەیشتن لە ڕستەی (٣٢پ) و هەڵهێنجانی ڕاستی و ڕاستەقینەی ئەوەی، کە (کڵاو لە سەرکردن) وەك چەمکێك لەلایەن (هێمن)ەوە ئاسانتر و ئاشکراترە لە هەڵهێنجانی ئەم چەمکە لە ڕستەی خراوەڕووی (٣٢ب). چۆنیەتی هەڵهێنجانی ئەم چەمکەش، وەك ڕاستی و ڕاستەقینەیەك لە ڕستەکان پەیوەست دەبێت بە وردبونەوە لە پرۆسەکانی هەڵگواستنی (ف. ل) لە ئاستی (د. ڕ)ەوە[64]، بەڵام وردبوونەوەکەمان بێمانا دەبێت ئەگەر هەوڵ نەدەین لە سینتاکسی لۆژیکیانەی ڕستەکان تێنەگەین، وەك بنەمایەك بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسانەی (د. ڕ) دەگۆڕن بۆ (ف. ل)[65] . هەروەك لە پاری

[64]– Norbert Hornstien,Jairo Nunes and Kleanthes K. Grohmann(2005:21-22)

[65]– لەمبارەیەوە (1985) Higginobthom پێیوایە، کە هەموو لایەنێکی واتا لە بە دەستهێنانی توانای زمانیدا ڕۆڵدەبینێت، بەڵام ئەمە نابێت وامان لێبکات، کە بڵێین بۆ تێگەیشتن لە ڕستەکان



یەکەمی ئەم بەشەدا خرایەڕوو، هەموو ڕستەیەك هەروەك چۆن دروستەی سینتاکسی هەیە (کە پێکهاتووە لە جیاکردنەوەی بکەر و بەشی کردار)، ئاوەهاش دروستەی لۆژیکی هەیە (کە پێکهاتووە لە جیاکردنەوەی چەمك و بەشەکردار)[66]. لە ڕوانگەی ئەم جیاکردنەوەیەی سینتاکسی لۆژیکیانە/دروستەی لۆژیکی بۆ ڕستەکان دەیکات با لە هەردوو ڕستەی (٣٣) و (٣٤) بڕوانین:

(٣٣) خونچە ڕۆیشت.

(٣٤) هەرکەسێك ڕۆیشت، نەگەڕایەوە.

هەردوو ڕستەکە دوو فۆڕمی لۆژیکی جیاوازن، چونکە ئاماژە بە دوو چەمکی جیاواز دەدەن، بەوەی لە ڕستەی (٣٣)دا (خونچە) وەك ناوێك ئاماژە بە کەسێك دەدات، لە بەرانبەردا (هەر کەسێك) لە ڕستەی (٣٤)دا ڕادەیەکە و ئاماژەی جیاواز دەبەخشێت. کەواتە ڕستەی (٣٣) لە ڕوانگەی شیکردنەوە کلاسیکییەکانی وەك (Frege و Russell... هتد)ەوە ئاماژە بە چەمکێکی سادەی تاکی وەك (ڕۆیشتن) دەدات، کە دروستە لۆژیکییەکەی دەتوانرێت لە (٣٥) بنوێنرێت:

(٣٥) (ڕۆیشت (خونچە)) یاخود [ ڕ (خ) ] دروستەی لۆژیکی کلاسیکیانە.

پێویستمان بە تایبەتمەندی لۆژیکی ڕستەکان نییە، کە دەشێت ئەم تایبەتمەندییانە زمانەوانییانەش نەبن یاخود خستنەڕووی ڕێزمانی بن وەك دروستەی فرێز یان یاسایەکی =گواستنەوەی (α– بجولێنە)، بەڵکو دەشێت ئاوەزیی بن بەبێ ئەوەی زمانەوانی بن، هەربۆیە گرنگ و سەرنجڕاکێشن. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە:( Norbert Hornstein (1995:7

[66]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاری یەکەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٣٠–٤٥).

ئەم نواندنە لۆژیکییەی (٣٥) زەقکەرەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە (ڕۆیشت) چەمکێکی/ بەشەکردارێکی یەك جێکەوتەیە بۆ ناوی (خونچە)، کە پڕکەرەوەی ئەم جێکەوتەیە. لە بەرانبەردا، ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەی دروستەی لۆژیکی کلاسیکیانەوە ڕستەی (٣٤) شیبکەینەوە، ئەوا شیکردنەوەکە کەمێك گرانتر بە دەستەوە دێت و لۆژیکییانە ئالۆزترە، چونکە ڕادەی (هەر کەسێك) ئاماژە بە تەنها ناوێك نادات و ناتوانین ڕستەکەش لە فۆڕمی (بکەر/بەشەکرداری) سادەدا بخەینەڕوو. هەربۆیە دروستەی لۆژیکی کلاسیکیانە پێشنیازی گۆڕینۆکێك دەکات، تا جێکەوتەی بەشەکردارەکە پڕبکاتەوە. بەمەش ڕادەکە دەبێتە (پاشکۆ/کلك)ی هەموو ڕستەکە، بەمشێوەیە دەتوانین ڕستەی (٣٤) لە (٣٦)دا بخەینەڕوو:

(٣٦) (هەر X : X کەسێکە) [ ڕۆیشت (X) ]، [ نەگەڕایەوە ].

دروستەی لۆژیکی کلاسیکیانە.

وردبونەوە لەم دروستە لۆژیکییە ئەو دەردەخات، کە (X) گۆڕینۆکێکە، کە لەگەڵ دەربڕاوی (هەر) ڕادەکەیان پێکهێناوە، کە لەگەڵ چەمکی/ بەشەکرداری (ڕۆیشت)دا ئەو ڕاستی و ڕاستەقینەیە دەردەبڕن، کە بریتییە لە (ڕۆیشتنی هەر کەسێك لە کەسەکان) . ئەمجۆرە شیکردنەوەیەش تێڕوانینی (Frege و Russell)ە بۆ جیاوازی (ناو) و (ڕادە)[67]. ئەم تێگەیشتنەش ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات، کە ڕستەی (٣٣) لە ڕووی واتاوە سادەترە لە ڕستەی (٣٤) و تێگەیشتنیش لێی وەك ڕستەی (٣٤) زبر

67– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەمجۆرە شیکردنەوەیە و ڕۆڵی لە دەرخستنی ڕاستی و ڕاستەقینەکاندا، بڕوانە:
Norbert Hornstein (1995:6 )



و گران نییە. هەر بوونی ئەم زبرییەش لە شیکردنەوەکاندا بۆتە بنەما لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی هەڵهێنجانی (ف. ل) لە ئاستی (د. ڕ)ەوە لە ڕوانگەی پرۆسەکانی گواستنەوە و بەجێمانی پاشماوەی گواستنەوەکە لە شێوەی (شوێنپێ و کلیتیك) یاخود (شوێنپێ بە تەنها). ئەم گواستنەوەیەش زیاتر گواستنەوەی کەرەستەکانە بۆ (جێکەوتەی نائارگومێنت "À-Position")، کە پاش جێبەجێبوونی پرۆسەکەش کاتەگۆڕییەکی بەتاڵ بەجێدەمێنێت لە شێوەی شوێنپێیەکدا، کە دەتوانرێت دروستەییانە وەك گۆڕینۆکێك ڕاڤە بکرێت[68]. بۆ شیکردنەوەی زیاتر با لە نموونەی (٣٧) و هەڵگواستنەکانی ڕابمێنین:

(٣٧) مچە دەزانێت، کە کاوە نوونەی بردووە. د. ڕ

نموونەکە ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، کە بەشەکرداری (دەزانێت) تەواوکەرێکی وەك (کە کاوە نوونەی بردووە) وەردەگرێت، لەم ڕاستیەشەوە سانا دەتوانرێت (ف. ل)ی ئەم تەواوکەرەی بەشەکردارەکە لە (٣٨)دا بخرێتەڕوو:

(٣٨) مچە دەزانێت، [ ڕ– [ comp کە [ ڕ کاوە [ ف.ك نوونەی بردووە ]]]] ف.ل

ئێستا بە گریمانە وا دادەنێین، کە بەشەکرداری (دەزانێت) جگە لەم تەواوکەرە هەواڵییە دەتوانێت تەواوکەرێکی پرسیاریش وەربگرێت، کە لە (٣٩)دا نوێنراوە:

(٣٩) مچە دەزانێت، کە کاوە کێی بردووە؟ د. ڕ

ئێستا پەیوەست بە دروستەی لۆژیکی کلاسیکیانەی (٣٦) و (ف. ل)ی (٣٨)ەوە دەتوانین فۆڕمی لۆژیکی تەواوکەرە پرسیارییەکەی دروستەی ڕووکەشی (٣٩) لە (٤٠)دا بخەینەڕوو:

68 –Robert May (1985:29)

(٤٠) بۆ هەر کەسێکی وەك X، کاوە (X)ی بردووە.

(ف. ل)ی تەواوکەرە پرسیارییەکە.

بەمـــشێوەیە دەتـــوانین (ف. ل)ی دروســـتەی ڕووکەشـــی (٣٩) لـــە (٤١)دا بخەینەڕوو:

(٤١) مچە دەزانێت، [ڕ– [comp کە [ڕ (بۆ هـەر کەسێکی وەك X)، کاوە (X)ی بردووە ]]]     ف. ل

ئێستا وەك پاساودانێك بۆ تاقیکردنەوەکەمان دەتوانین لە (ف. ل)ی (٤١)ەوە سەرلەنوێ دروستەی ڕووکەشی (٣٩) دابڕێژینەوە و لە (٤٢)دا بنوێنێت:

(٤٢) ا/ مچە دەزانێت، [ڕ– [comp کە [ڕ کاوە [ف.ك کێی بردووە α ]]]]

( د. ڕ)ی داڕێژراوە

لە دروستەی (٤٢)ی داڕێژراوەدا، (α) تایبەتمەندی ئەوەی دەبێت، کە دەبێتـە خاوەنی ڕۆڵی بابەتانەی بەرکاری ڕاستەوخۆی کرداری (بـردووە) بەهەمانشێوەی پێکهاتـەی (نوونـە) لـە (د. ڕ)ی (٣٧)دا. ئەمـە جگـە لـەوەی، کـە (α) پەیوەستە بە (کـێ)ەوە، کـە لەســەر ئاسـتی (ف. ل)ی (٤١) وەك (بـۆ هــەر کەسـێکی وەك X) لێکدەدرێتەوە. بە زانینی ئـەم تایبەتمەندییـەی (α)، (α) دەبێتـە فرێزێکـی نـاوی هاونیـشانەکراو لەگـەڵ (کـێ). بەمـشێوەیەش α= [ ف. ن i ] e، کـە تیایـدا (e) هێمایـە بـۆ کەرەسـتە هاوشـێوەکە (واتـە نونـە)، (i)یـش هێمـای هاونیـشانییانە. هەربۆیە دەتوانین ئاماژە بە (α) بـدەین وەك شـوێنپێی (کـێ) و هێمـای (t) لـە بـری هێمـای (α) بـۆ دابنـێین[٦٩]. بەمـشێوەیە دەتـوانین دروسـتەی (٤٢ ا) لـە (٤٢ب)دا بخەینەڕوو:

[69] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: a/ Chomsky (1993:34)
b/ Peter Matthews (2003:137-138)



(٤٢) ب/ مچە دەزانێت، [ڕ– [comp کە [ڕ کاوە [ف.ك کێی بردووە t ]]]].

ئەم پەیکاڵبونەی (د. ڕ)ی داڕێژراوە (٤٢ ا) لە ڕووی واتاوە بە (ف. ل)ی (٤١)، هەروەها پەیکاڵبوونی واتا لە هەردوو (د. ڕ)ی (٤٢ ا) و (٣٧) سەلمێنەری ڕاستی و دروسـتی گریمانـە و بانگەشـەی هەڵگواسـتنی (ف. ل)ە لـە ئاسـتی (د. ڕ)ەوە. بـــەپێی ئـــەم درکپێکردنـــەش بێـــت، ئەگەرچـــی (د. ڕ) پـــاڵێوەری دەرهێنـــانی هەڵگواسـتنە ناباوەکـانی زمانـە پەیوەسـت بـە مـەرج و قەیدکردنـەکانی ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوەوە، بـەڵام هێـشتا (ف. ل) زۆر ئەبـستراکترە لـە (د. ڕ)، چونکە ئەگەر هەڵگواستنی ڕستەکان لە (د. ق)ەوە بۆ (د. ڕ) (شوێنپێ و کلیتیـك) یاخود (شوینپێ بە تەنها) بەجێبمێنێت، ئەوا ڕستەکان لە هەڵگواستنیاندا لـە (د. ڕ)ەوە بـۆ (ف. ل) هــیچ جـۆرە شـوێنپێیەکی فۆنۆلۆژییانـە بـەجێناهێڵێت. هــەر لێرەشـەوەیە دەتـوانین بڵـێین، ئەگـەر (د. ڕ) بـۆ پەسـنکردنی هەمەچەشـنییەکانی زمان بەکاربهێنرێت

(وەك بـوونی هـەموو یاسـاکانی گواسـتنەوە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا و نـەبوونی یاساکانی گواستنەوەی خورتیی لە زمانی کوردیدا (جگە لە یاسای گواستنەوەی لاگـــر گواســـتنەوەی خـــورتیی) و تـــەنها بـــوونی یاســـاکانی گواســـتنەوەی سەرپـشکیی)[70]، ئـەوا لـە ئاسـتی (ف. ل)دا هـەموو لایەنـە ڕێزمانییـەکان تـا ڕادەیـەکی زۆر لەیەکدەچـن. بەمـشێوەیە دەشـێت جیـاوازی لـە ئاسـتی (د. ڕ) لـە زمانە جیاوازەکاندا دەربکەوێت، بەڵام ڕێزمانەکـەیان لـە ڕووی لۆژیکییـەوە لەسـەر ئاسـتی (ف. ل) وێکدەچـن[٧١]. ڕەنگـە هـەر ئـەم بۆچـوونەش بووبێتـە بنـەمای ئـەو

[70] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەراوردکردنی سەلمێنراوی ئەم جیاوازییەی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی، بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشەکەشکراون.

[71] – Norbert Hornstein(1995: 7-8)

**ڕاستییەی، کە بەرنامەی کەمینە هەوڵی بۆداوە، بەوەی پێیوایە (د. ڕ) پێویستە و پێویستیش نییە[٧٢].**

## ٢/١– ٥) فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا:

**بەڵگەکانی بوون و ئامادەیی فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا وەك ئاستێکی درکپێکردن و شیکردنەوەی لایەنە واتاییەکانی زمانەکەمان دەشێت لەو خاڵەوە سەرچاوە بگرێت، ئەگەر لە پرۆسەی زمانپێژاندنی منداڵ و چۆنیەتی تێگەیاندن و تێگەیشتن/ پەیوەندیکردن لە نێوان منداڵ و گەورەکان وردببینەوە. ئاشکرایە هەم پرۆسەی زمانپێژاندن و هەم پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ژیانی زمانیی منداڵدایە، کە تاڕادەیەك لە ڕێسا سەرەکییەکانی سیمانتیك دابڕاوە، بە تایبەتی کەرەستە نازمانییەکانی ئەم دوو پرۆسەیە وەك (بارودۆخەکانی قسەکردن، ڕەفتاری قسەکەر و گوێگر و... هتد،). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان وەك کایەکی ئاوەزیی ئاسایی لە نێوان منداڵ و گەورەکاندا کاردەکات و مەبەستیش دەپێکێت. بۆیە لێرەدا شیاوە پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا منداڵ لە تەمەنە سەرەتاییەکانیدا ئاستێکی ئاوەزیی ئەوتۆی نییە، کە درك بە لایەنە نازمانییەکانی زمانی گەورەکان بکات؟ بە واتایەکی دیکە درککردن بە ڕاستی و ڕاستەقینەکان و هەڵهێنجانی واتای دروست لە دەربڕاوەکان لەلایەن منداڵەوە لە زمانی گەورەکان بەبێ ئەوەی هیچ درکپێکردنێکی بۆ لایەنە نازمانییەکانی زمان**

[٧٢]– شیکردنەوە وردەکاریەکانی ئەم لایەنەی بەرنامەی کەمینە چنراوی سەرەکی پاری یەکەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت، بڕوانە لاپەڕە (١٤٠–١٦٧).



**هەبێت خۆی لە خۆیدا پێشنیازی هەبوونی ئاستێکی لێکدانەوەی واتایی و تێگەیشتن دەکات لە زمانی منداڵ و گەورەکانیشدا. هەربۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت هەوڵبدرێت بەڵگەکانی هەبوونیی فۆڕمی لۆژیکی لە زمانەکەماندا تاقیبکەینەوە و سەلماندن و پاساودانی ئەم تاقیکردنەوەیەمان بە هێنانەوەی ئەم بەڵگانە دەبێت لە خودی زمانەکەمان:–**

**یەکەم/ ئەگەر لە یاسای (بەرزکردنەوەی ڕادە "Quantifier Raising")[٧٣] وردببینەوە، دەبینین، کە ڕادە بەرزکراوەکە بە فرێزێکەوە دەبەسترێتەوە، کە مەودای سیمانتیکی هەیە. لێرەشەوە ڕادە گواستراوەکە دەتوانێت ببێتە کەرەستەیەکی مەودایی و مەودای سیمانتیکی ڕستەکە دیاریبکات. هەربۆیە دەبینین تێگەیشتنمان لە واتای ڕستەی (٤٣ ا)، کە وەك (د. ڕ) وەردەگیرێت، بە هۆی لێکدانەوەی واتایی فرێزە ڕادە مەودادارەکەوە دەبێت لە (٤٣ ب)دا، کە وەك دروستەیەکی (ف. ل) وەردەگیرێت:**

(٤٣)

ا/ [ ڕ [ ف. ن **پۆلیسەکە**[ ف. ك [ (ف. ن)ی ڕادە **هەر دزێك** [ ك **ببینێت**]]]، [ ڕستیلەی تەواوکەر pro **دەیگرێت** ]].

د. ڕ

[٧٣]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم یاسایە و وردەکارییەکانی لە زمانی کوردیدا بڕوانە (پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨) هەروەها بۆ ڕوماڵکردنی یاساکە لە زمانەوانیدا، بڕوانە:

a/Samuel D. Epstein(2000:52-61)
b/ Samuel D. Epstein and T. Daneil Seely(2002:109)

ب/ [ ڕ٢ [ (ف. ن)ی ڕادەی مەودادار **هەر دزێك**i ] [ ڕ١ [ ف. ن **پۆلیسەکە** [ ف. ك [ e i [ ك **بیبینێت** ]]]]، [ ڕستیلەی تەواوکەر pro **دەیگرێت**i]]]

**کەواتە دەتوانین بڵێین بە هۆی ئەم مەوداییەی ڕادەکانەوە، لە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕادەکان لە ناوەکان جیاوازن[٧٤]. ئەم جیاوازییەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕادەکان ڕێزمانیانە پێشنیازی مەودای واتای خۆیان دەکەن لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسای (گواستنەوەی داپۆشراو "Covert Movement"). ئەم شیکردنەوەیەش پێویستیی بوونی یاسای بەرزکردنەوەی ڕادە دەسەلمێنێت، چونکە ئەگەر گواستنەوەکە نەبێت، ئەوا ڕادەکە مەودای واتایی نابێت و ناشتوانێت مەودای واتایی ڕستەکە دیاریبکات و سەرجەمی ڕستە وتراوەکە هەڵە دەبێت یاخود هەڵە تێی دەگەین. ئاکامی ئەمەش بریتی دەبێت لەوەی، کە دەبێت جێبەجێکردنی یاساکانی (گواستنەوەی ئاشکرا و داپۆشراو " Overt and Covert Movement") ئەنجامەکانیان لە دروستەی فرێزێکدا دەربکەوێت، کە دروستە سیمانتیکییە داڕێژراوەکە شیبکاتەوە. بەمە زانیارییە سیمانتیکییە شیکراوەکان لە ڕێگەی ڕێزمانەوە لە دروستەی فرێزدا و لە ڕێگەی هەڵگواستنەوەکانەوە پێشنیازی هەبوونیی ڕاستەقینەی ئاستی (ف. ل) لە زمانەکەماندا دەکات.**

**دووەم/ هەروەك سەلمێنراوە، لە زمانی کوردیدا وشەی پرس/فرێزی پرسیاری لە ئاستی (د. ڕ)**

[٧٤]– بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە جیاوازی پرۆسەی هەڵگواستنی (ف. ل)ی ناوەکان و ڕادەکان لە (د. ڕ)ەکانیانەوە لە (٢/٢–٥)ی ئەم پارەدا، لاپەڕە (١٩٥–٢٠٣).



**دەمێنێتەوە و بە هیچ شێوەیەك سینتاکسییانە ناگوێزرێتەوە[٧٥]، تا بە هۆیەوە بتوانین مەودای سیمانتیکی (وەڵامی شیاو) بۆ چەمکە پرسیارلێکراوەکە دابنێین[٧٦]. بۆیە دەبێت بە ناچاری ئەم پرۆسەی گواستنەوەی وشەی پرس/فرێزی پرسیار بۆ ناو جێکەوتەی Complimentizer (comp) (هەروەك لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوودەدات[٧٧]) لە ئاستێکی نواندنی دیکەدا جێبەجێ ببێت، تا بتوانرێت لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ چەمکە پرسیارلێکراوەکە بکرێت، کە ئەم ئاستەش وا چاوەڕواندەکرێت ئاستی (ف. ل) بێت. هەربۆیە ئەگەر ڕستەی پرسیاری زمانی کوردی و دروستەکەی وەربگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی لێڵیەك تیایاندا دروستدەبێت، کە ئەمەش بەڵگەی نەبوونی گواستنەوەی وشەی پرس/ فرێزی پرسیارە لە ئاستی (د. ڕ)ی زمانی کوردیدا، بۆ ئەم ڕاستیەش با لە جووتە نموونەی (٤٤ ا و ب) و (٤٥ ا و ب) ڕابمێنین:**

**(٤٤) ا/ * چی نەوزاد کڕی؟ د. ڕ**

b/ What did Bill buy? **د. ڕ**

**(٤٥) ا/ * چی ئازاد دەزانێت، کە نەوزاد کڕیویەتی؟ د. ر**

b/ What does Bill know, that Frank bought? **د. ڕ**

[٧٥]– بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم لایەنە تایبەتمەندەی ڕستەی پرسیاری زمانی کوردی، بڕوانە:
ا/محمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٩٥–١٩٨) ب/کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٣٠–٣٣) پ/ ئەمیر مسطو محەمەد(٢٠٠٩:١٠٠–١٠٣)

[٧٦]– لە ڕاستیدا هەردوو زمانی فەڕەنسی و چینی لەم تایبەتمەندییەدا تا ڕادەیەکی زۆر لە زمانی کوردی دەچن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Norbert Hornstein (1995: 11-13)

[٧٧]– بڕوانە لە وردەکاری پرۆسەکە لە زمانی ئینگلیزیدا لەم سەرچاوانەی خوارەوە:
a/Bas Aarts(2001:157-160) b/ Randall Hendrick (2003:81-90)
c/ John A. Hawkins(2004:170-190) d/ Ian Roberts(2007:81-110)

دەبینین هەردوو ڕستەی (٤٤ ا) و (١٤٥) ئەو واتا پرسیارییە دروستەی نییە، کە لە ڕستەکانی (٤٤ب) و (٤٥ب)دا بەرچاودەکەوێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (٤٤ ب و ٤٥ ب) لە زمانی ئینگلیزیدا لە (د. ق)ی (٤٦ ا و ب)ەوە هەڵگوێزراون، بەڵام ڕستەی (٤٤ ا و ٤٥ ا) لە زمانی کوردیدا ئەمجۆرە سەرە و ڕیزبوونەی نییە و هەر لە بنەڕەتدا (د. ق) وشە پرسەکە/ فرێزە پرسیارییەکە ڕۆڵی بابەتانەی پێدەدرێت و لە ئاستی (د. پ)یشدا هەر لە جێکەوتەی خۆی (لە ڕێگەی کردارەوە ئەگەر وشە/فرێزە پرسیارییەکە بەرکار بوو یاخود لە ڕێگەی بەشی کردارەوە ئەگەر وشە/فرێزە پرسیارەکە بکەر بوو) دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت بێئەوەی پێویستی بە گواستنەوە هەبێت، هەربۆیە فۆڕمی دروست و ڕاستیی (٤٤ ا و ٤٥ ا) بریتییە لە (٤٧ ا و ب):

(46) a / (e) Bill buy what? DS
b / (e) Bill know what that Frank bought? DS

(٤٧) ا/ نەوزاد چی کڕی ؟ د. پ
ب/ ئازاد چی دەزانێت، دەربارەی ئەوەی نەوزاد کڕیویەتی؟ د. پ

ئەگەر بەراوردی (٤٤ ب و ٤٥ ب) بە (٤٦ ا و ب) بکەین، ئەوا دەبینین ئاسایی لە ڕێگەی یاسایەکی گواستنەوەی وەك (گواستنەوەی وشەی پرس/فرێزی پرسیاری)ەوە (د. ق)ەکان گۆڕاون بە (د. پ) و لە پاش گواستنەوەکەش شوێنپێیەك بەجێماوە. بەڵام لە بەراوردکردنی نموونەکانی (٤٤ ا و ٤٥ ا) بە (٤٧ ا و ب) ناتوانین ئەم ڕاستییە هەڵبهێنجین، چونکە شیکردنەوەکە نەگونجاو دەبێت، بەوەی، کە گواستنەوەی وشە پرسەکە نەك نابێتە هۆی فۆڕمدروستی و واتاڕاستی ڕستەی پرسیارەکە لە زمانی



کوردیدا، بەڵکو دوو ڕستەی فۆڕمنادروستی وەك (٤٤ ا و ٤٥ ا)شمان دەستدەکەوێت، کە ئەمەش تەواو بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوەیە. لە ڕاستیدا نەبوونی ئەم یاسای گواستنەوەیەی وشە/فرێزی پرسیارە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت وەك بارێکی سروشتی زمانەکەمان وەربگیرێت نەك وەك کەلێن، چونکە بە هۆی پێشنیازکردنی ئاستی (ف. ل)ەوە ئاسایی چارەسەر دەکرێت[٧٨]. ئەم کارە لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت، کە دروستی ڕستەکانی (٤٤ب و ٤٥ ب) بەرانبەر بە نادروستی ڕستەکانی (٤٤ ا و ٤٥ ا) لە فۆڕمی لۆژیکی دروستی (٤٨ ا و ب)دا یەکدەگرنەوە، چونکە ڕستە پرسیارییەکانی زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی لێکدانەوەی سیمانتیکیانەیان بۆ دەکرێت و جیاوازییان لە ئاستی (ف. ل)دا نامێنێت، بەوەی هەم ڕستەکانی (٤٤ ا و ١٤٥) و هەم ڕستەکانی (٤٤ ب و ٤٥ ب) لێکدانەوەی واتایی و لۆژیکی (٤٨ ا و ب)دایاندەپۆشێت لە ئاستی (ف. ل)دا:

(٤٨) ا/ ئازاد (X)ی کڕی؟ ف. ل a/ John bought X؟
ب/ ئازاد دەزانێت: نەوزاد (X)ی کڕیوە ف. ل
b/ John knows : Frank bought X?

[78]– زۆرێك لە زمانەکانی وەك زمانی (فەڕەنسی و چینی ) بە هەمان شێوەن، بەڵام لێرەدا بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا

=(کە گواستنەوەکە و لێکدانەوە سیمانتیکییەکە لە ئاستی (د. پ) دەکرێت ) دەشێت وەك کەلێنێك سەیر بکرێن، بەڵام پێشنیازکردنی ئەم ئاستە (ف. ل) چ لە زمانی کوردیدا چ لە زمانی (فەڕەنسی و چینیدا) ئەم کەلێنە چارەسەر دەکرێن، بەڕادەیەك، کە هەر چەمکی کەلێن نەیانگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەم پرۆسەیە لە زمانی فەڕەنسی و چینیدا و بەراوردکردنی بە زمانی ئینگلیزی، بڕوانە:

a/ Norbert Hornstein (1995:12-14)
b/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleathe's K. Grohmann (2005:37-40).

کەواتە لە زمانی ئینگلیزیدا گواستنەوەی ئاشکرای وشە/فریزی پرسیار دەبێتە هۆی سەلماندنی جۆری زانیاری پێویست بۆ لێکدانەوەی پرسیارەکە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانین بە ئاشکرا زانیاری پێویست بۆ چەمکە پرسیار لێکراوەکە ئامادە بکەین، چونکە گواستنەوەی وشە/فریزی پرسیار ڕوونادات بە شێوەیەکی ئاشکرا. بەمەش مەودای پرسیارلێکراوەکە نازانین، تا زانیاری بۆ بەدەست بخەین. بەڵام ئەبستراکتییانە و بە شێوەیەکی داپۆشراو و لە ئاستی (ف. ل)دا ئەم زانیاریە بۆ لێکدانەوەی واتای پرسیارلێکراوەکە دەستدەکەوێت بە هۆی گواستنەوەی داپۆشراوی وشە/فریزی پرسیارەوە لە زمانی کوردیدا. بەمەش هەم پرۆسەی گواستنەوەکە و هەم مەودای وشە/فریزە پرسیارەکە و هەم زانیاری پێویست بۆ لێکدانەوەی پرسیارلێکراوەکە دەرەخسێنێت بەهەمان شێوەی ئەو زمانانەی، کە گواستنەوەی وشە/فریزی پرسیار تیایاندا ئاشکرایانە و لە سینتاکسدا دەگوازرێتەوە. جارێکی دیکە ئەم پەیکاڵبوونە نموونەییەی (د. ڕ)ی ڕستەکانی زمانی ئینگلیزی و دروستەی (ف. ل)ی زمانی کوردی دەتوانرێت وەك بەڵگەیەکی تاقیکراوە بۆ هەبوونیی ئاستی (ف. ل) وەربگیرێت.

سێیەم/ هەنگاوێکی دیکەی تاقیکردنەوەی هەبوونیی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت لە ڕێگەی

(ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ "Emty Category Principl (ECP)")ەوە تاقیبکرێتەوە لە چێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ئەم ڕێسایە زیاتر وەك ئامێری دۆزینەوەی شوێنپێیە داپۆشراوە نافۆنۆلۆژییەکانە و ڕیساکە لەم دوو یاسایە پێکهاتوە:

١) دەبێت شوێنپێیەکان وەك پێویست حوکمکرابن.



٢) شوێنپێیە حوکمکراوەکان ئەگەر لەلایەن سەرێکی وەك ($X^0$) ەوە حوکمکرابوون، ئەوا بە وەچەبەستێنەرەکەیەوە/بۆگەڕاوەکەیەوە دەبەسترێنەوە[٧٩].

لە ڕاستیدا دۆزینەوەی ئەم شوێنپێیە نافۆنۆلۆژییە نیشانەکراوانە بە هۆی هەبوونیی ئاستێکی وەك (ف. ل)ەوە دەبێت و هەر بە هۆی بوونی ئەم ئاستەیشەوە ئەو جێکەوتەیەی ئەمجۆرە شوێنپێیانەی تیادەردەکەوێت پاڵپشت دەکرێن[٨٠]. با بۆ تێگەیستن لە ڕێساکە و شیکردنەوەی لە زمانی کوردیدا لە نموونەی (٤٩ ا و ب) و (٥٠ ا و ب) وردببینەوە:

(٤٩) ا/ [ ئازاد ویستی بزانێت [ چۆن سەیارەکە چاککرا؟ ]]   د. ڕ

ب/ [ ئازاد ویستی بزانێت [ [ سەیارەکە [ چۆن [ t ] چاککرا[ t ]]]]]

ف. ل

j   i   j   i

ئێستا ئەگەر لە نموونەی (٤٩ ا) وردببینەوە، دەبینین شوێنپێی ti، کە شوێنپێی فریزی ناوی گواستراوەی (سەیارەکە)یە جێکەوتەیەکی کرداری (چاککرا)یە و دەستەخوشکی کردارەکەیە و کردارەکە حوکمی کردووە، بەڵام tj، کە شوێنپێیەکی نافۆنۆلۆژییە و وەك شوێنپێیەکی ئەبستراکتی وشەی پرسی (چۆن)ە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی حوکمکردنی کردارەکەیە. هەربۆیە tj لەگەڵ ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ یەکدەگرێتەوە، چونکە بە (چۆن)ی حوکمکراوەوە بەستراوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا پرسیارەکە

---

[79]– Norbet Hornstein (1995:28)

[80]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێسایە و ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانە زمانییەکاندا پەیوەست بە ڕێزمانی بە رهەمهێنان و گواستنەوەوە، بڕوانە:
Mattew J. Traxler and Morton A. Gerns Bacher (2006:62-70)

پرسیارکردنە لە چۆنیەتی چاککردنی سەیارەکە وەك چەمکێکی جەختکراوە (پێکهاتەیەکی فۆکەسدارە). ئەم شیکردنەوەیەش دەکرێت لە (٤٩ پ)دا بخرێتەڕوو:

(٤٩) پ/ [ ئازاد ویستی بزانێت [ چۆن سەیارەکە چاککرا؟ [ چۆن ؟ ]]]
ف. ل

شیکردنەوەی ئەمجۆرەی ڕستەی پرسیاری زمانی کوردی دەکرێت لە نموونەی (٥٠ ا و ب و پ)دا چوارچێوە بکێشرێت:

(٥٠) ا/ چ سەیارەیەك ئازاد ویستی بزانێت چۆن بۆی چاککرا ؟ د. ڕ
ب/ [ چ سەیارەیەكi [ ئازاد ویستی بزانێت [ چۆنj [ pro بۆی [ چاککرا ]]]] [ ti [ tj ]]]. ف.ل١

پ/ [ چ سەیارەیەك [ ئازاد ویستی بزانێت [ چۆن [ pro (وەستاکە) [ بۆی [ چاککرا ؟]]]] [سەیارەکە، چۆن؟ ] ف. ل٢

بە ڕوانین لە هەرسێ ڕستەی (٥٠ ا و ب و پ) ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەمەیە، ڕستەی (٥٠ پ) دەربڕی ئەو چەمکە پرسیارەیە، کە لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا هەیە و سەرجەمی دەرنابڕدرێت، بەڵکو تەنها (٥٠ ا) فۆنۆلۆژییانە دەردەبڕدرێت، کە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕستەی (٥٠ ب)، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو چەمکە پرسیارە دەرنەبڕاوانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە ڕستەی (٥٠ پ)دا دەرمانبڕیوە و لە ڕستەی (٥٠ ب)دا وەك شوێنپێی نافۆنۆلۆژی دەرمانخستووە. ئەم شوێنپێیە نافۆنۆلۆژییانە، کە بە هۆی ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵەوە لە زمانی کوردیدا درکی پێدەکرێت، واتە وەك شوێنپێیەکی بەستراوەی حوکمکراو (واتە یاسای دووەمی ڕێسای



کاتەگۆری بەتاڵ) ئەنجامێکی هەبوونیی فۆڕمی لۆژیکییە وەك ئاستێکی گرنگی درکپێکردن لە زمانەکەماندا.

چوارەم/ لە زمانی کوردیدا سەلمێنراوە، کە جێکەوتەی complimentizer بە کەرەستەی (کە/ئەگەر) پڕدەکرێنەوە[81]. بۆیە گواستنەوەی وشە/فریزی پرسیار لە ئاستی لۆژیکیدا و لەسەردروستەی (ف. ل) خورتییە. واتە ئەگەر لە زمانی کوردیدا وشە/فریزی پرسیار بۆ ناو جێکەوتەی COMP بگوێزرێنەوە، ئەوا ئەم جێکەوتەیە لە زمانی کوردیدا بە (کە/ئەگەر) پڕدەکرێتەوە. هەربۆیە بۆ گواستنەوەی وشە/فریزی پرسیار لە زمانی کوردیدا پێشنیازکردنی ئاستێکی نواندنی دیکە ناچارییە. ئەمەش لە خۆیدا سەلمێنەری هەبوونیی ئاستی (ف. ل)یە لە زمانی کوردیدا. بۆ دەرخستنی ئەم لایەنەی زمانەکەمان با لە نموونەی (٥١ ا و ب) و (٥٢ ا و ب) بڕوانین:

(٥١) ا/ [ ئازاد وتی : [ comp کە [ کێ [ دزەکەی [ گرت ]]]] د. ڕ١
ب/ [ ئازاد وتی : [ comp کە [ س. ه دزەکەi [ کێ [t i [ گرتیi ؟ ]]]]] د. ڕ٢

(٥٢)
ا/ [ ئازاد وتی : [ comp کە [ جێکەوتەی گرتنەخۆی وشەی پرس لەسەر ئاستی (ف. ل) کێ i t
i] دزەکەی [ گرت ]]]]] ف. ل١
ب/[ ئازاد وتی: [ comp کە [ س. ه دزەکەi [ جێکەوتەی گرتنەخۆی وشەی پرس لەسەر ئاستی (ف. ل) کێj [ t j [ t i [ گرتی i ]]]]]] ف. ل٢


81– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
ا/ محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١٠٦) ب/ کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨:٣٣–٣٥ ).

بە وردبونەوە لە نموونەکان، دەبینین، کە جێکەوتەی comp بە کەرەستەی (کە) پڕکراوەتەوە. بۆیە ئەگەر وشەکە بگوازرێتەوە دەبێت لەسەر ئاستی لۆژیکی بێت. ئەمەش هەبونیی ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا دەسەلمێنێت.

پێنجەم// لەسەربنەمای ئەو گریمانەیەی، کە (بکەر) (بەشی کردار) ڕۆڵی بابەتانەی دەداتێ نەك کردار[82]، لە دەربڕاوەکانی وەك (دەبێت، دەبارێت، دەردەکەوێت، دەشێت... هتد،)دا وردببینەوە و بە گریمانە وادابنێین، کە ئەم دەربڕاوانە (بەشەکردار)بن و وەك چەمکێك وەریانەدەگرین، کە ڕۆڵی بابەتانەیان تیا دەبەخشرێت و لە سینتاکسی ئاستی (ف. ل)دا دەشێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی (٥٣ ا و ب و پ) وردببینەوە:

(٥٣) ا/ وا دەردەکەوێت [ ڕ- کە کاوە لە میری دابێت ]

ب/ کاوەi وا دەردەکەوێت [ ڕ- t i لە نەوزادی دابێت ]



پ/ کاوە دڵگران دەردەکەوێت/ دێتە بەرچاو.

پێش دەستکردن بە شیکردنەوەی نموونەکان، خستنەڕووی ئەم دوو گریمانەیە سەبارەت بەم بەشەکردارانە بە پێویست دەزانرێت:


(I) لە فەرهەنگدا ئەمجۆرە بەشەکردارانە پەیوەست بە نیشانە واتایەکانیان تێکردەی فەرمی خۆیان هەیە.

82– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Jamal Ouhalla (1991:30-33)



(II) پەیوەستبون بەو گریمانەیەی، کە (بکەر) (بەشی کردار) ڕۆڵی بابەتانەی پێدەبەخشێت نەك کردار، دەیسەلمێنێت، کە ئەمجۆرە بەشەکردارانە پەیڕەوی (ڕێسای پرۆژەسازدان"Projection Principle") دەکەن[83]. هەربۆیە وەك یەك پێکهاتە دەردەکەون، کە هیچ یاسایەکی تیا نەبێت، کە ئاماژە بەوە بدات، کە (کردار) ڕۆڵی بابەتانە بە (بکەر) ببەخشێت. ئەمە جگە لەوەی، کە لە ڕێگەی کاتەگۆرییەکەیەوە دروستەیەکی فۆڕمدروست بەرهەمدێت، کە لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی (فەرهەنگی ئاوەزییەوە "Mental Lexicon") دیاریدەکرێن و لەسەر ئاستی (ف. ل) ئەم تایبەتمەندییانە تاقیدەکرێنەوە. بەمشێوەیە لە ڕستەی (٥٣ ا)دا و پەیوەست بە گریمانە (I)ەوە بەشەکرداری (وادەردەکەوێت) ئارگومێنتێکی فرێزی وەردەگرێت، کە بریتییە لە فرێزە شکاوەکە (ڕ-)ە ئاشکرایە، کە پێویستە بەشەکرداری (وادەردەکەوێت) لە نموونەی (٥٣ ب)دا هەمان ئەو ڕۆڵە بابەتانەیە دیاریبکات بۆ فرێزە شکاوەکە (ڕ-)، کە لە (٥٣ ا)دا بۆ فرێزە شکاوەکە دیاریکراوە. هەروەك ئاشکراشە، کە لە ڕستەی (٥٣ ا)دا (کاوە) ڕۆڵی بابەتانە لە بەشەکرداری (لە میری دابێت)ەوە وەردەگرێت، هەروەك لە ڕستەی (٥٤)دا دیارە:

(٥٤) ئارام [ لە بارامی دا ] .



کەواتە پەیوەست بە هەردوو گریمانەی (I) و (II)ەوە دەبێت هەردوو ڕستەی (٥٣ ا و ب) دروستەی (ف. ل)ی (٥٥)یان هەبێت:

(٥٥) کاوە وادەردەکەوێت + [ ڕستەی شکاوە/ڕ- ] دروستەی (ف. ل)

83– Chomsky (1993:105)

ئەوكاتە ئەنجامی سروشتی بریتیی دەبێت لەوەی، کە (د. ڕ) و (ف. ل)ی (٥٥) بریتیی دەبێت لە (٥٦)، کە لە (د. ق)ی (٥٧) بە یاسای گواستنەوە هەڵگوێزراوە:

(٥٦) کاوە i وادەردەکەوێت [ ڕ− t i دڵگران بێت] { (د. ڕ) و (ف. ل)}ە

(٥٧) وا دەردەکەوێت [ کاوە دڵگران بێت ] د. ق

بەمشێوەیە ڕستە شکاوەکە بریتی دەبێت لە فرێزێکی بچوک[٨٤]، کە لەم حاڵەتەدا بەخشینی ڕۆڵی بابەتانەکە وەك ڕستەی (٥٣ ب) دەبێت، کە نواندی (ف. ل)ی (٥٣ پ)ی دەبێت تا بتوانرێت لۆژیکییانە لە فۆڕمی (٥٨)دا دابڕێژرێت:

(٥٨) وادەردەکەوێت (دڵگران بێت (کاوە)). دروستەی سینتاکسی لۆژیکییانە.

لە (٥٨)دا بەشەکرداری (دڵگران بێت) بەشەکردارێکی یەك لایەنەیە بۆ (کاوە) و (وا دەردەکەوێت)یش بەشەکردارێکی یەك لایەنەیە بۆ (دڵگران بێت(کاوە)). کەواتە لەم شیکردنەوەیەوە دەردەکەوێت، کە ئەمجۆرە دەربڕاوانەی زمانەکەمان بەشەکردارێکن و هەڵگری چەمکێکی ئەبستراکتی وەك هەر بەشەکردارێکی دیکە، کە سەرچاوەی بەخشینی ڕۆڵی بابەتانەن بە بکەرەکانیان. بەم تاقیکردنەوەیە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێت لە زمانەکەماندا، کە بەشەکردار ڕۆڵی بابەتانە بە بکەر دەبەخشێت، لە هەمانکاتدا دەبێتە بەڵگەیەکی تاقیکراوە بۆ ئەوەی، کە فرێزە بچووکەکان(ڕستیلە)[٨٥] لە زمانی کوردیدا وەك کاتەگۆرییەکی دروستەی (ف.

---

[84]– سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٠٦)

[85]– لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەمجۆرە دەربڕاوانەی بە (فرێزی بچووك) یاخود (ڕستیلە) یاخود بە هەر ناوێکی دیکە (کە لە زمانەوانیدا بە (Clause) ناودەبرێن ) ناوزەد دەکرێن، لە زمانی کوردیدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیایان دەکەنەوە لە هەڵسوکەوتی



ل)ی هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە نیشانەکانی لەسەرئەم ئاستە تاقیدەکرێنەوە. بەمەش ڕاستەخۆ هەبوونیی (ف. ل) وەك ئاستێکی زمانی کوردی دەسەلمێت.

### ١/٢-٦) تایبەتمەندییەکانی فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا:

بۆ دامەزراندنی سەرەتایەکی پتەو بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا پێویستمان بەوە دەبێت لە (هەڵگواستنی (ف. ل) لە ئاستی (د. ڕ)ەوە) دەست پێبکەین[٨٦]، بەوەی، کە پێکهاتەی چەمکی (واتای ڕاستی و ڕاستەقینەی داڕێژراوی هەر ڕستەیەك) لە خۆیدا بریتی دەبێت لە یاسای ژمارە (٣):

(٣) پێکهاتەی چەمکی (پ. چ) = ف. ن + ف. ك [ کاتوکەس ] [٨٧] یاسای ژمارە (٣)

کاتێك لە یاساکەدا:

پ. چ = پێکهاتەی چەمکی، ف. ن= pro، کاتوکەس = [ +/− ]، واتە [ دیاریکراو (تێپەڕ)/ دیارینەکراو (تێنەپەڕ) ] بێت.

---

ئەمجۆرە دەربڕاوانە لە زمانەکانی دیکەدا بە تایبەتی لە زمانی ئینگلیزیدا، چونکە لە زمانی کوردیدا ئەم دەربڕاوانە دەتوانین بڵێین (ڕستیلەی کاتوکەسدارن) و هەمیشە ڕستە بە دوای خۆیاندا دێنن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، کە بە Finite Clause ناودەبرێن و تەنها کەسیان هەیە و کاتیان نییە وەك لە زمانی کوردیدا وایە وەك لە شیکردنەوەکانی ئەم پارەدا بەرچاوکەوت.

[86]– بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (١/٢−٤)ی پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٧١−٧٧).

[87]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Chomsky (1993:9-12)

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پێویستە فریز لەسەر ئاستی (ف. ل) دەبێت دەربڕی (حاڵەتی ئاماژەیی "Mood-indictor")[88] بێت بۆ پۆلێنکردنی [ کاتوکەس ]ی کردارەکان، کە یان ئەوەتا دیاریکراو/ تێپەڕە [ + کات ] یان ئەوەتا دیارینەکراو/تێنەپەڕە [ – کات ] . بەم پێیە فریز لەسەر ئاستی (ف. ل) بە لایەنی کەمەوە دروستەکەی بریتی دەبێت لە یاسای ژمارە (٤):

(٤) دروستەی فریزی (ف. ل) = ف. ك + [ کاتوکەس ]      یاسای ژمارە (٤).

لە ڕوانگەی یاسای ژمارە (٤)ەوە دەتوانین، وەك بنەمایەك ئەو گریمانەیە دابنێین، کە بونی خورتیی یان سەرپشکی (بکەر) لە دروستەی (ف. ل)یدا هەڵبژاردنی تایبەتە و پەیوەستە بە زمانە دیاریکراوەکانەوە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، کە وەك زمانێکی (زمانە بکەر خراوەکانە " pro-drop Language")، بکەر هەڵبژاردنێکی خورتیی نییە، بەڵکو زیاتر سەرپشکییانەیە. هەربۆیە دروستەی فریزی زمانی کوردی لەسەر ئاستی (ف. ل) زیاتر بریتی دەبێت لە یاسای ژمارە (٥):

یاسای ژمارە (٥):

دروستەی فریزی زمانی کوردی لەسەر ئاستی (ف. ل) = (ف. ن) + ف. ك + [ کاتوکەس ]

ئەبستراکتیی یاسای ژمارە (٥) لە نموونەکانی (٥٩ ا و ب و پ و ت)دا کۆنکریت دەکرێت:

(٥٩)ا/ باران [ دەبارێت ]

ب/ [ دەبێت ] بڕۆم.

88– سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٥).



پ/ [ پێدەچێت ] ڕاستبکات.

ت/ [ دەشێت ] بچێت.

بێگومان یاسای ژمارە (٥) تەنها ئەمجۆرە کردارانەی زمانەکەمان ناگرێتەوە، بەڵکو گشت ئەو کردارانەش دەگرێتەوە، کە پێناسەی (ڕۆڵی بابەتانە) بۆ بکەرەکانیان دەکەن و لەسەر ئاستی (د. ڕ) دەشێت بەبێ هیچ فریزێکی ناوی بکەر دەربکەون. بێگومان لەم حاڵەتانەدا (بکەر)ێك هەر هەیە لەسەر ئاستی (ف. ل). لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین پێشنیازی ئەوە بکەین، کە ئەو کردارانەی زمانەکەمان، کە کاتەکەیان دیاریکراو/تێپەڕ [ + کات ] ە، ئەوا ئاسایی پەیڕەوی یاسای ژمارە (٥) دەکەن، وەك لە نموونەکانی (٥٩)دا دەرکەوت. بەڵام ئەگەر هاتوو کاتی کردار بە تایبەتی لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا دیارینەکراو/تێنەپەڕ [ –کات ] بو، ئەوا زیاتر بکەری ڕستە سەرەکییەکە دەردەبڕدرێت، بەڵام بکەری ڕستە شکاوەکە دەرنابڕدرێت و زیاتر بریتیی دەبێت لە pro یێکی بچوك. بڕوانە لە نموونەی (٦٠ ا و ب):

(٦٠)   ا/ ئاسۆ دەزانێت، کە pro دێت.

ب/ نانە دەگات، ئەگەر pro خێرا بڕوات.

لە تیۆری (X–بار)دا دەکرێت ئەم شیکردنەوانە لە (ڕێسای پرۆژەسازدان "Projection Principle")دا چوارچێوە بکێشرێت، بەوەی، کە: ((خستنەڕوو لە هەر ئاستێکی سینتاکسی (د. ق، د. ڕ، ف. ل) بریتین لەو پرۆژانەی لەلایەن لێکسیمەکانەوە دەسازێن. لەم سازکردنەدا ئاستەکان تێبێنی تایبەتمەندی وەچەپۆلێنکردنی کەرەستە لێکسیمەییەکان

دەکەن))[٨٩]. لە ڕوانگەی واتای ڕێسای پڕۆژەسازدانەوە دەبێت ئەوە بزانین، کە تایبەتمەندییەکانی وەچەپۆلێنکردنی کەرەستە لێکسیمییەکان پێویستە ڕازی بکرێن لەسەر ئاستی (ف. ل)، ئەگەر ئەم مەرجانەش پێشێلێکران، ئەوا ڕستەکان فۆڕمنادروست و واتاناڕاست دەبن. بەم شێوەیە لە قۆناغی گەشەکردووی ئەم ڕێسایەدا، کە بە (ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراوە"Extended Projection Principle (EPP)") ناسراوە، هاتووە، کە: ((پێویستە هەموو فرێزەکان/بەشەکردارەکان بکەریان هەبێت))[٩٠]. بۆ نموونە ئەگەر کردارێك فرێزێکی ناوی بکەر و فرێزێکی تەواوکەری وەك تایبەتمەندی لێکسیمی خۆی وەرگرت، ئەوساکە دروستەی (ف. ل) ئەم کردارە فۆڕمدروست دەبێت بە مەرجێك فرێزە ناوییە بکەرەکەی و فرێزە تەواوکەرە نیشانەکراوەکەی لەسەر ئاستی (ف. ل) هەبێت. پەیوەست بە شیکردنەوەکەمانەوە ڕستەکانی (٦١ ا و ب و پ و ت) هەمان (ف. ل)ی (٦٢)یان دەبێت:

(٦١) ا/ کەژانمان قەناعەت پێکرد، کە ئەو پێویستە زانکۆ تەواو بکات.

ب/ کەژان قەناعەتی پێکرا، کە ئەو پێویستە زانکۆ تەواو بکات.

پ/ قەناعەتمان بە کەژان کرد، بەوەی pro زانکۆ تەواو بکات.

i ⟶ i

ت/ کەژان قەناعەتی پێکرا، بەوەی pro زانکۆ تەواو بکات.

---

[٨٩]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێسایەی تیۆری (X–بار) وەك وەچەتیۆرییەکی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GB، بڕوانە:

a/ Chomsky (1993:16)

b/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleathes K. Grohmann (2005:23)

c/ Robert D. Van (2004: 195-198)

[90] –Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleathes K. Grohmann (2005:23).



i ⟶ i

(٦٢) [ ف.ك قەناعەت پێکردن [ ف.ن کەژان ] [ ڕ- کە ئەو (***کەژان***) پێویستە زانکۆ تەواو بکات ]] ف. ل

لە ڕستەکانی (٦١)دا جێبەجێبوونی تایبەتمەندییەکانی وەچەپۆلێنکردنی کرداری (قەناعەت پێکردن) بۆتە هۆی فۆڕمدروستی ڕستەکان. هەر ئەم فۆڕمدروستییەشە لە ئاستی (د. ڕ) دەبێتە فۆڕمدروستی (ف. ل)ی (٦٢)، وە درکپێکردنێك بۆ ڕستەکانی (٦١) دەخەمڵێنێت. بەمشێوە دۆزینەوەی وەچەپۆلینەکانی کرداری (قەناعەت پێکردن) لە هەردوو ڕستەی (٦١ پ و ت)دا (بە کەرەستە بێ شوێن و دابەشبوونی کاتەگۆریە بەتاڵەکانیشەوە) زیاتر پەیوەستە بە ڕێسای پڕۆژەسازدانەوە بۆ نواندنی (ف. ل)ی (٦٢)ی ڕستەکان.

هەربۆیە ئەگەر لە هەر ڕستەیەکدا ڕێسای پڕۆژەسازدان پێشێلکرا، ئەوا ئەو ڕستەیە هیچ فۆڕمێکی دروستی نواندنی (ف. ل)ی لێهەڵناگوێزرێت و واتای ڕستەکە تێناگەین و درك بە ڕاستی و ڕاستەقینەی پێکهاتە چەمکییەکەی ئەو ڕستەیە ناکەین.

بەمشێوەیە یەکێك لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم ڕێسایە و کارپێکردنی لەسەر ئاستی (ف. ل) زیاتر ئەوەیە، کە کاتێك کەسێك دەیەوێت فێری زمانی دووەم ببێت دەبێت نیشانەکانی وەچەپۆلینکردنی کردارەکان فێر ببێت، تا بە هۆیەوە بتوانێت واتا لێکبداتەوە لە ڕێگەی درککردن بە ئاستەکانی نواندنی (د. ق) و (د. ڕ) و (ف. ل) پڕۆژەی ئەو کردارە یان ئەو

وشـــەیە بـــەپێی ڕێـــسای پرۆژەســـازدان[91]. لـــە ڕوانگـــەی شـــیکردنەوە بەراییەکانمانەوە پەیوەست بە ئاڕاستەکانی ڕێسای پرۆژەسازدانەوە توانرا یەکەم و گرنگترین تایبەتمەندی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو، کە ئەویش لەوەدا خۆی بینییەوە، کە یاسای دروستەی فرێز لەسەر ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا بریتییە لە یاسای ژمارە (٥).

پاش دیاریکردنی دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا لەسەر ئاستی (ف. ل)، گرنگترین پرسیار، کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە، کە پێکهاتەکانی ئەم دروستەیە لە ڕووی واتاوە چۆن پەیوەست دەبن بەیەکەوە؟ لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە خۆیدا تایبەتمەندییەکی دیکەی گرنگی ئەم ئاستە (ف. ل) لە زمانەکەماندا دەنەخشێنێت، ئەویش بریتییە لەوەی، کە جێکەوتە لەسەر ئاستی (ف. ل) و ئەو کاتەگۆرییانەش، کە ئەم جێکەوتانە پڕدەکەنەوە (فۆنۆلۆژییانە بێت یاخود نافۆنۆلۆژییانە بێت) خاوەنی ڕۆڵی بابەتانـەن، واتـە (جێکەوتـەی ڕۆڵـی بابەتانـەدارن "Theta-Position") و لێرەشـەوە دەتـوانین توانـای (ف. ل) بـۆ ڕۆڵـی بابەتانـە لـە یاسـای (٦)دا

[91]– ئەم ڕێسایە چۆمسکی لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە بۆ دیاریکردنی نیشانە واتاییەکانی لێکسیمەکان بەکاریهێناوە، چونکە دیاریکردنی ئەم نیشانە واتاییانە لە فەرهەنگدا کارێکی گرانە، بەڵام دیاریکردنیان بە شێوەیەکی کاتەگۆرییانە و لە سینتاکسدا ئاسانترە، بەوەی چ کەرەستەیەك پەیوەستە بە چ کەرەستەیەکی دیکەوە و چی دوای چی دەکات. ئەم شیکردنەوەیە بنەمایەکی لۆژیکی بۆ دامەزراندنی (ف. ل) و دۆزینەوەی گرنگترین تایبەتمەندی (ف. ل) ڕەخساندووە، کە ئەویش دیاریکردنی ئەو کەرەستانەیە، کە لەسەر ئاستی (د. ڕ) دەرناکەون و دەبێت لەسەر ئاستی (ف. ل) بخرێنەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە:
a/ Chomsky (1993:30-34) b/ Luigi Rizzi (2000:137-139)



بخەینـەڕوو، کـە بـە یاسـای (پێـوەری ڕۆڵـی بابەتانـە"Theta-Creation") ناوزەد دەکرێت و دەڵێت:

(٦) ((هـەموو ئارگومێنتێك تـەنها و تـەنها یـەك ڕۆڵـی بابەتانـەی هەیـە و هەر ڕۆڵێکی بابەتانەش تەنها و تەنها بۆ یەك ئارگومێنت دیاریکراوە))[92].

پەیوەســـت بـــە یاســـای (٦)ەوە دەبێـــت (ڕێـــسای پرۆژەســـازدان) دابڕێژرێتەوە، بەمشێوەیە:

ڕێسای پرۆژەسازدانی ڕاستکراوە :

((هەر نواندنێکی سینتاکسی (د. ق/د. ڕ/ف. ل) پێویستە پرۆژەیەك بێت بـۆ دروســـتەی ڕۆڵـــی بابەتانـــە/دروســـتەی ســـیمانتیکی و تایبەتمەنـــدی وەچەپۆلێنکردنی لێکسیمە تێکردەکان)).

دروستی ڕێسای پرۆژەسازدانی ڕاستکراوە بۆ زمانەکەمان دەکرێت لە شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی (ا ا و ب)دا بنوێنرێت:

(١) ا/ [ ا...α ... ب ] نواندنی (ف. ل) پرۆژەی دروستەی سیمانتیکیانە.
وەچەئاڕاستەکردن

شێوەداڕشـتنەکە دروسـت دەبێـت بـە مەرجێك،کـە α=پێکهاتیلەیـەکی ناوەندی و وەچەئاڕاستەی (ب) بکات و حوکمی بکات پەیوەست بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە.

ب/ [ ا... ب...α ] نواندنی (ف. ل) پرۆژەی تایبەتمەندییەکانی وەچەپۆلێنکردنی لێکسیمە سەرەکانە.

شێوەداڕشتنەکە دروست دەبێت بە مەرجێك، کە:

[92]– هەر جێکەوتەیەك نیشانەکانی وەچەپۆلێنکردنی بۆ سەری دروستە ڕێزمانییەکەی ڕازیکرد، ئەوا ئەو جێکەوتەیە بریتییە لە جێکەوتەیەکی ڕۆڵی بابەتاندار. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Chomsky (1993:34-45)

**(ب)= پێکهاتیلەیەکی ناوەندی. ($\alpha$) = سەری ڕێزمانی (ا)ە و (ب)یش تەواوکەریەتی، کە دەشێت لابرێت[93]. بۆ ئەزموونبەندکردنی شێوەداڕشتنە ئەبستراکتەکەمان با لە نموونەی (٦٣ ا و ب) وردببینەوە:**

**(٦٣) ا/ [ من دەچمە بازاڕ ] .**

**وەچەئاڕاستەکردن بۆ مەبەستی بەستنەوە و حوکمکردن.**

**ب/ [ من نان دەخۆم ]**

وەچەئاڕاستەکردن بۆ مەبەستی پێدانی ڕۆڵی بابەتانە و بەستنەوە و حوکمکردن.

**ئێستا ئەگەر بەراوردی شێوەداڕشتنی (١ ا) و نموونەی (٦٣ ا) بکەین، ئاشکرا دەردەکەوێت، کە ($\alpha$) و (دەچمە) کاتەگۆڕییەکن و وەچەپۆلێنکەری ئەو جێکەوتەیەیە، کە بەهۆی (ب) یاخود (بازاڕ)ەوە پڕدەکرێنەوە و ڕۆڵی بابەتانەدارن. هەروەها لە بەراوردکردنی شێوەداڕشتنی (ا ب) ونموونەی (٦٣ ب)دا دیارە، کە (ب) و (نان) پێکهاتیلەیەکی ناوەندین و تەواوکەرن بۆ ($\alpha$) و (دەخۆم)[94]. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ($\alpha$) نیشانەی ڕۆڵی بابەتانە**

[93]– Chomsky (1993:37)

[94]– ڕاستی ئەم بۆچوونە لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا جارێکی دیکە دەتوانرێت لە ڕێگەی (گۆکردنی ڕێزمانی) کەرەستەکانەوە پاساودان بکرێت، چونکە هەر کەرەستەیەك گۆکردنی ڕێزمانی هەبێت پێویستە ڕۆڵە بابەتانەداریش بێت، ئەمەیش جارێکی دیکە سەلمێنەری ئەوەیە، کە نواندنی (ف. ل) پڕۆژەی تایبەتمەندی لێکسیمە سەرەکانە، با لەم پراکتیکە وردببینەوە: (١) [ ڕ [ ئەوان ] [ بەشی کردار [ ف. ن ئازادییان [ ك گرت ]]].
لە ڕستەکەدا (ئەوان) بکەرە و (ئازاد) بەرکارە. لێرەدا دەقی [ ڕستە و ف. ن ] و [ ف. ك و ف. ن ]بۆ دەربڕینی پەیوەندی ڕێزمانی (بکەر بۆ ڕستە) و (بەرکار بۆ بەشی کردار) بەکارهاتووە. بەمشێوەیە (ئەوان) لە ڕستەکەدا بەرهەمهێنەری پەیوەندی ڕێزمانی [ ڕستە و ف. ن ] یە و گۆکردنی ڕێزمانی [ ڕستە و ف. ن] لە ڕستەکەدا هەیە. بۆیە ڕۆڵی بابەتانەی (کارا) وەردەگرێت،



**هەم بۆ جێکەوتەکە و هەم بۆ ئەو کاتەگۆڕییەش، کە جێکەوتەکە پڕدەکاتەوە دیاریدەکات. بەمەش دەتوانین بڵێین (وەچەپۆلێنکردن) پاشماوە و میراتی (ڕۆڵی بابەتانە)یە[95]. لە ڕاستیدا لە (ا ا و ٦٣ ا)دا ($\alpha$) و (دەچمە) ناڕاستەوخۆییانە (ا ب و ٦٣ ب)دا ($\alpha$) و (دەخۆم) ڕاستەوخۆییانە نیشانەی ڕۆڵی بابەتانە دەبەخشێت بە (ب)، جا (ب)ەکە جێکەوتەکە بێت یاخود کاتەگۆری پڕکەرەوەی جێکەوتەکە بێت یاخود شوێنپێی کاتەگۆری پڕکەرەوەی جێکەوتەکە بێت. هەر لە شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی (١ ا و ب)دا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بزانین (ب) جێکەوتە هەڵبژێردراوەکەیە، ئەو کاتەگۆڕییەی ئەم جێکەوتەیە پڕدەکاتەوە نەزانراوە و دەشێت لە بری (بازاڕ) (دووکان، سەیران، کتێبخانە... هتد،) بێن لە (٦٣ ا)دا و لە بری (نان) دەشێت (بیبسی، کەباب، سێو... هتد،)بێن لە (٦٣**

=بەڵام (ئازاد ) بەرهەمهێنەری پەیوەندی ڕێزمانی [ ف. ك و ف. ن]یە و گۆکردنی ڕێزمانی [ ف. ك و ف. ن] لە ڕستەکەدا هەیە. هەربۆیە ڕۆڵی بابەتانەی (کارتێکراو)یش وەردەگرێت. بەمە دەسەلمێت، کە گۆکردنە ڕێزمانییەکان پەیوەستن بە ڕۆڵی بابەتانەوە، هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە (گۆکردنە ڕێزمانییەکان"Grammatical Function(GF)" ) دەبنە (گۆکردنە ڕێزمانییە ڕۆڵی بابەتانەدارەکان "Grammatical Functional(GF- Θ)" ). لە ڕاستیدا ئەم ستراتیژیەتە بۆ ئەو ڕستانەی شوێنپێ یان کەرەستەی نافۆنۆلۆژییانەیان تێدایە شیکردنەوەی شیاو پێشکەشدەکات. بەو پێیەش (گۆکردنە ڕێزمانییەکان) بەشداری باشی شیکردنەوەی تایبەتمەندی (ف. ل)ی زمانەکەمان دەکەن، چونکە بە هۆی ئەم ستراتیژییەتەوە دەتوانین مێژووی هەڵگواستنی ئەو فرێزە گوێزراوەیە لە ئاستی لۆژیکدا لە ڕووی جێکەوتە و گۆکردنە ڕێزمانییەوە دیارییکەین و جێکەوتەکان بە (ج١... ج هتد،) ئاماژە پێبدەین و گۆکردنە ڕێزمانییەکانیش لەو جێکەوتانەدا بە (گ١... گ٢). بەمەش (ڕیزبەندی گۆکردن "Function Chain" )ەکەی دیاریدەکەین. بۆ زانیاری لەسەر ستراتیژیەکە لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، بڕوانە: ( Chomsky (1993:42-43

[95]– Chomsky (1993:39)

**ب)دا. ئەم شیکردنەوەیەش ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، کە هەموو نواندنە سینتاکسییەکان بە (ف. ل)یشەوە پڕۆژەی دروستەی ڕۆڵی بابەتانەن و لە فەرهەنگدا ئاماژەیان پێدراوە و هەردوو بەخشینی ڕۆڵی بابەتانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە. کەواتە پێویستە جێکەوتەکان و کاتەگۆرییەکان/شوێنپێیەکانیان، کە ئەم جێکەوتانە پڕدەکەنەوە لەسەر ئاستی (ف. ل) دەبێت خاوەنی ڕۆڵی بابەتانە بن و ئەمەش تایبەتمەندییەکانی دیکەی دروستەی (ف. ل)یە لە زمانەکەماندا.**

**پەیوەست بە شیکردنەوەکانی یاسای ژمارە (٥)ەوە پێویستە چوارچێوەکانی وەچەپۆلێنکردن لەسەرهەردوو ئاستی نواندنی (د. ق) و (د. ڕ) بە تەواوی هەمان وەچەپۆلێنکردن بێت، کە لەسەر ئاستی نواندنی (ف. ل) دەردەکەون، هەروەها دەبێت وەچەپۆلێنکردنەکە لەگەڵ بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە لە بونیادی (سەر–تەواوکەردا) هاوشێوەبێت، بۆ نموونە لە ئاستی نواندنی (ف. ل)ی ڕستەیەکدا، ئەگەر هاتوو بکەر و بەرکار لە جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانەداردا بێت، ئەوا دەبێت لەسەر هەردوو ئاستی نواندنی (د. ق) و (د. ڕ)یش هەروەك جێکەوتەیەکی ڕۆڵی بابەتانەدار دەرکەوتبێتن،جا بۆ نموونە ئەگەر لەسەر ئاستی (د. ڕ) بکەرەکە دەربڕابێت یان نا. بۆ نموونە با لە بونیادی (سەر– تەواوکەر) یاخود چوارچێوەکانی وەچەپۆلێنکردن لە هەر سێ ڕستەی (٦٤ ا و ب و پ) ورد ببینەوە:**

(٦٤) **ا/** [ بکەر **نەسرین** [ بەرکار **یاری** [ کردار **کردن** ]]] **د. ق**

**بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە.**



**ب/** (١) [ بکەر **نەسرین** [ ف. ك [ بەرکار **یاری** [ کردار **دەکات** ]]] **د. ڕ١**

**پێدانی دۆخی ڕێزمانی**

(٢) [ بکەر pro [ ف. ك [ بەرکار **یاری** [ کردار **دە ک** [کەس **ات** ] ]]]] **د. ڕ٢**

**وردەکاری پێدانی دۆخی ڕێزمانی**

**پ/** (١) [ بکەر pro [ ف. ك [ بەرکار t [ف. کرداری شکاوە **یاریــدەك** [ کەس **ات** ] ]]]] ف.ل١

i j j i

**پڕۆسەی هاونیشانەکردن بە مەبەستی فۆڕمدروستی**

(٢) [ بکەر pro [ ف. ك [ بەرکار t [ ف. کرداری شکاوە **دە** [ **یــ**]**کــ**[ **ات** ]]]] دروستەی (ف. ل٢)

i j j i

**پڕۆسەی هاونیشانەکردن بە مەبەستی فۆڕمدروستی**

**ئەگەر ئێستا لە ڕستەی (٦٤) وردببینەوە، دەبینین، کە دیاریکردنی هەردوو جێکەوتەی (بکەر و بەرکار) وەك دوو تەواوکەری کردار لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانی خودی کردارەوە، بۆتە هۆی جێبەجێبوونی پڕۆسەی (سەر– تەواوکەر) و ڕۆڵی بابەتانەی (کارا و کارتێکراو) بۆ ئەم دوو جێکەوتەیەی کردار و ئەو کاتەگۆرییانەش، کە دوو جێکەوتەکە پڕدەکەنەوە دیاریدەکات. ئەگەر لە ڕستەی (٦٤ ب) وردببینەوە، دەبینین، پاش**

هەڵگوێزانی ڕستەکە بۆ ئاستی (د. ڕ۱) (سەر)ی بونیادەکە (واتە کردارەکە) ئاسایی هەریەکە لە تەواوکەرەکانی وەچەئاڕاستە دەکات و دەیانبەستێتەوە و (دۆخی ڕێزمانی بکەریی و بەرکاریی)یان پێدەبەخشێت و حوکمیان دەکات. بەمەش ڕستەکە فۆڕمدروست واتاڕاست دەبێت، تەنانەت لە ڕستەی (٦٤ ب/٢)یشدا، ئەگەرچی بکەر (نەسرین) دەرنەبڕاوە و لە شوێنی pro ێکی بچووك هەیە، بە هۆی پڕۆسەی هاونیشانەکردنەوە لەگەڵ (کاتوکەس)ی کردارەکە ئاسایی هەم ڕۆڵی بابەتانە و هەم دۆخی ڕێزمانی (کارایی و بەرکایی) بە جێکەوتەکە بەخشراوە و ڕستەکە هەر بە فۆڕمدروستی واتاڕاستی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (٦٤ پ) وردببینەوە، دەبینین، کە نەك هەر بکەرەکە دەرنەبڕاوە، بەڵکو بەرکارەکەش چۆتە ناو پێکهاتەی کردارەکەوە و جێکەوتەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە، کە لە بری دەتوانین شوێنپێی t دابنێین. هەربۆیە ئاسایی ڕستەکە فۆڕمدروست و واتاڕاستە، چونکە لە ڕێگەی پڕۆسەی هاونیشانەکردنی (بکەر) لەگەڵ (کاتوکەس)ی کردار و (بەرکار) لەگەڵ شوێنپێیەکەیدا ئاسایی ڕۆڵی بابەتانە بە هەردوو جێکەوتە بەتاڵەکە دەبەخشرێت و بونیادی (سەر – تەواوکەر) و چوارچێوەی وەچەپۆلێنکردنی کردار جێبەجێ دەبێت، تەنانەت لە ڕستەی (٦٤ پ/٢)یشدا هەمان پڕۆسە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەبێت. ئەگەرچی پێکهاتەی بەرکارەکە وێڕای گوێزانەوەی بۆ ناو پێکهاتەی کردارەکە، لە فۆڕمی فرێزێکی ناویشەوە بە کلیتیك کراوە، بەڵام هێشتا پڕۆسەی هاونیشانەکردنەکە بۆ گواستنەوەی ڕۆڵی بابەتانەکە هەر جێبەجێ دەبێت. ڕستەکانی (٦٤ ا و ب و پ) و شیکردنەوەکانی ڕاستی و دروستی جێبەجێبوونی چوارچێوەکانی وەچەپۆلێنکردن لەسەر هەر سێ ئاستی (د. ق) و (د. ڕ) و (ف. ل) دەسەلمێنێت.



لەم ئاستەی نواندی زمانی کوردیدا (ف. ل)، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە (تیۆریی بەستنەوە "Binding Theory") بەکاربێت و لە کاردا بێت هەروەك چۆن لەسەر ئاستی نواندنی (د. ڕ)یش لە کاردایە، بۆ تێگەیشتنی زیاتر و کۆنکرێتکردنی پێشبینییەکەمان با لە ڕستەی (٦٥ ا و ب) وردببینەوە:

(٦٥) ا/ هەر کتێبێك، کە ئازاد خوێندوویەتیەوە، ئەو حەزی لێیەتی. د. ڕ

*

نەبوونی وەچەئاڕاستەکردن.

ب/ ئەو حەزی لە هەر کتێبێکە، کە ئازاد خوێندوویەتیەوە.

هەبوونی وەچەئاڕاستەکردن

ئێستا ئەگەر لە نموونەی (٦٥ ا) وردببینەوە، دەبینین، کە جێناوی (ئەو) ناتوانێت (وەچەئاڕاستەی "C-Command")ی فرێزی ناوی (ئازاد) بکات. هەربۆیە دروستەی ڕستەکە بە هۆی جێبەجێنەبوونی ئەم وەچەئاڕاستەکردنەوە، دەتوانین درك بە دوو شوێنپێ بکەین، کە لە نموونەی (٦٦)دا دەخرێتەڕوو:

(٦٦) هەر کتێبێك، کە ئازاد [ ئەو کتێبەی ] خوێندۆتەوە، ئەو حەزی لە [ ئەو کتێبە] یە.

i ⟶ i ⟶ i

لەم شیکردنەوەیەی سەرەوەدا دەگەینە ئەوەی، کە جێناوی (ئەو) لە کەتیگۆرییە حوکمکراوەکەیدا ئازادە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی یاسای (B)ی ڕێسای بەستنەوەیە[٩٦]، کە دەشێت لەگەڵ فرێزی ناوی (ئازاد)دا یان ئەوەتا:

96_ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم یاسایەی ڕێسای بەستنەوە و خودی ڕێساکەش، بڕوانە:

ا/ هاوسەرچاوەبن.

ب/ هاوسەرچاوەنەبن.

لەم کاتەدا تەرزە هاونیشانەکردنەکە دەشێت لە شێوەی داڕشتنی ماتماتیکی ئەبستراکتی (٢)دا بخرێتەڕوو، کە ئاماژەیە بۆ بوونی ڕێسای بەستنەوە:

(٢) ئازاد 1 .........ئەو ½   شێوەداڕشتنی ماتماتیکی ئەبستراکتی (٢)[97].

بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (٦٥ ب) وردببینەوە، دەبینین، جێناوی (ئەو) وەچەئاڕاستەی فرێزی ناوی (ئازاد) دەکات، ئاشکراشە (ئازاد) وەك فرێزێکی ناوی ئازاد و سەربەخۆیە لە کەتیگۆرییە حوکمکراوەکەیدا (پەیوەست بە یاسای B لە ڕێسای بەستنەوە)[98]. لەم شیکردنەیەشەوە و پەیوەست بە (یاسای بەرزکردنەوەی ڕادە Quantifier Raising)[99]ەوە، کە چۆمسکی پێشنیازی کردووە، دەتوانین (د. ڕ)ی (٦٥ ا) هەڵبگوازین بۆ دروستەی (ف. ل)ی (٦٧):

(٦٧)[ پ١ [ هەر کتێبێکی وەك i X، کە (i X) خوێندۆتەوە ] [ پ٢ ئەو حەزی لە ئەو (i X)یە ] ]   ف. ل

---

a/ Steven Franks (1995:5-8) b/ Hilda J. Koopman (2000:26-30) c/ Hadumod Bussmann, T/ Gregory T. and Kerstin K. (2006:132-133) d/ Daneil Buring (2005:40-55)

97 _Bent Jacobsen (1986:336)

98_ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەرچاوەکانی پەراوێزی (١) لەم لاپەڕەیەدا، هەروەها: Robert D. Van(2004:198)

99_ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاری دووەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١٦٧–٢٥٧).



لە (ف. ل)ی (٦٧)دا فرێزی ناوی (ئازاد) وەچەئاڕاستەی (ئەو) دەکات و وەك وەچەبەستێنەرێکی/بۆگەڕاوەیەکی شیاو وایە بۆ جێناوی (ئەو). هەربۆیە پڕۆسەی هاونیشانەکردنەکەیان بەمشێوەیەیە:

(٣) ئازاد 1 .... ئەو ½   شێوەداڕشتنی ماتماتیکی ئەبستراکتی (٣).

ئێستا ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هەردوو شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی (٢) و (٣)دا بکەین، دەبینین شێوەداڕشتنی (٢)، کە بۆ خستنەڕووی پڕۆسەی هاونیشانەکردنی فرێزی ناوی (ئازاد) و جێناوی (ئەو) لە (د. ڕ) (٦٥ ا) پەیکاڵە لەگەڵ شێوەداڕشتنی (٣)، کە بۆ خستنەڕووی پڕۆسەی هاونیشانەکردنی فرێزی ناوی (ئازاد) و جێناوی (ئەو)ە لە دروستەی (ف. ل)ی ژمارە (٦٧). ئەمەش ناڕاستەوخۆ جێبەجێبوونی ڕێسای بەستنەوە وەك پاساودانێك لەسەرهەردوو ئاستی (د. ڕ) و (ف. ل) دەسەلمێنێت. ئەنجامی ئەم سەلماندنەش بریتی دەبێت لە:

١/ ڕێسای بەستنەوە پێویستە لەسەر ئاستی (د. ڕ) جێبەجێ بکرێت، تا بتوانرێت هەڵبگوازرێت بۆ ئاستی (ف. ل). لەم ئاستەشدا جارێکی دیکە دەبێت ڕێسای بەستنەوە جێبەجێ بکرێت، تا بتوانرێت لێکدانەوەی ڕاست و دروست درکی پێبکرێت.

٢/ لە ئەنجامی یەکەمەوە ناڕاستەوخۆ ئەو ڕاستیە تێدەگەین، کە تێگەیشتن لە (د. ق)ی ڕستەیەك بە هۆی (ف. ل)ی ئەو ڕستەیەوە دەبێت. کەواتە شیکردنەوەکان و نموونە و دروستە و شێوەداڕشتنە ئەبستراکتە بەراوردکراوەکان تایبەتمەندییەکی دیکە بۆ ئاستی (ف. ل)ی زمانی کوردی دیاریدەکەن، کە ئەویش جێبەجێبوونی ڕێسای بەستنەوەیە لەسەر ئەم ئاستە و ڕۆڵی لە لێکدانەوەی واتای ڕستەکەدا.

**ئەم تایبەتمەندییەی دواییش بۆ ئاستی (ف. ل)، (واتە جێبەجێبوونی ڕێسای بەستنەوە) پێشنیازی (حوکمکردنی شیاو "Proper Government") دەکات بۆ کاتەگۆرییەکانی ئاستی (ف. ل) (کە زیاتر کەرەستە بەتاڵەکانن)[100]، بەوەی ئەم کاتەگۆرییانە هەروەك چۆن لەسەر ئاستی (د. ڕ) حوکمکراون، ئاوەهاش دەبێت لەسەر ئاستی (ف. ل) حوکمکرابێتن[101]، دەنا ڕستەکە فۆرمنادروست و واتا ناڕاست دەردەچێت. لەم ڕوانگەیەوە با لە ڕستەی (٦٨) و (ف. ل)ەکەی، کە لە (٦٩)دا خراوەتەڕوو، وردبببینەوە:**

(٦٨) [ڕئەو کوڕەی، [ ڕ١ کە pro لێی دەگەڕایت، [ ر٢pro ڕایکرد ]]] د. ڕ

i ⟶ i ⟶ i پرۆسەی هاونیشانەکردن

٦٩) [ بۆ i X = ئەو کوڕەی [ ڕ١ i X لێی دەگەڕایت، X [ i ڕایکرد]]]

ف. ل

حوکمکردنی شیاو لەلایەن کردارەوە

پرۆسەی هاونیشانەکردن

---

[100]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاتەگۆرییەکانی ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨) و سەرچاوە پێشکەشکراوەکان.

[101]– چەمکی حوکمکردن لە چێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەداGB پەیوەندییەکی ڕێزمانی سەرەکییە و وەك زاراوەیەکیش بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بە نیشانەکردنی گۆکردنەکانی پێکهاتەکانی ڕستە، وەك (بکەر و بەرکار)، کە لەلایەن کردارەوە حوکمدەکرێن، یاخود وەك بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ف. پ)، کە زیاتر لەلایەن پێشناوەکەیەوە حوکمدەکرێن و بە پرۆسەی (کردار بەندی) بە کردارەکەوە دەبەسترێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Norbert Hornstein,Jairo Nunes and Kleanthes K. Grohmann (2005:24)
b/ Gillian Ramchand and Charles Reiss (2007:127-130)
c/ Peter A. , Patrick B. , Maaike S. and Fred W. (2006:184-186)



**لە هەردوو ئاستی نواندنی (٦٨) و (٦٩)دا فریزی سەرجێناوی (ئەو کوڕەی)، کە لە (٦٩)دا بە گۆڕینۆکی (i X) خراوەتەڕوو، هاونیشانەیە لەگەڵ proی ڕستەی شکاوەی یەکەم و دووەم (واتە ڕ١ و ڕ٢)دا، کە لە (٦٩)دا بە (i X) هێمای بۆکراوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی هاوسەرچاوەن. هەر بە هۆی ئەم هاوسەرچاوەیەشیانەوە پرۆسەی هاونیشانەکردن لە نێوانیاندا ڕوودەدات و ڕێسای بەستنەوە بە سەریاندا جێبەجێ دەبێت و فریزی سەرجێناوی (ئەو کوڕەی) وەچە ئاڕاستەی جێناوی pro لە ڕستەی شکاوەی یەکەم و دووەم (ڕ١ و ڕ٢)دا دەکات. هەروەها هەردوو بەشەکرداری (لێی دەگەڕایت) و (ڕایکرد) شیاوانە حوکمی جێناوی proیان لە ڕستەی شکاوەی (ڕ١ و ڕ٢)دا کردووە، لێرەشەوە ناڕاستەوخۆ حوکمی فریزی سەرجێناوی (ئەو کوڕەی)شیان کردووە. بەمەش جێبەجێکردنی حوکمکردنی شیاو دەسەلمێت وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەم ئاستەی نواندنی (ف. ل)ی لە زمانی کوردیدا.**

**لە وەچەپاری (١/٢–٥)دا ئەو پێشنیازە تاقیکراوەتەوە و سەلمێنراوە، کە (ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ "ECP") ئامێری دۆزینەوەی شوێنپێیە نافۆنۆلۆژییەکانە[102]. دەکرێت (ڕێسای پەڕینەوە Crossover Principle)یش بەکاربهێنرێت بۆ دۆزینەوەی شوێنپێیە نافۆنۆلۆژییەکان. لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ئاماژە بدەین بە تایبەتمەندییەکی گرنگتری (ف. ل) لە زمانی کوردیدا، کە ئەویش خۆی لە توانای لێکدانەوەی (گواستنەوەی داپۆشراو "Covert Movement")ی وشە/فریزی پرسیاریدا دەبینێتەوە لەسەر ئەم**

---

[102]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

ئاستە لـە ڕوانگـەی ڕێـسای پەڕینـەوەوە، کـە لـە یاسـای ژمـارە (٧)دا دەیخەینەڕوو:

(٧) یاسـای گواسـتنەوە ناتوانرێـت جێبـەجێ بکرێـت بـە سـەر فرێزێکـی نـاوی نیـشانەکراودا، ئەگـەر ئـەم گواسـتنەوەیە ئەنجامەکـەی بریتـی بێـت لـە پەڕینـــەوەی فرێزێکـــی نـــاوی بـــە ســـەر فرێزێکـــی نـــاوی دیکـــەدا، کـــە هاوسەرچاوەن[١٠٣].

بەڵام لە شێوەداڕشتنی دواتری قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بە تایبەتی لە چێوەی GBدا دوو جۆری پەڕینـەوە ناسـێنراون، کە ئەمانـەن بوون:

(١) پەڕینـــەوەی لاواز (WCO  Weak  Crossover) : فرێزێکـی نـاوی دەتوانێت بە سەر فرێزێکی ناوی دیکەی هاوسەرچاوەیدا بپەڕێتەوە، ئەگـەر فرێزە ناوییە گوێزراوەکە هاونیشانە بێت لەگەڵ فرێـزە هاوسەرچاوەکەیدا و ئەم فرێزە هاوسەرچاوەیەی وەچەئاڕاستە نەکرابێت، بەڵام هاونیـشانە بێت.

بۆ خستنەڕووی ئەم ڕاستییە، با لە نموونەی (٧٠ ا و ب) بڕوانین:

(٧٠) ا/ دایکی ئەو کتێبەکەی بە کێ بەخشی ؟ د. ڕ١

ب/ [ بە کێ ]،دایکی ئەو کتێبەکەی t بەخشیی ؟ د. ڕ٢

i → i → i

هاونیشانەن     کردار وەچەئاڕاستەی جیناوی (ئەو) ی نەکردووە.

(٢) پەڕینـەوەی بـەهێز (SCO  Strong  Crossover) : فرێزێکـی نـاوی دەتوانێـت بپەڕێتـەوە بـە سـەر فرێزێکـی دیکـەی هاوسەرچـاوەیدا، ئەگـەر

103- David Crystal (2003:118)



هاوسەرچاوەبن و فرێزە هاوسەرچاوەکەش لەلایەن کردارەوە وەچە ئاڕاستە کرابوو[١٠٤].

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی ڕێسای پەڕینەوە، با لە (د. ڕ)ی (٧١ ا و ب) بڕوانین و دوواتر بەراوردیان بکەین بە (ف. ل)یان لە (٧٢ ا و ب)دا:

(٧١) ا/ کێ وتی: کەوا کتێبەکەی کێی بردووە؟ د. ڕ

ب/ کێ وتی: کەوا دایکی کتێبەکەی کێی بردووە؟ د. ڕ

(٧٢) ا/ [ کێ ]، t وتی: کەوا [ کێ ]، (ئەو/pro) کتێبەکەیی t بردووە؟ف. ل

j j i i

ب/ [ کێ ]، t وتی: کەوا [ کێ ]، (دایکی (خۆی)) کتێبەکەیی t بردووە؟ ف. ل

j j i i

ئێـستا ئەگـەر لـە هـەردوو فـۆڕمی لـۆژیکی (٧٢ ا و ب) وردببینـەوە، دەتـوانین بڵـێین، لـەم ئاسـتەدا بـە هـۆی یاسـای پەڕینـەوەی لاوازی ڕێـسای پەڕینەوەوە توانیومانە لێکدانەوە بۆ هـەردوو گۆڕینـۆکی (ئـەو) و (خـۆی) لـە (د. ڕ)ی (٧١ ا و ب)دا بکـــەین، کـــە وەك دوو کاتـــەگۆری داپۆشـــراوی

104- ئەمجۆرە پەڕینەوەیە لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی پەڕینەوەکە دەتوانرێت نموونەی (2a , 2b ) بخرێتەڕوو:

(2) a. He loves whose mother. DS
b. [Whose mother] j dose he love tj? SS

بۆ زانیاری لەسەر ئەمجۆرە پەڕینەوەیە و سەرلەبەری ڕێسا و پرۆسەی پەڕینەوە لە زانستی زماندا، بڕوانە:

a/Hadumod B. , T/ Gregory T. and Kerstin K. (2006:266)
b/ David Crystal (2003:118-119)
c/ Bas Arts and April Macmahon (2006:97-98)

دروستەکەن و فۆنۆلۆژیانە دەرنەکەوتون. جگە لەوەی لە شێوەی کلیتیکی (ی)دا خۆی نواندووە. ئەم ڕاستیانەش ڕاستەوخۆ سەلمێنەری لێکدانەوەی واتای وشە/فریزی پرسیارییە، کە لە زمانەکەماندا داپۆشراوانە لەسەر ئاستی لۆژیك دەگوێزرێنەوە و تەنها ئاستی (ف. ل) دەتوانێت ئەم تایبەتمەندییەی هەبێت لە زمانەکەماندا.

لە زمانی کوردیدا (ف. ل) لە ڕووی دروستەییەوە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی دەربڕاوە ناوییە (فریزە ناوییە) جیاوازەکانە. لەم ڕوانگەیەشەوە، کە مەودای وەچەئاڕاستەکردنی هەندێك فریزی ناوی فراوانترە لە جێکەوتە ئامارەپێدراوەکەی لەسەر ئاستی (د. ڕ). لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا توانای پێوانەکردنی فراوانی ئەم مەودایە لەسەر ئاستی (ف. ل)ی زمانەکەمان هەر هەیە. ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی ئەوەی، کە ئاستی (ف. ل) دەتوانێت لە پرۆسەکانی گوێزانەوەدا جێناوەکان (وەك جێناوی پرس) وەك شوێنپێیەك بۆ فریزە ناوییەکان لێکبداتەوە، ئەمەش بە پێی یاسای (٨):

(٨) ئەگەر جێناوی (P) لەلایەن فریزی ناوی (O)ەوە وەچەئاڕاستەکرابوو، ئەوکاتە جێناوی (P) دەتوانرێت وەك شوێنپێیەکی بەستراوە لەلایەن (O)ەوە لێکبدرێتەوە[١٠٥].

بۆ شیکردنەوەی یاساکە و کۆنکرێتکردنی با لە نموونەی (٧٣ ا و ب) وردببەرەوە:

(٧٣) ا/ [ ڕ ئارام [ ف. ك چی کڕی ]] ؟ د. ڕ

[105] –Norbert Hornstein (1995: 23)



مەودای وشەی پرس تەنها کەرەستەکانی بەشی کردارە.

ب/ [ چی ]، [ ڕ ئارام [ ف. ك t کڕی ]]؟ ف. ل

i i

مەودای وشەی پرس لە ئاستی (ف. ل)دا سەرجەم ڕستەکەیە

ئێستا ئەگەر لە ڕستەی (٧٣ ا) وردببینەوە، دەبینین، کە مەودای وەچەئاڕاستەکردنی جێناوی پرسی (چی) تەنها کەرەستەکانی ناو بەشی کردارەکەیەتی، بەڵام بەهۆی گوێزانەوەی جێناوی پرسەکەوە لەسەر ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا مەودای وەچەئاڕاستەکردنەکەش گۆڕاوە و مەوداکەی هەموو ڕستەکەیە. بەڵام هێشتا هەر لەژێر مەودای فریزی ناوی (ئارام)دایە، چونکە خودی جێناوە گواستراوەکە و شوێنپێیە نافۆنۆلۆژییەکەی هاونیشانەن و جێکەوتەکەیشی هەر لەژێر مەودای فریزی ناوی (ئارام)دایە. بەمەش جێناوە پرسە گوێزراوە داپۆشراوەکەش جارێکی دیکە و ناڕاستەوخۆ هەر دەکەوێتەوە ژێر کاریگەری واتای فریزی ناوی (ئارام)ەوە هەربۆیە دەشێت هەردوو ڕستەکە لە (ف. ل)ی (٧٤)دا بنوێنرێت:

(٧٤) [ بۆ X= چی [ ڕ ئارام (X)ی کڕی ] ] ف. ل

لێرەدا دەشێت (X) وەك گۆڕینۆکێك، کە یەکسانە بە واتای جێناوی پرسی (چی) هەرچ شتێکی وەك (نان، سەیارە، کتێب... هتد،) بێت. بەڵام هێشتا واتاکەی بۆ گوێگر پەیوەستە بە فریزی ناوی (ئارام)ەوە[١٠٦].

[106] – شیکردنەوەی ئەم لایەنەی مەودا لە دروستەی (ف. ل)ی زمانی کوردیدا گرنگی پێدراوی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت.

## ٧-٢/١) ئارگومێنتەکانی دروستەی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا:

ئاستی (ف. ل) وەك دروستەیەکی ئاوەزیی زمانەکەمان، کە لە (یاسای (٥))[١٠٧]دا هێنرایەوە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بوو هەروەك لە (٢/١-٦)دا پێشنیازکرا و سەلمانێنرا. هەر لەم ڕوانگەیەوە و بۆ تەواوکردنی ئەم تایبەتمەندییانەی ئەم ئاستەی نواندن لە زمانەکەماندا دەتوانین پێشنیازی ئەوە بخەینەڕوو، کە ئاستەکە خاوەنی چەند ئارگومێنتێکی تایبەت بە خۆی و سەر بە کاتەگۆری دیاریکراون. ئەم ئارگومێنتانەش خاوەنی ڕۆڵی بابەتانەن. لە ڕاستیدا ئەبستراکتی ئاستەکە بۆتە هۆی دەرنەکەوتنی ئارگومێنتەکانیشی. ئێستا هەروەك زانراوە، کە چەمکی سەرەکی بۆ ئاستی (ف. ل) بریتییە لە (ڕۆڵی بابەتانە)، بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی تەواویش بۆ ئەم چەمکە وەك (پێوەری ڕۆڵی بابەتانە" $\Theta$ -Creation ") پێویستە: ((هەر ئارگومێنتێك یەك ڕۆڵی بابەتانە وەربگرێت و هەر ڕۆڵێکی بابەتانەش بە یەك ئارگومێنت پڕبکرێتەوە))[١٠٨]. لەم تێگەیشتنەوە و پشت بەست بە بۆچوونەکانی چۆمسکی (١٩٩٣) دەتوانین پێشنیازی ئەوە بکەین، کە ئارگومێنتەکانی ئاستی (ف. ل)[١٠٩] لە زمانی کوردیدا سەر بەم چوار کاتەگۆرییانەی خوارەوەن:

---

[107] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە،لاپەڕە(٤٦-١٣٨).

[108] - بۆ گەڕانەوە و زانیاری زیاتر لەسەر خودی ڕێساکە و شیکردنەوەکانی، بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆلینەوەیە، لاپەڕە(٤٦-١٣٨) و سەرچاوە پێشکەشکراوەکان.

[109] - ئارگومێنتەکان، ئەو کەرەستانەن، کە ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن. هەربۆیە خۆیان یان " A-Position شوێنپێیەکانیان لە جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانەداردان (واتە جێکەوتەی ئارگومێنت ")، بەڵام کاتەگۆرییە نائارگومێنتەکان، ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە فرێزی ناوی نین، هەروەها



١. ئەنافۆرە ئاشکراکان، لەبەر ئەوەی ئەنافۆرەکان ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن، بۆیە ئارگومێنتن. دەشێت لەسەر ئاستی (ف. ل) ئەنافۆرە ئاشکراکان وەك گۆڕینۆك شیبکرێنەوە، کە دەکرێت ئەم گۆڕینۆکە لە یاسای (٩)دا بخرێتەڕوو:

(٩) Q x، x لە ($\alpha$)دا: ... x ...$x^{-}$ (واتە x... $x^{-}$... $x^{=}$... هتد، بە یەکسانی دەڕوات)[١١٠].

بۆ تێگەیشتن لە یاسای (٩) لە نموونەی (٧٥ ا و ب و پ و ت) وردەبینەوە و دواتر خستنەڕووە لۆژیکییەکەیان لە (٧٦ ا و ب) پەیوەست بە یاسای (٩) هەڵدەهێنجین:

(٧٥) ا/ پیاوەکان لەیەکدەچن.

ب/ گیرفانمان یەکە.

پ/ یەك ماڵییە.

ت/ ئەو منداڵانە لەیەکدەکەن.

(٧٦)

ا/ بۆ هەر (X)ێك، کە (X) بەشێکە لە (پیاوەکان، گیرفان، ماڵ،منداڵ)، (X) لە ($X^{-}$) دەچێت.

---

کەرەستە ناسەرچاوەییەکانی وەك (ئەوە، لەوێ ) دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Chomsky (1993:10-105)

[110] -Chomsky (1993:101)

ب/ بۆ هەموو (y و z)یێك (كە z#y) z،y هەریەكەیان یەكێكە لە (پیاوەكان، گیرفانەكان، ماڵەكان، منداڵەكان): ئەوا (y) لە (z) دەچێت.

ئێستا ئەگەر لە ڕستەكانی (٧٥ ا و ب و پ و ت) وردببینەوە، دەبینین، كە (لەیەكچوون، یەك ماڵی، یەك گیرفانی، لەیەككردن) ئۆپەراسیۆنێكە و هێمای (Q) بۆ دادەنێین، دەشێت (x) (كە لێرەدا بۆ بەشداربووانی یەكەمی پرۆسەكە (بۆ نموونە پیاو) دادەنرێت) هەر نرخێك وەربگرێت لە (α)دا (كە لێرەدا وەك هێمایەك بۆ سەرجەم بەشداربووەكانی دانراوە) و ($x^-$)یش (كە وەك هێما دانراوە بۆ بەشداربووەكانی دیكەی ئۆپەراسیۆنەكە) دەشێت هەر نرخێك وەربگرێت لە (α)دا، كە بەشێكە لە نرخی (x) یاخود هاونرخن یان دەمانەوێت هاونرخ دەریانبخەین. لە تێڕامان لە یاسای (٨) و نموونە ئەزموونبەندەكەرەكانی (٧٥) و شیكردنەوەكانمان، دەتوانێین بڵێین (x) دەبێتە گۆڕینۆكی بۆ ($x^-$) و وەك

(دەربڕاوێكی سەرچاوەیی "R-expression")، واتە فرێزێك ڕۆڵ دەبینێت و ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت.

٢. جێناوەكان، مەبەست لە (جێناو) و (pro)یە، كە نیشانەی ڕەگەزی (كەس و ژمارە و توخم)یا تیایە. لەبەر ئەوەی جێناوەكان، قاڵبی فۆنۆلۆژییان هەیە، هەربۆیە خاوەنی دۆخی ڕێزمانین لە ڕوانگەی پاڵێوەری دۆخی ڕێزمانییەوە، هەروەها proیش دیسانەوە پێویستی بە قاڵبی فۆنۆلۆژییانە هەیە. هەربۆیە ئەمیش چوار دەوری بە دۆخ دراوە. لەم ڕوانگەیەوە پەیوەست بە شیكردنەوەكانی Helke (1971) هوە دەتوانین بڵێین جێناوەكان فرێزی ناوین و فۆڕمەكانیشیان لە شێوەداڕشتنی ئەبستراكتی (٤)دا دەتوانرێت بخرێنەڕوو، بە تایبەتی جێناوە خۆییەكان:



(٤) [ ف. ن[ ن خود [ ف. ن جێناو ]]] شێوەداڕشتنی ئەبستراكتی جێناوەكان.

ئەزمونبەندكردنی شێوەداڕشتنی ئەبستراكتی (٤) لە فرێزە جێناوییە خۆییەكانی (٧٦)دا جێبەجێ دەكرێت:

(٧٦)

خودی خۆم ____ خودی خۆمان

خودی خۆت ____ خودی خۆتان

خودی خۆی ____ خودی خۆیان

٣. دەربڕاوە سەرچاوەییەكان (R-expression): ئەمجۆرە دەربڕاوانە، كە چۆمسكی ڕاڤەی كردوون زیاتر مەبەست لێی فرێزی ناوییە لەگەڵ سەرەكانیاندا، وەك: (زانا، تەختە، كتێب، سێو، قەڵەم... هتد،) هەروەها گۆڕینۆكەكانیش دەگرێتەوە، كە دەكرێت تێگەیشتنمان بۆی لە یاسای (١٠)دا بنوێنرێت:

یاسای (١٠):

(α) گۆڕینۆكێكە ئەگەر تەنها α= [ ف. ن e ] لەناو ڕستە بەندەكەدا ئۆپەراسیۆنێكە[111].

گۆڕێنۆك لە خۆیدا بریتییە لە شوێنپێیەكی نیشانەكراوی دۆخی ڕێزمانی، كە لە دیاردەی پەڕینەوەدا دەردەكەون، كە بەشداری بێگومانی تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی ناوەكان دەكەن. لە ڕاستیدا ئەم گۆڕینۆكانە

111– لێرەدا ئۆپەراسیۆنەكان زیاتر (ڕادەكان، وشە/فرێزی پرسیاری، فرێزە ناوییە بەستراوەكان... هتد،) دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Chomsky (1993:102)

پەیوەست نین بە (مەرجەکانی بەستنەوە "Binding Condition")ەوە وەك شوێنپێ و ئەنافۆرەکانی دیکە. ئەو ڕۆڵەی گۆڕینۆك لە دیاردەی پەڕینەوەدا[112] دەیبینێت سەلمێنەری پەیکاڵی و هاوشێوەی گۆڕینۆکەکانە بە ناوەکان. هەربۆیە گۆڕینۆکەکانیش وەك ناوەکان دەتوانن (ئامڕازی ڕادە)یان لەگەڵدا بەکاربهێنرێن بۆ بڕیاردان لەسەرقەبارەیەکی دیارینەکراو یان ئەندامێکی نەزانراو بۆ بوارە دیاریکراوەکانی قەبارەی زانراو و ئەندامی نەزانراو[113]. پەکاڵیی گۆڕینۆك و دەربڕاوە سەرچاوەییەکان/ فرێزە ناوییەکان دەکرێت لە نموونەی (٧٧ ا و ب)دا ئەزموونبەند بکرێت، کە تیایدا گۆڕینۆکەکە لە پڕۆسەی پەڕینەوەی لاوازدا خۆی دەنوێنێت:

(٧٧) ا/ براکەی ئەو چی دەوێت؟ د. ڕ

ب/ [ چیi ]، براکەی ئەوi t دەیەوێت ؟ ف. ل

٤. ڕستیلەکان/فرێزی بچوك/ڕستەی شکاوە Clause : ڕستیلەکان و فرێزی ناوی ڕستەکان ڕۆڵی سینتاکی یەکسان دەگێڕن لە دروستەی تەواوکەردا (تەواوکەری ڕستەکان) بۆ لێکسیمە تێکراوەکان. هەروەها ڕۆڵی بابەتانەی بەراورد (بەرانبەر بە (ف. ن)ەکان) وەردەگرن کاتێك تەواوکەرەکان دەردەکەون. چۆمسکی پێیوایە، کە: ((زیادکردنی هەندێك چەمکی ئەبستراکتی وەك (ڕستیلە "Clause") تەواوکەری پێڕەوی (ڕۆڵی بابەتانە)یە، بەڵام ئەم زیادکردنە لە ڕێزماندا هیچ پێویست نییە، چونکە ئەم

[112]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دیاردەی پەڕینەوە لە زانستی زمان و زمانی کوردیدا،بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

[113]– بەکارهێنانی ڕادەکان لەگەڵ گۆڕینۆکەکاندا لە چوارچێوەی پاری دووەمی بەشی دووەمدا دەخرێتەڕوو، لاپەڕە (١٦٧–٢٥٧).



ئامڕازانە (چەمکی ڕستیلە بۆ نموونە) دەشێت لێکدانەوەی دەوڵەمەندتری پێ بسەلمێنرێت لە چوارچێوەی لۆژیکدا، بە تایبەتی کە ئەم چەمکانە توانای دەربڕینیان هەیە لە چوارچێوەی سینتاکسی (ف. ل)دا))[114]. بۆ نموونە یەکێك لەو لێکدانەوە دەوڵەمەندانەی ئەم ڕستیلانە بۆ ڕێزمانی دەرەخسێنێت وەڵامدانەوەی پرسیارێکی وەك ئەوەی، کە ئایا (بکەر) بکەری (کرداره) یاخود (بەشی کرداره)؟ یان بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین ئایا بکەر، (کردار) یان (بەشی کردار) ڕۆڵی بابەتانەی پێدەبەخشێت؟

لە ڕاستیدا ئاڕاستەی وەڵامدانەوەکەمان بۆ ئەمجۆرە پرسیارانە دەبێت ڕستیلەکان بکەینە دەستکەلا، چونکە خودی زاراوەی (بکەر) زاراوەیەکی لێڵە، بەوەی هەندێکجار مەبەست لێی بکەری کردارە و هەندێکجاریش مەبەست لێی بکەری بەشی کردارە. با وادابنێین، کە بکەر مەبەست لێی بکەری بەشی کردارە. لەم کاتەدا دەبێت هەر بەشی کردار ڕۆڵی بابەتانەی پێببەخشێت و هەر خۆشی حوکمی بکات نەك (کردار) حوکمی بکات. کەواتە هەروەك چۆن (کردار) پێویستی بەوە هەیە تەواوکەرەکانی بە کەرەستە پڕکرابێتنەوە، ئاوەهاش (بەشی کردار)یش پێویستی بەوە هەیە تەواوکەرەکانی بە کەرەستە پڕکرابێتنەوە. جا ئەم تەواوکەرە (کە لێرەدا مەبەست بکەرە) ڕۆڵی بابەتانەی پێبەخشرابێت یان نا، لەم ڕوانگەیەوە لە ڕستەی (٧٨)دا (حەمە) بکەری کەپولەی (بوو)ە، بەڵام جارێکی دیکە هەر لەم ڕستەیەدا کرداری (باوەڕوایە) پێویستی بە (بکەرە)، کە لە ڕاستیدا بریتییە لە کارای قرتێنراوی (بە لای هەموو کەسێکەوە)یە، کە هەمان ڕۆڵی

[114]– Chomsky (1993:103)

**بابەتانــەی (حەمــە)ی هەیــە و لەلایــەن پرێپۆزیــشنی (بــە)ەوە ئــەو ڕۆڵــەی پێبەخشراوە:**

**(٧٨) باوەڕوایە، حەمە درۆزن بێت (بە لای هەموو کەسێکەوە).**

**بکەری کەپولە        بکەری قرتێنراو**

**کەواتە لە ڕستەی (٧٨)دا کرداری (باوەڕوایە)، کە ڕستیلەیەکە بکەرێکی هەیە، کە لـە شێوەی فرێزێکـی قرتێنراودایـە، کـە ڕۆڵـی بابەتانـەی هەیـە و هاوشێوەی بکەری (حەمە)ە لە ڕستەکەدا. ئەم ڕاستیەش زیاتر لـە نموونـەی (٧٩) و (٨٠)دا دەچەسپێت:**

**(٧٩) ئەو باوەڕەی، کەوا حەمە درۆزنە زۆر بڵاوە** (بە لای هەموو کەسێکەوە).

**(٨٠) باوەڕەکە هەیە (لە لای هەموو کەسێك).**

**نموونـە و شـیکردنەوەکان ئاسـایی جـەخت لـەو ڕاسـتیە دەکەنـەوە، کـە ڕستیلەکان وەك چەمکێکی ئەبستراکت ئارگومێنتێکی ئاستی نواندنی (ف. ل)یــە و بــە هۆیــەوە گــەلێك نادیــاری پرســیارە لێڵــەکان لــە سینتاکــسدا شیدەکرێتەوە.**

## ٨-٢/١) گواستنەوەی ئاشکرا و داپۆشراو

**Overt and Covert Movement:-**

**ئـەو شـیکردنەوانەی ڕێزمـانی بـەرهەمهێنان و گواسـتنەوە بـۆ پرۆسـەی گواســتنەوەکان کردوویــەتی، ئــەو بیرۆکەیــە بنــەمای بــووە، کــە هــەموو ڕسـتەیەکی زمانـە سروشـتییەکان دروسـتەی قوڵیـان هەیـە، کـە لـە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕەنگدانـەوەی پەیوەندییـە پەیوەستەکانە لـە نێـوان سـەری ڕێزمانی (کردار وەك نموونەیەك) و جێکەوتـەکانی (تەواوکـەرەکانی "بکـەر و**



**بەرکار" وەك دوو نموونە). هەر ئەم ڕاستیەی (د. ڕ)ە، کـە هـەم کەرەستە بـۆ شـوێنەکان دەگرێتـەخۆی هـەم ڕەنگدانـەوەی دەربڕینـە جیاوازەکـانی ئـەو ڕستەیەیە، کە بە هۆی گواستنەوەکانەوە ڕوویداوە و ئەنجامەکەشی پێکهاتە و ئاستی (ف. ل)یـە. ئـەم قوتابخانەیـە (بـە تایبـەتی لـە تیـۆری دەسـەڵات و بەستنەوەیدا) کۆت و بەندی جیاواز و هەمەچەشنیان بۆ ئـەم ئاستانە و ئـەو گواسـتنەوانەی لەسـەر ئـەم ئاسـتانە ڕوودەدات دانـاوە. ئـەم کـۆت و بەنـدە هەمەچەشـــنانەش وادەردەکـــەون ڕاســـتی پەیوەندیـــداربن و هێـــشتا شینەکرابێتنەوە. ئەمەش پێشنیازی ئاستێکی دیکە بۆ دروستەی ڕێزمـانی دەکات، کە بە ئاستی (ف. ل) ناوزەدکراوە. بەمـشێوەیە هـەردوو ئاسـتی (د. ڕ) و (ف. ل) بەرهـەمی جێبـەجێبوونی پرۆسـەی گواسـتنەوەکانن. هەربۆیـە ئەو یاسای گواستنەوانەی**

**کاتەگۆرییـەك بـە شـێوەیەکی تـەواو و پڕاوپـڕ دەگوێزنـەوە لـە زمانـدا بـە (گواستنەوەی ئاشکرا "**Overt Movement**") ناسێنراوە، کە ئاسـتی (د. ق) بـۆ ئاسـتی (د. ڕ) هەڵـدەگوازن، لـە کاتێکـدا لـە هەنـدێك لـە زمانەکانـدا تـەنها نیشانەکانی کاتەگۆرییەك دەگوازرێتـەوە، ئـەویش بـە شـێوەیەکی داپۆشـرا و شاراوە ڕوودەدات، بێئەوەی پێویست بە گواستنەوەی خودی کاتەگۆرییەکە هــەبێت و ئــەم گواســتنەوەیەش بــە (گواســتنەوەی داپۆشــراو "**Covert Movement**") ناسـێنراوە. لـەم ڕوانگەیـەوە ئەگـەر بمانـەوێت لـەم دوو چەشـنەی گواسـتنەوە تێبگـەین، ئـەوا پێویـستمان بـە تێـڕوانین دەبێـت لـە پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی ڕسـتەی پرسـیار لـە زمانـە جیاوازەکانـدا، چـونکە هەنـدێك زمـان لــە ڕێگــەی گواســتنەوەی ئاشــکراوە ئــەمجۆرە ڕســتەیە بەرهەمـدەهێنێت، لـە کاتێکـدا هەنـدێك لـە زمانـەکانی دیکـە لـە ڕێگـەی گواستنەوەی داپۆشراوەوە بەرهەمدێنێت. ئەم ڕاستییەش لەلایەن داهێنەر و**

**پەیپڕەوکەرانی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ەوە وەك بەڵگەیەك هێنراوەتەوە بۆ یەكگرتوویی زمانەكان لە پرۆسە سینتاكسییە هەمەچەشنەكاندا، واتە وەك بەڵگەی یەكبوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە گشت زمانەكانی جیهاندا تەماشاكراوە. پەیوەست بەم شیكردنەوانەوە لە زمانەكانی جیهاندا زیاتر دوو شیان بۆ داڕشتنی فۆڕمی ڕستەی پرسیار دۆزراونەتەوە، ئەو شیانەی زمانێكی وەك زمانی ئینگلیزی دەیگرێتە بەر، ئەوەیە، كە وشە/فریزی پرسیارەكە دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەكە. بەڵام ئەو شیانەی زمانێكی وەك زمانی كوردی دەیگرێتە بەر بریتییە لەوەی، كە وشە/فریزی پرسیارەكە لە جێكەوتەی بنەڕەتی خۆی دەمێنێتەوە و ناگوێزرێتەوە[115]. ئەم ڕاستییە دەتوانرێت لە بەراوردكردنی ڕستەكانی (٨١ ا و ب) و (٨٢ ا و ب)دا بدۆزرێتەوە:**

**(٨١) ا/ كێ ڕۆیشت؟**

**ب/ تۆ چیت كڕی؟**

**(٨٢)**

a. You meet whom? DS

b. Who did you meet…t….. ? SS

i i

**بەڵام ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕستەی پرسیارە لە زمانەكەماندا، بە هۆی پێشنیازكردنی ئاستی (ف. ل)ەوە لە تیۆرییەكەدا (كە وەك ئاستێكی ئەبستراكتی نواندنی ئاوەزییە و پەیوەستە بە پێڕەوی بیرییەوە)،**

115– لە ڕاستیدا زمانەكانی (ئیتاڵی، هەنگاری... هتدیش بە هەمان شێوەی زمانی ئینگلیزی ڕستەی پرسیار بەرهەمدەهێنن، بەڵام زمانەكانی (چینی،یابانی، توركی... هتد) وێنەی زمانی كوردی ڕستەی پرسیار بەرهەمدەهێنن. بۆ زانیاری زیاتر لەم ڕوانگەیەوە، بڕوانە: Adriana Belletti, Luigi Rizzi (2002:17)



**وادەردەكەوێت گواستنەوە هەمیشە پێویست بێت تەنانەت لە زمانی كوردیشدا، لەبەر ئەوەی هەر بۆ نموونە لە ڕستەی پرسیاریدا، كە وا دیارە بەبێ گواستنەوە دروست بووبێت، ئەوا لە ڕاستیدا وشە/فریزە پرسیارەكە (گۆڕینۆكێكی ناوەكیی "X")ی فریزەكە بە خۆیەوە دەبەستێتەوە، كاتێك بمانەوێت فۆڕمی لۆژیكی ڕستەیەكی پرسیاری زمانەكەمان دابڕێژین، وەك لە نموونەی (٨٣ ا و ب)دا دیارە:**


**(٨٣) ا/ تۆ كێت خۆشدەوێت ؟** د. ڕ

**ب/ بۆ X=كێ، تۆ (X)ت خۆشدەوێت ؟** ف. ل

i i

**لە (٨٣ ب)دا دەبینین، كە وشە پرسەكە گۆڕینۆكی (X)ی بە خۆیەوە بەستۆتەوە، ئەم پرۆسەیەش ئەو ڕاستیە دەردەخات، كە گواستنەوە لە ڕستەی پرسیاری زمانەكەماندا هەیە، بەڵام بە شێوەیەكی داپۆشراو و لەسەر ئاستی (ف. ل) ڕوودەدات. هەر لەسەر بنەمای ئەم شیكردنەوانەیش بووە، كە داری زمانی (١)ی قوتابخانەكە لە داری زمانی (٣)[116]دا داڕێژراوەتەوە، كە بەمشێوەیەی خوارەوەیەوە:**

116– James McGilvary (2005:76)




داری زمانی ژمارە (٣)

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکان و ئاڕاستەکانی داری زمانی (٣)ەوە، زۆرجار و لە زۆر شوێنی قوتابخانەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە گواستنەوەی ئاشکرا لەناو ڕێساکانی ئابووریکردن لە زماندا گرانبەهایە، چونکە ئەمجۆرەی گواستنەوە، هەروەك چۆمسکی پێشنیازیکردووە، کە پێویستی بە (نیشانەی بەهێز "Strong Feature")[117] هەیە، تا بتوانرێت بوروژێنرێت و لە زماندا جێبەجێ بکرێت. پەیوەست بەم بیرۆکەیەوە، دەتوانین بڵێین، گواستنەوەی ئاشکرا بریتییە لە لە گواستنەوەی نیشانە شێوازبەندەکان و پێداویستییە مۆرفۆلۆژییەکانی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی. گواستنەوەی داپۆشراو زیاتر بریتییە لە گواستنەوەی (فۆرمە نموونەییەکان "Optimal Form") و دەبێت تەنها پێویستی بە گواستنەوەی نیشانە شێوازبەندەکان بێت. کەواتە دەتوانین بڵێین، کەوا جیاوازی نێوان

117– بۆ زانیاری لەسەر چیەتی و چۆنیەتی ئەم بیرۆکەیە لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، بڕوانە:
a/Bas Aarts,April Macmahon (2006:26) b/ Howard Lasnik (2003:83-84)
c/ Norbert Corver, Jairo Nunes (2007:271)



گواستنەوەی (ئاشکرا و داپۆشراو) ئەوەیە، کە گواستنەوەی ئاشکرا سەرجەم کاتەگۆرییەکە بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆژییانە دەگوازێتەوە، بەڵام گواستنەوەی داپۆشراو تەنها گواستنەوەی نیشانەکانی کاتەگۆرییەکە جێبەجێ دەکات، بێئەوەی خودی کاتەگۆرییەکە بگوازێتەوە. جیاوازی نێوان ئەم دوو چەشنەی گواستنەوە جارێکی دیکە لەلایەن(تیۆری کۆپی "Copy Theory")[118]ەوە هەڵسەنگێنراوەتەوە، بەوەی، کە شوێنپێ، بریتییە لە کۆپی کەرەستە گواستراوەکە، کە دەقرتێنرێت لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیدا (ئەمە لە حاڵەتی گواستنەوەی ئاشکرادا). بەڵام لە حاڵەتی گواستنەوەی داپۆشراودا ئەم شوێنپێیە (کە بریتییە لە کۆپی کەرەستە گواستراوەکە) توانای لێکدانەوەی لەسەر ئاستی (ف. ل) هەیە، واتە لەم ئاستەدا (ف. ل) پێکهاتە گواستراوەکە بۆ خودی شوێنی شوێنپێیەکەی دەگەڕێنرێتەوە.

بەهەمانشێوە جیاوازی نێوان ئەم دوو چەشنەی گواستنەوەی گرنگی پێدراوە لەلایەن (تیۆری بەستنەوە "Binding Theory")یشەوە، بەوەی ئەم تیۆرییە شیاوانە جێبەجێ دەبێت پاش گواستنەوە سینتاکسییەکان (واتە لەسەر ئاستی (د. ڕ)، کە بە گواستنەوە ئاشکراکان بەرهەمهاتووە).

بەڵام هەموو ئەو یاسایانەی، کە (د. ڕ)ەکان دەگۆڕن بۆ دروستەی (ف. ل) (واتە یاساکانی گواستنەوەی داپۆشراو) جارێکی دیکە هەوڵدەدەن تیۆری بەستنەوەیان بە شێوەیەکی گونجاو وشیاو بە سەردا جێبەجێ

118– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم تیۆرییە لە قوتابخانەکەدا، بڕوانە:
Norbert Corver, Jairo Nunes (2007)

ببێت[119]. بەڵام پێش چوونە ناو ئەم وردەکارییانەی ئەم چەشنەی گواستنەوە لە ڕوانگەی (بەرنامەی کەمینە "Minimalisim Program(MP)")ەوە خستنەڕووی ئەو یاسایانەی ئاستی (د. ڕ) دەگۆڕن بۆ دروستەی ئاستی (ف. ل) بە پێویست دەزانرێت.

## ٢/١-٩) یاساکانی هەڵگواستنی دروستەی ڕووکەش بۆ ئاستی فۆڕمی لۆژیکی:

لە شیکردنەوەی ئەم یاسا داپۆشراوانەی، کە (د. ڕ)ی ڕستەکانی زمانەکەمان دەگۆڕن بۆ ئاستی (ف. ل) زیاتر پەیڕەوی کارەکانی Jacobsen (1986) دەکەین و شیکردنەوەکانمان لە تیۆرییەکانییەوە هەڵدەهێنجین. یاساکانیش زیاتر بریتین لە:-

**(١) یاسای گۆڕینی (وشە/فرێزی پرس)ی ڕستەی پرسیاری بۆ فرێزی ڕادە:**

پەیوەست بەو گریمانەیەی، کە ڕستەی پرسیار لە زمانی کوردیدا لە ئاستی (د. ق)دا بەرهەمدێت و هیچ گواستنەوەیەکی خورتیی تیا نییە، بەڵکو سەرجەم ڕستە پرسیارییەکانی زمانەکەمان لۆژیکیانە گواستنەوەی

[119]- شیکردنەوەی ئاڕاستە جیاوازەکانی ئەم لایەنەی لێکۆڵینەوەکەمان، بە تایبەتی لە ڕوانگەی تێڕوانینەکانی (بەرنامەی کەمینەوە "MP")، کاری سەرەکی (پاری یەکەم)ی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان دەبێت.



سەرپشکین و لە ڕێگەی (جەختکردنەوە/فۆکەس "Foucs")[120] و خراونەتە ژێر کاریگەری پڕۆسەی باسمەندییەوە (وەك یاسایەکی گواستنەوەی باسمەندی)[121]. بۆیە دەتوانین هەر ڕستەیەکی پرسیاری وەك (٨٤ ا) بە (د. ڕ)ی دابنێین، کە هەڵگواستنی لۆژیکیانەی بە سەردا هاتوە، کە ئەم دەرهێنانە لۆژیکییەش لە (٨٤ ب)دا ئاشکراکراوە. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین (٨٤ پ) فۆڕمی لۆژیکی ڕستە پرسیارییەکە دەدەخات:

(٨٤) ا/ کێ سەیارەکەی کڕی ؟ د. ڕ١

ب/ [ کێ ]، [ t ] [ سەیارەکەی کڕی ] ؟ د. ڕ٢ (باسمەندیی)
i i

کە ئەم دەرهێنانە لۆژیکییە دەکرێت بەمشێوەیە بێت:

[ بۆ i X = کێ ] [ ڕ i X سەیارەکەی کڕی ]؟

پ/[ ڕ- [ بەرزکردنەوەی ڕادە بۆ چ کەسێکی وەك (i X) ] [ i X سەیارەکەی کڕی ]]

وەچەئاڕاستەکردنی گۆڕینۆکی (i X)

[120]- بۆ زانیاری زیاتر لە وردەکارییەکانی ئەمجۆرە شیکردنەوەیە و ڕەوتی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەم بابەتە کراون لە زمانەکەماندا، بڕوانە:
کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ )، هەروەها ئەو شیکردنەوە و سەرچاوانەی لە بەشی سێیەمی ئەم سەرچاوەیەدا پێشکەشکراون.

[121]- بۆ تێگەیشتن لە پڕۆسەی باسمەندیی لە زمانی کوردیدا، بڕوانە:
ا/ محمد معروف فتاح (١٩٩٢: ٣٢-٤٤)، ب/ کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)

لـــه نموونـــەی (٨٤ پ)دا (چ کەســـێك) وەك ڕادەیـــەکی پرســـیاری وەچەئاڕاستەی گۆڕینۆکی (i X)ی کـردووە لـە ڕستەکەدا. بـۆ تێگەیشتنی زیاتر با بیر بکەینەوە لە ڕستەیەکی ئاڵۆزی وەك (٨٥ ا و ب و پ):

(٨٥)

ا/ تۆ ڕێگات داوە بە نەوزاد، تا سەردانی کێ بکات ؟ د. ڕ١

ب/ تۆ ڕێگات داوە بە نەوزاد، تا [ کێ ]، [ سەردانی t بکات ]؟ د. ڕ٢

(باسمەندیی/ دەرهێنانی لۆژیکیانە).

پ/ [ ڕ- تۆ ڕێگات داوە بە نەوزاد ]، [ ڕ تا [ ڕ- بۆ چ کەسێکی وەك iX ]، pro سەردانی i X بکات ]ف. ل.

وەچەئاڕاستەکردنی گۆڕینۆکی (i X)

جارێکی دیکە ئەگەر لە نموونەی (٨٥ ا و ب و پ) وردببینەوە، دەبینین، کە لە ڕستەی (٨٥ پ)دا وشە پرسەکە گۆڕاوە بە فرێزێکی ڕادەی وەك (بۆ چ کەسێکی وەك i X) و مەودای سەرجەم پرسەکە سەرجەم ڕستەکە دەگرێتە خـۆی و ئـەم فرێـزی ڕادەیـە وەچەئاڕاسـتەی گۆڕینـۆکی (i X)ی لـەناو ڕســتەکەدا کــردووە. بەمــە ســەرکەوتوانە نوانــدی (ف. ل)ی ڕســتەکە خراوەتەڕوو و پڕۆسەکە و یاساکە جێبەجێ بووە. دەتوانین ئەم ڕاستییەش لە نموونەی (٨٦ ا و ب و پ)دا جەختی لێبکەینەوە:

(٨٦) ا/ لە کوێ ئەوت بینی ؟ د. ڕ١

ب/ [ لە کوێ i ]، t i [ ئەوت بینی ] ؟ د. ڕ٢

(پڕۆسەی باسمەندیی/ دەرهێنانی لۆژیکییانە).

پ/ [ لە چ شوێنێکی وەك i X، [ ئەوت بینی لە i X ]]؟ ف. ل



لێرەدا پەیوەست بەم شیکردنەوانەوە، دەبێت ئەوە بخەینەڕوو، کە لە ڕاستیدا گواستنەوەی وشەی پرس لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆی بۆ جێکەوتەی COMP یاسایەکی گواستنەوەی سەربەخۆیە و بە تەنها ڕوودەدات بۆ هەڵگواستنی ئاستی (د. ڕ) بۆ (ف. ل)، هەروەها یاسای (گۆڕینی وشەی پرس بۆ فرێزی ڕادە) یاسایەکی دیکەی ئەم هەڵگواستنەیە. بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم دوو پڕۆسەیە پەیوەست بەیەکەوە جێبەجێ دەبن، چونکە گواستنەوەی وشە/فرێزی پرس لە زمانەکەماندا تەنها داپۆشراوانە و لە ئاستی لۆژیکیدا جێبەجێ دەبن، ئەویش بۆ مەبەستی باسمەندیی پاشان ڕاستەوخۆ یاسای دووەم (یاسای گۆڕینی وشە/فرێزی پرس بۆ فرێزی ڕادە) جێبەجێ دەبێت بۆ هەڵگواستنی (د. ڕ)ی ڕستەی پرسیاری زمانی کوردی بۆ (ف. ل). ئەم ڕاستییە بە وردبونەوە لە نموونەی (٨٧ ا و ب و پ) و (٨٨ ا و ب و پ)دا دەردەکەوێت:

(٨٧)

ا/ ئارام بەبێ رامی گوتووە، کە کەژان کێی لە کوێ بینیوە ؟ د. ڕ١

ب/ ئارام بەبێ رامی گوتووە، کە[ کێ i ]،[ لە کوێ j ]، کەژان i t tj بینیوە؟ د.ڕ٢ (پڕۆسەی باسمەندیی/ دەرهێنانی لۆژیکیانە).

پ/ [ ڕ ئارام بەبێ رامی گوتووە، [ چ کەسێکی وەك i X، لە چ شوێنێکی وەك Y j [ ڕ– کە کەژان i X لە Y j بینیوە ]]]

(٨٨) ا/ تۆ گوتوتە، کە لاوێن چی نیشانی کێ دەدات؟ د. ڕ١

ب/ تۆ گوتوته، که [ چیٚ ]،[ کیٚ ]، لاویٚن t نیشانی t دەدات ؟

د. ڕ۲ (پرۆسەی باسمەندیی/ دەرهێنانی لۆژیکیانە)

پ/ [ ڕ تۆ گوتوته، [ چ شتێکی وەك i X، بۆ چ کەسێکی وەك j Y [ ڕ– کە لاوێن i X نیشانی j Y دەدات ]]]

**(۲) ئەو یاسایەی سەری (ف. ن)ی ڕستیلەی سەرجێناوی دەگۆڕێت بۆ فرێزی ڕادە:**

گریمانەی ئەم یاسایە لەو پرسیارەوە دەردەچێت، کە ئایا ڕستیلەی سەرجێناوی چۆن لە (ف. ل)دا دەخرێتەڕوو؟ سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین، کە نواندنی ڕادە لە (ف. ل)دا بریتی نییە لە حاڵەتی ڕستیلەی سەرجێناوی، بەڵام پاڵپشت بەو دابەشکردنەی بۆ ڕستیلەی سەرجێناوی کراوە و کراوەتە دوو بەشی وەك

(ڕستیلەی سەرجێناوی بەستراوە/بەند) و (ڕستیلەی سەرجێناوی ناسنودار/ئازاد)[122]. دەتوانین بڵێین ڕستیلەی سەرجێناوی سنوردار زیاتر مەبەست لێی ئەوەیە، کە کرۆکی ڕستیلە سەرجێناوییەکە واتای سەرجێناوی ڕستیلەی سەرجێناوییەکە دیاریبکات. لێرەشەوە پەیوەست بە


[122]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕستەی سەرجێناوی و خودی ڕستیلەی سەرجێناوی چ لە زانستی زماندا چ لە زمانی کوردیدا، بڕوانە:

ا/ محەمەد مەحویی (۲۰۰۱: ۲۵۱–۲۷۶) ب/ کاروان عومەر قادر (۲۰۰۸: ۱۱۲–۱۱٦)

a/ Lilliane Hegeman (2006:344-350)



بیروبۆچوونی( Kenan and Comrie1977) دەربارەی ئەم دیاریکردنە، دەتوانرێت خودی سەرجێناوی ڕستیلەی سەرجێناوی بکرێت بە دوو وەچە پۆلەوە، کە یەکێکیان لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتاکەی لەلایەن کرۆکی ڕستیلەی سەرجێناوییەوە دیاریدەکرێت، بەڵام ئەویدیکەیان دیاریناکرێت، کە ئەمەش پێی دەوترێت (دەسەڵاتی حوکمکردن بۆ بە سەرجێناوکردن "Domain of relativization")[123]، کە دەتوانرێت لە یاسای (۱۱)دا بخرێتەڕوو:




یاسای (۱۱)

دەکرێت ئەم یاسایەش لە نموونەی (۸۹)دا ئەزمونبەند بکرێت:

(۸۹)[ ڕستەی سەرجێناوی [ سەرجێناو ئەو کتێبەی، [ڕستیلەی سەرجێناوی کە من کڕیم دەربارەی نالی بوو ]]].

لە نموونەکەدا، دەبینین کرۆکی ڕستیلەکە واتای (ئەو کتێبەی) دیاریکردووە. لێرەشەوە (ئەو کتێبە) دەبێتە دوو وەچەپۆل، کە یەکێکیان بریتییە لە کتێبی ئاماژەپێدراو و ڕستیلەی سەرجێناوییەکە واتاکەی دیاریدەکات و ئەویتریشیان بریتییە لە وەچەپۆلی (کتێبەکانی تر)، کە

[123] –Jacobsen (1986:190)

کرۆکی ڕستیلەی سەرجێناوییەکە ناتوانێت واتاکەیان بۆ دیاریبکات. لە ئەنجامی ئەم دابەشکردنەی سەرجێناوەکەوە بۆ دوو وەچەپۆلی پەیوەست بە یاسای ژمارە (١١)ەوە دەتوانرێت ڕادەی (هەندێ) بهێنینە ناوانەوە بۆ لێکدانەوەی واتای سەرجێناوەکە، کە مەبەست لێی (هەندێ کتێبە)، تا جیای بکەینەوە لە هەموو ئەو کتێبانەی دیکە، کە لەسەر(نالی) نین. لە ئێستادا و پاش هێنانی ڕادە بۆ لێکدانەوەی واتای سەرجێناوی ڕستیلە سەرجێناوییەکە، دەتوانرێت ئەم گریمانەیە بۆ زمانی کوردی دابڕێژرێت بۆ چۆنیەتی گۆڕینی سەرجێناوی ڕستیلەی سەرجێناوی بۆ فرێزی ڕادە، تا بتوانرێت (ف. ل)ی ڕستە سەرجێناوییەکانی زمانی کوردی بنوێنرێت:

***گریمانەکە:*** پێویستە ڕادەکە و سەرجێناوی ڕستیلە سەرجێناوییەکە هاوسەرچاوەبن (واتە هاونیشانە کرابن)، ڕادەکە دوو گۆڕینۆکی ئەڵتەرناتیڤ ڕاڤە دەکات و پێکیانەوە دەبەستێت لەگەڵ بەستنەوەشیان بە سەرجێناوی ڕستیلە سەرجێناوییەکەوە (واتە سەرجێناوەکە و pro ی ڕستیلەی تەواوکەری یەکەم و دووەم بەیەکەوە دەبەستێت)[١٢٤]. لێرەشەوە چیتر ڕستیلە سەرجێناوییەکە دەسەڵاتی بە سەر جێناوەکەدا نامێنێت بۆ لێکدانەوەی واتاکەی بە هۆی هاتنەکایەی ڕادەکەوە لەناو سەرجێناوەکەدا و دواتر چوونی چەمکی ڕادەکە (باڵکێشانی مەودا سیمانتیکییەکەی) بۆ ناو هەردوو ڕستە تەواوکەرەکەی ڕستە سەرجێناوییەکە[١٢٥]. ئێستا پەیوەست بە

[124]– بۆ زانیاری لەسەر سروشتی ئەم بەستنەوەیە، بڕوانە:

ا/ محمد مەحوی(٢٠٠١) ب/ کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ١١٥).

[125]– وردەکاری زیاتری چۆنیەتی کارکردنی ئەم گریمانەیە لە زانستی زمان و زمانی ئینگلیزیدا بەرچاودەکەوێت لە:



گریمانەکە و یاسای ژمارە (١١)ەوە دەتوانرێت ئەم فۆڕمە گشتییەی شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی ژمارە (٥) بخرێتەڕوو بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکە و نواندنی (ف. ل)ی ڕستەی سەرجێناوی زمانی کوردی:

[ بۆ X، X ئەندامە لە دەسەڵاتی دابەشکردن بۆ وەچەپۆلەکان Domain divisible into subset "DDS"، X=سەرجێناوی ڕستیلەی سەرجێناوی ].

شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی ژمارە (٥)/فۆڕمی لۆژیکی ڕستەی سەرجێناوی

کۆنکرێتکردنی ئەم فۆڕمە ئەبستراکتە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نموونەی (٨٩) نواندنی (٩٠)ی هەبێت:

(٩٠) [ بۆ هەندێ X،X= ئەو کتێبە،[ هەروەها من Xم کڕیوە،[ X دەربارەی نالییە ]]]                ف. ل

پاساودانی تاقیکردنەوەی گریمانەکە لە نموونەی (٩١ ا و ب) و (٩٢ ا و ب)دا دەکەین:

(٩١) ا/ ئەو قەڵەمەی، کە من کڕیم، هەرزان بوو.

ب/ [ بۆ X، X ئەندامە لە دەسەڵاتی توانای دابەشکردن، X=ئەو قەڵەمە،[ من Xم کڕی،  [ Xەکە هەرزان بوو]]]       ف. ل

(٩٢) ا/ هەندێ قەڵەم، کە من کڕیبووم، هەرزان بوو.

ب/ بۆ هەندێ X، X=ئەندامە لە پۆلی قەڵەم،[ من Xم کڕیبوو،Xەکە هەرزان بوو]]]                ف. ل

Jacobsen (1986:342) .

دەتوانرێت فۆرمی لۆژیکی (٩٢ ب) لە (٩٢ پ)دا بخرێتەڕوو، کە تیایدا (∃) هێمای ڕادەکەیە و (X)یش هێمای گۆڕینۆکەکەیە:

پ/ [ ∃ x، x ئەندامە لە پۆلی قەڵەم، [ من xەکەم کڕیبوو،[ x ەکە هەرزان بوو]]] (ف. ل)ی ڕادەدار

ئێستا ئەگەر بەراوردی (ف. ل)ی (٩١ ب) و (٩٢ ب و پ) بکەین، دەبینین هەمان نواندنی لۆژیکین، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕاستی و دروستی گریمانەکە دەسەلمێنن و پاساودانیشی دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم شیکردنەوەیە دەتوانرێت بۆ نواندنی (ف. ل)ی ڕستەی سەرجێناوی بەکاربهێنرێت بۆ نواندنی (ف. ل)ی ڕستە ئاڵۆزەکان (لێکدراو و ئاوێتە)، کە بە هۆی ئامرازەکانەوە دەبەسترێنەوە[١٢٦]. بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەش با لە نموونەی (٩٣ ا و ب) بڕوانین:

(٩٣) ا/ ساوێن، کە دەیویست ببێتە مامۆستا، ئێستا لە ئۆفیس کار دەکات.

ب/ [ بۆ X=ساوێن[ ڕ X دەیویست ببێتە مامۆستا،[ X ئێستا لە ئۆفیس کار دەکات ]]] (ف. ل)ی ڕستەی ئاڵۆز.

تێبینی ئەوە بکە، کە لە بری ئامرازەکانی وەك (بەڵام، هەروەها،... هتد) کۆماوەیەکمان داناوە لە نێوان ڕستەکانی ڕستە ئاڵۆزەکە، چونکە دانانی ئەم پارتیکڵانە زیاتر پەیوەستە بە مەودای ڕادەوە[١٢٧]. تاقیکردنەوەیەکی دیکەی

126– ئەمجۆرە ڕستانە لە زمانی ئینگلیزیدا بە ڕستەی سەرجێناوی ناسنوردار/ئازاد ناوزەد دەکرێن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Jacobsen(1986:344)

127– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاری دووەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١٦٧–٢٥٧)



گریمانەکەمان، کە لە شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی (٥)دا خستمانەڕوو پەیوەست دەکەین بە یاسای (کەمکردنەوەی سەرجێناوی "Relative Reducation")ەوە، کە دەڵێت:

(٦) یاسای کەمکردنەوەی سەرجێناوی:

ڕستە سەرجێناوییەکان دەتوانرێن کەمبکرێنەوە و لە ڕستەیەکی ئاسایی سادەدا بنوێنرێن بۆ ئاسانی دەربڕین. لەمبارەشدا هەم ڕستە سەرجێناوییەکە هەم ڕستە سەرجێناوییە کەمکراوەکە هەمان نواندنی (ف. ل)یان دەبێت، کە ئەمەش ڕاستی و دروستی گریمانەکەمان و شێوەداڕشتنی ئەبستراکتی ژمارە (٥) دەسەلمێنێت[١٢٨].

سەلماندنی یاسای ژمارە (٦) لە نموونەی (٩٤ ا و ب)دا ئەزموونبەند دەکەین:

(٩٤) ا/ ئەو ژنەی، کە pro بە سەر شەقامەکەدا ڕادەکات، pro ویژدانی ئازاری دەدات. ڕستەی سەرجێناوی.

ب/ [ ئەو ژنەی[ بە سەر شەقامەکەدا ] ڕادەکات]،

ڕۆڵی بابەتانەی (٢)   ڕۆڵی بابەتانەی (١)

[ ویژدانی ] ئازاریدەدات. ڕستەی سەرجێناوی کەمکراوە.

ڕۆڵی بابەتانەی (٣)

لە (٩٤ ب)دا (ئەو ژنەی بە سەر شەقامەکەدا ڕادەکات) فرێزێکی ناوییە و ڕۆڵێکی بابەتانەی وەك بکەریی وەرگرتووە، هەروەها (بە سەر شەقامەکەدا) فرێزێکی پێشناوییە و ڕۆڵێکی بابەتانەی جیاوازی وەرگرتووە، هەروەها فرێزی ناوی (ویژدانی) وەك بەرکارێك ڕۆڵی بابەتانەی جیاوازی هەیە.

128 –Jacobsen (1986:192-193).

هەربۆیە پەیوەست بە گریمانەکەمانەوە دەربارەی نواندنی (ف. ل)ی بۆ ڕستە سەرجێناوییەکان دەبێت ڕادەکە و هەردوو گۆڕینۆکە ئەڵتەرناتیڤەکە ئەگەرچی بەستراونەتەوە بەیەکەوە، دەبێت سێ ڕۆڵی بابەتانەی جیاوازییان هەبێت، چونکە هەردوو ڕستەی (٩٤ ا) و (٩٤ ب) هەمان نواندنی (٩٥)یان هەیە:

(٩٥) [ بۆ X ،X ئەندامە لە دەسەڵاتی توانای دابەشکردن، X= ئەو ژنەی، [ X بە سەر شەقامەکەدا ڕادەکات، [ هەروەها X ویژدانی ئازاریدەدات ]]] . ف. ل

**(٣) یاسای گواستنەوەی ڕادە:**

ڕادەکان لە ئاستی قوڵدا، وەك هەر دەربڕاوێکی دیکە بوونیان هەیە و لە ئاستی (د. ڕ)یشدا دەردەبڕدرێن، کاتێك دەگوێزرێنەوە ڕاستەوخۆ دەچنە ئاستی (ف. ل)ەوە و نواندنیان دەبێت لەم ئاستەدا، با لەمبارەیەوە لە نموونەی (٩٦) و (٩٧) وردببینەوە:

(٩٦) فیل گیانداریکی گەورەیە.

(٩٧) دەمەوێت ماسییەکە لەم حەوزەدا بگرم.

لە ڕستەی (٩٦)دا (فیل) فریزێکی ناوی گشتییە (واتە نیشانەی سینتاکسی [ – دیاریکردن ] ی هەیە)، هەربۆیە نواندنی (ف. ل)ی (٩٨) دەبێت:

(٩٨) [ ڕ بۆ هەموو (i X)یك، (i X) ئەندامێکە لە پۆلی گیاندار [ ڕ– (X i)





گیاندارێکی گەورەیە ]]ف. ل.

ئێستا ئەگەر لە نواندنی (ف. ل)ی (٩٨) وردببینەوە، دەبینین کە فریزی ڕادەی (هەموو (i X))یك وەچە ئاڕاستەی گۆڕینۆکی (iX) لە (ڕ–)دا دەکات. بەمەش هاونیشانە دەکرێن و حوکم دەکرێن. کەواتە نموونەی (٩٦) و (٩٨) شیکردنەوەی ڕادەی گشتین و چۆنیەتی دەربڕینیان لە (ف. ل)دا، واتە (ناوی گشتی) وەك (ڕادەی گشتی) لە (ف. ل)دا لێکدەدرێنەوە، بەڵام لە نموونەی (٩٧)دا ناوی (ماسی) مۆرفێمی /–ەکە / ی دیاریکەری لەگەڵدایە. هەربۆیە وەك حاڵەتێکی (ڕادەی هەبونی) هەژمار دەکرێت. لێڵی ڕستەی (٩٧)یش هەر پەیوەستە بە بوون و نەبوونی ئەم مۆرفیمی دیاریکردنەوەوە، هەربۆیە دەکرێت (ف. ل)ی ڕستەی (٩٧) لە (٩٩)دا بنوێنرێت:

(٩٩) [ ∃ i x، (i x) ئەندامێکە لە پۆلە ماسی [ ڕ– دەمەوێت (i x)ەکە لەم حەوزەدا بگرم ]] ف. ل

لەم ڕوانگەیەوە با زیاتر لە نموونەی (١٠٠) و نواندنەکەی لە (١٠١)دا وردببینەوە:

(١٠٠) باوکی ئەو[ هەموو کەسێکی ] خۆشدەوێت.

(١٠١) [ ڕ بۆ هەر کەسێکی وەك (i X) [ ڕ– باوکی ئەو هەموو (i X)ی خۆشدەوێت ]] ف. ل

لە ڕاستیدا نموونەی (١٠٠) و نواندنی (ف. ل)ی (١٠١) جۆرێکی کۆنکرێتکەری یاسای (پەڕینەوەی لاوازن)، کە تیایدا ڕادەکە بۆ سەرەتای ڕستەکە لە (ف. ل)ەکەدا گواستراوەتەوە و بە سەر جێناوی (ئەو)دا

پەڕیوتـەوە، کـە ئەمـەش پێـشێلکردنی یاسـای (پەڕینـەوەی لاوان)ە. بـەڵام ئەگەر بڕوانینە نموونـەی (١٠٢) و بەراوردی بکـەین بـە (١٠٠)، دەبینین، کە یەك نواندنی (ف. ل)یان هەیە، کە دەشێت لە (١٠٣)دا بخرێتەڕوو:

(١٠٢) هەموو کەسێك دایکی ئەوی خۆشدەوێت.

(١٠٣) [ ڕ بـــۆ هـــەر کەســـێکی وەك i X [ ڕ- (i X) دایکـــی (i X‾) ی خۆشدەوێت ]] ف. ل

لــە (ف. ل)ی (١٠٣)دا دەبیـــنین، کـــە یاســـای (پەڕینـــەوەی لاوان) پێشێلنەکراوە، چونکە ڕادەکە بە سەر (دایکی ئەو)دا نەپەڕیوەتەوە و بازی نـەداوە. بەمـشێوەیە گواستنەوەی ڕادە گـەلێك ئـەنجامی سەرنجڕاکێـشی لـە ئاستی (ف. ل)دا دەبێت، کە وردەکارییەکانی دەکەوێتە بەشی دووەمـی ئـەم لێکۆڵینەوەیە.

## (٤) یاسای تیشکۆ "فۆکەس/ Focus":

ئەو پێکهاتانەی لە ڕستەدا و لە کاتی دەربڕینیاندا هێز/جەخت دەخرێتە سەریان (کە لە دەربڕینیدا بە ئاواز درکی پێدەکەین) لە ڕاستیدا لـە ئاسـتی (ف. ل)دا گواسـتراونەتەوە بـۆ سـەرەتای ڕسـتەکە و (ف. ل)ی تایبـەت بـە خۆیان دەبێت، کە دیسانەوە وەك نموونەیـەکی یاسـای (پەڕینەوەی لاوان)ن. با ئێستا بیر لـە نموونـەی (١٠٤) بکەینـەوە، کە نواندنی (ف. ل)ی (١٠٥)ی هەیە:

(١٠٤) دایکی ئەو ***کاروانی*** خۆشدەوێت.

(١٠٥) [ ڕ بۆ i X= کاروان [ ڕ− دایکی ئەو (i X)ی خۆشدەوێت ]]. ف. ل



لـە نواندنی (١٠٥)دا دەبیـنین، کـە (کاروان) پەڕیوەتـەوە بـە سـەر (دایکی ئـــەو) دا، بۆیـــە ناتوانرێـــت وا لێکبدرێتـــەوە، کـــە بەســـترابێتەوە بـــە گۆڕینۆکێکـەوە. ئەمـە لـە (ڕسـتە شـەقبوو "Cleft Sentence")ەکانـدا بـەو شـێوەیەی لێـدێت، کـە لـە بـەراوردکردنی نموونـەی (١٠٦) و (ف. ل)ی (١٠٧)ەوە دیارە:

(١٠٦) ئەوە ***کاروانە***، کە ئەوەی کردبوو.

(١٠٧) [ ڕ بـۆ i X= کـاروان [ [ ڕ− ئـەو (i X)یـە، کـە (i X) ئـەوەی کردبوو ]] ف. ل

## (٥) یاسای pro:

pro فرێزێکـی نـاوی بکـەریی دەرنـەبڕاوە، کـە لەگـەڵ بکـەری ڕسـتە گەورەکـە/سـەرەکییەکە لـــە ڕســـتە ئاڵۆزەکانـــدا یـــاخود لـــە ڕســـتە سەرجێناوییەکاندا هاونیشانە دەکرێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لـە ڕسـتەی (١٠٨) ڕابمێنین:

(١٠٨) [ من فەرمانم بە ئارام داوە، [ pro بڕوات ]].
i i

لە هەندێك ڕستەدا نازانرێت، ئایا ئـەو پێکهاتەیـەی لەگەڵیدا هاونیشانە دەکرێـت کامەیـە، ئەمـەش لێڵـی دروسـتدەکات، وەك لـە نموونـەی (١٠٩) و (١١٠)دا دیارە:

(١٠٩) [ ئازاد داواى لە خوشكى كرد [ pro بچێت بۆ سینەما ]].
i                    i
(١١٠) [ ئازاد داواى لە خوشكى كرد [ pro بچێت بۆ سینەما ]].
i          i

ئێستا ئەگەر هاتوو proەكە لەگەڵ (ئازاد) هاونیشانە كرابوو هەروەك لە (١٠٩)دا دیارە، ئەوا ڕستەكە (ف. ل)ى (١١١)ى دەبێت و مەبەست لەوەیە، كە (ئازاد داواى ڕووخسەت لە خوشكى دەكات بۆ سینەما

بڕوات). بەڵام ئەگەر هاتوو proەكە هاونیشانە كرابوو لەگەڵ (خوشك) هەروەك لە نموونەى (١١٠)دا دیارە، ئەوا ڕستەكە (ف. ل)ى (١١٢)ى دەبێت و مەبەستەكەش زیاتر بریتى دەبێت لەوەى، كە (ئازاد ڕووخسەت بە خوشكى دەدات بچێت بۆ سینەما).

(١١١) [ بۆ (X i) = ئازاد [ (X i) داواى لە خوشكى كرد [ (X i)ى بڕوات بۆ سینەما ]]]. ف. ل

(١١٢) [ بۆ (X i) = خوشكى ئازاد [ (X i) داواى لێكراوە[ (X i)ى بچێت بۆ سینەما ]]] . ف. ل سەلماندنى ئەمجۆرە شیكردنەوەیەى لە سەرەوە كردوومانە زیاتر پشت دەبەستێت بە (ڕێساى سڕینەوە "Erasure Principle")، كە بۆ یەكەمجار لەلایەن Rosenbaum (1967) ەوە دانراوە، كە وەك یاسایەك لەسەر بنەماى پەیوەندى نێوان دوو فرێزى ناوى پێویستى ڕستە دامەزراوە، یاساكە دەكرێت لە (١٣)دا بخرێتەڕوو و لە نموونەكانى (١٠٩ و ١١٠ و ١١١ و ١١٢) دا تاقیكرایەوە:



(١٣) ڕێساى سڕینەوە: ئەگەر(ف. ن)ى دراوسێى (ف. ن)ى دیكەى بەرزترى ناو ڕستەكە بوو، ئەوا هاونیشانە دەبن و كۆنترۆڵكەریشى دەبێت[129].

ئەم یاسایانەى لە كۆتایى ئەم پارەدا خرانەڕوو، ڕاستەوخۆ دەیسەلمێنن، كە ئاستى (ف. ل) لە چوارچێوى تیۆریى (دەسەڵات و بەستنەوە)دا لە ئاستى (د. ڕ)ەوە هەڵدەگوێزرێت. بەڵام بۆچوونەكە تەواو و پڕاوپڕ نابێت، تا تیڕوانینەكانى (بەرنامەى كەمینە)ش لەمبارەیەوە نەزانرێت. هەربۆیە بە وردى و زانستى لە بەشى دووەمدا بابەتەكە نەخشەى بۆ دەكێشرێت.

[129] -Jacobsen (1986:347)

## بەشی دووەم

# فـۆڕمی لـۆژیکـی مـەودالـۆژیکییەکـان لە زمـانـی کـوردیــدا

## ١/٢) فۆڕمی لۆژیکی لە چوارچێوەی (بەرنامەی کەمینە " Minimalism Program " (MP) ) دا:

### ١/٢-١) بەرنامەی کەمینە (چەمك و تێڕوانین):

بەرنامـەی کەمینـە هەوڵێکـە بـۆ دروسـتکردنی پێڕەوێکـی درکپێکـردن بـۆ تایبەتمەندییـەکانی (ڕێزمـانی گـشتی "Universal Grammar(UG)")، کـە پێشتر لە ڕێزمانی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا دامەزرابوو، بە تایبـەتی بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی ڕێزمانی گشتی، کە شینەکرابونەوە و تیۆری (ڕێساو پارامیتـەرەکان"Principle and Parameters(P&P)") داینەپۆشـی بـوون. کەواتـە بەرنامــەی کەمینــە لەســەربنەمای ڕێبــازی لێکۆڵینــەوەی (P&P)ی دامـەزراوە. ئاشکراشـە، کـە ئـەم تیۆرییـە هەوڵیـداوە شـێوەی توانـای زمـانیی دابڕێژێت بۆ داپۆشینی خودی ئەم توانایـە و گەیشتن بـە توانـستی زمـانیی. لە ڕاستیدا تیۆری (P&P) نـەیتوانیوە هەنـدێك لـە بەرهەمهێنانـە زمانییـەکان داپۆشێت، بە تایبـەتی لێکدانـەوەی مـەودا سیمانتیکییەکانی گواستنەوەی وشە/فرێزە پرسیارە هەمەچەشنەکان لە ڕستە پرسیارییە هەمەچەشنەکان و بەرزکردنـەوەی ڕادەکـان. ئەمـەش ڕێگـەی بـە زمانەوانـەکان داوە بـۆ جـەخت خستنە سەر پرسـیاری هەمەچەشـن، کە لـە هـەموویان گرنگتر ئەو پرسـیارە بـوو، کـە ئایـا چـەندێك لـەو ئەنجامانـەی ئـەم تیۆرییـە بـە دەسـتی هێنـاوە نموونەییانەیـە و دەتوانرێـت دیزاینێکـی ژمـارەیی بـۆ بکرێـت. بەمـشێوەیە، دەتوانین بڵێین، کە چۆمسکی کاتێك بەرنامەی کەمینـەی هێنایەکایـەوە[١٣٠] لـە

130 – بۆ زانیاری لەسەر سەرەتاکانی هێنانەکایەی ئەم بەرنامەیە لەلایەن چۆمسکییەوە، بڕوانە:

خاڵی سفرەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو چەمکی کەمینەیی بە شێوەیەکی کارەکیی لە هەر نواندێکی سەرەکی تیۆری سینتاکسی بەرهەمهێناندا دەبینرێتەوە. بۆ نموونە کەمینەیی چەمکێکی سەرەکییە، کە ڕاڤەی هەمەچەشن دەکات بۆ هەردوو چەمکی (حوکمکردن) و (گواستنەوە). لەم ڕوانگەیەشەوە کەمینەیی چەمکی (حوکمکردن) سنوردار دەکات بۆ (مەودا و دەسەڵاتی لۆکاڵی "Local Domain") بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە پەڕینەوەی حوکمکردنی هەندێ کەرەستەی بەیەکداچووی وەك یەك، هەروەها کەمینەیی بە شێوەیەکی نافەرمی ئاماژەی بەوە داوە، کە گواستنەوەی کەرەستەیەك نابێت باز هەڵبدات بە سەر کەرەستەیەکی دیکەی هەمان چەشنی کەرەستە گواستراوەکە لە کاتی گواستنەوە و بردنی بۆ جێکەوتە مەبەستدارەکە. ئەمە جگە لەوەی کەمینەیی لە گەشەسەندنەکانی دواتری تیۆری GBدا بە تایبەتی لە وەچەتیۆری (بەربەستەکان"Barriers")دا ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە پێناسەکردنی ئەو ڕێگەیەی، کە دەشێت گواستنەوەی تیا تەواو بکرێت وەك تیۆرییەك[١٣١].

بەرنامەی کەمینە لەسەردوو بیرۆکەی سەرەکی بونیادنراوە، کە ئاوێنەی یەکترین و پێکەوە چوارچێوەی گشتی بەرنامەکە دەکێشن، کە ئەوانیش بریتین لە:

Chomsky,Minimalisim Programm (1995)

[131]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەشدارییەکانی چەمکی کەمینەیی لە گەشەسەندنەکانی تیۆری GBدا و دەستپێکردنەکانی بەرنامەی کەمینە لە تیۆری P&Pەوە، بڕوانە:

a/ Arthur Stepanov, Gisbert Fanselow and Ralf Vagel (2004:1-3)
b/ Norbert Hornstein (995:59-62)



بیرۆکەی یەکەم// بریتییە لەو پێشنیازەی، کە تەنها یەك پێڕەوی ڕێزمانی گشتی بۆ هەموو زمانەکان هەیە و جیاوازی نێوان زمانەکانیش بە هۆی هەڵبژاردنە زمانییە جیاوازەکانەوە شیدەکرێتەوە.

بیرۆکەی دوهەمیش// کە ڕاستەوخۆ کرۆکی بەرنامەکە دەردەخات، ئەوەیە، کە باشترین ڕێگا (باشینەڕێگا "Optimal Way") بۆ بەستنەوەی (دەنگ و واتا) چییە و چۆنە[١٣٢]؟! بۆ تێگەیشتن لەو ڕاستیەش، کە بەرنامەکە لە کوێ و کەی کەموکورتی تێدەکەوێت و چەندێك لە بەرنامەکەش ڕاست و دروستە؟ چۆمسکی هەمیشە ئاماژەی بەوەداوە، کە کەمینەیی، هەروەك ناوەکەی پێشنیازی دەکات، زیاتر بەرنامەیەکە، واتە ڕەوتێکی لێکۆڵینەوەیە و هەرگیز تیۆرییەك نییە، هەربۆیە هەندێکجار زاراوەی (پڕۆژە "Project") بۆ بەرنامەکە بەکاردێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی، کە (کەمینەیی"Minimalist") نە ڕاستە و نە هەڵەشە، چونکە ئاشکرایە تیۆری ڕاست یان هەڵە دەبێت، بەڵام پڕۆژە یاخود بەرنامە یان بەپیت/بە بەرهەم یان بێ پیت/بێ بەرهەم دەبێت[١٣٣]. لە ڕاستیدا کەمینەیی لە زاراوەی (مەرجی بەستنەوەی کەمینەیی " Minimal Link Condition (MLC)")دا ئاماژەی پێدراوە، خودی زاراوەکەش لە سەرلەنوێ بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە (گواستنەوە) هەڵهێنجراوە، کە بە هۆیەوە

Pieter A. M. Seuren (2004:5) [132]

[133]– ئەم گفتوگۆیەی بەرنامەی کەمینە و تیۆری زمانەوانی و بڕیاردان لەسەر ئەوەی کەمینەیی بەرنامەیە نەك تیۆری، هەربۆیە دروستی نادروستی نایگرێتەوە، زیاتر بەدیدەکرێت لە:

a/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005: 6-7)
b/ Cedric Boeckx (2008:3-4)

**(گواستنەوە) بە زاراوەی (کەمەندکێش/ ڕاکێشان"Attract") [١٣٤] ڕاڤە دەکات. لە کاتێکدا بەرنامەی کەمینە گرنگی بە (مەرجی بەستنەوەی کەمینە"MLC") دەدات وەك مەرجێکی هەڵگواستنیی، شێوەدارشتنە نواندنییەکان لە چوارچێوەی کەمینەییدا گەشەی پێدراوە، تا دەگاتە (ماوەی گواستنەوە "Phase")ی بەرزتری (چۆمسکی) لە ساڵی (٢٠٠١)دا، تا دواتر چوارچێوەی گرت لە تیۆری (تیۆری نموونەیی "Optimal Theory")دا[١٣٥].**

## ٢-١/٢) ئاستەکانی نواندن لە بەرنامەی کەمینەدا:

**دەشێت تێڕوانینی بەرنامەی کەمینە دەربارەی ئاستەکانی نواندن لەوەوە دەست پێبکات، کە ئەگەر هەموو ئاستەکان پێویست بن، ئەوا دەبێت هەردوو ئاستی (ف. ل) و (ف. ف) دوو ئاستی ویستراوبن. نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت، کە گرنگترین بەڵگە دەربارەی زمانە سروشتییەکان ئەوەیە، کە هەموویان جووتەی (دەنگ و واتا)یان هەیە. کەواتە گریمانەی ستاندارد زیاتر بریتی دەبێت لەوەی، کە ڕێزمانی گشتی UG ئاستە زمانەوانییەکان دیاریدەکات، کە هەریەکەیان پێڕەوێکی هێماین و هەمیشە ناودەنرێن بە (پێڕەوی نواندن"Represenatation System"). هەربۆیە (چۆمسکی) دەربارەی ئەم ئاستانە دەڵێت:**

[١٣٤]– (چۆمسکی) لە پێناسەکردنی بۆ زاراوەی (کەمەندکێش "Attract")دا، دەڵێت: (((K)ی (F) بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، ئەگەر F نزیکترین نیشانە بوو، کە بتوانرێت بخرێتە ناو پەیوەندی تاقیکردنەوەیی لەگەڵ هەندێ (وەچەناو "Sublabel" )ی (K)دا )). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
a/ Chomsky (1995:297-356)

[135] –Arthur Stepanov, Gisbert Fanselow and Ralf Vagel (2004:3)



**((هەریەکە لە ئاستە نواندنییە زمانەوانییەکان واتای بێگومانی زانیارییە ڕێکخراوەکان دەربارەی دەربڕاوە زمانەوانییەکان دەسەلمێنن))[١٣٦]. لە تیۆری (تیۆری فراوانکراوی ستاندارد"Extend Standard Theory(EST")دا پەسنکردنی هەر دروستەیەکی زمانەوانی زیاتر لە ڕیزبەندی ئاستەکانی (د. ق، د. ڕ، ف. ل، ف. ف)دا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام گریمانەی سەرەکی بەرنامەی کەمینە ئەوە دەخاتەڕوو، کە زمان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە (فەرهەنگ"Lexicon") و (پێڕەوی ئاوەزیی "Computational System")[١٣٧]. (فەرهەنگ) کەرەستەکان و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانیان دیاریدەکات، کە دەخرێنە ناو پێڕەوە ئاوەزییەکەوە، پێڕەوە ئاوەزییەکەش ئەم کەرەستانە و تایبەتمەندییەکانیان بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی هەڵگواستنەکان و پەسنکردنی دروستەی ڕستەی زمانەکان. هەر لەمبارەیەوە (چۆمسکی) لە کارەکانی (١٩٩٨، ١٩٩٩، ٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٢)یدا پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە: ((زمان پێڕەوێکی تەواو و پڕاوپڕە"Perfect System" لەگەڵ دیزانێکی نموونەیی"Optimal Design"))[١٣٨]. کەواتە فەرهەنگ (کە لیستی وشەکان و تایبەتمەندییەکانیان دەگرێتە خۆی)، هەروەها شێوەی ڕستەکانیش (کە بە وشەکان دیزاینکراوە) بۆ گونجاندنیان و پەیوەستکردنیان بەیەکەوە پێویستە یەکەمجار وشەکان لە فەرهەنگەوە وەربگرین و ئەوکاتە وشە هەڵبژێردراوەکانمان بەیەکەوە ببەسترێنەوە لە ڕێگەی پرۆسە سینتاکسییەکانەوە. بەمەش دروستەی سینتاکسی نەخشەی بۆ دەکێشرێت و ئەم دروستەیەش وەك (تێکردەیەك "Input") بۆ پێکهاتەکانی دیکەی ڕێزمان**


[136] –Chomsky (1995:167)

[137] –Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005: 15).

[138] –Andrew Radford (2004:12) .

خزمەت دەکات، لە گرنگترین ئەو پێکهاتانەش، پێکهاتەی سیمانتیکییە، کە دروستە سینتاکسییەکە دەگۆڕێت بۆ پەیکاڵبوونی لەگەڵ نواندنی سیمانتیکی. یەکێکی دیکە لەو پێکهاتانەی، کە دروستەی سینتاکسی دەبێتە تێکردە بۆی، پێکهاتەی (ف. ف)یە، ئەم پێکهاتەیەش دروستە سینتاکسییەکە دەگۆڕێت بۆ نواندنی فۆنەتیکی، کە (دەرکردە"Output")ی فۆنەتیکیمان پێدەبەخشێت بۆ هەر دەربڕاوێک، کە لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێت. ئەم دوو پێکهاتەیەش هەریەکەیان ئاوێتە و تێکەڵی پێڕەوێك دەبن، چونکە نواندنە سیمانتیکییەکە لەگەڵ (پێڕەوی بیر)دا تێکەڵدەبێت و نواندنە فۆنەتیکیەکەش لەگەڵ (پێڕەوی قسە)دا تێکەڵ دەبێت.

پوختەی ئەم دروستە هەڵهێنجانەش دەکرێت لە داری زمانی (١)دا بخرێتەڕوو:




داری زمانی ژمارە (١)ی بەرنامەی کەمینە بۆ ئاستەکانی نواندن

لە ڕوانگەی مۆدێلی ژمارە (١)ەوە دەتوانین بڵێین، لەبەر ئەوەی نواندنی سیمانتیکی بە پێڕەوی بیر دەگات، بۆیە دەبێت تەنها ئەو کەرەستانە بگرێتە خۆی، کە بەشداری و هاوکاری واتا دەکەن، هەروەها لەبەر ئەوەی نواندنی



فۆنەتیکی بە پێڕەوی قسە دەگات، بۆیە دەبێت تەنها ئەو کەرەستانە بگرێتەوە، کە بەشداری و هاوکاری چۆنیەتی دەربڕینی ڕستەکە دەکەن. (چۆمسکی ١٩٩٣) پێیوابووە، کە: ((فۆڕمی لۆژیکی پەیوەستە بە پێڕەوی (ئاوەزی بەئەنقەست/مەبەستدار "Conceptual – Intentional(C-I")) وە فۆڕمی فۆنەتیکیش/فۆنۆلۆژیش پەیوەستە بە پێڕەوی (درکپێکردنی تەواو و پڕاوپڕە"Articulatory-Perceptual(A-P")ەوە))[139]. لە ڕاستیدا لە کارە سەرەتاییەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا وادانرابوو، کە ئاستی (C-I) زیاتر ئاستێکی (نیشانەیی– گواستنەوەیە"T-markers")، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئاوێتەی هەموو ئاستەکانی دیکەی نواندن دەبێت، بەڵام ئەم ئاستە لە تیۆری ESTدا بە شێوەیەکی گشتی وەرگیرابوو، تا ببێتە ئاستی (ف. ل). بەڵام لە بەرنامەی کەمینەدا هەموو زمانێك پۆلێك لە جووتەی ($\pi$، $\lambda$)[140] وەك نواندنی فەرمی (دەنگ و واتا) دیاریدەکات.

ئەم دوو ئاستەی بەرنامەی کەمینە پێشنیازکراوە بە بەراورد لەگەڵ تیۆری GBدا، کە تیایدا چوار ئاستی ڕێزمانی گرنگی (د. ق، د. ڕ، ف. ل، ف. ف) پێشنیازکرابوو. لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی بەرنامەی کەمینە نیشاندانی ئەوەیە، کە ئاستە ڕێزمانییەکانی (د. ق) و (د. ڕ) بوونیان نییە[141]. بەرنامەکەش لێرەوە ناڕاستەوخۆ ئەوەمان پێدەڵێت، کە تیۆرییە ڕێزمانییەکان نابێت دوو

---

[139] –Norbert Hornstein (1995:62).

[140] – ($\pi$) لە فۆڕمی فۆنەتیکییەوە کێشراوە و ($\lambda$)یش لە فۆڕمی لۆژیکییەوە کێشراوە. بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە:

a/ Chomsky (1995:169)
b/Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:15)

[141] – حاتەم ولیا محمد (٢٠٠٧:١٧).

ئاستی (د. ق) و (د. پ) لە ئاستەکانی دیکەی هەڵگواستن جیابکەنەوە. ئەم بۆچوونەش لە بەرنامەی کەمینەدا پێویستی بە نیشاندانی ئەوەیە، کە چۆن ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان سەرلەنوێ تازە بکەینەوە، بەوەی هەروەك چۆن دوو ئاستی (د. ق) و (د. پ) لە چوارچێوەی تیۆری GB [142]دا نەخشەیان بۆ کێشرابوو، بە هەمان شێوەیەش پەیوەست بە بەرنامەی کەمینەوە هەردوو ئاستی (ف. ل) و (ف. ف)یش سەرلەنوێ ئەزموونبەندانە داپۆشرێن.

لە ڕاستیدا لابردنی ئەم دوو ئاستەی نواندنی (د. ق) و (د. پ) وەك دوو ئاستی زمانەوانی گرنگ، کە تیایدا زۆرێك لە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان ڕاڤە دەکران، ئەنجامی زۆر شێلگیرانەی دەبێت لە خودی تیۆرییە زمانەوانییەکان و ئاڕاستەکانی بەرنامەی کەمینەیشدا لە ڕاڤەکردنیان بۆ زمان وەك پێڕەوێکی تەواو و پڕاوپڕ، کە نموونەییانە دیزاینکرابێت. هەربۆیە یاسای (α–بجولێنە) لە ڕێگەی یاسایەکی بونیادنانی دروستەی گشتی وەك (ئاوێتەکردن"Merge"، گواستنەوە"Move")ەوە سەرلەنوێ بیرلێکرایەوە. هەروەها (د. ق)یش وەك ئاستێکی نواندنی سەربەخۆ هەڵوەشایەوە و (د. پ)یش لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە (کە سانایانە بریتی بوو لە ڕووتبونەوەی نیشانە فۆنەتیکییەکانی نواندن لە خودی توانای لێکدانەوەی سیمانتیکییانە و ناونراو (دەرکردە"Spell Out")) سەرلەنوێ بیری لێکرایەوە، ئەم ڕاستیانەش لە داری زمانی (١)دا ئەزموونبەندانە خرایەڕوو.

142– بۆ تێڕوانینە جیاوازەکان لەو بارەیەوە، بە تایبەتی دەربارەی پەیکاڵبوونی ئاستی (د. ق) و (ف. ل)، هەروەها هەڵگواستنی (ف. ل) لە (د. پ)ەوە، بڕوانە پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).



## ٣–١/٢) سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە ئاستە نواندنییەکانی (د. ق) و (د. پ) لە چوارچێوەی (بەرنامەی کەمینە)دا:

### ١–٣–١/٢) دروستەی قوڵ (د. ق) لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا:

لە بنەڕەتدا (د. ق) لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا وەك ئەو ئاستە پەسنکراوە، کە تیایدا تایبەتمەندی لێکسیمەکان بە ڕێزمان دەگات بۆ مەبەستی قسەکردن. هەربۆیە بکەرە/بەرکارە لۆژیکییەکان دەبوونە بکەری/بەرکاری سینتاکسی......هتد. جێبەجێکردنی ئەم پەسنکردنەش پەیوەستکراوە بە هەردوو تیۆری (ڕۆڵی بابەتانە) و (X– بار)ەوە، کە یەکەمیان جەختدەکاتەوە لەوەی تەنها (جێکەوتە ڕۆڵی بابەتانەدارەکان) پڕدەکرێنەوە و دووەمیشیان جەختدەکاتەوە لەوەی ڕێکخستنی فرێزییانەی هەموو بابەتە سینتاکسییەکان هەمان داڕشتنی گشتیان هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی لە ڕووی گۆکردنەوە وەك ئەو ئاستە ڕاڤە دەکرێت، کە خاڵی تێکردەی لێکسیمەکان و دەرکردەی پرۆسەکانی دروستەی فرێزە، هەروەها تێکردەشە بۆ پرۆسەکانی گواستنەوەی ئاشکرا. بەمەش (د. ق) دەبێتە (خاڵی سەرەتا) بۆ هەڵگواستنە سینتاکسیەکان[143]. لەگەڵ ئەم گرنگییەی (د. ق) بۆ ئاستە ڕێزمانییەکانی دیکەی نواندن، بەرنامەی کەمینە پرسیارێکی کرۆکی وەك ئەوە دێنێتە کایەوە، کە ئایا (د. ق) بوونی هەیە؟

143– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تێڕوانینی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لە ئاستی نواندنی (د. ق)، بڕوانە:

ا/ پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

b/Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:48)

واتە ئەگەرچی (د. ق) بزوێنەری بەرهەمهێنانی ڕێزمانە لەو درکپێکردنەدا، کە ئاستی (د. ق) وەك ئاستێکی (بانگهێشتی خۆڕسکی "Recursion")[١٤٤]ی جفرە لێدەدرێت. بەڵام بەرنامەی کەمینە پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئایا (بانگهێشتی خۆڕسکی) سروشتییانە پەیوەستە بە ئاستی (د. ق)ەوە؟ ئەگەر (د. ق)مان لابرد پێویستە (بانگهێشتی خۆڕسکی)یش لە دەست بدەین؟

بەرنامەی کەمینە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەوەوە دەست پێدەکات، کە پێیوایە بەیەکەوە بەستنی لێکسیمەکان لە ڕێگەی یاساکانەوە بۆ دەستکەوتنی دروستەی ڕێزمانی گەورە و گەورەتر وەك تیۆری کرۆکی (د. ق) پێویستە پێیدابچینەوە، تاوەکو بتوانین شیکردنەوە بۆ (بانگهێشتی خۆڕسکی) ڕێزمان بە بێ گرنگیدان بە (د. ق) بکەین. ئەمەش لە ڕێگەی پڕۆسەی (ئاوێتەکردن)ەوە شیدەکاتەوە، بەوەی لە فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤدا هەم یەکە لێکسیمییەکان نیشتەجێن هەم شوێنی پڕۆسە ڕێزمانییەکان، کە ئەم یەکانە بەیەکەوە دەبەستێت و لە دروستەی فرێزەکاندا (بە پێی تیۆری X–بار) ڕێکیاندەخات. بەمشێوەیەش پڕۆسەی (ئاوێتەکردن) دوو لێکسیم وەردەگرێت و فۆڕمی پێکهاتیلەیەکی سینتاکسی نوێیان لێدروست دەکات[١٤٥] . بۆ نموونە، بۆ هەڵگواستنی ڕستەیەکی وەك

---

[144] – مەبەست لێی ئەو توانستە خۆڕسکییەی ئاوەزی مرۆڤە، کە بە هۆیەوە کەرەستە لێکسیمییەکان دەوروژێنرێن بۆ هاتنی یاخود هەڵبژاردنیان بۆ ناو ئاستی (د. ق). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

Samuel D. Epstein and T. Daniel Seely (2002:2-5)

[145] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پڕۆسەی ئاوێتەکردن لە بەرنامەی کەمینەدا، بڕوانە:

a/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:49)

b/ Wolfram Hinzen (2006:220ff)



(١) پڕۆسەی (ئاوێتەکردن) دوو کەرەستەی لێکسیمی وەك (ئاری) و (بینین) وەردەگرێت و فرێزی کرداری (١ ا)یان لێدروست دەکات و ئەم فرێزە کردارییەش لەگەڵ (کەس) ئاوێتە دەکرێت و بەشی کرداری کاتوکەسداری (١ ب)یان لێدروست دەکرێت و دواتر ئەم بەشی کردارەش ئاوێتەی بکەری (شیرین) دەکرێت و ڕستەی (١ پ) بە دەست دێت و پاشان ئەم ڕستەیەش ئاوێتەی پارتیکڵی تەواوکەرانەی (کە) لە جێکەوتەی compدا دەکرێت و لاڕستەی (١ ت) دەست دەکەوێت، ئینجا ئەم لاڕستەیەش ئاوێتەی کرداری (وتن) دەکرێت و فۆڕمی (١ ج)مان دەستدەکەوێت و دواتریش ئەم فۆڕمە ئاوێتەی لێکسیمی/بکەری (ئازاد) دەکرێت و فرێزی کرداری سەرەکی ڕستەکە دەستدەکەوێت، کە لە (١ د)دا خراوەتەڕوو، پاشان ئەمیش ئاوێتەی (کەس)ی کردار دەکرێت و ڕستەی لێکدراوی (١ هـ)مان دەستدەکەوێت. هەروەك لە خوارەوە پڕۆسەکە دەخرێتەڕوو:

(١) ئازاد گووتی: کە شیرین ئاری بینیوە.

ا/ ئاری + ئاوێتەی بینین ← [ ف.ك ئاری بینی ]

ب/ ف. ك + ئاوێتەی کەس ← [ ف. کرداری کەسدار ئاری بینیوە ]

پ/ ف. کرداری کەسدار + ئاوێتەی شیرین ← [ ڕ [ بکەر شیرین [ ف.ك ئاری بینیوە ]]]

ت/ ڕستە+ ئاوێتەی پارتیکڵی تەواوکەرانەی [ کە ]

← [ comp کە[ ڕ [ بکەر شیرین [ ف.ك ئاری بینیوە ]]]]

ج/ لاڕستە + ئاوێتەی کرداری (گووتن) ←

[ ك وتن [ comp کە[ ڕ [ بکەر شیرین [ ف.ك ئاری بینیوە ]]]]]

هـ/ بەشی کرداری ڕستەی لێکدراو+ ئاوێتەی(کەس)ی کردار ←

**[ ف.ك [ بکەر ئازاد [ ك گوتی: [ comp کە [ ڕ [ بکەر شیرین [ ف.ك ئاری بینیوە ]]]]]]]**

**لە ڕاستیدا ڕستەی (١) نموونەیەکی بانگهێشتی خۆڕسکی ڕێزمانییە، کە خودی دروستەکەی بە شکاندنەوە دروست بووە، وەك شکاندنەوەی (ف. ك) لەناو (ف. ك)دا... هتد. بەمشێوەیە بینیمان بێ هیچ گرنگی پێدانێك بە (د. ق) بانگهێشتی خۆڕسکی شیاوانە شیکرایەوە.**

**وێڕای ئەم بەڵگەیە، بەرنامەی کەمینە سەرلەنوێ شیکردنەوە دەکات بۆ بەهێزترین بەڵگە بۆ هەبوونی (د. ق)، کە ئەویش ئەو جیاوازییە، کە (د. ق) دەیکات بۆ جیاکردنەوەی (دروستەی ڕستەیەکی بکەر کۆنترۆڵکراو) و (دروستەی ڕستەیەکی بکەر بەرزکراوە) لە ڕێگەی (پێوەری ڕۆڵی بابەتانە) و (پەیوەندی– ڕۆڵی بابەتانە)وە[١٤٦]. بەرنامەی کەمینە ئەم دوو جۆرە بەرهەمێنانە/ بانگهێشتە خۆڕسکییە لەلایەن پرۆسەیەکی وەك**

146– ئەم دوو دروستەیە بەوە بەراورد دەکرێن، کە بکەری دروستەی کۆنترۆڵ دوو ڕۆڵی سیمانتیکی دەبینێت (هەم لە ڕستە لێکدراوەکە هەم لە ڕستە شکاوەکەشدا)، بەڵام بکەری دروستەی بەرزکراوە تەنها یەك ڕۆڵ لە دروستەی ڕستە شکاوەکەدا دەبینێت، وەك لە نموونەی (١ ا و ب)دا دیارە:

(١) ا/ حەمە ئاواتی خواست، pro گوڵە ماچ بکات. دروستەی کۆنترۆڵکراو

i i

ب/ گوڵە وادەردەکەوێت، t دڵگران بێت. دروستەی بەرزکراوە

i i

دەبینین (حەمە) لە ڕستەی (١ ا)دا دوو ڕۆڵی سیمانتیکی بینیوە، کە بریتییە لە ڕۆڵی (ئاواتخوازەر) و (ماچکەر)، بەڵام (گوڵە) لە ڕستەی (١ ب)دا تەنها یەك ڕۆڵی سیمانتیکی بینووە، کە بریتییە لە (دڵگرانی).



**(ئاوێتەکردنە)وە شیدەکاتەوە و لەم ڕێگایەشەوە یاسای ژمارە (١)دا دادەڕێژێت:**

**(١) ڕێسای نیشانەکردنی ڕۆڵی بابەتانە** Theta-Role Assigment Principle "TRAP":

**ڕێساکە دەڵێت:** ((**ڕۆڵی بابەتانەکان دەتوانرێن دیاری بکرێن تەنها لەژێر پرۆسەی ئاوێتەکردندا**))[١٤٧].

**لە ڕاستیدا کاتێك بە هۆی پرۆسەی ئاوێتەکردن و مەرجی** TRAP**ەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو دروستەیەدا دەکەین، ئەوا هەمان شیکردنەوەمان دەستدەکەوێت. ئەمە وێڕای جیاوازییەکی تریش، کە دەتوانرێت تەنها لە ڕوانگەی (ف. ل)ەوە ئاماژەی پێبدرێت، کە ئەویش ئەوەیە، کە جیاکردنەوەی ڕۆڵە سیمانتیکییەکانی کەرەستەکان لە ڕستەدا ئەرکی (ف. ل)یە. بەمەش سانا دوو ڕۆڵی سیمانتیکی جیاوازی بکەری دروستەی کۆنترۆڵکراوی بکەردیار و بکەرنادیار دەتوانرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە، لە کاتێکدا لە دروستەی بەرزکراوەی بکەردیار و بکەرنادیاردا ڕۆڵە سیمانتیکییەکان ناگۆڕێن، وەك لە نموونەی (٢ ا و ب) و (٣ ا و ب)دا دیارە:**

(٢) ا/ [ ئاواتخواز **کچەکە**i **ئاواتی خواست، کە** proi [ تاقیکەرەوە **دەزگیرانەکەی** ] **تاقیبکاتەوە.** **دروستەی کۆنترۆڵکراوی بکەردیار.**

147– ئەم ڕێسایە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی هەڵگواستنیدا بەکاردێت، بەوەی، کە بابەتە سینتاکسییەکان لە مۆدێلێکی هەنگاو بە هەنگاودا بونیاد دەنرێن ڕێکخستنیشیان لە ڕێگەی مەرجەکانی جێبەجێکردنی یاساکانەوە دەبێت. هەربۆیە لەمبارەدا ڕێساکە وەك ڕێسای (بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە ) ڕاڤە دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:54-57)

ب/ [ ئاواتخواز دەزگیرانەکەi ئاواتی خواست، کە proi تاقیبکرێتەوە لەلایەن کچەکەوە.                دروستەی کۆنترۆڵکراوی بکەرنادیار.

(٣) ا/ مامۆستاکەi وادەردەکەوێت،t i ئازاد تاقیبکاتەوە.

دروستەی بەرزکراوەی بکەردیار.

ب/ ئازادi وادەردەکەوێت،t i تاقیبکرێتەوە لەلایەن مامۆستاکەوە.

دروستەی بەرزکراوەی بکەرنادیار.

بەرنامەکە پێیوایە، ئەگەر بێتوو ئەم شیکردنەوانە بەس نەبن بۆ لابردنی (د. ق)، ئەوا داهێنەری بەرنامەکە ئەڵتەرناتیڤێك دەهێنێتەکایەوە بۆ (د. ق) (کە وەك خاڵی سەرەتای هەڵگواستنەکان ڕاڤە کراوە) . هەربۆیە (چۆمسکی ١٩٩٣) پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە: ((ئەمجۆرە خاڵی دەستپێکردنە بریتییە لە (ژمارەیی"Numeration") و واتێیدەگەین ببێتە پۆلێ لە جووتی (LI و i)، لە کاتێکدا (LI) بریتییە لە لێکسیمەکان و (i)یش بریتییە لە ئاماری (ژمارەی لێکسیمەکان)))[١٤٨].

بۆ نموونە ڕستەی (٤ ا) و (ژمارەیی لە (٤ ب)دا ئامار دەکرێت:

(٤) ا/ دەشێت ئەو کوڕە ئەو سەیارەیە بکڕێت.

ب/ ژمارەیی/ژ = {دەشێت١، ئەو ٢، کوڕ ١، سەیارە ١، کڕین ١}

دەبینین لە ڕستەی (٤ ا)دا دوو جار (ئەو) بەکارهاتووە و لێکسیمەکانی دیکەیش یەکجار بەکارهاتوون هەروەك ئامارکراوە لە (٤ ب)دا. بەرنامەی کەمینە پێیوایە، کە پێڕەوی ئاوەزی مرۆڤ توانای خستنە ناو یەکی ئەم

[148]– سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٩–٧٠).



کەرەستانە لێکسیمییانەی هەیە لە ڕێگەی پرۆسەی (هەڵبژاردن "Select")ەوە بە مەبەستی ئابووریکردن لە دەربڕینیدا. بۆ ئەمەش سەرەتا لێکسیمە چەندجار بەکارهاتووەکانی ڕستەکە کەمدەکاتەوە بۆ کەمترین ژمارەی شیاو و پاشان لێکسیمە یەکجار بەکارهاتووەکانیش دەکاتە سفر، ئەگەر هاتوو لابردنیان نەبووە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکە. بەمشێوەیە لە ڕستەی (٤ ا) ژمارەی (ئەو) و (کوڕ) و (سەیارە) کەمدەکاتەوە بۆ (سفر). بەمەش بانگهێشتی خۆڕسکی هەردوو لێکسیمی (دەشێت) و (کڕین) وەردەگرێت و لە ڕێگەی پرۆسەی (ئاوێتەکردن)ەوە ڕستەی (٥ ا و ب)ی لێدروستدەکات:


(٥) ا/ دەشێت بیکرێت.

ب/ ژ = {دەشێت ١، کڕین ١} .

بەرنامەی کەمینە پاش ئەم شیکردنەوانە و لابردنی (د. ق) سەرلەنوێ مۆدێلی (ڕێزمانی –T) دادەڕێژێتەوە، کە تیایدا (ژمارەی لێکسیمەکان و فەرهەنگی ژمارەییان) دیاریکراوە و پێڕەوی ئاوەزیش لە ڕێگەی پرۆسەی (هەڵبژاردن)ەوە ژمارەی پێویستی کەرەستە لێکسیمەکان بە دەست دەهێنێت، لێرەشەوە لە ڕێگەی پرۆسەکانی (ئاوێتەکردن و گواستنەوە)وە دروستە سینتاکسییەکان بونیاد دەنێت.

لەم پرۆسەی هەڵگواستنەشدا، پێڕەوەکە پرۆسەی (دەرکردە "Spell Out") بەکاردەهێنێت، کە پێڕەوە ئاوەزییەکە شەقدەکات بۆ دوو بەش و دەمانبات بۆ (ف. ف) و (ف. ل).

ئەم شیکردنەوەیەش لە مۆدێلی ڕێزمانی ژمارە (٢)[149] دا دیارە:




داری زمانی/مۆدێلی ڕێزمانی ژمارە (٢)

### ٢/١-٣-٢) دروستەی ڕووکەش لە بەرنامەی کەمینەدا:

ئاشکرایە (د. ڕ) لە تیۆری GB دا ئاستێکی نواندنی کرۆکی ناوەندی تیۆرییەکەیە. لە تیۆری GBدا ئەم ئاستە شوێنی جێبەجێکردنی تیۆری (دۆخی ڕێزمانی و بەستنەوە)یە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئاستەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە شیکردنەوەی سنوری نێوان گواستنەوەی ئاشکرا و داپۆشراودا. بەمشێوەیە دەتوانرێت بوترێت ورووژاندنی ئاستی (د. ڕ) هێندەی ورووژاندنێکی ئەزموونبەندانەی تەکنیکییە، ورووژاندنێکی

[149]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
a/ Wolfram Hinzen (2006:156-159) b/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:73)



چەمکییانە نییە بۆ سەرهەڵدانی[150]. لەم ڕوانگەیەوە (چۆمسکی ١٩٩٣) پێشنیازی ئەو گریمانەیەی کردووە، کە چ زەمینەیەکی ئەزمونبەند لە دەست دەدەین، ئەگەر بێتوو ئەو گریمانەیە قبوڵ بکەین، کە ئاستی (د. ڕ) بوونی نییە؟ (چۆمسکی ١٩٩٣ و ١٩٩٥) لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا بە لەبەرچاوگرتنی تیۆری (دۆخی ڕێزمانی) و (بەستنەوە) و (ئاڕاستەکانی گواستنەوە "Movement Parameters") و (بەهێزی نیشانەکانی گواستنەوە"Feature Strength") هەوڵیداوە ئەم پێشنیازەی بسەلمێنێت، کە لە ڕاستیدا ئاستی (د. ڕ) بوونی نییە. لایەنە جیاوازەکانی ئەم گفتوگۆیە لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:

### ١-) تیۆری دۆخی ڕێزمانی:

لە تیۆری GBدا هەموو (ف. ن)ی پێویستە دۆخی ڕێزمانی پێبەخشرێت لەلایەن سەرێکی ڕێزمانییەوە، لەبەرئەوەش لە تیۆری GBدا دۆخی ڕێزمانی واگفتوگۆ کراوە، کە پەیوەستە بە (ف. ل) و (ف. ف)ەوە،کە دوو ئاستی جیابووەوەن لە ئاستی (د. ڕ)، هەربۆیە دەبێت بەخشینی دۆخی ڕێزمانی لەسەر ئاستی (د. ڕ) ڕووبدات، نەك (د. ق)، چونکە هەمیشە کاتێك دۆخ دەبەخشرێت، کە گواستنەوەکان جێبەجێ کرابێتن. واتە پاش گواستنەوە دۆخی ڕێزمانی دەبەخشرێت. بۆیە بەم پێیە بێت، دەبێت لەسەر ئاستی (د. ڕ) جێبەجێ ببێت. ئەم ڕاستیانە ڕێگەی نەگرتووە لە بەرنامەی کەمینە، بەوەی پرسیاری ئەوە بکەن، ئەی بۆ نابێت دۆخی ڕێزمانی لەسەر ئاستی (ف. ل) یان (ف. ف) نەبەخشرێت؟ ئەگەر لە ڕوانگەی مۆێلی

[150] –Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:25)

**ڕێزمانی ژمارە (٢)ەوە بیر لەم پرسیارە بکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە دەرکردەی پرۆسە داپۆشراوەکان پاسیڤە، هەربۆیە ئەگەر دۆخ لەسەر ئاستی (ف. ل)یش ببەخشرێت، ئەوا پێکهاتەی (ف. ف) تێبینی ئەم دۆخ بەخشینە ناکات. ئاشکراشە بنەمای تیۆری دۆخی ڕێزمانی ئەوەیە، ئەگەر فرێزێکی ناوی دۆخی پێبەخشرا، ئەوا دەبێت لە دەربڕینی فۆنۆلۆژییانەی ئەو فرێزەدا دەربکەوێت. بەم پێیە بێت، دەبێت دۆخی ڕێزمانی لەسەر ئاستی (ف. ل) نەبەخشرێت. خۆ ئەگەر بێتوو هەر لە ڕوانگەی مۆدێلی ڕێزمانی ژمارە (٢)ەوە بیر لە بەخشینی دۆخی ڕێزمانی لەسەر ئاستی (ف. ف) بکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین، ئەگەر دۆخ لەسەر ئاستی (ف. ف) ببەخشرێت بە فرێزێکی ناوی، ئەوا ڕۆڵی بابەتانەی ئەو فرێزە لەسەر ئاستی (ف. ل) شیاو نابێت و پێوەری ڕۆڵی بابەتانە پێشێل دەکات و لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، چونکە بە پێی (مەرجی شیاو "** Visibility Condition**") تیۆری دۆخی ڕێزمانی و تیۆری ڕۆڵی بابەتانە پەیوەستن بەیەکەوە و (ڕۆڵی بابەتانەی (ف. ن)ی لەسەر ئاستی (ف. ل) شیاو دەبێت، تەنها ئەگەر خاوەنی دۆخی ڕێزمانی بوو). ئەنجام دەبێت دۆخ لەسەر ئاستی (ف. ف) نەبەخشرێت. کەواتە ئاستی (د. ڕ) باشترین ئاستە بۆ بەخشینی دۆخی ڕێزمانی[151]. (چۆمسکی ١٩٩٣) پێیوابووە ئەم ڕاستیانەی سەرەوە ڕووکەشێکی هەڵخەڵەتێنەرن و تەنها لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر بیر لە تەکنیکی نوێ بکەینەوە، ئەوا ئاستی (د. ڕ) ون دەبێت و**

[151] –Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:25-29)



**بوونی نامێنێت[152]. بۆ دەستکردن بە دانانی ئەم تەکنیکە نوێیە، سەرەتا پرسیار لە چەمکی (بەخشین/ پێدان)ی دۆخی ڕێزمانی دەکات و دەڵێت، دەبێت بەخشینی/پێدانی دۆخ چی بێت؟! لەمبارەیەوە ئەم پێیوایە، کە بۆ نموونە (بکەر) لە ڕستەدا سەرەتا لە ئاستی (د. ق)دا وەك چەپکە نیشانەیەك دەبێتە تێکردەی ئاستی (د. ق) بێ بوونی هیچ دۆخێك و (کاتوکەس)ی کرداریش خۆڕسکییانە خاوەنی دۆخی ڕێزمانی بکەرییە و دواتر ئەم چەپکە نیشانەیە لەگەڵ دۆخی بکەرییەکەیدا یەکدەگرن و لە پێکهاتەی (ف. ف)دا لە شێوەی (ف. ن)دا دەردەکەوێت، هەروەك لە شێوەی نموونەیی(٦ ا و ب و پ)دا خراوەتەڕوو:**

(٦) ا/ [+ کەسی سێیەمی تاك, + نیر/مێ, + جێناو] + کردار+ کاتوکەس [ دۆخی بکەریی ] ←—— د. ق

ب/ [+ کەسی سێیەمی تاك, + نێر/مێ, + جێناو, +دۆخی بکەریی] + کرداری کاتوکەسدار ←—— د. ڕ

پ/ ئەو بینرا ←—— ف. ف

[152]– بۆ زانیاری زیاتر لە گفتوگۆکانی ئەم بوارە و چەند و چونەکانی بوون و نەبوونی ئاستی (د. ڕ) لە نێوان تیۆری GB و بەرنامەی کەمینەدا، بڕوانە:

a/Samuel D. Epsten and T. Daneil Seely (2002:9-10)

b/ Howard Lasnik (2003:42-46)

لەم شیکردنەوەیەوە (چۆمسکی) پێیوابووە، کە (ف. ن)ی لەسەر ئاستی (د. ق) خاوەنی نیشانەی دۆخی ڕێزمانییە و ئەم نیشانانەش دەبێت لەسەر ئاستی (ف. ل) تاقیبکرێنەوە. لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیەش بەوە دەبێت، کاتێک جێناوەکە دەبێتە تێکردە بۆ (د. ق) بە تەواوی دیاریدەکرێت لە ڕێگەی فۆڕمی (ئەو)ەوە زیاتر لەوەی لە ڕێگەی چەپکە نیشانەیەکەوە بێت نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانی ئەم جێناوە ڕێگە پێنەدراوە، چونکە حوکمنەکراوە لەلایەن سەرێکی ڕێزمانی دۆخدارەوە. هەربۆیە نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانی جێناوەکە لەگەڵ نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانی سەرە حوکمکەرەکەی تێکەڵ دەبن و پێکەوە ژمارەیەکی زۆری نیشانەی دۆخی ڕێزمانی دروستدەکەن و تیۆری دۆخی ڕێزمانی ڕازیدەکەن و جێناوەکەش ڕێگەی پێدەدرێت لە دروستەکەدا. کەواتە لە بری ئەوەی بڵێین (ف. ن)ەکە دۆخی پێدەبەخشرێت لە ڕێگەی سەرێکی حوکمکەرەوە، بەرنامەی کەمینە دەڵێت، پێویستە

(نیشانەکانی- دۆخی ڕێزمانی)ی (ف. ن)ەکە ڕێگەی پێبدرێت لە ڕێگەی گونجاندنی لەگەڵ نیشانەکانی دۆخی سەرە حوکمکەرەکەوە. بەمەش لە بری چەمکی (بەخشین) ئەڵتەرناتیڤی (تاقیکردنەوە "Checking") دادەنێین. بەمشێوەیە ئەگەر بوترێت دۆخی ڕێزمانی تاقیدەکرێتەوە نەک دەبەخشرێت، ئەوا بەڵگەکانی پێشوو بۆ هەبوونی ئاستی (د. ڕ) هەڵدەوەشێتەوە[153]. بە پێی ئەم گریمانەیە، مادام هەموو (ف. ن)ی خاوەنی نیشانەی دۆخی ڕێزمانییە لە ئاستی (د. ق)دا، هەربۆیە پێکهاتەی (ف. ف) زانیاری

153- a/Norbert Hornstien (1995:63-64).
b/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:29-32)



دەربارەی ئەو کەرەستەیە هەیە، کە دەرنەکەوتووە، تەنانەت ئەگەر زانیارییەکە پچڕ پچڕ یان پارچە پارچەش بن. هەربۆیە دەتوانین بڵێین دۆخی ڕێزمانی لەسەر ئاستی (ف. ل) تاقیدەکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە با لە نموونەی (٧) بڕوانین:

(٧) * خولە پێ هات

ناڕێزمانی ڕستەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕاستە (ف. ن)ی (پێ) بە پێی ئەم گریمانە نوێیە خاوەنی نیشانەی دۆخی ڕێزمانییە، بەڵام سەرێکی حوکمکەری نییە ئەم نیشانەیە تاقیبکاتەوە. هەربۆیە (پێ) پێشێلی پاڵێوەری دۆخی ڕێزمانی لەسەر ئاستی (ف. ل) کردووە.

### ٢- تیۆری بەستنەوە:

لە چوارچێوەی تیۆری GBدا سەلمێنراوە، کە هەرسێ ڕێسای [ (A) و (B) و (C) ] ی تیۆری بەستنەوە لەسەر ئاستی (د. ڕ) جێبەجێ دەکرێن[154]. بۆ نموونە لێرەدا تەنها ڕێسای (C) وەردەگرین، کە دەڵێت: ((فرێزی ناوی دەبێت نەبەستریتەوە و ئازاد بێت))[155]. ئێستاش لە ڕوانگەی ئەم ڕێسایەوە لە نموونەی (٨ ا و ب و پ) ورددەبینەوە:

154- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سێ ڕێساکەی تیۆری بەستنەوە، بڕوانە:
ا/ حاتەم ولیا محمد (٢٠٠٦ ) ب/ سەباح رشید (٢٠٠٩) پ/ ڤیان حاجی سلێمان (٢٠٠٩).
a/ Daniel Buring (2005:2-22) .
155- Daniel Buring (2005:21).

(٨) ا/ دوای ئەوەی ئازادi ڕۆیشت، ئەوi نەسرینی بینی.

ب/ * [ ئەو ] نەسرینی بینی، دوای ئەوەی [ ئازاد ] ڕۆیشت     د. ق

i ←............*............ i

پ/ [[ دوای ئەوەی [ ئازاد ] ڕۆیشت ] [[ ئەو ] [ نەسرینی بینیt ]] د. پ

←——————

i     √     i

ئەگەر لە نموونەکە وردببینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین، ڕێساکە لەسەر ئاستی (د. ق) جێبەجێ نابێت، چونکە ڕستەکە هەڵە دەردەچێت و فرێزی ناوی (ئازاد) لەلایەن جێناوی (ئەو)ەوە ئاڕاستە دەکرێت، کە ئەمەش پێشێلی ڕێسای (C) دەکات و ڕستەکە هەڵە دەردەچێت. خۆ ئەگەر وا دابنێین، کە ڕێساکە لەسەر ئاستی (د. پ) یان (ف. ل) جێبەجێ دەبێت، ئەوا ئەنجامەکەی دەستکەوتنی ڕستەیەکی دروستی وەك (٨ پ)یە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە (چۆمسکی ١٩٩٣) لە شێوەی پێشنیازێکدا خستویەتەڕوو، بەوەی جێبەجێبوونی ڕێسای (C) لەسەر ئاستی (ف. ل)یە زیاتر لەوەی لەسەر ئاستی (د. پ) بێت[١٥٦].

لە شیکردنەوەکانیشیدا بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە، ئەو ڕستە پرسیارییانەی وەرگرتووە، کە دوو وشەی پرسیان تیایە. ئێمەش لە بە ئەنجام گەیاندنی شیکردنەوەکەمان هەمان پێڕەو وەردەگرین. لەم ڕوانگەیەشەوە با بیر لە نموونەی (٩) بکەینەوە:

156– شیکردنەوە و ئاڕاستە جیاوازەکانی بەڵگە هێنانەوەکانی زانا چۆمسکی لە سەلماندنی ئەم پێشنیازەیدا دەبینرێتەوە لە: a/ Norbert Hornstein (1995: 64-67)

b/ Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:33-37)



(٩) کێ چی خوارد؟

پەیوەست بەو گریمانەیەی، کە گواستنەوەی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا زیاتر لە ئاستی لۆژیکیدا و پەیوەست بە یاسای (فۆکەس/تیشکۆ)ەوە جێبەجێ دەبێت[١٥٧]. دەتوانین بڵێین، ئەم ڕستەیە دوو خوێندنەوەی هەیە، بە پێی ئەوەی جەختکردنەوەی ئاوازەکە لەسەر کام وشەی پرسە، هەربۆیە دوو پرسیاریش دەردەبڕێت، هەربۆیە پێویستی بە دوو وەڵامی جیاوازیشە، کە زیاتر ئەم دوو وەڵامە پەیوەست دەبێت بەوەی (کەسی بخۆر) کێیە؟ و (شتی خوراو) چییە؟ ئەمجۆرە لێکدانەوە و بەدەستهێنانی وەڵامانەش تەنها لە دەسەڵاتی شیکردنەوەکانی ئاستی (ف. ل)یە، چونکە لەم ئاستەدا ئەمجۆرە ڕستەیەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی داپۆشراو هەردوو وشە پرسەکەی تیا گوێزراوەتەوە بۆ سەرەتای ڕستە و قسەکەر بە پێی پێویستی بە جۆری زانیارییەکە فۆکەسەکە دەخاتە سەر ئەو وشە پرسەی مەبەستیەتی و واتاکەی پێ دەردەبڕێت و لە بەرانبەریشدا بەم جەختکردنەوەیەی قسەکەر، گوێگر وەڵامی شیاو بۆ قسەکەر دابین دەکات. ڕاستی گواستنەوەی داپۆشراوی ڕستەی (٩) لە دروستەی ڕستەی (١٠)دا ئەزموونبەند دەکرێت:

(١٠) [ چی + کێ ]، [ t t خواردی ]؟

j i     j     i

لەم نموونەیەدا ئاشکرا دیارە، کە پڕۆسەی هاونیشانەکردن و وشە پرسە گواستراوەکان و گۆڕینۆکەکانیان سەرکەوتووانە جێبەجێکراوە. بەمەش ڕاستەوخۆ ئەوە دەسەلمێت، کە تیۆری (بەستنەوە) نەك هەر لەسەر

157– بڕوانە: کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا،٢٠٠٨.

ئاستی (ف. ل) جێبەجێ دەبێت، بەڵکو زۆر سەرکەوتووانە بە ئەنجام دەگات وەك لە جێبەجێبوونی لەسەر ئاستی (د. پ). توانای لێکدانەوەی بەستنەوەی گۆڕینۆکەکان بە کەرەستە گواستراوەکانیانەوە لە باشترین ئەو بەڵگانەن، کە بە هۆیەوە زانیاری پێویست پرسیاری لێدەکرێت و دەشگەیەنرێت. شیکردنەوەکانیش سەرجەمیان پشتگیری جێبەجێبوونی (تیۆری بەستنەوە) لەسەر ئاستی (ف. ل) دەکەن.

### ٣-) (ئاڕاستەکانی"Parameters") گواستنەوە:

بەڵگەیەکی دیکەی هەبوونیی ئاستی (د. پ) لە چوارچێوەی تیۆری GBدا ئەوەیە، کە زمانەکانی جیهان لە زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانیاندا جیاوازن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا (وشەی پرس) لە ڕستەی پرسیاریدا تەنها لە ئاستی لۆژیکیدا و لە ڕێگەی فۆکەسەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەکە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی پرسیاری شێوە دارشتنی بۆ دەکرێت بە هۆی گواستنەوەی ئاشکرای دەربڕاوە پرسیارییەکانەوە بۆ Specی CP. بەڵام ئەم تێڕوانینە لە بەرنامەی کەمینەدا هەڵدەوەشێتەوە، چونکە لەم بەرنامەیەدا گریمانەی ستاندارد ئەوەیە، کە هەموو زمانەکان لەگەڵ جیاوازییەکانیشیاندا لە (ف. ل)یاندا هاوشێوەن. بۆ نموونە نەبوونی گواستنەوە ئاشکراکان لە هەندێك لە زمانەکاندا لەگەڵ جیاوازی ئاڕاستەی گواستنەوەکانیان، بەڵام لە زمانەکانی دیکەدا بە هۆی پرۆسەی گواستنەوەی داپۆشراوەوە ڕووندەکرێتەوە و بەرانبەر دەکرێت بە هەبوونی گواستنەوە ئاشکراکان. بەمەش (ف. ل) ڕاستگۆیانە پێماندەڵێت زمانەکان لە چیدا لەیەکدەچن؟ لەبەرئەوەی لە بەرنامەی کەمینەدا و لەسەر



ئاستی (ف. ل) ئەم هەمەچەشنییە لە کاتی تێکردنی داتاکان بۆ ناو پێڕەوی ئاوەزیی ڕاستە، ئەویش بە شێوەیەکی لاواز بە تایبەتی لە (داتا زمانەوانییە بەرایییەکان "Primary Linguistics Data(PLD)")دا، چونکە پێویستە (ف. ل) هەمەچەشنی لەخۆ نەگرێت و لەناو ڕێزمانی جیاوازی زمانە جیاوازەکاندا هەمان شت بێت.

### ٤-) بەهێزیی نیشانەی گواستنەوە Feature Strength:

زۆرجار لە چوارچێوەی تیۆری GBدا شیکردنەوەی گواستنەوەکان دەخرێتە پێش ئاستی (د. پ) لە هەندێك لە زمانەکاندا بە ناوی (گواستنەوەی ئاشکرا) وەك لە زمانی ئینگلیزیدا بەرچاو دەکەوێت، هەندێکجاریش ئەم شیکردنەوەیە دەخرێتە پاش ئاستی (د. پ) لە هەندێك لە زمانەکانی دیکەدا بە ناوی (گواستنەوەی داپۆشراو) وەك لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام تیۆریەکە بە هیچ کلۆجێك هۆکاری ئەم پاش و پێشخستنەی گواستنەوەمان بۆ پێش/پاش ئاستی (د. پ) بۆ ڕووناناکاتەوە، بەڵام لە بەرنامەی کەمینەدا وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە دەست دەکەوێت، چونکە لە بەرنامەکەدا (هەروەك لە ٢/١-٣-٢-١) تایبەت بە دۆخی ڕێزمانی سەلمێنرا) گواستنەوەکان بە هۆی پێویستی تاقیکردنەوەی (نیشانەکانی - دۆخی ڕێزمانی)ەوە ڕوودەدەن. بەرنامەی کەمینە ئەم نیشانانە دەکات بە دوو چەپکە نیشانەوە، کە بریتین لە:

یەکەم// نیشانەی بەهێز، ئەم نیشانانە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە ئاڵۆزن بۆ دەربڕین، هەربۆیە دەبێت پێش شەقبوونی (دەرکردە) بۆ (ف. ل) و (ف. ف) تاقیبکرێنەوە.

دووەم// نیشانەی لاواز، ئەم نیشانانە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە شیاون بۆ دەربڕین، هەربۆیە لەسەر ئاستی (ف. ل) و پاش شەقبوونی (دەرکردە) تاقیدەکرێنەوە.

ڕێزمانی زمان لەیەککاتدا هەردوو چەپکە نیشانەکان تاقیناکاتەوە، بەڵکو بەپێی پێویستی یەکێکیان تاقیدەکاتەوە و ئەویتریشیان بە شێوەیەکی لاواز و سست تاقیدەکاتەوە و بەمەش دەوترێت مەرجی (دواخستن" Procrastinate "). هەر بەهۆی ئەم مەرجەشەوەیە، کە دەبێت (نیشانە لاوازەکان) داپۆشراوانە تاقیبکرێنەوە[١٥٨]. شیکردنەوەکانی ئەم وەچەپارە ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامە پێشنیاز دەکەن، کە ئاستی (د. ڕ) بوونی نییە. ئەمەش ئەنجامێکی سەرنجڕاکێشە، هەربۆیە بەرنامەکە پێشنیازی ئەوەی کردوە، کە (د. ڕ) ئامرازێکی جێبەجێکردنی تەکنیکیانەیە زیاتر لەوەی ئاستێك بێت و پشت ئەستوور بێت بە چەمکی بەهێز و چوارچێوەی زمانەوانی ئەزموونبەند.

### ٤-١/٢) فۆڕمی لۆژیکی وەك تەنها ئاستی بەرنامەی کەمینە:

ئەو شیکردنەوانەی لەسەر نەبوونی هەردوو ئاستی (د. ق) و (د. ڕ) لە هەردوو وەچەپاری (٢/١-٣-١) و(٢/١-٣-٢) دا پێشکەشکران ڕاستەوخۆ هێمای پرسیار لەسەر (ف. ل) وەك ئاستێکی سەربەخۆی نواندنی زمانەوانی لادەبن، کە پێشتر لە تیۆری GBدا هەمیشە دەبووایە بەڵگە بۆ هەبوونیی (ف. ل) و وەك ئاستێك بهێنرێتەوە[١٥٩].

158 –Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:39-41).

159 – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەمجۆرە بەڵگانە لە تیۆری GBدا، بڕوانە: پاری (دووەم)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦-١٣٨).



بەمشێوەیە ئاستی (ف. ل) لە بەرنامەی کەمینەدا دەبێتە تەنها ئاستی نواندن، کە گشت ڕێسا و یاسا ڕێزمانی و سیمانتیکییەکانی تیادا جێبەجێ دەبێت و لێکدەدرێتەوە، هەر لە (بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە و بەرهەمهێنانی دروستەی فرێز، تاوەکو تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانی و جێبەجێبوونی تیۆری بەستنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەکان)، تا دەگاتە ترۆپکی لێکدانەوەی زمانەوانی، کە ئەویش بەدەستهێنانی (بیر "Thought")ە وەك ڕاستی و ڕاستەقینەیەك لە فۆڕمی ئەبستراکت و لۆژیکی دەربڕاوەکانەوە[١٦٠]. هەر بۆ مەبەستی جەختکردنەوە لەو ڕاستییەی، کە بەرنامەی کەمینە کرۆکەکەی چ وەك ئاستێکی نواندن چ وەك بابەتێکی سەرەکی بریتییە لە (ف. ل)، بەرنامەکە (ف. ل/ λ) دەکاتە کارەکتەری دوو مەرجی سەرەکی، کە ئەوانیش بریتین لە:-

١) مەرجی گشتێتی "Inclusiveness Condition"، کە مەرجەکە دەڵێت:

((بابەتی (ف. ل/λ) پێویستە بونیاد بنرێت تەنها لە ڕێگەی نیشانەی کەرەستە لێکسیمیەکانەوە، کە بە ژمارە/ N ئاماژەی بۆ دەکرێت))[١٦١].

٢) مەرجی هاوشێوەبوون "Uniformity Condition"، کە دەڵێت:

((ئەو پرۆسانەی شیاون لە پێکهاتەی داپۆشراودا پێویستە هەمان پرۆسەی شیاویش بن لە سینتاکسی ئاشکرادا))[١٦٢].

160 –Samuel D. Epatein and T. Daniel Seely (2002)

161 –Norbert Hornstein, Jairo Nunes and Kleanth's K. Grohmann (2005:74)

بەمشێوەیە ئاستی (ف. ل) ئاستێکی ئاوێتەی ڕووبەڕووە لەگەڵ ئاستی (ف. ف)، کە تیایدا سەرجەم پڕۆسە زمانەوانییەکان هەم جێبەجێ دەبێت هەم لێکدەدرێتەوە. ئاستەکەش ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووە لەگەڵ ئاستی (ف. ف) بۆ گونجاندنی (بیرەکان و دەربڕاوەکان) و ساناکردنی (دەربڕینی بیرەکان) و (لێکدانەوەی واتا و بیری دەربڕاوەکان). شیکردنەوەکانی ئەم پارەی لێکۆڵینەوەکەمان هەروا بە هەڵواسراوی ناتوانێت نەخشەی زانستی و کۆنکرێتکەری بۆچوونەکان بخاتەڕوو. هەربۆیە لە گشتێتی زمانەوە دەست پێدەکەین و دەمانەوێت بە شێوەیەکی کارەکیی چەمکە ڕادەییەکانی زمانی کوردی و مەوداکانیان و لێڵییەکانیان و چۆنیەتی ڕەواندنەوەیان و گەلێك بابەتی ڕاستەوخۆی پەیوەستی دیکە بە دیاردەکەوە بەم بەرنامەیە بهۆنینەوە.

## ٢/٢) فۆڕمی لۆژیکی مەودا لۆژیکییەکان لە زمانی کوردیدا:

### ٢/٢-١) گشتێتی لە زماندا:

زۆرجار مرۆڤ چ بۆ مەبەستی خۆپاراستن و مانەوەی چ بە مەبەستی ڕێونکردن و شاردنەوەی شوێنپێی کار و کردەوەکانی لە دەوروبەر و کۆمەڵەکەی چەمکەکانی ئاوەزی (بە تایبەتی ئەو چەمکانەی لەبەر هەر هۆکارێك بێت جێگەی مەترسین بۆ خودی خۆی و بەرانبەرەکانی) لە فۆڕمی زمانی گشتیدا دادەڕێژێت و دەردەبڕێت. ئەمەش بەو نیازەی کاریگەری ئاڵۆزییەکانی ژیان لەسەرخۆی و بەرانبەرەکانی نەهێڵێت، یاخود بە لایەنی

[162]– سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧٤-٧٥).



کەمەوە ئەو کاریگەرییە کەمبکاتەوە. ڕەنگە هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بێت، مرۆڤ هەمیشە هەوڵیدابێت یەك چەمك بە چەندین فۆڕمی جیاواز دابڕێژێت و دەرببڕێت، بەڵام لەناو سەرجەم ئەو فۆڕمە زمانییانەدا تەنها یەك فۆڕم هەیە، کە هەڵگری چەمکە ڕاستی و ڕاستەقینەکەی ئاوەزی مرۆڤە. هەربۆیە دۆزینەوەی ئەم فۆڕمە ئاوەزییانە وەك بنەمایەکی گرنگ نەخشە دەکێشن بۆ تێگەیشتن لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وەك (پەروەردە، ئەدەب، سیاسەت و یاسا، میدیا، دیبلۆماسیەت و زۆرێك لە بوارە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەیش). بەڵام ڕەنگە تێگەیشتن و بە دەستهێنانی چەمکە ڕاستەقینەکانی ئەم بوارە جیاوازانە هەروا سانا نەبێت، ئەگەر لە سەرەتادا تەلیسمە جیاواز و ئاڵۆزەکانی گشتێتی و دۆزینەوەی فۆڕمە ئاوەزییە ڕاستی و ڕاستەقینەکانی چەمکە ڕووتەکانی ئەم چەمکە گشتییانە لە خودی زماندا لێکۆڵینەوەیان تیانەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوە ڕادەییەکان (تاڕادەیەکیش وشە/فرێزە پرسیارییەکان) باشترین نموونە بن بۆ تێگەیشتن لەم چەمکی گشتێتییەی باڵی بە سەر پێکهاتە زمانییەکاندا کێشاوە، بە تایبەتی دەربڕاوە ڕادەییەکانیان. هەربۆیە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی وردێتی ئەو مەودا واتاییەی، کە ڕادەکان لە ئاخاوتنەکانماندا بەرجەستەی دەکەن پێویستی شیکردنەوەی مەودا وەك دیاردەیەك و مەودا وەك ڕێسایەکی زمانەوانی بە سەر لێکۆڵنەوەکەدا دەچەسپێنن. لە ڕاستیدا هەر ئەم پێویستییە وای لە ژیربێژ و زانایانی لۆژیك و زمانەوانەکان کردووە لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕوانگەی پسپۆڕی خۆیانەوە لەسەردەربڕاوە

ڕادەییەکان و مەوداکانیان بکەن[163]. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین گشتێتی وەك چەمکێك ئەو وێنایەیە، کە زۆرجار ڕووکاری دەربڕاوەکانی زمانی داپۆشیووە، بە تایبەتی لەو ئاخاوتنانەی دەربڕاوە ڕادەییەکان (یاخود وشە/فرێزە پرسیارییەکان) ئەندامە تیایاندا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکەکە، با لەم ئاخاوتنەی خوارەوە وردببینەوە:

(١١) ا/ ئێستا ***نانی گەرم*** خۆشە.

ب/ کوڕە، بەم برسێتییە! ***هەموو شتێك*** خۆشە.

بە وردبوونەوە لە ڕستەی (١١ ا)دا بۆماندەردەکەوێت، کە دەربڕاوە بکەرییەکە (نانی گەرم) تەنها هەڵبژاردنی تاکێکی دیاریکراوە و بەشەکرداری (خۆشە)ش هەندێك تایبەتمەندی ئەو تاکە دیاریکراوەیە (کە لێرەدا زیاتر مەبەست لێی خۆشی چێژی بۆن و تامەکەیەتی). بەمشێوەیە واتای تەواوی ڕستەکە بە دەست دێت، ئەگەر تاکەکە تایبەتمەندی هەبوو. بەڵام وردبوونەوەکەمان لە ڕستەی (١١ ب)دا ئەم لێکدانەوەیەمان پێنابەخشێت، چونکە دەربڕاوە بکەرییەکەی ئەم ڕستەیە (هەموو شتێك) جگە لە گشتێتییەکی دیارینەکراو هیچ شتێکی دیکە دەرنابڕێت و بەشەکرداری (خۆشە)ش ناتوانێت ببێت بە تایبەتمەندییەکی ئەو هەموو شتەی لە ئاوەزی قسەکەردایە، چ جای ئاوەزی گوێگر بتوانێت واتایەکی

163– ئەو کار و لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا کراون گەلێکن، ڕەنگە بەرچاوترینیان بریتی بێت لە کاری زاناکانی وەك:

Barwis &Cooper (1981) و Higginbothman&May(1981) و Keenan & Stavi (1986)

بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 794)
b/ Stanley Peter and Dag Westerstahl(2002:5-12)



تەواو و پڕاوپڕ و لۆژیکییانەی لێهەڵبهێنجێت. ئەم ڕاستییەش لە خۆیدا کێشەیەکی ئاڵۆزە و ڕووبەڕووی ئاوەز و تێگەیشتن دەبێتەوە. هەربۆیە هەم لە سیمانتیکدا (بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی سیمانتیکی ئەمجۆرە دەربڕاوانە) و هەم لە لۆژیکی چاولێکەرانەدا (بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی ڕاستی و ڕاستەقینەی ئەمجۆرە دەربڕوانە) کێشەکە بەوە چارەسەر کراوە، کە بەشدارییە واتایی و لۆژیکییەکەی دەربڕاوی (هەموو شتێك) لە ڕستەی (١١ ب)دا، بریتییە لە تایبەتمەندی بوون لە نێوان (هەموو شتێك)دا، واتە ڕستەی (١١ ب) کاتێك ڕاست دەبێت، ئەگەر شتەکان (چەمکە گشتییەکە لە ڕستەکەدا) کەوتنە ژێر چەتری تایبەتمەندییەکی زانراو بە هۆی دەربڕاوە ڕادەییەکەوە (هەموو شتێك). خۆ ئەگەر هاتوو ڕادەکە ڕادەیەکی وەك (هیچ شتێك) بوو، ئەوا دەبێت بزانین بەشداری ڕادەکە بۆ ڕستەیەکی وەك (١١ پ) بریتی دەبێت لە تایبەتمەندی بوون لەناو (هیچ شتیك)دا، واتە تایبەتمەندی بەتاڵ.

**(١١) پ/ کوڕە، ئێستاکە! *هیچ شتێك* خۆش نییە.**

کەواتە چارەسەری کێشەی هەردوو ڕستەی (١١ ب و ١١ پ)، واتە چارەسەری چۆنیەتی هەڵهێنجانی (نرخی سیمانتیکی و نرخی ڕاستی) ئەم دەربڕاوە ڕادەییە و بەشدارییان لە واتا و لێکدانەوەی لۆژیکی هەردوو ڕستەی (١١ب و١١پ)دا بەوە دەکرێت، کە مامەڵەیان وەك تایبەتمەندی تاکەکان (هەروەك چۆن مامەڵەی تاکێکی وەك "نانی گەرم"مان کرد) نەکەین، بەڵکو زیاتر هەروەك Frege[164] (1879,1891,1893) پێشنیازیکردووە،

164– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 795-796).
b/ Stanley Peter and Dag Westerstahl(2002:15-18)

**وەك تایبەتمەندی تایبەتمەندییەكان مامەڵەیان بكەین. واتە مامەڵەی ئەم دەربڕاوانەی گشتێتی (بە تایبەتی دەربڕاوە ڕادەییەكان) وەك (ئاستی دووەمی چەمكەكان) بكەین، نەك تایبەتمەندی ڕاستەوخۆی تاكەكان.**

## ٢-٢/٢) چەشن و جۆرەكانی ڕادە:

**تایبەتمەندییەكان بە سەر تاكەكاندا (دەربڕاوە زمانییە تاكەكان) جێبەجێ دەبن، هەروەك دەربڕاوی (نانی گەرم) لە ڕستەی (١١ ا)دا یان وەك هەر دەربڕاوێكی دیكەی وەك (ئازاد، نەسرین، سێو... هتد)، بەڵام تایبەتمەندییەكان بە سەر دەربڕاوە گشتییەكاندا (دەربڕاوە ڕادەییەكان) جێبەجێ نابن. هەربۆیە بە مەبەستی دروستكردنی ئەم زیندوویەتییە بۆ ڕادەكانیش، دەتوانین لە ڕوانگەی تیۆری (بەرهەمهێنانی ڕادەكان)ەوە سەرلەنوێ دەربڕاوە ڕادەییەكانیش لە ڕێگەی (پۆل "Group")ەوە بخەینەڕوو، واتە ئەگەر بێتوو تایبەتمەندی ڕادەكانمان بە هۆی (پۆل)ەوە خستەڕوو، ئەو كاتە سانایانە دەتوانین نرخە سیمانتیكییەكانی گشت دەربڕاوێكی ڕادەیی بە یاسای (٢) بخەینەڕوو:**

**یاسای (٢):**

**نرخی سیمانتیكی دەربڕاوە ڕادەییەكان بریتییە لە پۆلی پۆلەكان/ تایبەتمەندی تایبەتمەندییەكان[١٦٥].**

**بۆ تێگەیشتن لەم یاسایە، كە وەك تیۆرییەك وەهایە (كە بریتییە لە تیۆری بەرهەمهێنانی ڕادە)، دەتوانین ڕستە، كە وەك دەق وەهایە و بە (د. ) هێمای بۆ بكەین. لەم دەقەدا (د. ) هەم بەشەكردار هەم دەربڕاوە ڕادەییەكان**

165– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 797.



**(كە وەك بكەرن) نرخی سیمانتیكییان هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین: نرخی سیمانتیكی بەشەكردار لە دەقی (د. )دا بریتییە لە (وەچەپۆلیی بۆ د. ) نرخی سیمانتیكی دەربڕاوێكی ڕادەیی وەك (هەموو شتێك ∀) بریتییە لە (پۆلی وەچەپۆلەكانی د. ).**

**لەم شیكردنەوەیەدا نرخی سیمانتیكی (∀) بریتییە لەوەی، كە هەموو (د. )ەكە/تەواوی گشتەكە دەگرێتەوە وەك لە ڕستەی (١١ ب)دا دیاربوو.**

**لە ڕوانگەی ئەم شیكردنەوانەی سەرەوە و لە ڕوانگەیەكی لۆژیكیانەوە دەتوانین بڵێین دوو چەشن ڕادەمان هەیە[١٦٦]:-**

**ڕادەی گشتی: لە زمانەكەماندا، ئەمجۆرە ڕادەیە زیاتر لە هەردوو فۆرمی (هەموو ∀) و (هەندێك ∃) دا دەردەكەوێت، كە زیاتر واتا چەمك و گشتێتی دەنوێنن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم چەشنە دەبێتە دوو جۆری سەرەكی:-**

**ا- ڕادەی گشتی (هەموو/گشت/سەرجەم)، كە بە هێمای (∀) ئاماژەی بۆدەكرێت و زیاتر مەبەست لێی ئەو ڕادەیەیە، كە واتا و نرخە ڕاستییەكەی بریتییە لە گشتی قەبارەی دەقی (د. ).**

166– لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم دوو چەشنەی ڕادە بە هەردوو هێمای (QM و QR ) ئاماژەیان بۆ دەكرێت. لە ڕاستیشدا ئەم دوو هێمایە ئاماژەدانە بە لێكۆڵینەوەكانی (Mostowski(1959، زۆرجاریش بە (بەرهەمهێنانی ڕادەكان/ ڕادەكانی Mostowski)یش ناودەبرێت هەروەها ئاماژەدانە بەو ڕادانەی (Rescher(1962 لێكۆڵینەوەی تیاكردووە.

بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Norbert Hornstein(1986:17-22) b/Stanley Peter and Dag Westerstahl(2002:37) =c /Paul Portner and Barbara H. Partee(2002:75-78) d/ Stanley Peter and Dag Westerstahl(2006:242-243)    e /Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 798)

**ب–) ڕادەی هەبوونیی (هەندێك)، کە بە هێمای (∃) ئاماژەی بۆدەکرێت و زیاتر مەبەست لێی ئەو ڕادەیەیە، کە واتا و نرخە ڕاستییەکەی بریتییە لە نیوەی قەبارەی دەقی (د. ). کەواتە ئەو نرخە سیمانتیکییەی دەیبەخشێت بە ڕستەکە، بریتییە لەوەی (پۆلێکی وەچەپۆلەکانی د. )ە و بەتاڵ نییە، واتە تایبەتمەندییەکەی بریتییە لە (هەبوونیی نابەتاڵی). هەروەك لە ڕستەی (١٢)دا دیارە:**

**(١٢) هەندێك سێوم دەوێت.**

**١) ڕادەی تایبەتی/ لۆکاڵی: لە زمانەکەماندا، ئەمجۆرە لە زۆر فۆڕمی جیاوازدا خۆی دەردەخات. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژییانەی لەسەر ئەم چەشنە ڕادەیە کراوە، دەکرێت فۆڕمەکانی بە چەند نموونەیەکی وەك: (کەمێك/نەختێك/تۆزێك، دوو چەپکە نێرگز، چەند کەسێك، زۆر، هەر) بخرێتەڕوو[١٦٧].**

[167]– لە زمانەوانی کوردیدا، وێڕای چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی ڕادە، دوو لێکۆڵینەوەی ئەزموونبەندی دیکەمان هەیە، کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لەلایەن (یوسف شریف و قەیس کاکل)ەوە پێشکەشکراون، کە لە ڕووی مێژووەوە لێکۆڵینەوەکەی (قەیس کاکل) نوێترە و بە دوای لێکۆڵینەوەکەی (یوسف شریف)دا هاتووە. لە هەردوو لێکۆڵینەوەکەدا زۆر بە وردی بابەتی ڕادەییان لە زمانی کوردیدا لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکییەوە شیکردۆتەوە. ئەمە جگە لە گفتوگۆکردنی سەرجەم ئەو کارانەی لەم بوارەدا لەلایەن زمانەوانەکانەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە (هەربۆیە هێنانەوە و گفتوگۆکردنی ئەم لێکۆڵینەوانە لێرەدا بە پێویست نازانرێت). ئاڕاستەکانی ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە کراوەتە بنەما بۆ =تێگەیشتن لە بنەما مۆرفۆلۆژییەکانی ڕادە لە زمانەکەماندا لەم لێکۆڵینەوەیەدا. ئەمە وێڕای نامەی ماستەری (چیا عەلی)، کە بەوردی دەربارەی گروپەکانی ڕادە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دواوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:



**لە ڕاستیدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەما ژیربێژی و لۆژیکییەکانی قوتابخانەی زمانەوانی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)، ئەوا دەبینین، کە هەر لە سەرەتاوە چەمك و تیۆری (دوو پەلکیی "Binary Theory") بنەمای داڕشتنی دروستە سینتاکسییەکانی بووە[١٦٨]. هەربۆیە لەم دابەشکردنەی خرایەڕوو بۆ ڕادەکان (گشتی و لۆکاڵی) لە زمانەوانیدا بە گشتی و لە زمانەکەشماندا زیاتر ئەم (دروستە دووانییە/دوو پەلکییە) بەرچاودەکەوێت. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین تیۆری (دروستەی دووانیی) تەنها بنەما نییە لە سینتاکسدا، بەڵکو لە سیمانتیك و لۆژیکیشدا بە مەبەستی دیاریکردنی مەودای لۆژیکی و تێگەیشتن لە ڕاستی و ڕاستەقینەیی دەربڕاوەکان و چەمکەکانیان، بە تایبەتی دەربڕاوە ڕادەییەکان دەکرێتە بنەما. بۆ نموونە با لەم نموونانە وردببینەوە:**

**(١٣) ا/ هەموو مرۆڤێك پیاو نییە.**

**ب/ هەندێك پیاو مرۆڤە.**

**(١٤) ا/ زۆرینەی خەڵکی یەك کەسێتیان هەیە.**

**ب/ هەردوو کەوەکە ڕاوکران.**

**پ/ نەختێك برنجم بۆ بکێشە.**

ا/ یوسف شریف (١٩٩٩: ١٠٣–١٣١) ب/ قەیس کاکل (٢٠٠٣: ١٨–٣٣) پ/ چیا عەلی (٢٠٠٨: ٢٦–٤٣) و ئەو سەرچاوانەی لەم دوو سەرچاوەیەدا پێشکەشکراون و گفتوگۆکراون.


[168]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/Andrew Carstairs McCarthy(2002:74)b/ Peter W. Culicover and RayJakendoff (2005:112-116)
c /Klaus Van Heusinger and Ken Turner (2006:367-368)

ئێستا ئەگەر لەم نموونانە وردببینەوە، ئەوا دەبینین، کە لە هەردوو نموونەی (١٣ ا و ١٣ب)دا دروستە دوانییەکە ڕوون و دیارە، بەوەی لە (١٣ ا)دا بەراورد لە نێوان (ئەو مرۆڤانەی پیاون/ وەچەپۆلی مرۆڤی پیاو) لەگەڵ (ئەو مرۆڤانەی پیاو نین/پۆلی وەچەپۆلی مرۆڤی ناپیاو) کراوە، بەڵام لە نموونەی (١٣ب)دا بەراورد لە نێوان (ئەو پیاوانەی وەك مرۆڤێك وان و بوونیان هەیە/ وەچەپۆلی پیاوە مرۆییەکان) لەگەڵ (ئەو پیاوانەی وەك مرۆڤێك بوونیان نییە/پۆلی وەچەپۆلی پیاوە نامرۆییەکان) کراوە، بەڵام لە نموونەکانی (١٤ا و ١٤ب و ١٤پ)دا زیاتر بەراوردکراوە لە نێوان قەبارەی بەشەکرداری گەیەندراو بە قەبارەکە بۆ تەواوی بابەتەکە لە بووندا، واتە هەوڵدراوە بەراوردی وەچەپۆلی پۆلێکی جیهان بکەن بە وەچەپۆلەکانی دیکەی پۆلەکە. ئەمەش لەو ڕێیەوە کراوە، کە بەراوردی (خەڵکە یەك کەسایەتییەکان، دوو کەوە ڕاوکراوەکە، برنجە ویستراوەکە) دەکەن بە وەچەپۆلەکانی دیکەی پۆلی (خەڵکەکان، کەوەکان، برنجەکە).

بەمشێوەیە و لە ڕوانگەی نموونە و شیکردنەوەکانیانەوە دەتوانین بڵێین، کە دیاریکردنی واتا و مەودای ڕادەکان ڕەنگدانەوەی نیشانە بنچینەییەکانی سینتاکسی زمانە سروشتییەکانە، کە لەم ڕادانەی زمانە سروشتییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی، ئەگەر ئەم دروستە دوانییە نەبێت ناتوانین لە واتا و مەودای ڕادەکان و ئەو ناوانەی لەگەڵ ڕادەکاندایە تێبگەین و نرخێکیان بدەینێ. ئەم ڕاستییەی ناو نموونەکانی پێشوو دەتوانرێت لە داری زمانی (٣)دا بەرجەستە بکرێت:






ڕەنگدانەوەی دروستەی دوانیی (دوو پەلکیی) لە لێکدانەوەی ڕادەکاندا
داری زمانی (٣)

جێبەجێکردنی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە (واتە تێگەیشتن لە واتا و مەودای ڕادەکان، کە لەسەربنەمای دروستەی دووانییە/ بەراورد لە نێوان شتەکاندا) پێویستمان بە فراوانکردنی خودی تیۆری (بەرهەمهێنانی ڕادە)یە. واتە بۆ شیکردنەوەی ئەم دروستە دوانییەی ڕادەکان ناتوانین تەنها پشت ببەستین بە (یاسای یەکەم)، بەڵکو پێویستمان بە تێگەیشتن هەیە لە پەیوەندی نێوان (پۆلەکان)یش، کە ئەمەش بە تیۆری (پەیوەندی بۆ واتای ڕادەکان/دیاریکەرەکان) ناسراوە، هەروەك لە یاسای (٣) خراوەتەڕوو:

یاسای (٣):

نرخی سیمانتیکی بۆ زۆرێك لە دەربڕاوە ڕادەییەکان/ دیاریکەرەکان لەناو زمانە سروشتییەکاندا بریتییە لە پەیوەندی نێوان پۆلەکان[169].

169 –Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 799).

**لە ڕوانگەی ئەم یاسایەوە دەتوانرێت بە ڕادەکان بگوترێت (دیاریکەرەکان)[170]، چونکە ڕیزبەندی ئەو ڕادانەی لە هەردوو کۆمەڵە نموونەی (١١٣ و ١٣ب) و (١١٤ و ١٤ب و ١٤پ)دا بینیمان، کە لە داری زمانی (٣)یشدا خرابوونەڕوو، زیاتر جێکەوتەی (دیاریکەر) پڕدەکەنەوە لە فرێزی ناوی بکەردا. هەربۆیە لە دارە زمانییەکەدا کاتێك لە نرخی سیمانتیکی و لۆژیکی ڕادەکان دەگەین،کە نرخی (ف. ن)یە ڕادەییەکان و نرخی (ف. ك)یەکان پەیوەست بکات بەیەکەوە. بەمشێوەیە، هەروەك لە شیکردنەوەکانی یاسای (٢)دا پێشنیازانکرابوو، کە بەشەکردارەکان وەچەپۆلی (د. /ڕستە)کەن و فرێزە ناوییە ڕادەییەکانیش پۆلی وەچەپۆلی (د. /ڕستە)کەن. بەمشێوەیە، پێویستە دیاریکەرەکان/ڕادەکان پەیوەندی لە نێوان (وەچەپۆلی د. و پۆلی وەچەپۆلی د.)دا دروست بکەن، تا لە نرخی سیمانتیکی و مەودا لۆژیکییەکانیان تێبگەین. لە ڕاستیدا ئەم یاسایە (کە دەشێت وەك تیۆرییەکیش وەربگیرێت) یارمەتیمان دەدات، تا بە ئاسانی ڕاڤەی مەودای تەسك و فراوانی ڕادەکانی زمانەکەمان بکەین. کەواتە دەتوانرێت ڕادە گشتییەکان وەك (چەشنی (١)) پۆلێن بکرێن، چونکە تەنها یەك پۆل وەردەگرێت. بەڵام ڕادە لۆکاڵییەکان بە (چەشنی (١،١)) پۆلێن دەکرێن[171]، چونکە دوو پۆل وەردەگرێت[172].**

---

[170]– لە ڕاستیدا، ئەمجۆرە ناونانە بۆ ڕادەکان لە لێکۆڵینەوەکەی(قەیس کاکل )یشدا دەبینرێتەوە، بەوەی بە (دیارخەر ) ناوزەدیان دەکات، بەڵام ئەم تەنها چەشنی یەکەمی ڕادەکانی شیکردۆتەوە و بەم ناونانە ئاماژەی بۆکردوون. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: قەیس کاکل (٢٠٠٣: ١٨–٢٢).

[171]– بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: پاری دووەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(١٦٧–٢٥٦).



## ٢/٢–٣) واتای ڕادە و کارلێکردنە واتاییەکانیان لە ڕستەدا:

**دەشێت سەرەکیترین چەمك لەم بابەتەدا ئەو پرسیارە بێت، کە ئایا واتای ڕادەکان چۆن لەگەڵ واتای بەشەکانی دیکەی ڕستەدا کار لە یەکدەکەن و لێکدەدەرێن و پێکەوە واتای ڕستەکە نەخشەدەکێشن؟ بە مەبەستی شیکردنەوەی زیاتر و تێگەیشتن، با لە نموونەی (١٥) وردببینەوە:**

**(١٥) زۆربەی منداڵەکان هاتوون.**

**بۆ تێگەیشتن لە واتا و نرخی ڕاستی و ڕاستەقینەی ڕستەکە و لێکدانەوەی مەودای ڕادەکە لە ڕستەکەدا، یەکەمجار پێویستە پێکهاتەی سیمانتیکی ڕادەکە نرخی ڕادەیی هەبێت و لەگەڵ نرخی سیمانتیکی ناوەکە لێکبدرێت. ئەنجامەکەی دەستکەوتنی نرخی سیمانتیکی فرێزی ناویی ڕادەیی (زۆربەی منداڵەکان)ە. دواتر ئەمیش لەگەڵ نرخی سیمانتیکی بەشەکرداری (هاتوون) لێکدەدرێت.**

**بەمەبەستی شیکردنەوەی چۆنیەتی ئەمجۆرە لێکدانە سەرنجمان لە (پۆلی پۆلەکان)ەوە دەگۆڕین بۆ (گۆکردنەکان)، تەنها ڕێگە بۆ ئەنجامدانی ئەمجۆرە شیکردنەوەیە بەکارهێنانی (تیۆری چەشن "Type Theory")ە.**

---

[172]– مەبەست لە یەك پۆل وەرگرتن ئەوەیە، کە ڕادە گشتییەکان دروستە دوانییەکەیان بریتییە لە بەراوردکردن لە نێوان ($\forall$) و ($\exists$) بەرانبەر بە تایبەتمەندی بوون لە گشتەکەدا یاخود تایبەتمەندی بوون لە هەندێکی گشتەکەدا. هەربۆیە ئەمانە (چەشنی (١) )ن، بەڵام ڕادە لۆکاڵییەکان لە (چەشنی (١،١) )ن، چونکە بەراوردکردنەکە لە نێوان بەشێکی شتەکە و بەشەکەی دیکەدایە، کە دەبینرێت و بوونی هەیە و وەك ڕادە گشتییەکان بەشەکەی دیکەی ئەبستراکت نییە، هەروەك لە هەردوو کۆمەڵ نموونەی (١١٣ و ١٣ب ) و (١١٤ و ١٤ب و ١٤پ )دا بەرچاوکەوت. بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە: Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 798)

ئەم تیۆرییە دەتوانرێت بە (تیۆری گۆکردنەکان) ناوبرێت، لە ڕوانگەی درکپێککردنی (چەشنەکانی ڕادە)ەوە. هەربۆیە دەکرێت خودی تیۆرییەکە بە (تیۆری سیمانتیکی چەشن "Semantic Theory Type") ناوزەد بکرێت.

ئەم تیۆرییەش دوو (چەشن)ی بنەمایی دیاریدەکەن، کە بریتین لە:

١. چەشنی نرخی ڕاستییەکان، کە لە تیۆرییەکەدا هێمای (t)ی بۆدانراوە و بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی بەشەکردارە، کە لە دوو کەرەستەی زمانیی وەك (ف. ن "T") و (کردار "⊥") پێکهاتووە. واتە بۆ شیکردنەوەی دوو کەرەستەی وەك (T و ⊥)یە.

٢. چەشنی تاکەکان، کە لە تیۆرییەکەدا هێمای (e)ی بۆ دادەنرێت و بۆ شیکردنەوەی یەك کەرەستەی وەك (ناوەکان، فرێزە ناوییەکان) بەکاردێت.

بەمجۆرە لە تیۆرییەکەدا دوو چەشنی (e،t) بریتین لە چەشنی گۆکردنەکان لە تاکەکانەوە بۆ نرخی ڕاستی. لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین ڕادە گشتییەکانی چەشنی (١)ی وەك (∀،∃) لە چەشنی ((t،(t،e))ن، بەڵام ڕادە لۆکاڵییەکانی چەشنی (١،١)ی وەك (نەختێك، کەمێك، هەر... هتد،) لە چەشنی ((t،e)،((t،(t،e))ن، بەڵام لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەی، کەوا ڕادەکان لە ڕووی چەمکی (سنوردارکردنی ڕادەکانەوە)[173] دەکرێت هەردوو چەشنەکەی ڕادە یەك چەشن بن. هەربۆیە دەتوانین بڵێین

173– بۆ تیگەیشتنی تەواوەتی دەربارەی چۆنیەتی هەوڵدان بۆ (سنوردارکردنی ڕادە) لە زمانەکەماندا، بڕوانە:
=وەچەپاری (٢/٢–٧)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١١١–١١٧) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.



ڕادەکان لە ڕووی سیمانتیکییەوە بریتین لە چەشنی ((t،(t،e))،(t،e)). بەم پێیە دەبێت مامەڵەی تیۆرییەکە وەك ئامرازێکی بیرکردنەوە و تێبینیکردن بۆ تێگەیشتن لە نرخی ڕاستی ڕستە بکرێت.

کەواتە لە ڕوانگەی ئەم شیکردنەوانەوە سەلمێنرا، کە ڕادەکان لە چەشنی ((t،e)،((t،(t،e))ن، ناوەکانیش/فرێزی ناویش لەگەڵ (ف. ك) لە چەشنی (e، t)ن. ئێستا ئەگەر بێتوو پرسیارەکەمان دووبارە بکەینەوە و بپرسین، کە ئایا لە ڕوانگەی دروستەی ڕستەوە ئەم ڕادانە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی سیمانتیکدا چۆن لێکدەدرێن؟ ئەوا بۆ وەڵامدانەوەکەمان، دەبێت جارێکی دیکە لە ڕستەی (١٥) وردببینەوە:

لە ڕستەکەدا نرخی دیاریکەرەکە وەك جێکەوتەی نرخی ناوەکە وەردەگیرێت، واتە دەبێتە تێکردە بۆ فرێزە ناوییە ڕادەییەکە (زۆربەی منداڵەکان)، کە نرخە سیمانتیکییەکەی لە چەشنی ((t،(t،e))یە. دواتریش ئەمە وەك تێکردەیەك بۆ نرخی سیمانتیکی (ف. ك)ەکە وەردەگرین، ئەنجامەکەشی دەستکەوتنی نرخی ڕاستی ڕستەکەیە، هەروەك لە دروستەی ئەبستراکتی چەشنیی (١)دا دەخرێتەڕوو:


(١) ((t،(t،e))،(t،e)) + (t) = نرخی ڕاستی ڕستە.

بەڵام ئەم شیکردنەوەیە بۆ کردارە تێپەڕەکان دروست نایەتەوە، چونکە کردارە تێپەڕەکان کاتێك (ف. ك) دروستدەکەن دەتوانن دوو بەرکار وەربگرن. بەمەش لە چەشنی (e،(t،e)) دەبن، بەڵام سەلمێنرا، کە ڕادە گشتییەکان لە چەشنی ((t،(t،e))ن. هەربۆیە لێکدانی ئەم دوو چەشنە جیاوازە کێشە بۆ تیۆرییەکە و چۆنیەتی دەرهێنانی نرخی ڕاستی ڕستەکە دەهێنێتە کایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئاڕاستەیەی تیۆرییەکە، با لە نموونەی (١٦) و دروستەی ئەبستراکتی چەشنی (٢) ڕابمێنین:

(١٦) سواره زۆربەی یاریزانەکانی شڕکرد.

(٢) (e) + ((t،(t،e))،(t،e)) + ((t،e)،e) # نرخی ڕاستی ڕستەکە.

پاساودانی ئەمجۆره شیکردنەوەیە دەکرێت لە داری زمانی (٤)دا بخرێتەڕوو، کە تیایدا چەشنی پێکهاتەکان لەگەڵ یەکتر ناگونجێن و ناتوانرێن وەك بنەمایەکی تێکرده بۆ دروستکردنی پێکهاتەکانی دیکەی ڕستەکە وەربگیرێن، واتە چەشنی نرخی سیمانتیکی فرێزی ناوی بکەرەکە بریتییە لە (e)، لە کاتێکدا نرخی سیمانتیکی فرێزە ناوییە ڕادەییەکە بریتییە لە ((t،(t،e))،(t،e)). کەچی لە بەرانبەردا نرخی سیمانتیکی بەشەکردارەکە بریتییە لە ((t،(t،e)، هەروەك لە داری زمانییەکەدا دیارە:




داری زمانی (٤)

کەواتەلێرەدا توشی کێشەی داڕشتنی سیمانتیکی دەبینەوە. بەمەش دەسەلمێت، کە داڕشتنی سیمانتیکی بریتییە لە داڕشتنی (گۆکردن و جێکەوتە)، کە لە حاڵەتی ڕستەی (١٦) و دروستەی ئەبستراکتی چەشنیی (٢) و داری زمانی (٤) هیچ ڕێگەیەکمان نەبوو بۆ لێکدانیان. بەڵام




چارەسەری ئەم کێشەیە لە لۆژیکدا لە ڕێگای فۆڕمی لۆژیکییەوە پێشنیازکراوە.

لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە لە لۆژیکی چاولێکەریدا سەرهەڵنادات، چونکە Frege کاریگەری ئەم کێشەیەی لە ڕێگەی دانانی گۆڕینۆکێکەوە لەناو بەشەکردارەکەدا چارەسەرکردووە. هەربۆیە ڕستەی (١٦)ی لە فۆڕمی لۆژکی (١٧)دا نواندووە:

(١٧) x∀ ⟵ سواره (x)ی شڕکرد.

لە فۆڕمە لۆژیکیەکەدا ئاشکرا دیارە ئەوەی کێشەکەی پێ چارەسەرکراوە، بریتییە لە ئامرازەکانی (ڕادە و گۆڕینۆك)ەکان. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین، کە لەناو بەشەکرداری ڕستەی (١٦)دا گۆڕینۆکی (x)مان داناوە و گۆڕینۆکەکەیش بە ڕادەکەوە بەستراوەتەوە هەروەك لە (١٧)دا خراوەتەڕوو. بەم پرۆسەیە دەتوانرێت سەرلەنوێ (ف. ن)ی ڕادەیی (هەموو یاریزانەکان) لەناو فرێزە کردارییەکەدا دابنێینەوە. ئەمە وێڕای دانانی گۆڕینۆکی (x)ەکە، کە زیاتر لە چەشنی (e)یە. بەمشێوەیە ئامرازەکانی (ڕادە و گۆڕینۆك)ەکان دەبنە بنەمایەك بۆ دەستکەوتنی داری زمانی (٥) بۆ نواندنی فۆڕمی لۆژیکی (٧):




داری زمانی (٥)

ئێستا ئەگەر لە دارە زمانییەکە وردببینەوە، دەبینین، کە نەگونجانێك لە نێوان چەشنەکانی دارە زمانییەکەدا هەیە، چونکە هەموو گرێیەکان دروستن، تا دەگاتە گرێی (ڕ)ەکە، کە لە چەشنی (t)یە، لە کاتێکدا گرێی (ف. ن)ی ڕادەیی (هەموو یاریزانەکان) لە چەشنی ((t،(t،e))یە. بۆ شیکردنەوەی ئەم نەگونجاندنە ئەگەر لە دروستەی فۆڕمی لۆژیکی (١٧) وردببینەوە، دەبینین، کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینەیی (∀x) بەستراوەتەوە بە گۆڕینۆکی (x)ەوە لەناو (ف. ك)ەکەدا. هەربۆیە پێویستمان بە شیکردنەوەی پرۆسەی بەستنەوەکە هەیە. بەستنەوەی گۆڕینۆك بە ڕادەکانەوە لە (تیۆری سیمانتیکی چەشن)دا لە ڕێگەی پرۆسەی (ئەبستراکتی− λ)ەوە جێبەجێ دەبێت[١٧٤]. لێرەوەیە، کە دەتوانین ئەم

[174] λ بریتییە لە پرۆسەیەك، کە گۆکردنەکان لە لێکۆڵینەوەکانی (تیۆری سیمانتیکی چەشن)دا دەخولقێنێت. بۆنموونە، ئەگەر لە نرخی سیمانتیکی بەشەکرداری ((x)ی شڕکرد بیربکەینەوە) بۆ



گۆکردنەی گۆڕینۆکەکە بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆسەی بەستنەوەکە لە دروستەی فۆڕمی لۆژیکی (١٨)دا بخەینەڕوو:

(١٨) λx ⟵ سوارە (x)ی شڕکرد.

ئێستا ئەگەر بمانەوێت چارەسەری نەگونجاندنی لێکدانە سیمانتیکییەکەی نێوان (ف. ن)ی ڕادەیی (زۆربەی یاریزانەکان) و بەشەکرداری (شڕکرد) لە داری زمانی (٥)دا بکەین، ئەوا هەروەك شیمانکردەوە پێویستمان بە زیادکردنی گۆڕینۆکێکی وەك (x)ە لەناو (ف. ك)ەکەدا. بەمەش کەرەستەیەکی وەك (ا) بەرهەمدێت. دواتریش لە ڕێگەی زیادکردنی پرۆسەی (ئەبستراکتی−λ)ەوە کەرەستەیەکی ویستراوی وەك (ب) بەرهەمدێت.


ا/ سوارە (x)ی شڕکرد.

ب/ λx سوارە (x)ی شڕکرد.

بە وردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کەرەستەی (ا) لە چەشنی (t)یە و کەرەستەی (ب)یش لە چەشنی (e، t)یە. هەربۆیە ئێستاکە شیاوانە لکاندنەکە ڕوودەدات، هەروەك لە داری زمانی (٦)دا نوێنراوە:

گرێی (ڕ)ەکە لە داری زمانی (٣)دا، ئەوا (x)ەکە مامەڵە دەکرێت وەك چەشنێکی دیکەی دەربڕاوی (e)، کە نرخەکەی بەشداری کرداری (شڕکرد) دەکات و ئەوساکە بەستنەوەکە جێبەجێ دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین: ((لە تیۆری سیمانتیکی چەشندا بەستنەوە بریتییە لە گۆکردن لە ڕێگەی بەستنەوەی گۆڕینۆکێك لەگەڵ λدا، کە هەمیشە پێی دەوترێت (ئەبستراکتی− λ ) )). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Bob Carpenter(1996:490)
b/Raymond Turner (1997:538-541)
c/Ernest Lepore and Barry C. Smith (2006: 812)




**داری زمانی (٦)**

**ئێستا ئەگەر لە داری زمانی (٤) ڕابمێنین، دەبینین، کە (ف. ن)ییە ڕادەییەکە جێکەوتەی (x) دەبەستێتەوە و بەستنەوەکەشی زیاتر بە هۆی گرێی (xλ)ەوەیە. کەواتە بەستنەوەی گۆڕینۆکەکە لە ڕێگەی پرۆسەی (ئەبستراکتی–λ)ەوە جێبەجێ دەبێت، کە نرخی سیمانتیکی بۆ چەشنە شیاوەکان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ڕادەکان بەرهەمدێنێت[١٧٥]. هەر لەم**

[175]– ئەمجۆرە شیکردنەوەیەی بۆ چۆنیەتی بەشداری و لێکدانی واتای دەربڕاوە ڕادەییەکان کرا، دەتوانرێت بۆ زۆرینەی کەرەستە زمانییەکانی دیکەیش بکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Patrick Griffiths(2006:110-128)



**ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت وا بیر لە ئاستی (ف. ل) بکرێتەوە، وەك تەنها ئاستی بویەری/واقعی نواندنی زمانەوانی.**

**٤-٢/٢) یاسای بەرزکردنەوەی ڕادە و ڕێسای مەودا لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا:**

**یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە (QR)[١٧٦] دروستەی ڕووکەش بۆ ئاستی (ف. ل) نەخشە دەکێشێت. ئەم یاسایە بەشداری زۆرێك لە تایبەتمەندییە فەرمییەکانی یاسای گواستنەوە سینتاکسییەکاندا دەکات، بە تایبەتی لێکچوونی زۆری لەگەڵ یاسای گواستنەوەی (وشە/فرێزی پرسیاری)[١٧٧]دا هەیە. ئەم گونجاندنەش گرنگە بۆ ڕێگەدان بە پێداچوونەوەی ئەم یاسایە وەك یاسایەکی (α– بجوڵێنە). May(1985) پێشنیازی دروستەی ئەبستراکتی (٣)ی بۆ ئەمجۆرە دروستانە کردووە، کە گواستنەوەی ڕادەییان تێیدا جێبەجێکراوە:**

(٣) $[_{\alpha}\ O\ [_{\beta}\ i\ \ldots\ ei\ \ldots]]$.

[176]– ئەم یاسایە لە ڕووی پەسنکردنەکانی ئاستی (ف. ل)ەوە، هەروەك چۆمسکی (١٩٨١) پەسنیکردووە، بەوەی، کەوا گواستنەوەکە بەو دروستانە دەبەخشرێت، کە فرێزە گواستراوەکە بۆ (جێکەوتەی – نائارگومێنت "A¯ _Position") دەگوێزرێتەوە و بە ڕستەکەوە هەڵدەواسرێن، واتە کاتەگۆرییەکی ئارگومێنتی دەبەستێتەوە لە (جێکەوتەی – ئارگومێنت "A_ Position")دا، کە دەتوانرێت وەك گۆڕینۆکێکی سینتاکسی پێناسە بکرێت. بەمەش ڕاستەوخۆ لێکدانەوەی واتایی و لۆژیکی بۆ فرێزەکە دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
a/ Robert May (1985:31) b/ Norbert Hornstien (1995:35-36)

[177]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەمجۆرە لێکچوونە و خاڵە جیاوازەکانیش، بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ٣٠–٣٣)

لەم دروستەیەدا:

(α=ڕستە/ڕستەی شکاوە/ڕستەکە پاش هەڵگواستنەکان)،

(β(بێتا)=ڕستە پێش هەڵگواستنی ڕادەکە)،

(O= ڕادە گواستراوەکە)، (e= جێکەوتەی بنەڕەتی ڕادە گواستراوەکەیە)، (i= هێمای هاونیشانەکردنی ڕادە گواستراوەکە و جێکەوتە بنەڕەتیەکەیەتی).

ئێستا لە ڕوانگەی ئەم دروستە ئەبستراکتەوە، دەتوانین بڵێین، کە یاسای گواستنەوەی ڕادە بریتییە لە دەرهاویشتەی (ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ "Empty Category PrinciPle"ECP")[١٧٨]، چونکە هەم دروستەی ئەبستراکتی (٣) و هەم شیکردنەوەکانی (ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ)یش کۆکن لەسەرئەو پێویستییەی، کەوا کاتەگۆری بەتاڵی وەك (e) دەبێت شیاوانە حوکم بکرێت. ئەزموونبەندکردنی شیکردنەوەکان دەکرێت لە نموونەی (١٩ا و ١٩ب) و (٢٠ا و ٢٠ب)دا بنوێنرێت:

(١٩) ا/ شیرین نەختێك کاردووی سەرناوە.

ب/ [ $_{\alpha}$ نەختێك کاردوو [ $_{\beta}$ شیرین e سەر[ی]ناوە]].

i ←i— ←——i

(٢٠) ا/ جوتیارەکە چوار پێنج پەڵە گەنمی چاندووە.

ب/ [ $_{\alpha}$ چوار پێنج پەڵە گەنم [ $_{\beta}$ جوتیارەکە e چاندوو[ی]ەتی]].

i ←i— ←——i

(چۆمسکی١٩٨١) پێیوابووە، کە: ((ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵ ئەو ئەنجامەی هەیە، کە شوێنپێیەکان لە جێکەوتەی بکەر/بەرکاردا دەتوانرێت

[178]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Lilliane Haegman (1994:887)



شیاوانە حوکمبکرێن، ئەگەر شوێنپێیەکان لەلایەن فریزێکەوە (کە لە جێکەوتەی_ نائارگومینتدایە"A¯_Position") بەستراوبۆوە))[١٧٩].

لەسەربنەمای ئەم بۆچوونە Kayne(1981) پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە ڕادەیەکی وەك (هیچ کەسێك) لە ئەنجامی ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵەوە لە ڕستەدا ڕێگەی پێدەدرێت. ئەمەش لە بەرئەوەی، کە کەسەکە بەشێوەیەکی جووتی لەگەڵ پارتیکڵی (هیچ)دا دێت. با بۆ تێگەیشتن بڕوانینە نموونەی (٢١ ا و ٢١ب):

(٢١) ا/ من پێویستم بەوە نییە، کە ئەوان [ هیچ کەسێك ] بگرن.

ب/ من پێویستم بەوە نییە، کە [ هیچ کەسێك ] بگیرێت.

ئێستا ئەگەر بمانەوێت لەو دوو ڕستەیەدا دەربڕاوە ڕادەیەکە شیبکەینەوە، ئەوا دەبێت کەسەکە(کەسێك) لەسەر ئاستی (ف. ل) وەك پاشکۆیەك هەژمار بکرێت بۆ فریزی ڕادەیی [ هیچ....... ]، تاوەکو بتوانرێت وەك ئەنجامێکی ئاسایی یاسای بەرزکردنەوەی ڕادە دەربکەوێت، هەروەك لە (٢٢ا و ٢٢ب)دا دەخرێتەڕوو:

(٢٢) ا/ هیچ کەسێك١ [ من پێویستم بەوە نییە، کە ئەوان e1 ب[یان]گرن].

ب/ هیچ کەسێك٢ [ من پێویستم بەوە نییە، کە e2 بگ[ی]رێت].

ئێستا ئەگەر لەم دوو دروستەیە وردببینەوە، دەبینین، کە لە هەردوو ڕستەکەدا هەردوو شوێنپێیەکە (e1) و (e2) شیاوانە حوکمکراون. ئەگەرچی حوکمکردنەکەشیان بە شێوەیەکی جیاواز بێت، چونکە لە دروستەی (٢٢ا)دا شوێنپێیەکە، شوێنپێی بەرکاری کرداری ڕستە

[179] –Robert May (1985:31-32)

شکاوەکەیە. هەربۆیە ڕاستەوخۆ لەلایەن کردارەکەوە حوکمکراوە. بەڵام لە دروستەی (٢٢ ب)دا شوێنپێیەکە، شوێنپێی تەواوکەرێکی دەرەکی/بکەری ڕستە شکاوەکەیە. هەربۆیە لەلایەن سەرجەمی بەشی کرداری ڕستە شکاوەکەوە حوکمکراوە. ئاڕاستەکانی ئەم شیکردنەوانەیە، کەوا لە دوو ڕستەکە دەکات لە کاتی ئاخاوتنی ئاسایدا قسەکەر و گوێگر ڕاستەوخۆ لە یەکتر تێبگەن و لە لێڵی ڕێزمانی و واتایی بە دووربن، چونکە لە ڕستە دەربڕاوەکانی (٢٣ ا ٢٣ب)دا هەم کەسی فرێزە ڕادەییەکە دەرنەبڕاوە و هەم بەرزکردنەوەی فرێزە ڕادەییەکەش بە ئەنجام گەیەنراوە، تەنها ئاماژە بۆ تێگەیشتن لەم دوو ڕستەیە ڕەنگە بریتی بێت لەو (کلیتیک)ەی لە پێکهاتەی کرداری ڕستە شکاوەکەدا دەرکەوتووە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە لە دوو ڕستەی (٢٣ ا و ٢٣ ب) و بەراوردیان بکە لەگەڵ دروستەکەیاندا لە (٢٢ ا و ٢٢ب)دا:

(٢٣) ا/ هیچ پێویستم بەوە نییە، کە بیانگرن.

ب/ هیچ پێویستم بەوە نییە، کە بگیرێت.

ئێستا پەیوەست بە شیکردنەوەکانی یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادەوە، ئەگەر بمانەوێت (ف. ل)ی ڕستە ڕادەدارە هەمەچەشنەکان شیبکەینەوە،ئەوا دەتوانین بڵێین، کە ڕستەیەکی ڕادەداری هەمەچەشنی وەك (٢٤)، لە دوو نواندنی (ف. ل)ی وەك (٢٥ ا و ٢٥ب) زیاتری نییە:

(٢٤) هەموو پێشمەرگەیەك سەرسامی هەندێك سەرکردەیەتی.

(٢٥) ا/* [ڕ- [ڕ هەموو پێشمەرگەیەك٢ [ هەندێك سەرکردە ٣ [ڕ e2 سەرسامیەتیe3 ]]]]



ب/ [ڕ- [ڕ هەندێك سەرکردە ٣ [ هەموو پێشمەرگەیەك ٢ [ڕ e2 سەرسامیەتیe3 ]]]].

ئەگەر بێتوو لە ڕستەکانی (٢٥ا و ٢٥ب) وردببینەوە، دەبینین، کە بە هۆی یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادەوە هەڵگوێزراون و سەلمێنەری لێڵی ڕستەی (٢٤)ن. لێڵییەکەشی پشت دەبەستێت بە ڕیزبەندی مەودای فرێزە ڕادەییەکان. خۆ ئەگەر بێتوو لە ڕوانگەی ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵەوە بڕوانینە دوو ڕستەی (٢٥ا و ٢٥ب)، ئەوا دەبینین، کە جێبەجێبوونی ڕێساکە لەو دوو ڕستەیەدا جیاوازە. لە بەرئەوەی لە ڕستەی (٢٥ب)دا جێکەوتەی بکەر شیاوانە حوکمکراوە، بەڵام لە ڕستەی (٢٥ ا)دا ئەم جێکەوتەیە شیاوانە حوکمنەکراوە. بەمەش بێ نواندنی (ف. ل)ی دەبێت و بکەری دروستەی ڕووکەشی ڕستەکەش (واتە بکەری ڕستەی (٢٤)) وا لێکدەدرێتەوە، وەك ئەوەی ڕادەیەکی مەودا فراوانتر هەبێت. هەربۆیە ئەوساکە کێشەکە بریتی دەبێت لەوەی چۆن ئەم دروستە تایبەتییە لە ڕێگەی ڕێزمانەوە دەخرێتەڕوو؟


May (1985) لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە: ((نواندنی (ف. ل)ی ئەو ڕستانەی ڕادەی هەمەچەشنییان تیایە دەتوانرێن بە شێوەیەکی بەرانبەری یەکتر وەچەئاڕاستە بکەن و یەکتر حوکم بکەن))[180].

لەسەربنەمای ئەم بۆچوونەش Aoun and Li (1993) هەردوو چەمکی (وەچەئاڕاستەکردن) و (حوکمکردن)یان سەرلەنوێ داڕشتۆتەوە و لەسەر ئەم بنەمایەش بەمشێوەیە ڕاقەی (مەودای ڕادە)یان کردووە: ((ڕادەی A مەودایەکی هەیە بە سەر ڕادەی B دا، ئەگەر ڕادەی A وەچەئاڕاستەی یەکێك

[180]– Robert May (1985:33)

لە پێکهێنەرەکانی ڕادەی B بکات))[١٨١]. ئێستا لەم ڕوانگەیەوە و بە شێوەیەکی ئەبستراکت دەتوانین پێشنیازی داری زمانی (٧) بۆ شیکردنەوەی مەودای ڕادەکانی ڕستەی (١٢٥ و ٢٥ب) بکەین، کە تیایدا هەردوو فرێزە ڕادەییەکە هەمان ڕکێفە مەودا و وەچەئاڕاستەکردنیان هەیە. هەروەها بە زانینی ئەوەش، کە هەر ڕادەیەك لەگەڵ ڕکێفە مەودا و وەچەئاڕاستەکردنەکەیدا هاونیشانەیە.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین هەردوو فرێزە ڕادەییەکە خاوەنی (مەودای بێگومان"Absoulte Scope")ن، با بڕوانینە داری زمانی (٧):




داری زمانی ئەبستراکتی (٧)

لەم دارە زمانییەدا، هەردوو فرێزە ڕادەییە هەڵواسراوەکە (Qi و Qj) هەمان ڕکێفە مەودا و وەچەئاڕاستەکردنیان هەیە و یەکتری وەچەئاڕاستە

181 –Norbert Hornstien (1995:137)



دەکەن و ڕازیکەری ڕێسای مەودان. ئێستا ئەگەر بێتو:((هەریەکە لەم دوو فرێزە ڕادەییە هەڵواسراوە (Qi و Qj) بە دوو پرۆسەی وەك (پi) و (پj) دابنێین و ناوی بنێین (پرۆسەکانی – Ψ) و کۆکراوەی پرۆسەکانیش بە (زنجیرەی – Σ) ئاماژەی پێ بدەین،بە مەرجێك ئەگەر هەریەکە لە (پi، پj) ئەندام و پرۆسەیەك لە (پرۆسەکانی – Ψ) بوون، ئەوا (پi) حوکمی (پj) دەکات))[١٨٢]. لەم بۆچوونەدا (پرۆسە)، کە بە هێمای (پ) ئاماژەمان بۆکردووە مەبەست لێی فرێزەکانە لە جێکەوتە ئائارگومێنتەکاندا لەسەر ئاستی (ف. ل) و وەهاش پێشنیازکراوە،کە ئەندامەکانی/ پرۆسەکانی (زنجیرەی – Σ) ئازادن لەوەی هەر چەشنێکی پەیوەندی مەودایی دەگرن. بەمەش چوارچێوەی (ڕێسای مەودا "Scope Principle") دەکێشرێت، کە دەکرێت لە دروستەیەکی ئەبستراکتی وەك (٤)دا بخرێتەڕوو:

(٤) [ ڕi [ ڕj [ ....... ti ....... tj ]]].[١٨٣]

لەم دروستەیەدا: ڕ=ڕادە، t=شوێنپێ، i،j= هێمای هاونیشانەکردنن.

لە ڕاستیدا نیەت و مەبەستی سەرەکی ڕێساکە بریتییە لەوەی، کە ئەو نواندنەی (ف. ل)ی ڕادەکانیان تیایە و لە شێوەی (زنجیرەی – Σ)دان، بەدوو ڕێگە خوێندنەوەی شیاویان بۆ دەکێشرێت: یان ئەوەتا شیاون لەگەڵ لێکدانەوە پاڵپشتکراوەکاندا لە نێوان ئەندامە ڕادەییەکانی ئەو زنجیرەیەدا، یان ئەوەتا شیاون لەگەڵ لێکدانەوەی هەر ڕادەیەکدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ. بەمەش ڕێسای مەوداکە شیکردنەوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ بە

182 –Robert May (1985:34)
183 –Norbert Hornstien (1995:137-138)

واتای ڕادەکان دەبەخشێت و لە تێکەڵکردنی ڕکێفە مەودای ڕادەکان و ئەو واتایانەی لە پشت مەوداکانیانەوە دەیانهۆننەوە دووردەکەوینەوە.

ئەمجۆرە لێکدانەوەیەش لە ڕوانگەی (ڕێسای مەودا)وە لە خۆیدا (پەیوەندییەکی لۆژیکی) بۆ ڕادەکان دیاریدەکات، واتە دەتوانرێت وەك (پەیوەندییەکی لۆژیکی) وەربگیرێت. ئێستاکە ئەگەر بمانەوێت ڕێساکە کۆنکرێت بکەین، ئەوا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ڕستەی (٢٥ ب) و بڵێین، کە هەریەکە لە دوو فریزە ڕادەییەکە خاوەنی (مەودای بێگومان)ن و فۆرمی لۆژیکی (زنجیرەی – Σ)ەکەیان بریتییە لە (٢٦):

(٢٦) زنجیرەی – Σ = [ ∃ س، ∀پ ]

لە کاتێکدا، کە:

∃ س= فریزی ڕادەیی (هەندێك سەرکردە) و ∀پ= فریزی ڕادەیی (هەموو پێشمەرگەیەك).

ئەمجۆرە زنجیرەیە (٢٦) زیاتر لەگەڵ لێکدانەوە پاڵپشتکراوەکان لە نێوان ئەندامە ڕادەییەکانی ئەو زنجیرەییەدا شیاوە، واتە شیاوە لەگەڵ لێکدانەوە ناسەربەخۆکاندا، کە تیایدا یەکێك لەم دوو فریزە ڕادەییە مەوداییەکی فراوانتری دەبێت و ئەویدیکەیان دەخاتە ژێر ڕکێفە مەودای خۆیەوە. ئەمجۆرە ئاڕاستەیەش لە شیکردنەوە ئاشکرا دەریدەخات، کە لە ڕستەیەکی وەك (٢٥ ب) و نواندنی زنجیرەیی وەك (٢٦)دا فریزی ڕادەیی [ ∃ س ] مەودایەکی فراوانتری هەیە لە فریزی ڕادەیی [ ∀پ ] و دەیخاتە ژێر ڕکێفە مەودای خۆیەوە. ئەوساکە واتای ڕستەکە سانایانە بریتی دەبێت لە خوێندنەوەیەکی لۆژیکی وەك (٢٧):



(٢٧) لە ژیانی هەر پێشمەرگەیەکدا سەرکردەیەك هەر هەیە، کە بە ڕابەری گیانی خۆی بزانێت.

بەڵام لەو ڕستانەدا، کە چەند فریزێکی ڕادەیی تیایە، بەڵام یەکتریان وەچەئاڕاستە نەکردووە و یەکتریشیان حوکم نەکردووە، واتە ڕێسای مەودایان بریندارکردووە، ئەوا لەم ڕستانەدا لێکدانەوەی مەودای ڕادەکان تەنها یەك شیان زیاتریان نییە. ئەویش ئەوەیە، کە ڕادەی یەکەم لە ڕستەکەدا مەودایەکی فراوانتری هەیە لە ڕادەی دووەم لە ڕستەکەدا. ڕادەی یەکەم و دووەمیش لە ڕستەدا بە پێی هاتنیان لە ڕستەکەدا لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپی ڕستەکە (لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا) دیاریدەکرێت، لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە داری زمانی ڕستەی زمانی کوردیدا. بەمەش ئەمجۆرە ڕستانە لەگەڵ لێکدانەوەی سەربەخۆدا شیاون، واتە تاکە یەك لێکدانەوەیان هەیە. بۆ تێگەیشتن لەم ڕاستییەی شیکردنەوەکەمان، با لە نموونەی (٢٨) و دروستەکەی لە (٢٩) و داری زمانییەکەی لە (٨) ڕابمێنین:


(٢٨) هەموو پیاوێك پێیوایە، کە هەندێك ژن دڵسۆزە.

(٢٩) [ڕ [ هەموو پیاوێك [ پێیوایە ]]، [ڕ-[ comp کە [ هەندێك ژن [ دڵسۆزە ]]]]].

لە ڕستەکەدا دیاریکردنی (زنجیرەی – Σ)ەکە بۆ فریزە ڕادەییەکانی ڕستەکە زیاتر وەك گۆکردنی هەڵبژاردەیی نێوان ڕادەکان دیاریدەکرێن لە (لوتکەوە بۆ بنکەی) داری زمانییەکە، چونکە هاتنی فریزی ڕادەیی (هەموو پیاوێك) لە سەرەتای ڕستە ئاڵۆزەکەدا و هاتنی فریزی ڕادەیی (هەندێك ژن) لە سەرەتای ڕستە شکاوەکەی ڕستە ئاڵۆزەکە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم دوو فریزە ڕادەییە نەتوانن یەکتر وەچەئاڕاستە بکەن و یەکتری حوکمبکەن.

بەمەش ڕێسای مەودا بریندار دەبێت. هەربۆیە فریزی ڕادەیی یەکەمیان مەودای فراوانتری هەیە لە فریزی ڕادەیی دووەمیان و شیانی دیکە نییە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوانیان. بەمەش دەگوترێت (لێکدانەوەی سەربەخۆییانە). بۆ ڕاستی بۆچوونەکە، با بڕوانینە (زنجیرەی − Σ)ی دوو فریزە ڕادەییەکە لە (٣٠) و داری زمانی (٨):

(٣٠) (زنجیرەی − Σ) = [ ∀ پ، ∃ ژ ]



داری زمانی (٨)

کەواتە شیکردنەوەکانی ڕێسای مەودا دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، کە هەر دەربڕاوێك لە ڕستەدا ڕێگایەکی جیاوازی دەربڕین و خوێندنەوە و



گەیاندنی واتا و بەشداری لە یەکلایکردنەوەی چەمکە ڕاستی و ڕاستەقینەی ڕستەکەدا هەیە. ئەم جیاوازییانە بەمەبەستی فۆڕمدروستی و واتاڕاستی (ف. ل) ڕستەکەیان بە شێوەیەکی تۆڕیی بە یەکترییەوە پەیوەستکراون. دەتوانین بەمەش بڵێین (وەرگێڕانی لۆژیکی)، کەواتە دەتوانرێت (ڕێسای مەودا) وەك یاسایەك بۆ پرۆژەی (وەرگێڕانە لۆژیکییەکان)[١٨٤] لەسەر ئاستی (ف. ل) بیری لێبکرێتەوە.

## ٢/٢− ٥) جیاوازی نێوان (ف. ن)ی ئاسایی و (ف. ن)ی ڕادەیی لەسەر ئاستی (ف. ل) لە ڕوانگەی (ڕێسای مەودا)وە:

لە ڕاستیدا (ف. ن)ی ئاسایی و (ف. ن)ی ڕادەیی لەوەدا لەیەکتر جیاوازن، کە یەکەمیان دەربڕاوێکی سەرچاوەییە و ئاماژەپێکراوەکەی/ئاماژەبەندەکەی لە دەرەوەی زماندا بوونی هەیە، بەڵام دووەمیان دەربڕاوێکی ناسەرچاوەییە و ئاماژەپێکراوەکەشی مەرج نییە بوونی لە دەرەوەی زماندا هەبێت. ڕوونکردنەوەی زیاتری بیرۆکەکە لە نموونەی (١٣١ و ٣١ب) و نواندنە لۆژیکییەکەیان لە (١٣٢ و ٣٢ب)دا نوێنراوە:

---

[184]− وەرگێڕانە لۆژیکییەکان "Logical Translation"، مەبەست لێی ئەو ڕێگایەیە، کە چەمکی ڕاستەقینەی ڕووتی دەربڕاوەکان بە هۆیەوە دەردەبڕێن و دواتر لە شێوەی پەیوەندییەکی تۆڕیدا بە یەکترییەوە دەلکێنرێن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
a/Robert May (1985:36) b/ Bob Carpenter(1996:242-243)
c/ Harry Howard(2004:300) d/Steven Davis and Berndan S. Gillon (2004:302-303)

(٣١) ا/ ئازاد نەوزادی خۆشدەوێت.
ب/ ئازاد هەموو کەسێکی خۆشدەوێت.
(٣٢) ا/ خ (ئا(نە)).
ب/ خ (ئا(هە)).

ئەگەر: خ= خۆشەویستی، ئا= ئازاد، نە= نەوزاد، هە= هەموو کەسێك.

ئێستا ئەگەر لە نواندنی (٣٢ ا و ٣٢ب) وردببینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە نواندنی (١٣٢) دروستە، چونکە هەریەکە لە (ئا(نە)) دەربڕاوی سەرچاوەیین و بەشەکرداری (خ)یش پەیوەندی لە نێوانیاندا دادەمەزرێنێت، بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (١٣٢) وردببینەوە، ئەوا دەبینین، نواندنەکە دروست نییە، چونکە نواندنەکە تایبەتمەندییەکی گرنگی ڕادەکەی ونکردووە لەوەدا، کە دەربڕاوە ڕادەییەکان ئاماژە بە بوونەوەرێك لە دەرەوەی زماندا ناکەن. هەربۆیە ئەگەر واز لەم نواندنە بێنین و بمانەوێت ڕستەی (١٣١) لۆژیکیانە بخوێنینەوە، ئەوا دروستەی لۆژیکی (٣٣)ی دەبێت:

(٣٣) بۆ هەر کەرەستەیەکی وەك (X)، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەم (X)ە مرۆڤە و بە شێوەیەکی بویەریش ئازاد ئەم (X)ەی خۆشدەوێت.

خۆ ئەگەر بێتو بیر لەم خوێندنەوە لۆژیکییە بکەینەوە، ئەوا دەبینین، خوێندنەوەکە لە بارودۆخی جیاوازی ئاخاوتندا شیانی لێڵی وەردەگرێت. ئەمەش بەوەی،کە دەشێت لە بارودۆخێکدا خۆشەویستی ئازاد تەنها بۆ کەسەکانی خێزانەکەی بێت، بەڵام لە بارودۆخێکی دیکەدا دەشێت خۆشەویستی ئازاد بۆ گەڕەکەکەی/ شارەکەی/ وڵاتەکەی... هتد، بێت. بەڵام بۆیە خوێندنەوەی لۆژیکییانەی ڕستەی (١٣١) ئەم کێشەیەی نابێت، چونکە فرێزە ناوییە سەرچاوەییەکانی (ئا(نە)) نەگۆڕن. هەربۆیە لێکدانەوەی



نەگۆڕیشیان هەیە. ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە، کە دەربڕاوەکانی (ئازاد) و (نەوزاد) کەسێکی تایبەتمەند لە دەرەوەی زمان هەڵدەبژێرێت، کە لە ڕوانگەی دەقەوە (بە تایبەتی دەقە کۆمەڵایەتییەکان) ئاسانە بە دەست بێت.

بوونی ئەم کێشەی لێڵی واتاییە بۆ ڕستەی (٣١ ب) دەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی نواندنەکەی (٣٣)، چونکە ناتوانێت تایبەتمەندییەکانی گۆڕینۆکەکە لێکبداتەوە. هەربۆیە بۆ خوێندنەوەی ڕستەی (٣١ب) دەبێت پێشنیازی دروستەیەکی دیکەی وەك (٣٤) بکەین:

(٣٤) ∀ x (ئاx خ)، ئەگەر H=x

لەم نواندنەدا (X) گۆڕینۆکێکە و بە ڕادەکەوە بەستراوەتەوە و (H)یش دەشێت هەر کەسێك لە کەسەکان بێت (واتە هەر تاکێك لە تاکەکانی گشتی "هەموو کەسێك").

لەم ڕوانگەیەوە(Lilliane Hegemane 1994) پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە: ((هەموو گۆڕینۆکێك پێویستە لە ڕێگەی پڕۆسەیەکەوە/ ڕادەیەکەوە ببەسترێتەوە، هەروەها هەموو ڕادەیەکیش/پڕۆسەیەکیش پێویستە گۆڕینۆکێك بەخۆیەوە ببەستێتەوە))[185]. ئەم بۆچوونە دەتوانرێت بۆ لێکدانەوەی گۆڕینۆکەکان بکرێتە بنەمایەك. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بە دوو ئاراستە دەبێت، کە یەکەمیان بریتییە لە چەمکی بەستنەوەی گۆڕینۆکەکان بە ڕادەکانەوە و دووەمیشیان بریتییە لە چەمکی سنورداركردنی ڕادەکان. بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە ڕستەی (٣٥) و نواندنە لۆژیکییەکەی لە (٣٦) وردببینەوە:

(٣٥) باوان هەموو چۆلەکەکانی گرت.

185 –Lilliane Hegeman (1994:890)

**(٣٦) ∀ x (ب [ x ]ی گرت). لە کاتێکدا گۆڕینۆکی (X) سنوردارکراوە بەچۆلەکەکان (واتە X=چ).**

**لەم نواندنەدا هەم گۆڕینۆکەکە بە ڕادەکەوە بەستراوەتەوە و هەم مەودای ڕادەکەش بە (چۆلەکەکان) سنوردارکراوە. ئەمجۆرە لێکدانەوەیە دەتوانرێت بۆ ڕادەی هەبوونیی وەك (هەندێك/∃ )یش بکرێت، هەروەك لە ڕستەی (٣٧) و نواندنە لۆژیکییەکەی (٣٨)دا دیارە:**

**(٣٧) نازدار هەندێك گوڵاڵەسوورەی چنیووە.**

**(٣٨) ∃ x (ن [ x ]ی چنیووە).**

**لە کاتێکدا گۆڕینۆکی (X) سنوردارکراوە بە گوڵاڵەسوورە (واتە X= گ) بەمشێوەیە دەتوانین نواندنی لۆژیکی (٣٨) وەك (٣٩) بخوێنینەوە:**

**(٣٩) (X)ێك هەیە، کە ئەو (X)ە گوڵاڵەسوورەیە، نازداریش ئەم (X)ی چنیووە.**

**ئەمجۆرە سنوردارکردنە بۆ مەودای ڕادەکان[186] بە مەبەستی تێگەیشتن لە واتای ڕستەکان بنەمایەکی بەهێز بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو لێڵییە دەکێشێت، کە بەشداری واتای ڕادەکان لە واتای ڕستەکەدا بەرهەمی دەهێنێت. بە تایبەتی لە ڕستە ڕادەدارە هەمەچشنەکاندا. بۆ پاساودانی ئەم بیرۆکەیە با لە نموونەی (٤٠) و هەردوو نواندنە لۆژیکییەکەی لە (٤١ ا و ٤١ب)دا وردببینەوە:**

186– بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتر لەسەر بابەتی (سنوردارکردنی مەودای ڕادەکان)، بڕوانە:

وەچەپاری (٢/٢–٧)ە بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١١١–١١٧).



**(٤٠) هەموو کەسێك هەندێك کەسی خۆشدەوێت.**

**(٤١) ا/ بۆ هەر (X)ێك هەندێك (y) هەیە، کە لە یەکێك لە بارەکاندا ئەم (X)ە (y) خۆشدەوێت.**

**ب/ هەندێك (y)ی هەیە بۆ هەر (X)ێك، کە لە یەکێك لە بارەکاندا (X) (y)ی خۆشدەوێت.**

**ئێستا ئەگەر بمانەوێت ئەو لێڵییە واتاییەی ڕادەکان لە ڕستەی (٤٠)دا بەرهەمی دەهێنن لۆژیکیانە بخوێنینەوە، هەروەك لە (٤١ ا و ٤١ب)دا نوێنراوە. ئەوا دەتوانین بڵێین، کە نواندنی (٤١ا) شیانی ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەموو کەسێکی وەك (X) هەندێك کەسی جیاوازی وەك (y)ی خۆشدەوێت، بۆ نموونە دەتوانین چەند شیانێکی وەك (٤٢ ا و ٤٢ب و ٤٣پ) بخەینەڕوو:**

**(٤٢) ا/ شەماڵ شنەی خۆشدەوێت.**

**ب/ نەرمین نەوزادی خۆشدەوێت.**

**پ/ شێرکۆ شیلانی خۆشدەوێت.**

**بەڵام نواندنی (٤١ب) شیانی ئەوە دەخاتەڕوو، کە تەنها یەك کەسی وەك (y)هەیە، کە هەموو (X)ەکان خۆشیاندەوێت. هەربۆیە دەتوانین شیانێکی وەك ڕستەی (٤٣) بخەینەڕوو:**

**(٤٣) شەماڵ و شێرزاد و شیروان و.... هتد، شنەیان خۆشدەوێت.**

**کەواتە لە ڕوانگەی ئەم لێکدانەوەیەوە دەتوانین بڵێین، کە دیاریکردنی چەمکی خۆشەویستی لە نواندنی**

**(٤١ ا)دا پشت بە مەودای ڕادە گشتییەکە نەك بە ڕادە هەبوونییەکە دەبەستێت، لە کاتێکدا لە نواندنی**


(٤١ ب)دا ئەم دیاریکردنەی چەمکەکە پشت بە مەودای ڕادە هەبوونییەکە نەك بە ڕادە گشتییەکە دەبەستێت. ئەمەش لە خۆیدا مەودای ڕادەکان و بەشداریان لە واتای ڕستەکاندا دیاریدەکات. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین، ڕادەکان لە ڕستەکاندا وەك پرۆسە بەشداری دەکەن (هەروەك لە ڕێسای مەوداشدا سەلمێنرا) و لە نواندنی لۆژیکییانەی (ف. ل)ی ڕستەکاندا کاریگەرییان دەبێت بۆ دیاریکردنی واتای ئەمجۆرە ڕستانە. ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەوەیە، کە ڕادەکان (جێکەوتەی مەودا) پڕدەکەنەوە و ڕکێفی مەوداکانیشیان زیاتر بە ئاڕاستەی لای چەپی ڕستەکەدا درێژدەبێتەوە و کەرەستە زمانییەکانی ژێر مەوداکانیان دەخەنە ژێر ڕکێفی مەوداکانیانەوە. لە ڕاستیدا هەر ئەم مەودایە، کە ڕادەکان هەیانە و دەبێتە هۆی ئەوەی تایبەتمەندی لۆژیکی بە ڕستەکە ببەخشن و ئاستێکی وەك (ف. ل) بخوڵقێنن. هەربۆیە لەسەر ئاستی (ف. ل) ڕادەکان وەك پرۆسەیەك (جێکەوتەی مەودا) پڕدەکەنەوە. خودی ئەم جێکەوتەیەش بریتییە لە جێکەوتەی سەرەتا و دەوروبەری لای ڕاستی ڕستە لە زمانەکەماندا. ئەمەش ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕادەکان پێویستە لە جێکەوتەی ئارگومێنتەکەی خۆیانەوە بگوازرێنەوە و لە (جێکەوتەی مەودا)دا بگیرسێنەوە، کە جێکەوتەیەکی نائارگومێنتە. شیکردنەوەکان هەوڵدەدرێت لە ڕستەی (٤٤) و نواندنە لۆژیکییەکەی (٤٥) و داری زمانیی (٩)دا بەرجەستە بکرێن:

(٤٤) ئارام چۆڕێك شۆربای خواردووە.

(٤٥) [$_{\text{جێکەوتەی مەودا}}$ چۆڕێك شۆربا [$_{\text{ڕ}}$ ئارام (X)ی خواردووە/خواردوویەتی ]].

i ←——— i






داری زمانی (٩)

ئێستا ئەگەر لە نواندنی لۆژیکی (٤٥) و داری زمانی (٩) وردببینەوە، دەبینین، کە گواستنەوەی (ف. ن)ییە ڕادەییەکە کاتەگۆرییەکی بەتاڵی وەك (X) بەجێدەهێڵێت، کە لەگەڵ (ف. ن)یە ڕادەییەکەدا هاونیشانەکراوە. لەم دوو نواندنە لۆژیکییەدا جێکەوتە هەڵواسراوەکە (ج م)، کە (ف. ن)یە ڕادەییەکەی پێوە هەڵواسراوە/ بۆ گواستراوەتەوە بریتییە لە جێکەوتەیەکی نائارگومێنت، کە خاوەنی هیچ ڕۆڵێکی بابەتانە و دۆخێکی ڕێزمانی نییە.

(X)یــش بریتییــه لــه شــوێنپێیەکی بەســتراوە، کــه لــه جێکەوتەیــەکی ئارگومێنتدایــه و هاونیــشانەکراوە بــه بەســتەرەکەیەوە، کــه ڕادەکەیــه و لــه ڕێگەیەشــەوە ڕۆڵــی بابەتانــه و دۆخــی ڕێزمــانی بــۆ دەگوازرێتــەوە و لێکدانەوەیەکی شیاو وەردەگرێت.

ئــەنجامی ســەرجەم شــیکردنەوە و تاقیکردنــەوەکان و ســەلماندنەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە نابێت یاسای گواستنەوەی بەرزکردنـەوەی ڕادە لەگـەڵ گواسـتنەوەی فریـزی نـاوی[187] تێکـەڵ بکرێـت، چـونکە یاسـای گواستنەوەی بەرزکردنـەوەی ڕادە لەسـەر ئاسـتی (ف. ل) وەك نموونەیـەکی کـارەکیی گواسـتنەوەی نائارگومێنـت وەردەگیرێـت. وەك پاسـاودانێکیش بـۆ ئـەم تاقیکردنەوەیـەمان دەتـوانین جـارێکی دیکـە جیـاوازی ئـەم دوو جـۆرە فریـزە لـە ڕێگـەی (پەڕینـەوەی لاوان)ەوە پـشت ڕاسـت بکەینـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە با بڕوانینـە بـەراوردکردنی نموونـەکانی (٤٦) بەرانبـەر بـە (٤٧ ا و ٤٧ب):

(٤٦) ? دایکی ئەو [ گشت کوڕەکانی ] خۆشدەوێت.

i ← ? i

(٤٧) ا/ دایکی ئەو [ براکەی منی ] خۆشدەوێت.

i ← i

ب/ دایکی ئەو [ بەهمەنی ] خۆشدەوێت.

i ← i

[187]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم یاسایەی (α–بجولێنە) و شیکردنەوە و چەند و چوونەکانی هەم لە زمانەوانیدا و هەم لە زمانەکەماندا، بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ٢٦–٣٠).



ئێستا ئەگەر لە ڕستەی (٤٦) وردببینەوە، دەبینین ناڕێزمانی ڕستەکە بە هۆی جێبەجێنەبوونی ڕێسای (پەڕینەوەی لاوان)ەوەیە، کە ئەمەش بۆ خۆی بۆتــەهۆی بنــەمای ناڕێزمــانی ڕســتەکە، چــونکە پێکهاتــەی (دایکــی ئــەو) ناتوانێت وەچەئاڕاستەی پێکهاتەی ڕادەیی [ گشت کوڕەکان ] بکات. بەڵام لـە بەرانبـەردا لـە هـەردوو ڕسـتەی (٤٧ ا و ٤٧ب) بـە پێـچەوانەوەن، چـونکە پێکهاتەی (دایکی ئەو) ئاساییانە توانیویەتی پێکهاتە ناوییەکانی [ براکەی من ] و [ بەهمەن ] وەچەئاڕاستە بکات و بە خۆیەوە بەستونیەتەوە. بەمەش ڕێـسای (پەڕینــەوەی لاوان) جێبــەجێکراوە[188]. بەمــشێوەیە نادروســتی و ناڕێزمــانی (٤٦) و دروســتی و ڕێزمــانی (٤٧ا و ٤٧ب) جــارێکی دیکــه پاساودانی هـەبوونی جیاوازییـەکی تـەواوی نێـوان (ف. ن)ی ئاسایی و (ف. ن)ی ڕادەیـی دەکـەن، کـە بـە هـۆی ڕێـسای مـەوداوە لەسـەر ئاسـتی (ف. ل) نەخشەی بۆکێشرا.

[188]– بــۆ زانیــاری زیــاتر لەســەر چــۆنیەتی کــارلێکردنی هــەردوو گریمانــەی (ڕێــسای مــەودا) و (پەڕینەوەی لاوان) لە بەرنامەی کەمینـەدا، بڕوانـە: وەچـەپاری (٢/٢–٩)ی بەشـی (دووەم)ی ئـەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٢٤٢–٢٤٤).

## ٦-٢/٢) مەودای ڕادە لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا:

تیۆریی (دەسەڵات و بەستنەوە"GB") شیکردنەوەی بۆ ئاستی (ف. ل)ی لە ڕێگەی گواستنەوەی نائارگومێنت و ڕێسای کاتەگۆری بەتاڵەوە کردووە. بەمجۆرە شیکردنەوانەش هەوڵدراوە پرۆسەکانی هەڵواسین لەسەر ئاستی (ف. ل) بە شێوەیەکی گشتی و بەرزکردنەوەی ڕادە (کە وەك یاسایەکی گواستنەوەی نائارگومێنت ڕاڤەکرا) بە شێوەیەکی تایبەتی بخرێتەڕوو. لە ڕاستیدا ئەوەی لێرەدا دەخرێتەڕوو، بریتییە لەو پێشنیازەی، کە بەرنامەی کەمینە دەتوانێت پرۆسەکانی هەڵواسین لەسەر ئاستی (ف. ل) شیبکاتەوە بەبێ پەنابردنە بەر (یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە"QR"). ئەمەش لە خۆیدا ئەنجامێکی تیۆرییانەی جیاوازە و تێگەیشتنمان بۆ سەر لە بەری دیاردەی فۆرمە لۆژیکییەکان دەگۆڕێت و دەست گەیشتنیشمان بەم فۆرمە لۆژیکییانە و سنورداركردنی مەودا لۆژیکییەکانی ئەم فۆرمە لۆژیکییانەیش، چ لە ڕووی تەکنیکییەوە بێت، چ لە ڕووی ئاوەزییەوە ساناتر دەکەن. هەربۆیە لەمجۆرە شیکردنەوانەی بەرنامەی کەمینەدا بۆ پرۆسەکانی هەڵواسین خودی (یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە"QR") ناوازە دەردەکەوێت، چونکە دەشێت لەم پەسنکردنەدا ئەم تایبەتمەندییانەی پێ ببەخشرێت، لەم کارەماندا پەیڕەوی بیروبۆچوونەکانی(Norbert Hornstien 1995) دەکەین[١٨٩]:-

[189]– Norbert Hornstien (1995:155-160)



١. یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە (QR) بە شێوەیەکی نموونەیی وەك یاسایەکی گواستنەوەی هەڵواسین مامەڵەی دەکرێت. بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچوونە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو جیاوازییەی (چۆمسکی ١٩٩٣)، لە نێوان (جێکەوتەی-ئارگومێنت) و (جێکەوتەی-نائارگومێنت)دا کردوویەتی، چونکە ئەم زانایە: ((جێکەوتە-ئارگومێنتییەکانی زیاتر وەك (پەیوەستێکی- لۆژیکی "L-related") ناساندووە، لە کاتێکدا جێکەوتە- نائارگومێنتەکانی وەك (پەیوەستێکی- نالۆژیکی) ناساندووە))[١٩٠]. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، لەبەر ئەوەی، کە یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە(QR) کەرەستە بۆ (جێکەوتەی-نائارگومێنت"Position_Ā") دەگوازێتەوە. بۆیە دەبێت یاسایەکی گواستنەوەی هەڵواسین بێت.

٢. پێویستە یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە (QR) مۆرفۆلۆژییانە هەڵبگوازرێت، هەروەك چۆن May(1985) و Aoun and Li (1993) لە شیکردنەوەکانیاندا[١٩١] ڕێگەیانداوە بە جێبەجێبوونی یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە (QR)، بە مەبەستی هەڵواسینی فرێزێکی ڕادەی بە هەر (XP)یێکەوە، بەمەرجێك، ئەگەر یاساکە(QR) پێویستی بە لایەنی مۆرفۆلۆژی هەبوو.

[190] –Chomsky (1995:54-58)

[191]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بیر و بۆچوونانەیان، بڕوانە: وەچەپاری (٢/٢-٤)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(١٨٥-١٩٥).

٣. Norbert Hornstien (1995) پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە کەرەستەکانی جەختکردنەوە، کە دەربڕی واتای بێگومانین لە ڕوودانی واتای ڕستەکەدا/کردارەکەدا و بە (کەرەستەکانی جەختکردنەوە"Link-definites") ناودەبرێن و پێشبینی فرێزە ناوییەکان (NP/DP) دەکەن، پێویستە لە جێکەوتەکانی دەرەوەی فرێزی کرداریدا بن (واتە لە دەرەوەی قاوغی فرێزی کرداری بن). بەمەش دەتوانرێت ڕاڤەی ئەوە بکرێت، کە (ف. ک) مەودایەکی نائاشکرا پەسندەکات بۆ چەمکی ڕستەکە. لەم درکپێکردنەدا (کەرەستەکانی جەختکردنەوە/ڕادەکان) دەبێت لە دەرەوەی قاوغی"Shell" (ف. ک)بن. ئەمە کاریگەرییەکی کارەکی لە شیکردنەوەی پرۆسەی هەڵواسین لەسەر ئاستی (ف. ل) دەبێت بەوەی، کە دەتوانین (زنجیرەیەک کەرەستەی– ئارگومێنتی سەرە) لە ڕێگەی کەرەستەکانی جەختکردنەوەوە بکەینە تێکردە بۆ ڕستەکە، بە مەبەستی (قرتاندن "Deletion")ی کەرەستەکانی جەختکردنەوە لەناو قاوغی (ف. ک)دا.

٤. کەواتە لەسەر ئاستی (ف. ل) دەبێت (کەرەستەکانی جەختکردنەوە) لە دەرەوەی قاوغی (ف. ک)دا بن.

ئەو چوار تایبەتمەندییە وەردەگرین و دەیکەینە بنەمایەک بۆ پێشنیازکردنی دوو گریمانەی کەمینەییانەی ستاندارد، وەک جێگرەوەیەک بۆ یاسای بەرزکردنەوەی ڕادە (QR) وەک نموونەیەکی پرۆسەی هەڵواسین، کە بریتین لە:–

ا–) فرێزە ناوییەکانی ڕستە لە خۆیاندا لەناو قاوغی (ف. ک)دان، بەڵام بۆ جێکەوتەی (spec) دەگوێزرێنەوە، کە جێکەوتەیەکە لە دەرەوەی قاوغی (ف. ک). ئەمەش بە مەبەستی تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانیان. ئەم پرۆسەیە بەمشێوەیە لە بەرنامەی کەمینەدا جێبەجێ دەبێت:



١. فرێزە ناوییە بەرکارییەکان دەگوێزرێنەوە/کۆپی دەکرێن بۆ جێکەوتەی (spec)ی (AgrO)، واتە (جێکەوتەی ئەگریمێنتی بەرکاریی).

٢. فرێزە ناوییە بکەرییەکانیش دەگوێزرێنەوە/ کۆپی دەکرێن بۆ جێکەوتە (spec)ی (AgrS)، واتە (جێکەوتەی ئەگریمێنتی بکەر).

بێگومان هەردوو کۆپیکردنەکە پێش (شەقبوون/دەرکردە"Spell-Out") ڕوودەدەن.

ب–) هەروەك لە شیکردنەوەکانی پاری (یەکەم)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو[192]، کە گواستنەوە لە بەرنامەی کەمینەدا زیاتر بریتییە لە (کۆپیکردن) و (قرتاندن). هەربۆیە ڕستەکان زنجیرەی کەرەستە کۆپیکراوەکان لەسەر ئاستی (ف. ل) لە خۆدەگرن، بۆ هەموو ئەو دەربڕاوانەی دەگوێزرێنەوە، بەڵام یەکێك لەو کۆپییانەی کەرەستە گوێزراوەکە دەبێت بقرتێنرێت.

بەمشێوەیە دەتوانرێت لە ڕوانگەی ئەم دوو گریمانە ستانداردەی بەرنامەی کەمینەوە، کە لەسەر بنەمای (٤) مەرجەکەی/ تایبەتمەندییەکەی یاسای گواستنەوەی بەرزکردنەوەی ڕادە هەڵگوێزرابوو، دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ چۆنیەتی گواستنەوەی ئارگومێنتی ئاشکرا و داپۆشراو بکرێت و وەك تاقیکردنەوەی کارەکیی بۆ لایەنی تیۆریی بەرنامەی کەمینە دەربارەی (مەودای ڕادە) وەربگیرێت.

کاتێك (ف. ن)ی ڕادەیی وەك (بکەر و بەرکار) لە ڕستەدا ڕۆڵدەبینن، بە هۆی ئەو مەودا واتایی و لۆژیکییەی لە ڕستەکەدا وەریدەگرن جۆرە لێڵییەك

192– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: پاری (یەکەم)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(١٤٠–١٦٧).

بە واتای ڕستەکە دەبەخشن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لە نموونەی (٤٨) وردببینەوە:

(٤٨) هەندێك كەس دەچن بۆ هەموو ئاهەنگێك.

ئێستا پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانی(واتە پاش کۆپیکردن)، دەتوانرێت دروستەی (ف. ل)ی ڕستەکە لە (٤٩)دا بنوێنرێت:

(٤٩) [ AgrS هەندێك كەس[ AgrO بۆ هەموو ئاهەنگێك[ ڕهەندێك كەس[ ف.ك دەچن بۆ هەموو ئاهەنگێك]]]].

ئێستا بە زانینی گریمانەی ستانداردی بەرنامەی کەمینەی (ب): پێویستە پرۆسەی قرتاندن بە سەر دوو ئەندامی دروستەی (ف. ل)ی (٤٩)دا جێبەجێ ببێت، واتە دەبێت یەك ئەندامی کۆپیکراو لە هەر زنجیرەیەکی کەرەستە زمانییەکاندا بقرتێنرێت. بەمەش ئەم چوار شیانە دروستییەی (ف. ل)مان پاش قرتاندن دەبێت، لە دروستەکانی (٥٠ا و ٥٠ب و ٥٠پ و ٥٠ت)وردببەرەوە:

(٥٠)

ا/ ئاڕاستەی مەودای ڕادە ڕکێفدارەکان

[ AgrS هەندێك كەس[ AgrO بۆ هەموو ئاهەنگێك[ ڕ(هەندێك كەس)[ ف.ك دەچن بۆ (هەموو ئاهەنگێك)]]]].



ب/

[ AgrS هەندێك كەس[ AgrO (بۆ هەموو ئاهەنگێك)[ ڕ (هەندێك كەس)[ ف.ك دەچن بۆ هەموو ئاهەنگێك]]]].

پ/

[ AgrS (هەندێك كەس) [ AgrO (بۆ هەموو ئاهەنگێك) [ڕهەندێك كەس[ ف.ك دەچن بۆ هەموو ئاهەنگێك]]]].

ت/

[ AgrS (هەندێك كەس)[ AgrO بۆ هەموو ئاهەنگێك[ ڕهەندێك كەس[ ف.ك دەچن (بۆ هەموو ئاهەنگێك)]]]].

ئەگەر لە هەر چوار دروستەکە ڕابمێنین، کە تیایاندا پرۆسەی قرتاندن بە سەر پێکهاتە کۆپیکراوەکاندا جێبەجێکراوە، کە بە مەبەستی تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانی کۆپیکرابوون، دەبینین، کە تەنها لە دروستەی (٥٠ت)دا ڕادەی گشتی (بۆ هەموو ئاهەنگێك) مەودای بە سەر ڕادەی هەبوونیی (هەندێك كەس)دا هەیە، بەڵام لە هەرسێ دروستەکەی تردا

**(١٥٠ و ٥٠ب و ٥٠پ)دا ڕادەی هەبوونیی (هەندێك كەس) مەودای هەیە بە سەر ڕادەی گشتی (بۆ هەموو ئاهەنگێك). هەروەك لە چوار دروستەكەدا خراوەتەڕوو.**

**ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی (٤) تایبەتمەندییەكەوە لەگەڵ دوو گریمانەی ستانداری (ا) و (ب)دا، كە وەك جێگرەوەیەك بۆ یاسای گواستنەوەی بەرزكردنەوەی ڕادە پێشنیازكرا، لەم چوار دروستەیە بڕوانین،**

**ئەوا دەبینین، كە هەردوو دروستەی (٥٠ب و ٥٠پ) دروست نین و توانای لێكدانەوە و تێگەیشتنیان لەسەر ئاستی (ف. ل) نییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە، كە پێشێلی تایبەتمەندی (٣) و (٤)یان كردووە و تیایاندا ڕادەی گشتی (بۆ هەموو ئاهەنگێك) لە ناوەوەی قاوغی (ف. ك)دان. كەواتە بەم پێیە بێت تەنها دوو دروستەی (١٥٠ و ٥٠ ت) دروستن و تەنها دوو خوێندنەوەی شیاوی لۆژیكییانەی ئەو لێڵییە واتایی و لۆژیكییەن، كە لە ڕستەی (٤٩)دا بەرچاو دەكەوت.**

**بەمشێوەیە لەم شیكردنەوەیەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین، كۆپیكردنی ئارگومێنتە داپۆشراوەكان/گواستنەوەی ئارگومێنتە ئەبستراكتەكان بە مەبەستی تاقیكردنەوەی دۆخی ڕێزمانی جێبەجێكراون و دواتریش پرۆسەی قرتاندنەكان بە سەر ئەم كۆپیكراوە داپۆشراوانەدا بە مەبەستی دۆزینەوەی مەودای ڕاستەقینەی (ف. ن)یە ڕادەییەكانی بكەریی و بەركاریی ڕستەكە جێبەجێكراوە. سەرجەمی شیكردنەوەكەش بەڵگەیەكی كۆپیكردنی داپۆشراو/نائارگومێنتە.**

**دەكرێت ئەمجۆرە شیكردنەوە لۆژیكییانە فراوان بكرێت، تا پرۆسەی (كۆپیكردنی ئاشكرا/ئارگومێنت)یش بگرێتەوە. بۆ شیكردنەوەی بۆچوونەكە، با لە ڕستەی (٥١) وردببینەوە:**



**(٥١) هەندێك كەس وەها دەردەكەوێت بچن بۆ هەموو ئاهەنگێك.**

**ئێستا ڕستەی (٥١) بە مەبەستی تاقیكردنەوەی دۆخی ڕێزمانی كۆپیكردنەكانی تیا ڕوودەدات و دەشێت لە (٥٢)دا بنوێنرێت:**


**(٥٢) [ ڕ هەندێك كەس وەهادەردەكەوێت [ AgrS هەندێك كەس [ AgrO بۆ هەموو ئاهەنگێك [ ڕ- هەندێك كەس بچن بۆ هەموو ئاهەنگێك ]]]].**

**پاش ئەوەی پرۆسەی قرتاندنەكان بە سەر ئەندامی هەر زنجیرەیەك لە زنجیرەی كەرەستە كۆپیكراوەكان جێبەجێ دەبێت، دروستەی (ف. ل)ی (٥٣)مان دەستدەكەوێت:**

**(٥٣) [ ڕ (هەندێك كەس) وەهادەردەكەوێت [ AgrS (هەندێك كەس) [ AgrO بۆ هەموو ئاهەنگێك [ ڕ- هەندێك كەس بچن (بۆ هەموو ئاهەنگێك) ]]]].**

**بەمشێوەیە تەنها خوێندنەوەی شیاو بۆ ڕستەی (٥٢) بریتی دەبێت لە دروستەی (٥٤)، كە تیایدا فرێزی ڕادەی گشتی (بۆ هەموو ئاهەنگێك) مەودای دەبێت بە سەر ڕادەی هەبوونیی (هەندێك كەس)دا.**

***ئاڕاستەی مەودای لۆژیكی كەرەستە لۆژیكییەكە***



(٥٤) [ ڕ وەهادەردەكەوێت [ AgrO بۆ هەموو ئاهەنگێك ١ AgrS [ هەندێك كەس بچن ١e ]]].

**شیكردنەوەكانی تا ئێستامان بۆ ئەو ڕستانە بوو، كە كۆپیكردنی ئارگومێنتی ئاشكرا و داپۆشراویان تیابوو، بە هۆی ئەمەشەوە ڕستەكان لێڵدەبوون و پێكهاتەكانیان مەودای لۆژیكی جیاوازییان وەردەگرت، بەڵام**

لەو ڕستانەدا، کە فرێزە ناوییە ڕادەییەکان ڕۆڵی بکەر و بەرکار دەبینن و هەر لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی قاوغی (ف. ك)دان ڕستەکان لێڵ نابن. ئەگەرچی ڕادەکان مەودای لۆژیکییان هەر دەبێت. شیکردنەوەی ئەمجۆرە ڕستانە لە زمانەکەماندا لە نموونەکانی (٥٥ا و ٥٥ب و ٥٥پ)دا دەنوێنین:

(٥٥)

ا/ [ هەندێك كەس ] قەناعەتیان بە کوڕەکانیان کرد، کە[ هەموویان ] بڕۆن.

ب/ [ هەندێك كەس ] ئاواتی خواست، کە [ هەموو کوردستان ] ئازادبێت.

پ/ [ هەندێك كەس ] باوەڕیان بە نەسرین کرد، کە[ بۆ هەموو ئاهەنگێك ]نەچێت.

دەبینین، هەرسێ ڕستەکە بە ڕادەی هەبوونیی [ هەندێك كەس ] دەستی پێکراوە و لە دەرەوەی قاوغی (ف. ك)ەکەیە، ڕستە شکاوەکەش بە ڕادەی گشتی ([ هەموویان ] و [ هەموو کوردستان] و [ بۆ هەموو ئاهەنگێك ]) دەستی پێکردووە و لە دەرەوەی قاوغی (ف. ك)ی ڕستە شکاوەکەن. هەربۆیە لە هەر سێ ڕستەکەدا، ڕادەی هەبونیی مەودای بە سەر ڕادە گشتییەکاندا دەبێت. دەکرێت ئەم ڕەوتەی مەودای ڕادەکانیش لەمجۆرە ڕستانەی زمانەکەماندا لە دروستەی (ف. ل)ی (٥٦)دا بخەینەڕوو:

(٥٦) [ ∃ x ] + [ ∀ ك/ ∀ ئا ] = مەودای لۆژیکی ڕستەی (٥٥)



بەڵام ئەم ڕەوتە ئاساییەی مەودای ڕادە، کە لە نموونەکانی (٥٥)دا بینیمان، مەرج نییە لە هەموو دروستەکانی دیکەی ڕستەکانی زمانەکەماندا بە هەمان شێوە بێت. لەبەر ئەوەی زۆرجار لەو ڕستانەدا، کە فرێزە ناوییە ڕادەییەکانی بکەر و بەرکار لە دەرەوەی قاوغی (ف. ك)دان، هەر مایەی لێڵی لۆژیکین لە ڕستەکەدا. با بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە نموونەی (٥٧ا و ٥٧ب) وردببینەوە:

(٥٧)

ا/ [هەندێك كەس ] پێیانوابوو، کە [هەموو خوێندکارە زیرەکەکان] دەبوایە یەکەم بوونایە.

ب/ [ هەندێك كەس ] پێشبینیان کردبوو، کە [ هەموو خوێندکارێکی زیرەك ] یەکەم دەبێت.

ئێستا ئەگەر لەم دوو ڕستەیە وردببینەوە، دەبینین، کە لە ڕستەی (٥٧ا)دا ڕادەی گشتی [ هەموو خوێندکارە زیرەکەکان ] مەودایەکی فراوانتری هەیە و ڕادە هەبوونییەکە تەنها لەناو مەودای ئەمدا دەتوانێت مەودای هەبێت، بەڵام لە ڕستەی (٥٧ب)دا ڕادەی هەبوونیی [ هەندێك كەس ] مەودایەکی فراوانتری لە ڕستەکەدا گرتووە. ئەم ڕاستییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە مەبەستی تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانی، پێویستە بکەری ڕستە شکاوەکە بۆ جێکەوتەی ئەگریمێنتی بکەر (واتە (spec)ی AgrS) کۆپیبکرێت. بەمشێوەیە، دەبێت هەردوو ڕستەکە پاش کۆپیکردن دروستەی (ف. ل)ی (٥٨ا و ٥٨ب)یان هەبێت:

(٥٨)

ا/ [ AgrS هەندێك كەس [ AgrO هەموو خوێندكارە زیرەكەكان[ ڕ هەندێك كەس پێیانوابوو، كە

AgrS [ هەموو خوێندكارە زیرەكەكان [ ف.ك هەموو خوێندكارە زیرەكەكان دەبووایە یەكەم بوونایە ]]]]].

ب/ [ AgrS هەندێك كەس [ ڕ هەندێك كەس پێشبینیان كردبوو، كە [ AgrS هەموو خوێندكارێكی زیرەك

[ ف.ك هەموو خوێندكارێكی زیرەك یەكەم دەبێت]]]].

ئێستا هەروەك دەبینین لە ڕستەی (٥٨ ا)دا فرێزە ناوییە ڕادەییە هەبوونییەكە [ هەندێك كەس ]بۆ (جێكەوتەی ئەگریمێنتی بكەر)ی ڕستە ئاڵۆزەكە كۆپیكراوە، تاوەكو دۆخی ڕێزمانییەكەی تاقیبكرێتەوە. پاشان كۆپی [ هەندێك كەس ] وەك یەكەم ئەندامی زنجیرەكەی و دواتر كۆپی [ هەموو خوێندكارە زیرەكەكان ] وەك یەكەم ئەندامی زنجیرەكەی بە پێی تایبەتمەندی (٣ و ٤) دەبێت بقرتێنرێن. بەمەش دروستەیەكی (ف. ل)ی وەك (٥٩ا)مان دەستدەكەوێت، كە تیایدا ڕادەی گشتی [ هەموو خوێندكارە زیرەكەكان ] مەودای بە سەر ڕادەی هەبوونی [ هەندێك كەس ]دا دەبێت، با لە دروستەی (٥٩ا) ڕابمێنین:

(٥٩)

ا/ [ AgrS ~~(هەندێك كەس)~~ [ AgrO هەموو خوێندكارە زیرەكەكان[ ڕ هەندێك كەس پێیانوابوو، كە [ AgrS ~~(هەموو خوێندكارە زیرەكەكان)~~ [ ف.ك هەموو خوێندكارە زیرەكەكان دەبووایە یەكەم بوونایە ]]]]].



بەمشێوەیە دەتوانرێت مەودای لۆژیكییانەی ڕادەكان لە دروستەی (٥٩ب)دا بخرێتەڕوو:

(٥٩)

ب/ [ ∀ x ]+[ ∃ ] = زنجیرەی-Σ/ مەودای لۆژیكی ڕستەكە.

بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (٥٨ب) وردببینەوە، ئەوا بە هەمانشێوە بە پێی تایبەتمەندی (٣ و ٤) دەبێت ڕادەی هەبوونیی بكەری كۆپیكراو بۆ ناو (ئەگریمێنتی بكەری ڕستە ئاڵۆزەكە) لەگەڵ ڕادەی گشتی ناو قاوغی (ف. ك)ەكە [ هەموو خوێندكارێكی زیرەك ] وەك یەكەم ئەندامی زنجیرەكەیان بقرتێنین. بەم كارە ڕادە هەبوونییەكە مەودای بە سەر ڕادە گشتییەكەدا دەبێت، هەروەك دەكرێت لە (٦٠)بنوێنرێت:

(٦٠)

ا/ [ AgrS ~~(هەندێك كەس)~~ [ ڕ هەندێك كەس پێشبینیان كردبوو، كە [ AgrS ~~هەموو خوێندكارێكی زیرەك~~ [ ف.ك (هەموو خوێندكارێكی زیرەك) یەكەم دەبێت]]]].

بەمشێوەیە، دەتوانین مەودای لۆژیكییانەی ڕادەكان لە دروستەی (٦٠ب)دا بخرێتەڕوو:

(٦٠)

ب/ [ ∃ ] + [ ∀ ] x = زنجیرەی-Σ/ مەودای لۆژیكی ڕستەكە.

ئاڕاستەكانی ڕكێفی مەودای ڕادەكان لە شیكردنەوە و نموونەكانی سەرەوەدا سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، كە تەنانەت لەو ڕستانەیشەدا، كە فرێزە ناوییە ڕادەییە بكەریی و بەركارییەكان لە دەرەوەی قاوغی (ف. ك)دا. كەچی هێشتا مایەی لێڵی لۆژیكین و ڕێگرن لە گەیاندنی واتایەكی ئاسان و سفت.

کەواتــە لــە ئــەنجامی ئــەم شــیکردنەوانەوە دەتــوانین بڵــێین، کــە (مــەودا لــە بەرنامەی کەمینەدا) لە بنەڕەتدا بریتییە لە (کۆپیکردنی – ئارگومێنت). هەربۆیـە جێگــەی سەرســوڕمانیش نییــە، کــە کاریگەرییــەکانی مــەودای ڕادە شــوێنپێی ڕێسای (A)ی تیۆری بەستنەوە هەڵبگرن[193]. بەمشێوەیە (مەودای ڕادە) بریتییە لە فرێزێکی بەستراوە لە زمانە سروشتییەکاندا، چونکە مەودای ڕادە بریتییـە لـە گۆکردنی (زنجیرەی کەرەستە– ئارگومێنت)ەکان.

خۆ ئەگەر بێتوو لە ڕوانگەی ئەم شیکردنەوانەوە بڕوانینـە دروستەی ڕستەی ئاسایی زمانەکەمان و بمانەوێت دروستەی (ف. ل)ی بۆ ڕستەکانی زمانەکـەمان بدۆزینـەوە، بـە پێی ئـەم تێڕوانینانـەی بەرنامـەی کەمینـە، جیاواز لـەو ڕستانەی هەنووکە لە تاقیکردنەوەکانی ئەم بابەتـەدا شیکرانەوە و دەربڕاوە ڕادەییەکانیان تیابوو و سەرچاوەی لێڵی لۆژیکی بوون. دیارە ئەمەش بە مەبەستی پشکنین و دۆزینــەوەی مــەودای لــۆژیکی پێکهاتــەکانی ڕســتەکانی زمانەکــەمان. لێــرەوە دەتوانین بڵێین، پەیوەست بە شیکردنەوەی

(تیــۆری دەســەڵات و بەســتنەوە "GB") ســەلمێنراوە، کــە لــە زمــانی کوردیــدا (بکــەر) بــەبێ گواســتنەوە لــە جێکەوتــەی بنــەڕەتی خۆیــدا بەرهەمــدێت. ئــەم جێکەوتەیــەش لــە دروســتەی ڕســتەی زمانەکەمانــدا بریتییــە لــە جێکەوتــەی (تەواوکەری دەرەکی) بۆ بەشی کردار[194].

[193] – چەند و چوونەکانی پەیوەندی نێوان (مەودای ڕادە) و (تیۆری بەستنەوە) بابـەتی سـەرەکی (سنورداركردنی مەودای ڕادەیە). هەربۆیە بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (٢/٢–٧)ی بەشـی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٢٢١–٢٣٢).

[194] – بۆ زانارى زیاتر، بڕوانە: ا/ محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) ب/کاروان عومەر (٢٠٠٨).



بــەڵام لــە بەرنامــەی کەمینــەدا و لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا پاڵپــشت بــە تیۆرییـەکانی Aoun and Li(1993)[195] پێشنیازی ئـەوە دەکـەین، کـە (بکـەر) لە دروستەی ڕستەی زمانەکەماندا هـەر لـە بنەڕەتـدا بـێ هـیچ کۆپیکردنێك و لــە جێکەوتــەی خۆیــدا بەرهەمــدێت، بــەڵام ئــەو جێکەوتەیــەی تیایــدا بەرهەمدەهێنرێت بە پێی شیکردنەوەکانی بەرنامەی کەمینە بە جێکەوتەی ئـەگریمێنتی بکـەر (واتـە "spec"ی AgrS) نـاوزەد دەکرێـت و ڕاڤـەکراوە. هەربۆیـە هـەر لـە بنەڕەتـدا وا چاوەڕوان دەکرێت، کە (بکـەر) لـە دروسـتەی ڕستەی زمانەکەماندا لـەم جێکەوتەیەدا بەرهـەم بهێنرێت. خـۆ ئەگـەر بێتـوو پرسـیاری ئـەوەیش لـە بۆچـوونەکە بکـەین، کـە بۆچـی لـە زمـانی کوردیـدا بەرهــەمهێنانی دەربــڕاوە بکەرییــەکان بەمــشێوەیەیە؟ ئــەوا جــارێکی دیکــە دەتــوانین بڵــێین، کــە هۆکارەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی، کــە (بکــەر) تەواوکـەرێکی دەرەکییـە بـۆ بەشـی کـردار. بـۆ سـەلماندنی ئـەم ڕاسـتییەش تاقیکردنــەوە دەکــەین لەســەرهەردوو دروســتەی ڕســتەی بکــەردیار و بکەرنادیار:

یەکــەم//لــە دروســتەی ڕسـتەی بکـەردیاردا: لایـەنی دیـاریی لـە ڕسـتە بکــەردیارەکانی زمانەکەمانــدا دەیــسەلمێنێت، کــە بکــەرێکی ڕێزمــانی و لــۆژیکی ئاشــکرایان هەیــە. هــەم لــە ڕووی ڕێزمانییــەوە و هــەم لــە ڕووی لۆژیکییەوە ئەرکی بکەر و جێبەجێکەری کردەی کرداری ڕستەکە دەبینن. ئەمـە وێـڕای جێکەوتەکـەی لـە دروسـتەی ڕستەکەدا و گرێیەکـەی لـە داری زمـانیی ڕســتەی زمانەکەمانـدا، کـە جێکەوتـەی یەکـەم و بـەرزترین گـرێ دەگرێت.

[195] –Norbert Hornstien (1995:164)

**بەمەش پەیوەست بەو شیکردنەوەیەی بۆ ڕستەکانی نموونەی (٥٥ا و ٥٥ب و ٥٥ پ) کرا، دەربڕاوە بکەرییەکە مەودای بە سەر هەموو داتا نابکەرییەکانی دیکەی ڕستەکەیدا دەبێت. بەم مەودا گرتنەوەیە لێڵی لە مەودای ڕستەکەدا دروست نابێت، هەروەك لە نموونەی (٦١)دا دیارە:**

(٦١) [ AgrS= جێکەوتەی دەرەکی **نەشمیل** [ ف. ك[ **یاریدەکات** ]]].

**دووەم// لە دروستەی ڕستەی بکەرنادیاردا: دروستەی ڕستەی بکەرنادیار لە زمانەکەماندا (هەروەك لە کارەکانی پێشووتردا پێشنیازکراوە)[196] و لە ڕستەی بکەردیارەوە هەڵگوێزراوە و بەرکاری ڕستەکە بۆتە بکەری ڕێزمانی ڕستەکە، بەڵام بکەری لۆژیکی ڕستەکە نییە.**

[196]– ڕەنگە گرنگترین لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا کراوە، لێکۆڵینەوەی (وریا عمر امین و محمد معروف فتاح و فەریدون عەبدول بەرزنجی ) بێت، کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گریمانەی ئەوەیان داناوە، کە ڕستەی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەردەگیرێت. هەر لەمبارەیەوە (محمد معروف فتاح ) گفتوگۆی خودی ئەم بۆچوونەشی کردووە بەوەی، کە مەرج =نییە هەموو ڕستەیەکی بکەرنادیار ڕستەیەکی بکەردیاری بەرانبەری هەبێت، بە تایبەتی لە ڕستەیەکدا، کە ڕادەی تیابێت و بمانەوێت مەودای ڕادەکەی تیا شیبکەینەوە. لە هەمانکاتدا ئەگەر بڕوانینە هەردوو کتێبی (ڕستەسازیی کوردیی) و (ڕستەی باسمەندی کوردی)، کە پەیوەست بە تیۆری (بە لێکسیمبوونی سەربەخۆ)ەوە لە دیاردەکەیان کۆڵیوەتەوە، ئاڕاستەیەکی دیکەیان بە بابەتەکە بەخشیووە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا و بە مەبەستی یەکلایکردنەوەی مەودای لۆژیکی و دەرهێنانی فۆڕمی لۆژیکیان پەیوەست بە شیکردنەوەکانی بەرنامەی کەمینەوە لێکۆڵینەوەکە تاقیکردنەوەکانی ئەنجام دەدات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ا/ وریا عمر امین (١٩٨٢: ٣٤–٣٥) ب/ فەریدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٧٦–١٠٦)

**پ**/ Muhammad Maruf Fattah(1997:262-264) **ت/ محەمەدی** مەحویی (٢٠٠١: ٤٧)

ج/ کاروان عومەر (٢٠٠٨: ٢٦–٢٨)



**هەربۆیە مەودای بکەری لۆژیکی ئەبستراکت و خودی ڕستەکەش لێڵییەك لەخۆ دەگرێت بەوەی، کە دەشێت بکەرە ڕێزمانییەکە مەوداکەی لەناو مەودای کەرەستەکانی دیکەی ڕستەکەدا بێت و سەرجەم ڕستە بکەرنادیارەکەش (بە بکەرە ڕێزمانییەکەشەوە) دەکەوێتە ناو مەودای بکەرە لۆژیکییە ئەبستراکتەکەی ڕستەوە. بۆ ئەم مەبەستە با لە ڕستەی (٦٢ا و ٦٢ب) بڕوانین:**

(٦٢) ***مەودای لۆژیکی***

ا/ [ AgrS= جێکەوتەی دەرەکی **نانەکە** [ ف. ك [ ف. پ **بەخێرایی** [ ك **خورا** ]]]].

***مەودای لۆژیکی***

ب/ [ AgrS= جێکەوتەی دەرەکی **نانەکە** [ ف. ك [ ف. پ **بەخێرایی** [ ك **خورا**]]]]، [ بکەری لۆژیکی **لەلایەن منداڵەکەوە**].

**ئێستا ئەگەر بێتوو پرسیار لە خودی ئەم دوو تاقیکردنەوەیە بکەین، بەوەی چۆن ئەم ئەنجامەی لێهەڵگوێزراوە، ئەوا دەتوانین پاساودانی تاقیکردنەوەکە بەوە بکەین، کە دروستەی (ف. ل)ی ڕستەی بکەردیار و بکەرنادیاری زمانەکەمان پەیوەست بە شیکردنەوەکانی پێشوومانەوە چاوەڕواندەکرێت بەمشێوەیەی خوارەوە بێت، بڕوانە لە دروستەی ئەبستراکتی (٥) و (٦ا و ٦ب و ٦پ):**

(٥) [ AgrS **بکەر** [ AgrO **بەرکار** [ ك **کردار** ]]]. (دروستەی "ف. ل"ی ڕستەی بکەردیار).

(٦)

ا/ [ AgrS **بکەر** [ AgrO **بەرکار** [ ك **کردار** ]]]. (دروستەی "ف. ل"ی ڕستەی بکەردیاری بەرهەمهێنراو).

ب/ [ AgrS **بەرکار** [ ف. ك [ AgrO (~~بەرکار~~) [ ك **کردار**]]]].

دروستەی "ف. ل"ی ڕستەی بکەرنادیار پاش کۆپیکردن و پێش قرتاندن.

پ/ [ AgrS بــــەرکاری لــــۆژیکی=بکــــەری ڕێزمـــــانی [ ف. ك [ AgrO e ] ك کردار]]]].

دروستەی "ف. ل"ی ڕستەی بکەرنادیار پاش قرتاندن.

ئێستا ئەگەر بەراوردی هەردوو ڕستەی (٦١) و (٦٢ا و ٦٢ب) بە هەردوو دروستەی (ف. ل)ی (٥) و (٦پ)ەوە بکەین ڕاستی و دروستی و پاساودانی تاقیکردنەوەکەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە هەروەك لە دروستەی (ف. ل)ی (٦پ)دا دەبینرێت، کە بە خورتیی لە جێکەوتەی (ف. ك)ەکەیدا شوێنپێیەك هەیە، بە هۆی ئەوەی بەرکارە ئارگومێنتییەکە سەرلەنوێ لەناو بونیادی (ف. ك)ەکەدا بونیادنراوەتەوە لە شێوەی شوێنپێیەکدا، کە ئەمیش ئەو جێکەوتەیە، کە بەرکارەکەی لێوە کۆپیکراوە. ئەمەش ڕێگە دەدات بە بکەرە لۆژیکییەکە لە پلەی یەکەمدا و بە بکەرە ڕێزمانییەکە لە پلەی دووەمدا وەچەئاڕاستەی (ف. ك) بکات و مەودای بە سەریدا هەبێت. ئەم ڕاستییە بە هێنانەوەی (فریزی لەلایەن)ەوە بۆ ڕستەکە دەسەلمێت، هەروەك لە ڕستەی (٦٢ب)دا خرایەڕوو. لێرەدا و پاش ئەم شیکردنەوانە، ئەگەر جارێکی دیکە لە ڕستەی (٦٢ب) وردببینەوە، دەتوانین بڵێین، کە پێکهاتەی (لەلایەن منداڵەکەوە) پێکهاتە ئەبستراکتە هەبووەکەی ئاوەزمانە، کە بەشێوەیەکی لۆژیکییانە مەودای بە سەر سەرجەمی ڕستەکەدا هەیە و لە ڕووی ڕێزمانیشەوە جارێکی دیکە دەتوانرێت بخرێتە ژێر کاریگەری پرۆسەی باسمەندییەوە و هەمان ئەو مەودا لۆژیکییەی پێ بگەیەنرێت، کە لێرەدا دەکرێت ڕستەکە وەك خاوەنی یەك فریزی ڕادەیی تاك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەك لە (٦٣)دا دیارە:



(٦٣)

مەودای بکەری لۆژیکی لە ڕێگەی جێکەوتەی ئەگریمێنتەوە

ا/ [ AgrS= جێکەوتەی دەرەکی نانەکە [ ف. ك [ ف. پ بەخێرایی [ ك خورا]]]]، [ بکەری لۆژیکی لەلایەن منداڵەکەوە].

مەودای بکەری لۆژیکی لە ڕێگەی پرۆسەی باسمەندییەوە


ب/ [ س. ه لەلایەن منداڵەکەوە [ AgrS= جێکەوتەی دەرەکی (نانەکە[ ف. ك [ ف. پ بەخێرایی [ ك خورا]]]].

ئێستا ئەگەر لەم دوو ڕستەیە وردببینەوە، دەبینین، کە مەودای لۆژیکی لە هەردوو ڕستەکەدا هەر هەمان شتە و هەر بکەرە لۆژیکییەکە مەودای بە سەر سەرجەم ڕستەکەدا هەیە و بکەرە ڕێزمانییەکەش لە چوارچێوەی مەودای بکەرە لۆژیکییەکەدا دەتوانێت مەودای بە سەر داتاکانی دیکەی ڕستەکەدا هەبێت، بەڵام تەنها جیاوازییان لە ئاڕاستەی مەوداکەدایە، چونکە هەروەك دەبینین، لە ڕستەی (٦٣ا) لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاستی ڕستەکەیە، لە ڕستەی (٦٣ب)دا ئاڕاستەی مەوداکە لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپی ڕستەکەیە، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا زانستێتی بۆچوونەکە ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا، دەربڕاوە بکەرییەکان مەودای بە سەر بەشەکانی دیکەی ڕستەکەدا هەیە.

**٢/٢-٧) سنووردارکردنی مەودای ڕادەکان:**

چەمکی سنووردارکردنی مەودا، چەمکێکە پاش چەمك و بیرۆکەی (گشتێتی لە زماندا) هاتەکایەوە (هەروەك لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا خرایەڕوو"واتە ٢/٢"). ئەم ڕاستییە ئەوە بە سەر لێکۆڵینەوەکەدا

دەچەسپێنێت، کە سەرەتا و بەراییەکانی ئەم بابەتە شیبکرێتەوە و بکرێتە بنەمایەکی پتەو بۆ تێگەیشتن لە خودی پرۆسەکە، پەیوەست بە بەرنامەی کەمینەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەروەك پێشتر بنەمایەکمان بۆ داڕشت، پەیوەست بە (تیۆری سیمانتیکی چەشن)[197]ەوە، دەتوانین بڵێین، کە ڕادەکانی چەشنی(١) لە هەموو جیهاندا مەودایان هەیە، بەڵام ڕادەکانی چەشنی (١،١) وا دەردەکەون ببنە ڕادەی سنوردار. بۆ نموونە: با لە ڕستەی (٦٤)وردببینەوە، کە تیایدا ڕادە لۆکاڵییەکە (زۆربەی) مەودای بە سەر پۆلی فرێزی ناویی (خوێندکارەکان)دا هەیە:



(٦٤) [(ف. ن)ی ڕادەیی [$Q_R$ زۆربەی [ف. ن خوێندکارەکان]]] ئاگاداری ئاهەنگەکە بوون.

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکە وردببینەوە، دەبینین، کە ڕاستێتی و هەڵەیی لە ڕستەکەدا تەنها پشت دەبەستێت بەوەی، لە پۆلی (خوێندکارەکان)دا چی ڕوویداوە؟ واتە چەندێکیان ئاگاداری ئاهەنگەکە بوون و چەندێکیشیان ئاگاداری ئاهەنگەکە نەبوون. ئەمە لە ڕێگەی ڕادەی لۆکاڵی (زۆربەی)ەوە تێدەگەین، لە ئەنجامی ئەو بەراوردکردن و دروستە دووانییەی لە نێوان پۆلی (خوێندکارەکان)دا دەیهێنێتەکایەوە، واتە ئەوانەیان، کە ئاگاداری ئاهەنگەکە بوون و ئەوانەشیان، کە ئاگاداری ئاهەنگەکە نەبوون. ئەم ئاڕاستەیە لە بیرکردنەوە لە ڕادەکانی چەشنی (١،١)، بەوەی کە ڕادەی سنوردارن، جارێکی دیکە دەتوانرێت پاساودان بکرێتەوە بە بەراوردکردنی

[197]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (٢/٢–٣)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (١٧٧–١٨٥).



واتای ڕستەکانی (٦٥ا و ٦٦ا و ٦٧ا) بە واتای ڕستەکانی (٦٥ب و ٦٦ب و ٦٧ب):

(٦٥)

ا/ هەموو خوێندکارەکان ئاگاداری تاقیکردنەوەکە بوون.

ب/ هەر خوێندکارێك، ئەو خوێندکارەیە، کە ئاگاداری تاقیکردنەوەکە بوو.

(٦٦)

ا/ کەمێك لە ماسییەکان لە ماسییە تازەکانن.

ب/ کەمێك لە ماسییەکان لەو ماسییانەن، کە ماسی تازەن.

(٦٧)

ا/ زۆرینەی منداڵەکان ئاگایان لە یارییەکە بوو.

ب/ زۆرینەی منداڵەکان لەو منداڵانەن، کە ئاگایان لە یارییەکە بوو.

وردبوونەوە لەم جووتە ڕستانە بۆمان دەردەخات، کە جووتە ڕستەی هاوتا و هاوشێوەن. هاوتابوونی واتا و مەودای ڕادەکانیش لەو جووتە ڕستانەدا پێی دەوترێت (پارێزگاریی"Conservativity (CONS")")[198] . بۆیە دەتوانین بڵێین دەربڕاوەکانی (CONS)، دەربڕی بیرۆکەی سنوردارین، چونکە لە هەریەکە لەو جووتە ڕستانەی سەرەوەدا هەڵهێنجانی نرخی سیمانتیکی و نرخی ڕاستی و ڕاستەقینە پەیوەستە بە ژمارەی پۆلی

[198]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006:801)
b/ Stanley Peters and Dag Westerstahl (2006:242)

(خوێندکارەکان) یان پۆلی (ماسییەکان) یان پۆلی (منداڵەکان). ئەو کێشەیەی ڕادە گشتییەکانی چەشنی (١) هەیانە، بریتییە لەوەی ناتوانرێن سنوردار بکرێن؟ واتە واتا و مەوداکانیان سنوردار نییە و گشتی شتەکە/بابەتەکە دەگرێتەوە. ئەم دەربڕینە گشتییە، کە بە کەرەستەکە/گشتەکە دەبەخشرێت خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە سنوردارکردن دەبەخشێت بە شتەکە/کەرەستەکە/گشتەکە لە ڕێگەی ڕادەکەوە. هەربۆیە هەروەک (VanBenthem 1983,1986) دەریخستووە، کە مەرجی (گشتێتی "Universal(UNIV)") هاوتایە لەگەڵ مەرجی (CONS) لە ڕێگەی مەرجی (درێژبوونەوە "Extension(EXT)")ەوە، چونکە هەروەک لەلایەن (Westerstahl(1985,1989)ەوە تێبینی کراوە، کە مەرجی درێژبوونەوە دەربڕی ئەو بیرۆکەیە، کە ڕادەکان واتاکانیان لە مەوداکانی خۆیاندا ناگۆڕێن. بەمشێوەیە هەردوو مەرجی درێژبوونەوە لەگەڵ مەرجی (CONS) پێکەوە ژیرانە بیرۆکەی ناسنورداری ڕادە گشتییەکان شیدەکەنەوە، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە ڕستەی (٦٨) ڕابمێنین:

(٦٨) هەموو کوڕەکان هەڵگری باوەڕی شۆڕشگێریی بوون.

ئێستا ئەگەر بمانەوێت ڕادە گشتییەکەی ئەم ڕستەیە شیبکەینەوە، ئەوا دەتوانین دروستە لۆژیکییەکەی لە دروستەی (٦٩)دا بنوێنین:

(٦٩) ∀x → [ (x) هەڵگری باوەڕی شۆڕشگێریی بوو ].

خۆ ئەگەر بێتوو لە ڕووی لۆژیکییەوە پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە ئەگەر ڕادەکان (بە تایبەتی ڕادە لۆکاڵییەکانی چەشنی (١،١) ) تەنانەت ڕادە گشتییەکانی چەشنی (١)یش بتوانرێت سنوردار بکرێن، ئەی کەواتە چی وا لەم ڕادانە دەکات ببنە دەربڕاوی گشتێتی؟ ئەوا لەم ڕوانگەیەوە و بە



شێوەیەکی ژیرانە دەتوانین بڵێین، کە دەربڕاوێکی وەک (زۆربەی خوێندکارەکان) لە ڕستەی (٧٠) هیچ تاکێکی تایبەتی لە خوێندکارەکان دەرناهێنێت، بەڵکو زۆرینەی خوێندکارەکان دەردەهێنێت، جا ئەو خوێندکارانە هەر کام لە خوێندکارەکان بن یاخود هەرکەسێک/تاکێک بن. لە کاتێکدا ناوە تایبەتییەکانی وەک (شیرین) لە نموونەی (٧١)دا ڕاستەوخۆ تاکە تایبەتەکان دەردەهێنێت نەک وەک دەربڕاوە ڕادەییەکان، کە پرسیاری ئەوە لە ڕستەکەدا دەهێنێتە کایەوە، کە کام لە تاکەکان ڕووبەڕووی بەراوردکردن بکرێتەوە لەو دروستە دوانییەی بەرهەمیدەهێنێت.

(٧٠) زۆربەی خوێندکارەکان ئاگاداری تاقیکردنەوەکە بوون.

(٧١) شیرین نانەکەی بە پێوە خوارد.

بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا چ تاکێک لە تاکەکان پێویستە بکەوێتە مەودای ڕادە زانراوەکەوە؟ لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی فەرمی دەتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە لە ڕێگەی مەرجێکی وەک مەرجی (ئاڵوگۆڕی جێگیرییەوە "Permutation Invariance")، کە پێیوایە، گۆڕینی ئەو تاکانەی قسەیان دەربارە دەکەین نابێتە هۆی گۆڕینی ڕاستی ئەو شتەی دەیڵێین. هەربۆیە گشت تاکەکان ڕازیکەری ڕاستێتی گوتراوەکەن. لە نموونەی (٧٠)دا پۆلی خوێندکارەکان (ئازاد و نەوزاد و سیروان) بن یاخود (شیرین و نەرمین و نەسرین) بن، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕن، کە ئەم پۆلە خوێندکارە ئاگاداری تاقیکردنەوەکە بوون. ئەم تایبەتمەندییەش زیاتر لە مەرجی (هاوشێوەبوونی جێگیریدا "Isomorphism Invariance (ISOM)")دا جەختی لێدەکرێتەوە، کە پێیوایە، بیرۆکەی گۆڕانی تاکەکان، کە قسەیان دەربارە دەکەین نەک هەر لە چوارچێوەی جیهانی ڕستەکەدا، بەڵکو لە ڕستە جیاوازەکانیشدا سانایانە

شیدەکرێنەوە و هیچ لە ڕاستی ڕستەکە ناگۆڕن[199] . کەواتە لە ڕوانگەی ئەمجۆرە لێکدانەوانەوە، دەتوانین بڵێین، ڕادەکان لە زمانەکەماندا دەتوانن هەرسێ مەرجی (CONS) و (EXT) و (ISOM) ڕازی بکەن و دەتوانرێت پێیان بگوترێت (ڕادە لۆژیکییەکان). بەمشێوەیە ئەم ئەنجامەی هەنووکە (بەوەی ڕادەکان ڕادەی لۆژیکین) لە بەرنامەی کەمینەدا وەردەگیرێت و شیکردنەوەی بۆ دوو مەبەستی وەك (سەلماندنی ئەوەی، کە دەربڕاوە ڕادەییەکان ڕادەی لۆژیکین) تیادەکرێت. دیارە ئەمە لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت، کە بیسەلمێنین مەودایان هەیە، مەبەستی دووەمیشیان بۆ ئەوەیە، کە هەوڵ بدەین (ئەم مەودا لۆژیکییە تێبگەین، کە لە ڕستە و ئاخاوتنەکانماندا هەیانە و بە وردی مەوداکانیان دیاری بکەین و سنوورداریبکەین). بەمشێوەیە، ئەگەر بمانەوێت لێڵی ڕستەکان و ئەو واتایەی دەیگەیەنن بە تەواوی دیاری بکەین پەیوەست بە بنەماکانی بەرنامەی کەمینەوە، کە لەم بەشەدا خرانەڕوو، ئەوا پێویستە لەو خاڵەوە هەنگاو بنێین، کە: ((کارلێکردنێکی تەواو لە نێوان مەودای ڕادە و تیۆری بەستنەوەدا هەیە))[200] . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کارلێکردنە، با لە نموونەی (٧٢ ا و ٧٢ب) وردببینەوە:

(٧٢)

199 – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a/ Ernest Lepore and Barry C. Smith(2006:805)
b/Stanley Peters and Dag Westerstahl (2006:40-43)

200 –Norbert Hornstien (1995:158)



ا/ هەندێك کەس هەموو پارچەکانی ئەو یارییەیان چاککردەوە، کە تۆ دەتزانی.

ب/ هەندێك کەسi هەموو پارچەکانی ئەو یارییەیان چاککردەوە، کە ئەو دەیزانیi.

ئێستا ئەگەر لە ڕستەی (٧٢ ا) وردببینەوە، دەبینین بە هۆی هەردوو ڕادەی هەبوونیی و ڕادەی گشتییەکەوە ڕستەیەکی لێڵە. بەمەش ڕستەکە مەودایەکی فراوانی واتایی دەبێت. هەربۆیە لەم ڕستەیەدا بەلایەنی کەمەوە کەسانێك هەن توانیویانە هەموو پارچەکانی یارییەکە بە تەواوی چاك بکەنەوە، بەڵام جیاوازی بەشەکانی یارییەکە، کە چاککراوەتەوە، نابێتە هۆی ئەوەی کەسی جیاوازمان هەبێت، تەنانەت ئەگەر هەموو بەشەکانیشیان چاککردبێتەوە. بەمشێوەیە ئەگەر بێتوو ڕادەی هەبوونیی (هەندێك کەس) جێناوی (تۆ)ی بەخۆیەوە بەستەوە لە چوارچێوەی فرێزی ڕادە گشتییەکەدا، ئەوا دەبێت فرێزی هەبوونیی (هەندێك کەس) مەودایەکی فراوانتری هەبێت. بەمشێوەیە و پەیوەست بە شیکردنەوەکانی (بەشی یەکەم)ی لێکۆڵینەوەکەمانەوە[201]، پێویستە هەموو مەرجەکانی بەستنەوە لەسەر ئاستی (ف. ل) کۆببنەوە و جێبەجێ بکرێن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە جێناوی بەستراوە لە ڕێگەی ڕادەکەوە (بەستەرەکەیەوە) وەچە ئاڕاستە بکرێت. ئەمە نرخە سیمانتیکییەکەی لەسەر ئاستی (ف. ل) دیاریدەکات. کەواتە مەودای ڕادەکە دەتوانرێت سنوردار بکرێت. بۆ کۆنکرێتکردنی شیکردنەوەکەمان، با لە دروستەی (٧٣ ا) وردببینەوە، کە تیایدا پرۆسەی کۆپیکردنەکان جێبەجێکراوە و نواندنی ڕستەی (٧٢ ب)یە:

201 – بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: پاری (دووەم)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(٤٦–١٣٨)

(٧٣)

ا/ [ AgrS هەندێك كەس [ AgrO هەموو پارچەكانی یارییەكەیان چاككردەوە [ ڕ هەندێك كەس١ [ ف.ك هەموو پارچەكانی یارییەكەیان چاككردەوە، كە ئەو١ دەیزانی ]]]].

ئێستا ئەگەر دەستبكەین بە پرۆسەی قرتاندنەكان، ئەوا دەبێت ئەوە بڵێین، ئەگەر بێتوو ڕادە هەبوونییەكە لەناو (ف. ك)ەكەدا بقرتێنین، ئەوا هیچ كەرەستەیەكی سەرچاوەمان نابێت، تا وەچە ئاڕاستەی جێناوەكە بكات و بە خۆیەوە ببەستێتەوە. بەمەش مەودای ڕادەكە و لێڵی ڕستەكە تەمومژاوییتر دەبێت. هەربۆیە بە مەبەستی لێكدانەوەی جێناوەكە وەك گۆڕینۆكێكی بەستراوە، فرێزی ڕادەی هەبوونیی و گشتی لەناو (ف. ك)ەكەدا دەقرتێنین. بەمەش دەتوانین بڵێین ڕادە هەبوونییەكە مەودای بە سەر ڕادە گشتییەكەدا هەیە، با لە پرۆسەی قرتاندنەكان لە (٧٣ ب) ڕابمێنین:

(٧٣)

ب/ [ AgrS هەندێك كەس١ [ AgrO هەموو پارچەكانی یاریەكەیان چاككردەوە [ ڕ (هەندێك كەس١)[ ف.ك (هەموو پارچەكانی یارییەكەیان چاككردەوە)، كە ئەو١ دەیزانی ]]]].

ئێستاش دەتوانین بڵێین ڕستەی (٧٣ ب) دەشێت خوێندنەوەی لۆژیكییانەی (٧٣پ)ی هەبێت:

(٧٣) *مەودای لۆژیكی*

پ/[ AgrS هەندێك كەس١[ AgrO هەموو پارچەكانی ئەو یارییەی/یارییەكەی ئەو ١ دەیزانی [ف.ك چاك[ كلیتیكی لۆژیكی ی١]كردەوە]]].



ئێستا ئەگەر لە ڕستەی (٧٣ب و ٧٣پ) وردببینەوە،دوو ڕاستی درك پێدەكەین، كە یەكەمیان بریتییە لە مەودا فراوانی ڕادەی هەبوونیی (هەندێك كەس)، تەنانەت جێناوە بەستراوەكە هەر لە مەودای خۆیدا هەڵگرتووە، دووەمیشیان بریتییە لە جێبەجێبوونی پرۆسەی بەستنەوەی جێناوەكە بە ڕادە هەبوونییەكەوە. ئەم ڕاستییە زیاتر بە دەركەوتنی جێناوی [ ی١] لەناو پێكهاتەی كردارەكەدا لە خوێندنەوەی لۆژیكییانەی ڕستەكەدا (٧٣پ) دەچەسپێت. لێرەوە وەك پێشنیازێك لێكۆڵینەوەكە وا پێشبینیدەكات، كە ئەمجۆرە جێناوە هەڵسوكەوتی گۆڕینۆكە ئەبستراكتەكان بكات، كە لە شیكردنەوەی ئاستی (ف. ل)ی زمانێكی وەك زمانی ئینگلیزیدا بە (X) هێمای بۆ دەكرێت. بەمەش دەتوانرێت یەكێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی ڕستە ڕادەدارەكانی زمانی كوردی بخرێتەڕوو، بەوەی، كە ساناییانە و لە ڕێگەی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی بەرنامەی كەمینەوە دەتوانرێت مەودای ڕادەكان ولێڵی ڕستەكان دیاریبكرێن و سنوردار بكرێن، ئەم جێبەجێكردنە لە ڕێی ئەو جێناوەوە دەكرێت، كە لەناو پێكهاتەی كردارەكەدا دەنوێنرێت و دەتوانرێت بە (كلیتیكی لۆژیكی) ناوزەدی بكرێت[202].

---

[202]– ئەم ستراتیژییەی زمانی كوردی پێشتریش لە گواستنەوە ئاشكراكانی زمانی كوردیدا پێشنیازكراوە، بە تایبەتی لە پرۆسەی باسمەندیی زمانەكەماندا، كە لەوێدا پێشنیازەكە بۆ (كلیتیكی باسمەندیی) بووە و لە ئەنجامی جێبەجێبوونی پرۆسەی باسمەندیی وەك یاسایەكی سەرپشكی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لە ڕستەكەدا دەردەكەوت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: كاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٧٢–٩٠)

لە ڕاستیدا ئەم کۆپەیوەندییەی نێوان مەودای ڕادە و تیۆری بەستنەوە لە بونیادەکانی بەرزکردنەوەدا زیاتر جەختی لێدەکرێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم دیاردەیە، با لە ڕستەی (٧٤) ڕابمێنین:

(٧٤) هەموو تەزبیحێك وادەردەکەوت بۆ هەندێك کڕیار قەزوانی ئەبڵەق بێت.

ئەم ڕستەیە تەنها یەك خوێندنەوەی هەیە، کە تیایدا کڕیارە جیاوازەکان بیر لە تەزبیحە جیاوازەکان دەکەنەوە. بەمشێوەیە دەبێت ڕادەی هەبوونیی (هەندێك کڕیار) لەناو مەودای (هەموو تەزبیحێك)دا بێت. لە ڕوانگەی ئەمجۆرە خوێندنەوەیەوە دەتوانرێت پێشنیازی دروستەی (٧٥) بکرێت:

(٧٥) [هەموو دەنکێکی تەزبیحەکە [ ی ] ]١ وا دەردەکەوت بۆ هەندێك کڕیار ١ لە قەزوانی ئەبڵەق بێت.

لەم دروستەیەدا دوو ڕاستی بەرچاو دەکەوێت، یەکەمیان ئەوەیە، کە ئاشکرا دیارە کاریگەرییەکانی (پەڕینەوەی لاواز "WCO")[٢٠٣] سست کراوە. بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی دووەمیش با ڕستەی (٧٦) شیبکەینەوە:

(٧٦) [ براکەی ئەو ١] ٢ باوەڕپێپێکراوە لەلایەن هەموو هاوڕێکییەوە١ e2 وەك دڵسۆزترین هاوڕێ.

[٢٠٣]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خودی پرۆسەی (پەڕینەوەی لاواز) و پەیوەندی نێوان ئەم دیاردەیە و مەودای ڕادە، بڕوانە:

ا/ پاری (دووەم)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨). ب/ وەچەپاری (٢/٢–٩)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٢٤٢–٢٤٤) .




ئێستاکە، ئەگەر دروستەکە بخەینە ژێر پرۆسەی کۆپیکردنەوە، ئەوا دروستەی (٧٧)مان دەبێت، کە تیایدا جێناوەکە لە مەودای ڕادەی (هەموو هاوڕێکییەوە١)دایە:

(٧٧) [ AgrS ([ براکەی ئەو١]) باوەڕپێپێکراوە لەلایەن هەموو هاوڕێکییەوە١ [ AgrS [براکەی ئەو١ ] وەك دڵسۆزترین هاوڕێ]].

لە ئەنجامی تێگەیشتن لەم دروستەیەوە دەتوانرێت ڕاستی دووەم سەبارەت بە دروستەی (ف. ل)ی ڕستەی (٧٥) بخرێتەڕوو، بەوەی دەبێت کۆپی (هەموو دەنکێکی تەزبیحەکەی١)، کە بەرزترە لە ڕادەی هەبوونیی (بۆ هەندێك کڕیار) بقرتێنرێت. بەمەش دەتوانین ڕادە گشتییەکە لەناو فرێزی ڕادە هەبوونییەکەدایە و جێناوەکەش دەتوانێت لە ڕێگەی (هەندێك کڕیار)ەوە ببەسترێتەوە، هەروەك لە دروستەی (٧٨)دا دیارە:

*مەودای لۆژیکی*



(٧٨) [ AgrS (هەموو دەنکێکی تەزبیحەکەی١)[ڕ وا دەردەکەوت بۆ هەندێك کڕیار١[ AgrS هەموو دەنکێکی تەزبیحەکەی١ [ ف. ك لە قەزووانی ئەبڵەق بێت]]]].

بەمشێوەیە ئەگەر لە دروستەی (٧٨) وردببینەوە، دەبینین ڕاستی دووەم تیایدا ئاشکرایە و دەگەشێتەوە، کە بریتییە لەوەی ڕادە هەبوونییەکە مەودای بە سەر ڕادە گشتییەکەدا هەیە. لە هەمانکاتیشدا جێناوە بەستراوەکەی لەناو مەودای خۆیدا هەڵگرتووە. بەمە پەیوەندی نێوان

مەودای ڕادە و تیۆری بەستنەوە ڕاستەوخۆ دەنەخشێنرێت. هەربۆیە لە بەرنامەی کەمینەدا پێویستە مەودای ڕادەکان دیاریبکرێت (واتە سنوردار بکرێت)، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو کۆپەیوەندییەی لە نێوان بەستنەوە و مەودای ڕادەکەدایە، هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەرنامەکە پێیوایە، دەبێت (جێکەوتەی – کەرەستە ئارگومێنتەکان) سەرلەنوێ بونیاد بنرێنەوە، تا بەهۆیەوە بتوانرێت ڕێسا بۆ (جێکەوتەی– کەرەستە نائارگومێنتەکان/ئەبستراکتەکان) دابنرێت تاوەکو بیسەلمێنین هەموو دیاردە زمانییەکان یەکسانن لەسەر ئاستی (ف. ل). لە خودی بەرنامەی کەمینەشدا، ئەم سەرلەنوێ بونیادنانەوەیە بە زاراوەی (سنوردارکەر"Restrictor") ناسراوە[٢٠٤].

ئەم داتایانە و شیکردنەوە پێشکەشکراوەکانیان پاڵپشتی ئەو ڕاستییە دەکەن، کە ئاستی (ف. ل) تەنها ئاستە مەرجەکانی ڕێزمانێتی تیا کۆدەبێتەوە. ئەمە بە بەڵگەی ئەوەی، لە هەر شوێنێکی ڕستەدا مەودای ڕادە لەسەر ئاستی (ف. ل) دیاریکرا، ڕاستەوخۆ مەرجەکانی بەستنەوە جێبەجێ دەبێت. بەمجۆرە، پاش شیکردنەوە و بەڵگە هێنانەوەکان لەسەرکارلێکردنی مەودای ڕادە و تیۆری بەستنەوە لە ڕێگەی سنوردارکردنی مەودای ڕادەکانەوە، دەتوانرێت (جێکەوتەی مەودای ڕادە) لە ڕوانگەیەکی ئەبستراکتییەوە بەمشێوەیە ڕاڤە بکرێت: ((بە مەبەستی جێبەجێبوونی مەرجەکانی بەستنەوە لەسەر ئاستی (ف. ل)، پێویستە وەچەبەستێنەر لە جێکەوتەی (spec)ی (AgrS)دا بێت، کە بە هۆیەوە وەچەبەستێنەرەکە مەودایەکی فراوان وەردەگرێت. خۆ ئەگەر هاتوو لە پرۆسەی سەرلەنوێ

[204]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Norbert Hornstien (1995:159-160)



بونیادنانەوەدا هەر دەربڕاوێك ڕێگەی لێگیرا لە جێکەوتەی ئەگریمێنتی بکەردا بێت، پێویستە بقرتێنرێت. ئەمە پێشنیازی ئەوە دەکات، پێویستە بکەرە ڕادەییەکە وا لێکبدرێتەوە، کە مەودای بە سەر هەموو فرێزە ڕادەییەکانی تردا هەیە. بەمە دەسەلمێت، کە جێکەوتەی مەودا بریتییە لە جێکەوتەی ئەگریمێنتی بکەر ("spec"ی AgrS) بۆ ڕادە بکەرییەکان و جێکەوتەی ئەگریمیێنتی بەرکار ("spec"ی AgrO) بۆ بەرکارە ڕادەییەکان))[٢٠٥].

[205]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Norbert Hornstien (1995:١٦٢ –١٦٣) هەروەها بۆ زانیاری زیاتریش دەتوانرێ سوود وەربگیرێت لە:
Ronnie Came and Ruth Kempson and Lutz Marten (2005:117-119)

## ٢/٢-٨) کارلێکردنی مـەودای دەربـڕاوە ڕادەییـەکان و مـەودای وشە/فرێزە پرسیارییەکان:

لـە زمـانی کوردیـدا ئـەو ڕسـتە پرسـیارانەی دەربـڕاوە ڕادەییەکانیـشیان تێدایـە، ڕسـتەی لـێڵن. ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی، کـە مـەودای هەریەکـە لـە وشــە/فرێــزە پرســیارییەکان و دەربــڕاوە ڕادەییــەکان بــە یەکــدا دەچــن و لێڵییەکی واتایی و لۆژیکی زۆر دروستدەکەن. بەمشێوەیە یەکلایکردنـەوەی واتـای ڕسـتەکە و دەرهێنـانی نرخـی لـۆژیکی لـە ڕسـتەکە ئـاڵۆزتر و لـێڵتر دەبێت. با سەرەتا لە هەردوو ڕستەی (١٧٩ و ٧٩ب) وردبیینەوە:

(٧٩) ا/ کێ هەموو شتێکی پێویستە؟

ب/ کێ هەموو کەسێکی خۆشویستووە؟

تێڕامانمان لە ڕستەی (١٧٩) بۆمان دەردەخات، کە ڕستەکە ڕستەیەکی لێڵـە و دوو شـیانی وەڵامدانـەوەی دەبێـت، کـە دەکرێـت لـە هـەردوو ڕسـتەی (١٨٠ و ٨٠ب)دا بخرێنەڕوو:

(٨٠) ا/ نەسرین هەموو کتێبەکانی پێویستە.

ب/ هەموو ڕۆشنبیران کتێبەکانیان پێویستە.

لـەم دوو وەڵامـە شـیاوەدا، یـان ئـەوەتا (یـەك کـەس هەیـە، کـە هـەموو کتێبەکانی پێویستە) هەروەك لە (١٨٠)دا خرایـەڕوو، یـان ئـەوەتا (زۆر کـەس هەن، کە مەبەست لێی ئەو کەسانەیە، کە پەیوەستن بە هـەموو کەسێکەوە کتێبــەکانیان پێویــستە) هــەروەك لــە (٨٠ب)دا خراوەتــەڕوو. هەربۆیــە لــە ڕستەی (١٧٩)دا وشەی پرسی (کێ) مەودای دەبێت بە سـەر ڕادەی (هـەموو شتێك)دا. خۆ ئەگەر لە ڕستەی (٧٩ب)ش ڕابمێنین، ئەوا دەشێت لێڵییەکە بە چەند ڕستەیەکی وەك (١٨١ و ٨١ب و ٨١پ) وەڵام بدرێتەوە:



(٨١) ا/ ئاران نەسرینی خۆشویستووە.

ب/ ئارام شیرینی خۆشویستووە.

پ/ هێمن هێڤاری خۆشویستووە.

بەمـــشێوەیە ئەگـــەر لـــە ڕســـتە وەڵامـــەکانی (١٨١ و ٨١ب و ٨١پ) وردبیینــەوە و بــەراوردی بکــەین بــە ڕسـتەی (٦٩ب) تێدەگــەین، کــە وشــە پرسەکە مەودایەکی فراوانتری دەبێت.

ئـەم ئاڕاسـتەیە لـە شـیکردنەوە دەیـسەلمێنێت، کـە لـە ڕسـتەی (١٧٩)دا ڕادەکە لەلایەن وشە پرسەکەوە حوکمکراوە و هەردووکیشیان لەلایەن پڕۆژە گەورەکەوە (کردارەکەوە/ڕستەکەوە) حوکمکراون.

لـەم ڕوانگەیـەوە و پەیوەسـت بـە بۆچـوونی May(1985)، کـە دەڵێـت: ((ئەگـەر دوو ڕادە حـوکمکران لەلایـەن هـەمان پـڕۆژەی گـەورەوە، ئـەوا دوو ڕادەکــە مەودایــەکی گــەورەیان دەبێــت و خوێندنــەوە لۆژیکییەکانیــشیان پەیوەست دەبێت بە خودی پڕۆژە گەورەکەوە))[٢٠٦].


بەمـەش دەسـەلمێت، کـە ڕسـتەکە بـە هـۆی مـەودای ڕادە و وشـە/فرێـزە پرسـیارییەکەوە (کـە هـەروەك ڕادەیـەك بـە دەربڕاوێکـی مـەودایی هـەژمار دەکرێت) لێڵ بووە و بە هۆی کارلێکردنی ئەم دوو مەودایەوە ئەم لێڵییـەیش ئاڵۆزتر بووە.

دروستی ئەم بۆچوون و شیکردنەوەیە دەکرێت لـە داری زمـانی (١٠)دا بنوێنرێت، کە تیایدا هەریەکە لە وشەی پرسەکە و ڕادەکە مەودایان هەیە و پەیوەستیشن بە یەکترییەوە و کاریگـەرییان لەسەرڕستەکەش هەیـە، چونکە حوکمکردنی ڕادەکە لەلایـەن سـەگمێنتێکی حوکمراوی (ف. ك)ەوە،کە وشە

---

[206]– Lilliane Hegeman (1994:534).

پرســەکەیە و دواتــر وشــە پرســە گواســتراوە لۆژیکییەکــە لەلایــەن پــڕۆژە گەورەکەوە (واتە ڕستەکە)، کە کرداری ڕستەکەیە حوکمکراوە:




نواندنی هەردوو خوێندنەوەی (١٨٠ و ٨٠ب)ی بۆ ڕستەی (١٧٩)

داری زمانی (١٠)




هەروەك بینرا لێڵبوونی ڕستەیەك بە هۆی کارلێکردنی مەودای وشەی پرس و ڕادەوە و دواتر یەکلایکردنەوەی لێڵییەکە لە دوو ڕستەی وەڵام یان زیاتردا خۆی لە خۆیدا ئاماژەدانە بە پرۆسەیەکی لۆژیکی، کە پێی دەوترێت (سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مەودای ڕستە)[207]. بەمجۆرە ڕستەی (١٧٩)مان بە هەردوو ڕستەی (١٨٠ و ٨٠ب)دا و ڕستەی (٧٩ب)یشمان لە هەردوو ڕستەی (١٨١ و ٨١ب)دا سەرلەنوێ داڕشتەوە.

لەم پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مەودای ڕستەدا، دەرکەوتنی وشە/فرێزە پرسیارییەکە یان دەربڕاوە ڕادەییەکە لە سەرەتا و جێکەوتەی یەکەم(جێکەوتەی بکەر) یان لە جێکەوتەی دووەم (جێکەوتەی بەرکار) کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لەسەر زاڵبوونی خوێندنەوە جیاوازەکانی ئەو ڕستەیە لێڵە، چونکە ئەگەر هاتوو دەربڕاوە ڕادەییەکە لە جێکەوتەی یەکەمدا هاتبوو وەك بکەرێك بۆ ڕستەکە پاشان وشە/ فرێزە پرسیارییەکە، ئەوا خوێندنەوەی یەکەمی ئەمجۆرە ڕستانە بریتی دەبێت لەو خوێندنەوەیەی، کە دەربڕاوە ڕادەییەکە مەودای بە سەر وشە/فرێزە پرسیارییەکەدا دەبێت، دواتر لە خوێندنەوەی دووەمی ڕستەکەدا وشە/فرێزە پرسیارییەکە مەودای بە سەر دەربڕاوە ڕادەییەکەدا دەبێت. با بۆ شیکردنەوەی زیاتر و ئەزموونبەندکردنی بۆچوونەکەمان لە ڕستەی (٨٢) و هەردوو خوێندنەوە لۆژیکییەکەی لە (١٨٣ و ٨٣ب) وردببینەوە:

207 –Liliane Hegeman (1994:536-537)

(٨٢) [ هەموو پارەکە ] کێ بردویەتی؟

(٨٣)




ئێستا ئەگەر لە هەردوو دروستەی (١٨٣ و ٨٣ب) وردببینەوە، دەبینین، کە یەکەمجار لە (١٨٣)دا (ف. ن)یە ڕادەییەکە هەڵواسراوە و پاشان وشە پرسەکە لۆژیکیانە هەڵواسراوە[٢٠٨].

بەمەش پرۆسەی هاونیشانەکردن ڕوویداوە، هەروەک لە نواندنەکەدا دیارە. دواتر لە ڕێگەی وەچەئاراستەکردنەوە (ف. ن)ە ڕادەییەکە شوێنپێی ئەبستراکتی وشە پرسەکەی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بەمشێوەیە واتای وشە پرسەکەش دەخاتەڕکێفە مەودای خۆیەوە و دەسەڵاتی بە سەریدا


[208]– پرۆسەی دەرهێنان و هێنانە پێشەوەی وشە/فرێزی پرسیاری لە ڕستەی پرسیاری زمانی کوردیدا وەک پرۆسەیەکی باسمەندیی لۆژیکی و پەیوەست بە تیۆریی (تیشکۆ"Focus")ەوە بە وردی و قوڵی وەک پرۆسەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی تێداکراوە لە زمانەکەماندا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ١٢١–١٥٧).



دەشکێتەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (٨٣ب) وردببینەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە یەکەمجار وشە پرسەکە لۆژیکیانە هەڵواسراوە و دواتر دەربڕاوە ڕادەییەکە. هەربۆیە پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی هاونیشانەکردن، وشە پرسەکە شوێنپێی دەربڕاوە ڕادەییەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بەمەش دەتوانێت واتای دەربڕاوە ڕادەییەکەش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دەسەڵاتی بە سەریدا دەبێت. ئەمە ئەگەر هاتوو دەربڕاوە ڕادەییەکە جێکەوتەی یەکەمی لە ڕستەکەدا گرتبوو. بەڵام ئەگەر هاتوو وشە/فرێزە پرسیارییەکە لە جێکەوتەی یەکەم (جێکەوتەی بکەر)دا هاتبوو و دەربڕاوە ڕادەییەکەیش لە جێکەوتەی دووەم (جێکەوتەی بەرکار)دا هاتبوو. ئەو کاتە خوێندنەوەی یەکەمی ڕستە لێڵەکە تیایدا مەودای وشە پرسەکە زاڵدەبێت و مەودای ڕستەکە بە مەودای دەربڕاوە ڕادەییەکەشەوە دەخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ وردکردنەوەی زیاتری بۆچوونەکە با لە ڕستەی (٨٤) و هەردوو دروستەی (١٨٥ و ١٨٥) بڕوانین:

(٨٤) [ کێ ] هەموو پارەکەی بردووە؟

(٨٥)



شیکردنەوەی ئەم بابەتە، پەیوەست بە بەرنامەی کەمینەوە و لە ڕوانگەی ئەو شیکردنەوانەی لەم بەشەدا بۆ بەرنامەکە خرایەڕوو، بۆ یەکلاییکردنەوەی مەودای دەربڕاوە ڕادەییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر هەمان لێکدانەوە دەگرێتە خۆی، هەروەك پەیوەست بە تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە "GB") پێشتر نەخشەی بۆکێشرا. ئەگەرچی بەرنامەی کەمینە پێشنیازی تەکنیکێکی نوێ و خێراتر لە شیکردنەوەی بەیەکداچونی مەودای دەربڕاوە ڕادەییەکان و وشە/فرێزە پرسیارییەکان لە ڕستەکانی زمانەکەماندا دەکات.

هەربۆیە بە مەبەستی تێگەیشتن لەم تەکنیکە نوێیە و شیکردنەوەی بابەتەکە بە بەرنامەکە، سەرلەنوێ هەردوو ڕستەی (٨٢) و (٨٥) تاقیدەکەینەوە و دواتر بەراوردی ئەنجامەکان لەگەڵ یەکتری دەکەین تا ڕاستی و دروستی هەم لێکدانەوەکانی بەرنامەکە و هەم تاقیکردنەوەکان و شیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان بسەلمێنێت. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا ڕستەی (٨٢) لە ڕستەی (٨٦)دا دووبارە دەکەینەوە:

(٨٦) [ هەموو پارەکە] کێ بردوویەتی؟

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکە وردببینەوە، دەبینین، کە دەربڕاوە ڕادەییەکە جێکەوتەی یەك (جێکەوتەی بکەر)ی گرتووە. هەربۆیە پاش جێبەجێکردنی پرۆسەی کۆپیکردن دروستەی (ف. ل)ی (٨٧)مان دەستدەکەوێت:

(٨٧) [ $_{AgrS}$ هەموو پارەکە [ $_{AgrO}$ کێ [ $_{ڕ}$ هەموو پارەکە کێ بردوویەتی]]]؟



ئینجا پەیوەست بە تایبەتمەندی (٣) و (٤)ی بەرنامەی کەمینەوە،کە لەم بەشەدا خرایەڕوو[٢٠٩]، پرۆسەی قرتاندنەکان جێبەجێ دەبن و دوو شیانی قرتاندنمان دەبێت، کە لە (١٨٨ و ٨٨ب)دا دەخرێنەڕوو:

(٨٨) ا/ [ $_{AgrS}$ هەموو پارەکە [ $_{AgrO}$ (~~کێ~~) [ $_{ڕ}$ (~~هەموو پارەکە~~) کێ بردوویەتی]]]؟

ب/ [ $_{AgrS}$ (~~هەموو پارەکە~~) [ $_{AgrO}$ کێ [ $_{ڕ}$ ~~هەموو~~ پارەکە(کێ) بردوویەتی]]]؟

پاشان دوای جێبەجێبوونی هەردوو پرۆسەی کۆپیکردن و قرتاندنەکان، ڕەنگدانەوەی ڕکێفی مەودای دوو دەربڕاوە مەودادارەکە دەکرێت لە دروستەی (١٨٩ و ٨٩ب)دا بنوێنرێت:

(٨٩) مەودای لۆژیکی

ا/ [ $_{AgrS}$ هەموو پارەکە [ $_{ڕ}$ کێ بردوویەتی]]؟ زنجیرەی−Σ= [ ∀پ،کێ ]

مەودای لۆژیکی

ب/ [ $_{AgrO}$ کێ [ $_{ڕ}$ هەموو پارەکەی بردووە]]؟ زنجیرەی−Σ= [ کێ، ∀پ ]

خۆ ئەگەر بێتوو وشە پرسەکە لە جێکەوتەی یەکەم (جێکەوتەی بکەر)دا بوو و دواتر دەربڕاوە ڕادەییەکە لە جێکەوتەی دووەم (جێکەوتەی بەرکار)دا

[٢٠٩]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (٢/٢–٦)ی بەشی (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕەی (٢٠٤–٢٢١).

بوو، ئەوا دەتوانرێت ڕستەی (٩٠) پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی کۆپیکردن دروستەی (٩١)ی هەبێت:

(٩٠) [ کێ ] هەموو پارەکەی بردووە؟

(٩١) [ AgrS کێ [ AgrO هەموو پارەکەی [ ڕ کێ هەموو پارەکەی بردووە]]]؟

ئەوجا پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی کۆپیکردن، پرۆسەی قرتاندن دێتە پێشەوە و لە جێبەجێبوونی بە سەر دروستەی ڕستەی (٩١)یشدا لە دوو شیانی زیاتر نابێت، هەروەك لە هەردوو دروستەی (ف. ل)ی (١٩٢ و ٩٢ب)دا دیارە:

(٩٢) ا/ [ AgrS کێ [ AgrO (~~هەموو پارەکەی~~) [ ڕ (~~کێ~~) هەموو پارەکەی بردووە]]]؟


ب/ [ AgrS (~~کێ~~) [ AgrO هەموو پارەکە [ ڕ کێ (~~هەموو پارەکەی~~) بردوویەتی]]]؟

بەمشێوەیە دەتوانرێت ڕەنگدانەوەی ڕکێفی دوو دەربڕاوە مەوداداڕەکە لە هەردوو دروستەی (١٩٣ و ٩٣ب)دا بنوێنرێت:

***مەودای لۆژیکی***



(٩٣) ا/[ AgrS کێ [ ڕ هەموو پارەکەی بردووە]]]؟ زنجیرەی-Σ= [ کێ، ∀پ ]



***مەودای لۆژیکی***

ب/ [ AgrO هەموو پارەکە [ ڕ کێ بردوویەتی]]]؟ زنجیرەی-Σ= [ ∀پ،کێ ]

لە کاتی ئێستادا، ئەگەر بێتوو بەراوردکردنێك لە نێوان ئەنجامی شیکردنەوەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و شیکردنەوەکانی بەرنامەی



کەمینەدا بکەین سەبارەت بە شیکردنەوە و یەکلاکردنەوەی بەیەکداچوونی مەودای دەربڕاوە ڕادەییەکان و وشە/فرێزە پرسیارییەکان، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەرنامەی کەمینەیش هەر هەمان لێکدانەوەی بۆ دیاردەی ئاوێتەبوونەکە هەیە. هەرچەندە بەرنامەی کەمینە تەکنیکی نوێ و خێراتر پێشنیاز دەکات لە یەکلاکردنەوەی بابەتەکەدا. ئەم ڕاستییە هەڕەمەکییانە نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتوو بەراوردی هەردوو جوتە ڕستەی [ (١٨٣ و ٨٣ب) و (١٨٥ و ٨٥ب) ] بکرێت لە شیکردنەوەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا بە هەردوو جووتە ڕستەی [ (١٨٩ و ٨٩ب) و (١٩٣ و ٩٣ب) ] لە شیکردنەوەکانی بەرنامەی کەمینەدا، ئەوا ڕێگە بە لێکۆڵینەوەکە دەدات، کە لێکچوونێکی چەمکییانە لە نێوان هەردوو (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە) و (بەرنامەی کەمینە) بکات، ئەگەرچی تەکنیك و ڕێبازی لێکۆڵینەوەشیان جیاواز بێت.

### ٢/٢-٩) دیاردەی پەڕینەوەی لاواز[210] و کێشەی مەودای ڕادە:

دیاردەی پەڕینەوەی لاواز لە یەکلاکردنەوەی کێشەی سنورداركردنی مەودای ڕادەدا ڕۆڵدەبینێت، پەیوەست بە شیکردنەوەکانی بەرنامەی کەمینەوە. ئەم دیاردەیە ڕۆڵەکەی چالاك دەبێت، بە تایبەتی لە یەکلاکردنەوەی مەودای لێڵی ئەو (ف. ن)ە ڕادانەی، کە لە ڕستەکانی زمانەکەماندا ڕۆڵی بەرکار دەبینن. لەم شیکردنەوەیەدا شوێنپێی بۆچوونەکەی Norbrt Hornstien(1995) هەڵدەگرین، کە دەڵێت:

210– بۆ زانیاری لەسەر ئەم دیاردەیە، بڕوانە: وەچەپاری (١/٢-٦)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(٩٠-١١١)

((ئەگەر جێناوێك هەبوو لە چوارچێوەی بكەرێكی نەناسراودا، ئەوا پێویستە ئەم جێناوە شیاوبێت ببەسترێتەوە بەو (ف. ن)ە ڕادەییەی لە جێكەوتەی بەركاری ڕستەكەدایە))[211].

ئێستا بە مەبەستی شیكردنەوە و تاقیكردنەوەی بیرۆكەكە لە زمانەكەماندا، با لە ڕستەی (٩٤) وردببینەوە:

(٩٤) خوێنی باوكی ئەو ١ مێژووی هەموو كوردێك ١ شەرفمەند دەكات.

ئەگەر بێتوو لە نموونەكە ڕابمێنین و بمانەوێت دروستەی (ف. ل)ەكەی بكێشین، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت ڕستەكە پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی كۆپیكردن دروستەی (١٩٥)ی دەبێت:

(٩٥)

ا/ [ AgrS خوێنی باوكی ئەو ١ [ AgrO مێژووی هەموو كوردێك ١[ ف. ك [ خوێنی باوكی ئەو١] [ مێژووی هەموو كوردێك١] شەرفمەند[ یـ] دەكات ]]].

ئێستا پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی كۆپیكردن، پێویستی جێبەجێبوونی پرۆسەی قرتاندن دێتە پێشەوە. دیارە ئەمەش پەیوەست دەكرێت بە هەردوو تایبەتمەندی (٣) و (٤)ی بەرنامەی كەمینەوە. هەربۆیە لە دروستەی (١٩٥)دا، ئەگەر بێتوو كۆپی بكەر لەناو جێكەوتەی ئەگریمێنتدا لەگەڵ بەركار لەناو قاوغی (ف. ك)ی ڕستەكەدا بقرتێنرێت، ئەوا ئاشكرا ڕووبەڕووی مەرجەكانی بەستنەوەی جێناو دەبینەوە، هەروەك لە دروستەی (ف. ل)ی (٨٥ب)دا دیارە:

211– Norbert Hornstien (1995:165-166)



(٩٥)

ب/ [ AgrS (~~خوێنی باوكی ئەو~~١) [ AgrO مێژووی هەموو كوردێك ١[ ف. ك [ خوێنی باوكی ئەو١)] [~~مێژووی هەموو كوردێك~~١]) شەرفمەند دەكات ]]].

ئینجا بە وردبوونەوە لە دروستەی (٩٥ب) بۆمان دەردەكەوێت، كە (ف. ن)ی ڕادەیی (مێژووی هەموو كوردێك١)، كە لە جێكەوتەی بەركاردایە، جێناوەكە بە خۆیەوە دەبەستێتەوە، كە لە جێكەوتەی بكەری ناو قاوغی ڕستەكەدایە. ئەمەش ڕوودەدات، بەبێ بریندارکردنی ڕێسای پەڕینەوەی لاواز. هەربۆیە مەرجی بەستنەوە لەسەر ئاستی (ف. ل)ی ڕستەكە جێبەجێ دەبێت و وەچەئاڕاستەكردن ڕوودەدات.

بەمەش دەسەلمێت، كە (ف. ن)یە ڕادەییە بەركارییەكە مەودای بە سەر فرێزە ناوییە بكەرییەكە دەبێت و ڕستەكەیش خوێندنەوەی لۆژیكییانەی (٩٥پ)ی دەبێت. دەركەوتنی (كلیتیكی لۆژیكی) [ی] لە پێكهاتەی كرداردا جەخت لەم ڕاستییەی سەرەوە دەكاتەوە:

(٩٥) مێژووی هەموو كوردێك ١ باوكی ئەو١ شەرفمەند[ ی ] دەكات.

زنجیرەی–$\Sigma$= [ $\forall x$، جێناو،كلیتیكی لۆژیكی ]

## ٢/٢-١٠) مەودای ڕادە و جەمسەریی نەرێکردن[212]:

لــە بەرنامــەی کەمینــەدا Lineberger(1980,1987) پێــشنیازی ئــەوەی کردووە، کە کەرەستە جەمسەرییە نەرێییەکان لە مەودایەکی نێوەندیدا دەبن بـە مەبەسـتی ئـەوەی نـەرێکردن لەسـەر ئاسـتی (ف. ل) ڕێگـەی پێبـدرێت. لەمبارەیەوە ئەم زانایە پێشنیازەکەی لە یاسای (٤)دا داڕشتووە:

یاسای (٤):

هیچ دەربڕاوێکی لۆژیکی ناتوانێت بچێتە نێوان (کەرەستە جەمسەرییە نەرێییەکان "Negative Polarity items(NPIs)") و نەرێکردنەکە، کە ڕێگەی پێدەدرێت لەسەر ئاستی (ف. ل)[213].

بە مەبەستی تێگەیشتن لە یاساکە لە نموونەی (١٩٦ و ٩٦ب) دەڕوانین:

(٩٦) ا/ [ باوەڕناکەم]، کە ***بارام*** [ هیچ کتێبێکی ] خوێندبێتەوە.

ب/ [ باوەڕناکـەم]، کـە ***زۆرینـەی خوێنـدکارەکان*** [ هـیچ کتێبێکیـان ] خوێندبێتەوە.

ئێستا ئەگەر بێتوو لە دروستەی (ف. ل)ی هەردوو ڕستەکە وردببینەوە پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی کۆپیکردن، ئەوا بۆماندەردەکەوێت، کە (ف.

[212]– بابــەتی نــەرێکردن وەك بابــەتێکی زینــدووی زمانــەوانی لــە زۆرێــك لــە سەرچــاوەکاندا لێکۆڵینەوەی تیاکراوە، بە تایبەتی لـە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکی و تاڕادەیـەکیش لـە ڕووی لۆژیکی چاولێکەرییەوە. بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە:

ا/ وریا عمر امین (١٩٩٥: ٦٩) ب/ Muhammad Maruf Fattah(1997:270-283)

پ/ تالّب حسین و دیار کمال (٢٠٠٤: ٢٦٨–٢٧١) ت/ بکر عمر و ئاڤێستا کمال (٢٠٠٩: ٣٢–٣٤).

[213]– Norbert Hornstien (1995:107)



ل)ی (١٩٧ و ٩٧ب)یان هەیە، کە تیایاندا یاسای (٤) جێبەجێکراوە و هیچ دەربڕاوێکی لۆژیکی نەیتوانیووە بچێتە نێوان دەربڕاوە نەرێکراوە ئاڵۆزەکە [ باوەڕناکەم ] و دەربڕاوی ڕادەیی نەرێنی [ هیچ کتێبێکی ] لە ڕستەی (١٩٦)دا و دەربڕاوی نەرێنی [ هیچ کتێبێکیان ] لە ڕستەی (٩٦ب)دا:

(٩٧)

ا/[ باوەڕناکـەم ]،[ کـە[ AgrS(~~بارام~~)[ AgrO هـیچ کتێبێکـی [ ف.ك [ بـارام(~~هیچ کتێبێکی~~) خوێندبێتەوە ]]]]].

ب/[ باوەڕناکـــەم ]،[ کـــە[ AgrS(~~زۆرینـــەی خوێنـــدکارەکان~~)[ AgrO هـــیچ کتێبێکیان [ ف.ك [ زۆرینەی خوێندکارەکان(~~هیچ کتێبێکیان~~) خوێندبێتـەوە ]]]]].

لـە دروسـتەی (١٩٧)دا هـەردوو پێکهاتـەی کۆپی بکـەر لـەناو جێکەوتـەی ئەگریمێنتی بکەریدا و بەرکار لـەناو قاوغی (ف. ك)دا دەقرتێنرێت. بەمەش دروسـتەی (ف. ل)ی (١٩٨) بەرهەمـدێت، وەك تاکـە خوێندنـەوەی لـۆژیکی ڕسـتەی (١٩٦). هـەروەها لـە ڕسـتەی (٩٧ب)دا، لەبـەر ئەوەیـە، کـە کـۆپی پێکهاتـەی بکـەر لـەناو قـاوغی (ف. ك)ەکـدا دەربـڕاوی ڕادەیـی (زۆرینـەی) لەگەڵدایـە. هەربۆیـە دەیکاتـە (ف. ن)ی ڕادەیـی نەناسـراو و ئاسـاییە لـەناو قـاوغی (ف. ك)ەکـەدا بمێنێتـەوە و نـەقرتێنرێت. بـەڵام کـۆپی بکـەر لـەناو جێکەوتـەی ئـەگریمێنتی بکەریـدا و بـەرکاری دیـاریکراوی ڕادەیـی لـەناو قاوغی (ف. ك)دا دەقرتێنرێت و خوێندنەوەیەکی دروستی وەك (٩٨ب)مان دەستدەکەوێت:

(٩٨)

ا/ [ باوەڕناکەم ]، [ کە[ AgrO هیچ کتێبێك [ ف.ك [ بارام خوێندبێت[ی]ەوە ]]]]].

ب/ [ باوەڕناکەم ]، [ کە[ AgrO هیچ کتێبێکیان [ ف.ك خوێندبێتەوە]]]، [ زۆرینەی خوێندکارەکان].

ئێستا بە وردبینەوە لە هەردوو دروستەی ڕستەی (٩٨ا و ٩٨ب) ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە هیچ کام لە (ف. ن)یە ڕادەییەکانی ڕستە شکاوەکە ناتوانن مەودایان بە سەر دەربڕاوە ئاڵۆزە نەرێکراوەکەی ڕستە ئاڵۆزەکەدا هەبێت. هەرچەندە لە ڕستەی (٩٨ب)دا بەرکاری ڕستە شکاوەکە مەودای بە سەر بکەری ڕستە شکاوەکەدا هەیە، بەڵام تەنها لەناو قاوغی (ف. ك)یە شکاوەکەدایە و سەرجەمی ڕستە ئاڵۆزەکە ناگرێتەوە.

هەر لە بارەی کاریگەرییەکانی نەرێکردنەوە لەسەرمەودای ڕادە و لێڵییەکانی[٢١٤]، Aoun and Li(1993) پێشنیازی ئەوەیانکردووە، کە: ((لێڵییەکانی مەودا نامێنێت لەو ڕستانەدا، کە نەرێی تیایە))[٢١٥]. دەشێت تێگەیشتنی زیاتر لە نموونەی (٩٩ا و ٩٩ب)دا بە دەست بخرێت:

(٩٩)

ا/ هەندێك کەس هەموو شتێکی دەوێت.

ب/ هەندێك کەس هیچ شتێکی ناوێت.

ئێستا ئەگەر لەم دوو ڕستەیە وردبیینەوە، دەبینین، کە لە ڕستەی (٩٩ا)دا (ف. ن)ی ڕادەیی بەرکاریی (هەموو شتێك) مەودای بە سەر (ف. ن)ی ڕادەیی بکەریی (هەندێك کەس)دا هەیە. بەڵام لە ڕستەی (٩٩ب)دا (ف. ن)ییە ڕادەییە بەرکارییەکە ناتوانێت مەودای بە سەر ڕادە هەبوونییە

214– شیکردنەوەی ئەو لێڵییەی نەرێکردن لە ڕستەکانی زمانەکەماندا بەرهەمیدەهێنن و چۆنیەتی سنووردارکردنی پەیوەست بە (سترێز/هێز)ەوە، بە وردی شیکردنەوەی بۆ کراوە لە:
Muhammad Maruf Fattah(1997:272-274)

215 –Norbert Hornstien (1995:168)



بکەرییەکەدا هەبێت. لە ڕاستیدا ئەمجۆرە تێگەیشتنە لە خودی پێشبینیکردنی هەردوو زاناکەوە هاتووە، بۆ جێکەوتەی (نەرێکردن) و خودی (پرۆسەی نەرێکردن)ەکە، کە پێیانوایە جێکەوتەیەکی نێوانیی هەیە و دەکەوێتە نێوان (spec)ی (AgrS) و خودی (ف. ك)ەکە. دەکرێت پێشبینیکردنەکەشیان لە دروستەی ئەبستراکتی (٧)دا بخرێتەڕوو:

(٧) [ AgrS کۆپی بکەر [ پ. ن پرۆسەی – نەرێکردن [ ك. ن کەرەستەی نەرێکردن[ ف.ك. . هەموو شتێك . . ]]]].

دروستە ئەبستراکتەکە ئاشکرا ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە (جێکەوتەی پرۆسەی نەرێکردن) شیانێکی نزیکترە بۆ (ف. ن)ی ڕادەیی بەرکاریی. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە Aoun and Li(1993) گریمانەی ئەوەیان داناوە، کە:

((فرێزی نەرێکراوی ڕستەکە جێکەوتەی (spec) پڕدەکاتەوە، کە جێکەوتەیەکی نائارگومێنتە))[٢١٦]. ئێستا ئەگەر لە دروستەی ڕستەی (٩٩ا و ٩٩ب) بڕوانین پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی کۆپیکردن و بە لەبەرچاو گرتنی شیکردنەوەکانی سەرەوە، دەتوانرێت بگوترێت، دروستەی (ف. ل)ی (١٠٠ا و ١٠٠ب)یان دەبێت:

(١٠٠)

216– سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦٨).

ا/ [ AgrS (~~هەندێك كەس~~) [ AgrO هەموو شتێكی [ ف.ك هەندێك كەس (~~هەموو شتێكی~~) دەوێت ]]].

ب/ [ AgrS [ پ.ن پرۆسەی – نەرێكردن [ ك.ن كەرەستەی نەرێكردن[ ف.ك هەندێك كەس هیچ شتێكی ناوێت]]]].

ئەگەر لەم دوو دروستەیە وردببینەوە، سانایانە لە (١٠٠ا)دا دیارە، كە پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی قرتاندن تەنها خوێندنەوەی شیاوی ڕستەی (١٩٩) بریتی دەبێت لە (١٠١ا)، كە تیایدا مەودای (ف. ن)ی ڕادەیی بەركار بە سەر (ف. ن)ی ڕادەیی بكەرەكەدا ئاشكرایە، بەڵام لە دروستەی (١٠٠ب)دا ئەم پرۆسەیە هەروا سانا نییە، چونكە (ف. ن)ە ڕادەییە بكەرییەكە پێویستی بە كۆپیكردن هەیە لەناو قاوغی (ف. ك)ەكەدا و بۆ (spec)ی (AgrS). بەڵام بە هۆی بوونی جێكەوتەی نێوان فرێزە نەرێكراوەكەوە ڕێگەی لێگیراوە. بۆیە هەر لە بنەڕەتدا كۆپیكردنەكانمان نابێت، تا دواتر لە ڕێگەی پرۆسەی قرتاندنەكانەوە هاوشێوە لەگەڵ دروستەی (١٠٠ا) بتوانرێت مەوداكە یەكلای بكرێتەوە بەوەی، كە (ف. ن)یە ڕادەییە بەركارییەكە یان بكەرییەكە مەودایان بە سەر یەكتردا هەیە. هەربۆیە تەنها لێكدانەوەی شیاو بۆ ڕستەی (١٩٩) لەسەر ئاستی (ف. ل) ئەوەیە، كە لە بری پرۆسەی كۆپیكردنی بكەر بۆ (spec)ی (AgrS) وەهادابنێین، كە هەر لە بنەڕەتدا لە زمانەكەماندا ئەم جێكەوتەیە بە بكەر پڕكراوەتەوە و خودی جێكەوتەكەیشی لەناو قاوغی (ف. ك)ەكەدا بە جێناوێكی سفری وەك (pro) دابنێین، كە بكەرەكە بە خۆیەوە بەستویەتەوە. بەمەش هیچ كام لە كەرەستەكان مەودایان بە سەر یەكتردا نابێت و لێڵی لە خوێندنەوەی ڕستەكەشدا نایەتەكایەوە، هەروەك لە (١٠١ب)دا دیارە:



(١٠١)

***مەودایی لۆژیكی بە بەڵگەی دەركەوتنی (كلیتیكی لۆژیكی)***

ا/ [ AgrO هەموو شتێك [ ف.ك هەندێك كەس [ ك [ دە [ی] ەوێت]]]

ب/ [ AgrS هەندێك كەس ١ [ پ.ن پرۆسەی – نەرێكردن [ ك.ن كەرەستەی نەرێكردن[ AgrO هیچ شتێكی [ ف.ك pro1 (هیچ شتێكی) دەوێت ]]]]].

شیكردنەوەكان ئەو ڕاستیە دەردەخەن، كە (ف. ن)ییە ڕادەییە بەركارییەكان ناتوانن مەودایان بە سەر (ف. ن)ییە ڕادەییە بكەرییەكاندا هەبێت بە هۆی هەبوونی (ف. نەرێكراوی ڕستەكەوە)، كە لێرەدا وەك جێكەوتەیەكی ئەبستراكتە و مەودای نەرێكردنەكە دیاریدەكات بەوەی، كە (ف. ن)ییە ڕادەییە بەركارییەكان لە چوارچێوەی مەودای نەرێكردنی كردارەكەدان[٢١٧].

[٢١٧]– ئەوەی جێگەی ئاماژەكردنە، ئەوەیە، كە (چیا عەلی) لە نامەی ماستەرەكەیدا، گفتوگۆی ئەوەی كردووە، كە مۆرفێمی نەرێكردن ڕاستەوخۆ ناچێتە سەر دەربڕاوە ڕادەییەكان لە ڕستەدا، بەڵكو زیاتر دەچێتە سەر كرداری ڕستەكە. لێرەدا (چیا عەلی) زیاتر هەوڵی شیكردنەوە و دیاریكردنی جێكەوتەی مۆرفێمی نەرێكردنی داوە و لە بابەتی مەودای نەرێكردن نەدواوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: چیا عەلی (٢٠٠٨: ٤٨)

## ١١-٢/٢) مەودای ڕادە و ڕستە دوو بەرکارییە ڕادەییەکان:

لە زمانی کوردیدا، بونیادی ئەو ڕستانەی دوو بەکاریی ڕادەییان تێدایە دەشێت بوترێت خاوەنی مەودایەکی ئاڵۆزن، کە ئەویش بریتییە لە مەودا و بەیەکداچوونی مەودای بەرکارە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) ڕادەییەکان[٢١٨]. ڕەنگە لێکدانەوەی ئەمجۆرە مەودایە و ئاڵۆزییەکانی لەمجۆرە ڕستەیەی زمانەکەماندا سانابێت، ئەگەر هەردوو بەرکارەکە دەربڕاوی ڕادەیی بن. بەڵام کێشەکە بەو ئاسانییە نابێت، ئەگەر هاتوو تەنها یەکێك لە دوو بەرکارەکە دەربڕاوێکی ڕادەیی بوو. بۆ شیکردنەوەی زیاتر، با لە هەردوو

ڕستەی (١٠٢ ا و ١٠٢ب) وردببینەوە:

(١٠٢)

ا/ حەمە [ هەندێك پێنوسی ] [ بۆ هەر خوێندکارێك ][٢١٩] داناوە.

ب/ ئەحە [ پێنوسێکی ] [ بۆ هەر خوێندکارێك ] داناوە.

ئەگەر لەم دوو ڕستەیە وردبینەوە، دەبینین، کە پاش جێبەجێبوونی هەردوو پرۆسەی کۆپیکردن و قرتاندن دروستەی (١٠٣ا و ١٠٣ب)یان دەبێت:

---

[٢١٨]– (چیا عەلی) لە نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە جێکەوتەی ڕادەکان لەمجۆرە ئەرکانەیاندا لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە بە سەریاندا دەگۆڕێت لە کاتی هەڵگواستنیاندا لە ئاستی قوڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: چیا عەلی (٢٠٠٨: ٧٣–٧٤).

[٢١٩]– وریا عمر امین لە لێکۆڵینەوەیەکیدا (لێڵی لە زمانی کوردیدا) ئاماژەی بەو لێڵییە دروستەییە کردووە، کە ڕادەیەکی وەك (هەر) دەیهێنێتە کایەوە. هۆکارەکەشی گەڕاندۆتەوە بۆ (جیایی لە ئاوازی ڕستەدا)، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

وریا عمر امین (١٩٩٥: ٦٦–٦٨).



(١٠٣) *مەودای لۆژیکی*

ا/ [ $_{AgrS}$ (~~حەمە~~) [ $_{AgrO}$ هەندێك پێنوس [ $_{ڕ}$ حەمە (~~هەندێك پێنوسی~~) بۆ هەر خوێندکارێك[ی] داناوە ]]]

ب/ [ $_{AgrS}$ ~~ئەحە~~ [ $_{AgrO}$(~~پێنوسێکی~~) [ $_{ڕ}$ (ئەحە) پێنوسێکی بۆ هەر خوێندکارێك داناوە ]]].

ئێستا لە دروستەی (١٠٣ا)دا دیارە، کە بە هۆی جێبەجێبوونی پرۆسەی قرتاندنەوە بە پێی هەردوو تایبەتمەندی (٣) و (٤)ی بەرنامەی کەمینە، (ف. ن)ی ڕادەیی بەرکاری ڕاستەوخۆ مەودای بە سەر دەربڕاوە بکەرییەکە و سەرجەم ڕستەکەشدا بە (ف. ن)یە ڕادەییە بەرکارییە ناڕاستەوخۆکەشەوە دەبێت. هەربۆیە دروستەی (١٠٣ا) مەودای لۆژیکی (١٠٤)ی دەبێت، بەڵام پرۆسەکە بەو شێوەیە سانا نییە لە دروستەی (١٠٣ب)دا، چونکە ئەو دوو شیانی قرتاندنەی پێکهاتەکانی ڕستەکە بە دەستییەوە دەدەن بە پێی هەردوو تایبەتمەندی (٣) و (٤)ی بەرنامەی کەمینە دوو دروستەی هەڵەی وەك (١٠٥ا و ١٠٥ب)مان دەدەنێ، کە دروستەی یەکەمیان هەر هەڵەیە و دروستەی دوهەمیشیان ئەگەرچی ڕاستە، بەڵام (ف. ن)ییە ڕادەییە بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت مەودای بە سەر دەربڕاوە بکەرییەکەدا هەبێت.

(١٠٤) زنجیرەی–$\Sigma$= [ $\exists$ پ، بکەر]

(٩٥)

ا/ * پێنووسێك ئەحە بۆ هەر خوێندکارێك داناوە

ب/ ئەحە پێنووسێکی بۆ هەر خوێندکارێك داناوە. (تیایدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ ناتوانێت مەودای هەبێت).

پـاش زانینـی کێـشەکە، لـە کـاتی ئێـستادا، پـێش شـیکردنەوەی جیاوازییەکانی مەودا لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا، بە پێویست دەزانرێت، کە ئەوە بخرێتەڕوو، کە ئەمجۆرە بونیادانەی ڕستەی زمانەکەمان شەش تایبەتمەنـدییان هەیـە، ئەگـەر پەیوەسـت بـە بەرنامـەی کەمینـەوە شـیکردنەوەیان بـۆ بکرێـت. بۆیـە بـە پێویـست دەزانرێـت ئـەم تایبەتمەندییانەیان بخرێتەڕوو و دواتر لە ڕوانگەی تێگەیشتنمان بۆ ئەو تایبەتمەندییانە شیکردنەوە بـۆ جیاوازییـەکانی مـەودا بکرێـت لـەمجۆرە بونیادانەدا. تایبەتمەندییەکان بریتین لە:

١. ئەمجۆرە بونیادانە کێشەدارن، لە ڕووی نیشانەی دۆخی ڕێزمانی و تاقیکردنـەوەی دۆخەکەیانـەوە، چـونکە ئـەمجۆرە بونیادانـە دوو دەربـڕاوی نـاویی لـەخۆ دەگـرن، کـە پێویـستە دۆخـەکانیان تاقیبکرێنـەوە. لـە تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوەدا پێـشنیازی ئـەوەکراوە، کـە فرێـزی نـاوی دووەم دۆخی ڕێزمانییەکەی لە ڕێگەی پرۆسەی کردار بەندییەوە پێدەبەخشرێت، بـەڵام فرێـزی نـاوی یەکـەم ڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگـەی کـردارەوە دۆخەکـەی تاقیکراوەتـەوە. لێـرەدا ئـەم پێـشنیازە وەك چارەسـەرێك وەردەگیرێـت بـۆ کێشەکە، تا یەکلایکردنەوەی کێشەکە.

٢. ئاڕاستەی مەودا لە نێوان ئەم دەربڕاوە ناوییانەدا زۆر ئاڵۆزە، چونکە فرێزی ناوی یەکەم دەتوانێت مـەودای بە سـەر بکـەردا هـەبێت، بەڵام فرێـزی نـاوی دووەم ناتوانێـت. هـــەروەك لـــە دروســـتەی (١٠٦ا و ١٠٦ب)دا دەخرێتەڕوو:


(١٠٦) ا/ هەندێك خوێندكار هەموو وانەكان بۆ نەوزاد شیدەکەنەوە.

ئێستا پـاش جێبـەجێبوونی پرۆسـەی کـۆپیکردن و قرتانـدن، ڕسـتەکە دروسـتەی (١٠٦ب)ی دەبێـت، کـە تیایـدا فرێـزی نـاوی ڕادەیـی بـەرکاری



ڕاسـتەوخۆ مـەودای بـە سـەر دەربـڕاوە بکەرییەکـەدا دەبێـت، بـەڵام بـەرکارە ناڕاستەوخۆکە ناتوانێت ئەم مەودایەی هەبێت:

(١٠٦) *مەودای لۆژیکی*



ب/ [ AgrS (هەندێك خوێندكار)[ AgrO هەموو وانەكان [ ڕ هەندێك خوێندكار (هەموو وانەكان) بۆ نەوزادی شیدەكاتەوە]]].

٣. فرێـزی نـاوی ڕادەیـی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ دەتوانرێـت بقرتێنرێـت لـەناو (ف. ك)ی ڕسـتەی شـکاوەی ڕسـتە ئاڵۆزەکـەدا، بـەڵام فرێـزی نـاویی ڕادەیی بەرکاری ڕاستەوخۆ ناتوانێت بقرتێنرێت. هەروەك لە (١٠٧ا و ١٠٧ب)دا خراوەتەڕوو:

(٩٧)

ا/ نەرمین [ هەزار دینـاری ] [ بـە هـەموو هـەژارێك ] بەخشی، کە من ∅ بەخشیومە.

ب/ نـەرمین [ هـەموو جلێکـی ] [ بـە نـەوزاد ] بەخـشی، کـە مـن ∅ بەخشیومە.

بـە وردبوونـەوە لـە دوو ڕسـتەکە بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە لـە ڕسـتەی (١٠٧ا)دا پێکهاتـەی[ بـە هـەموو هـەژارێك ] لـە ڕسـتە شـکاوەکەدا توانـای قرتانـدنی هەیـە. بـەڵام لـە ڕسـتەی (١٠٧ب)دا پێکهاتـەی [ هـەموو جلێکـی ] ئـەو توانایـەی نییـە، چـونکە ئـەو پێکهاتـەی قرتـاوە لـە ڕسـتەی شـکاوەکەدا پێکهاتەی [ بە نەوزاد ]ە.

٤. کەرەستە جەمسەرە نەرێنییەکانی ڕستە (NPIs) تەنها لە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆدا/یەکەمدا ڕێگە پێدراوە، هەروەك لە نموونەی (١٠٨ا و ١٠٨ب)دا نوێنراوە:

(١٠٨)

ا/ * ئارام هەموو قەڵەمێکی [ بە هیچ خوێندکارێك ] نەبەخشیووە.

ب/ ئارام [ هیچ قەڵەمێکی ] بە هەموو خوێندکارێك نەبەخشیووە.

٥. کەرەستە جەمسەرە نەرێنییەکانی ڕستە (NPIs) لە جێکەوتەی بەرکاری دووەمدا ڕێگەی پێدەدرێت لە ڕێگەی بەرکاری یەکەمەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێگەی پێنادرێت یان هەر هیچ نەبێت جۆرێك لە (نەشیاوی/ناپەسەندی"Unaccebility") تێدایە، بۆ ئەم مەبەستە، با لە نموونەی (١٠٩ا و ١٠٩ب) بڕوانین:

(١٠٩)

ا/ ؟؟ حەمە هیچ شتێکی بە هەموو کەسێك نەداوە.

ب/ حەمە هەموو شتێکی بە هیچ کەسێك نەداوە.

٦. لەمجۆرە بونیادانەدا هەمیشە بەرکاری یەکەم بەرکاری دووەم بە خۆیەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێگە پێنەدراوە. بۆ زانیاری زیاتر، با لە دروستی و نادروستی ڕستەکانی (١١٠ا و ١١٠ب) وردبیینەوە:

(١١٠)

ا/ مچە [[ پێڵاوی [ هەریەکێك لە میوانەکانی ]]] ڕیزکرد.

i ← i

ب/ * مچە [ [ هەریەکێك لە پێڵاوەکانی [ میوانەکانی]]] ڕیزکرد

i * → i



لە ئێستادا و پاش هێنانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە بونیادانە، دەتوانرێت ئەوە بوترێت، کە هەر شەش تایبەتمەندییەکە یاخود کێشەکە ئاماژە بەوە دەدەن، کە وا چاوەڕوان بکرێت بەرکاری یەکەم مەودای بە سەر بەرکاری دووەمدا هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر پرسیار لە چۆنیەتی تاقیکردنەوەی نیشانەی دۆخی ڕێزمانی بکرێت. ئەوا دەتوانرێت بگوترێت، کە تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانی زیاتر بریتییە لە پرۆسەی جێبەجێبوونی بونیادی (سەر– تەواوکەر). بەمەش دۆخی ڕێزمانی هەردوو دەربڕاوە بەرکارییەکە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) لە ڕێگەی کردارەوە تاقیدەکرێنەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ڕێگە بە بوونی جێکەوتەیەکی ئەبستراکت بۆ (فریزی ئەگریمێنت"AgrP") بدەین، کە دەکەوێتە نێوان جێکەوتەی ئەگریمێنتی بەرکاریی (AgrO) و (ف. ك)ەوە، هەروەك لە شێوەداڕشتنی ئەبستراکی (٨)دا دەتوانرێت بنوێنرێت:

(٨) [ AgrS [ AgrO ف. ن١/بەرکاری ڕاستەوخۆ[ ف. ن٢/بەرکاری ناڕاستەوخۆ]] ١ [ AgrP کردار + AgrO ] ف.ك ...کردار ...t 1 ]]]]][220].

لەم شێوە داڕشتنە ئەبستراکتەدا هەردوو فریزی ناویی ڕادەیی (ف. ن١ و ف. ن٢) لە ڕکێفی تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانی [ AgrP کردار + AgrO ] دان. بەمەش هەردوو بەرکارەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی تاقیکردنەوەی دۆخی ڕێزمانییەوە.

[220]– Norbert Hornstien (1995:178-179)

بەمشێوەیە، لە ڕوانگەی ئەم شیکردنەوەیەوە پێشبینی دەکرێت فرێزی ناویی ڕادەیی یەکەم مەودای بە سەر فرێزی ناویی ڕادەیی دوهەمدا هەبێت. مەودا پەیوەستەکەش بریتییە لە گۆکردنی قرتاندنی کەرەستە کۆپیکراوەکان لە زنجیرەی کەرەستە ئارگومێنتەکاندا، هەروەك لە شێوەی ئەبستراکتی (٩) دەکرێت بنوێنرێت:

(٩) هەم مەودای بە سەریاندا هەیە و هەم دەشیانخاتە ڕکێفی تاقیکردنەوەی لۆخەوە

[ AgrS [ AgrO [ ف. ن١[ ف. ن٢]] [ AgrP کردار + AgrO [ ف. ك بکەر کردار (ف. ن١[ ف. ن٢]]) ]]]].

ئێستا ئەگەر لەم شێوەداڕشتنە ئەبستراکتە وردببینەوە، دەبینین، کە یان ئەوەتا دەبێت (ف. ن١ و ف. ن٢) ناو جێکەوتەی ئەگریمێنتی بەرکاری (AgrO) بقرتێنرێن یان ئەوەتا دەبێت (ف. ن١ و ف. ن٢) ناو (ف. ك) بقرتێنرێن. لە هەردوو بارەکەشدا [ AgrP ] ڕکێفی بە سەریاندا هەیە و نیشانەی دۆخی ڕێزمانییان تاقیدەکاتەوە، چونکە لە باری دووەمیشدا، (ف. ن١ و ف. ن٢)ی ناو (ف. ك) دەقرتێنرێن،

[ AgrP ] هەر مەودای دەبێت بە سەر شوێنپێیەکەیاندا (t)، هەروەك لە دروستەی ئەبستراکتی (٨) خرایەڕوو. بەمشێوەیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا (ف. ن١) وەچەئاراستەی (ف. ن٢) دەکات و مەودای بە سەریدا دەبێت، هەروەك لە نموونەی (١٠٣)دا بینرا. لە ڕوانگەی شیکردنەوانەوەکانی ئەمجۆرە بونیادانەدا (ف. ن١) بریتییە لە فرێزێکی ناوی بچووك، کە (ف. ن٢) پێوەلکێنراوە. ئەم هەڵواسینە ڕێگە بە (ف. ن١) دەدات بۆ ئەوەی مەودای لە دەرەوەی قاوغە بچووکەکەی خۆی هەبێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە نموونەی (١١١ا و ١١١ب) وردببینەوە:



(١١١)

ا/ ئازاد هەموو کتێبەکانی بە هەندێك خوێندکار دەبەخشێت.

پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی کۆپیکردن و قرتاندنی ڕستەکە، دروستەی (ف. ل) ی (١٠١ب)ی دەبێت:

(١١١) *مەودای لۆژیکی*

ب/ [ AgrS ئازاد[ AgrO [ ف. ن١ هەموو کتێبەکانی[ ف. ن بە هەندێك خوێندکار]] [ AgrP دەبەخشێت هەموو کتێبەکانی بە هەندێك خوێندکار[ ف. ك (ئازاد) دەبەخشێت([ ف. ن١ هەموو کتێبەکانی[ ف. ن بە هەندێك خوێندکار]]) ]]]].

ئێستا ئەگەر لە دروستەکە وردببینەوە، دەبینین پاش جێبەجێبوونی پرۆسەی قرتاندنەکان فرێزی ناویی ڕادەیی گشتی بەرکاری یەکەم مەودای بە سەر فرێزی ناویی ڕادەیی هەبوونیی بەرکاری دووەمدا هەیە هەم لەناو جێکەوتەی (AgrO)دا و هەم لەناو جێکەوتەی (AgrP)ی پێشنیازکراودا. بەمەیش دەسەلمێت، کە لەمجۆرە بونیادانەی ڕستەی زمانی کوردیدا بەرکاری یەکەم نەك هەر مەودای بە سەر بەرکاری دووەمدا دەبێت، بەڵکو دەربڕاوە بکەرییەکەش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

## بەشی سێیەم

# پەیوەندی ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی) و دیاردەی (بەخشکەیی – دەربڕین) لە زمانی کوردیدا

### ١/٣) ئاڕاستە بەراییەکانی پەیوەندی نێوان دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین)[٢٢١] و ئاستی (ف. ل):

گرایس لە بنەڕەتدا دیاردەی (تیۆری بە خشکەیی دەربڕین)ی بۆ مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان دەربڕاوەکاندا هێناوەتە کایەوە و گەشەی پێداوە، کە خودی واتای دەربڕاوەکە و ئەو واتایەی لە ئاوەزی قسەکەری دەربڕی دەربڕاوەکەدایە و واتا بە خشکەیی دەربڕاوەکانی ئەو دەربڕاوە شیبکاتەوە و دیاری بکات. لەم ڕێگەیەشەوە ویستوویەتی کۆی کرۆکە واتای ئەو دەربڕاوە تێبینی بکات. بەمجۆرە گرایس لە لێکۆڵینەوەکانی (١٩٦٥) و (١٩٦٧) و (١٩٧١)یدا، هەوڵیداوە نەخشەی پلانێکی زمانەوانی دابڕێژێت، بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئەو قسەی، کە قسەکەر دەیڵێت لەگەڵ ئەو واتایەی هەر بە هەمان قسە بەخشکەیی دەریدەبڕێت. بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەم لایەنە، با لە نموونەی (١ا و ١ب) ڕابمێنین:

(١) ا/ ئەرێ خۆ ئازاد گەنج بوو! بە چی مرد؟

[221]– لێرەدا زاراوەی (بەخشکەیی دەربڕین ) بەرانبەر زاراوەی (Implecature) بەکارهاتووە، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن (Paul H. Grice)ەوە بەکارهاتووە. ئەم چەمکە لە لێکۆڵینەوە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە، وەك: زاراوەکانی (بەخشکەیی دەربڕین، دەرکەوتەکان، پەنامەکی، واتای ژێرەکی و شاراوە، لێکەوتە، داپۆشین/ئاماژەکردن). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
ا/ عبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٤: ١٠٥) ب/ ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٦٩). پ/محمود فتح اللەاحمد (٢٠٠٨: ١٤٤) ت/ عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٩: ٣–٥).
ج/ محمود فتح اللەاحمد(٢٠٠٩: ١٧٥)

ب/ ئێی کاکە! خەم و خەفەت کێو لە بن دێنێ.

ئەگەر لە ڕستەی (١ا) وردببینەوە، دەبینین قسەکەر پرسیارێکی زۆر ڕاستەوخۆ و دیاریکراوی لە گوێگر کردووە، کە ئەویش پرسیارکردنە لە هۆکاری مردنی ئازاد بەو گەنجییە؟ لە بەرانبەردا و لە ڕستەی (١ب)دا گوێگر نەك هەر بەو ڕاستەوخۆییە وەڵامی پرسیاری قسەکەری نەداوەتەوە، بەڵکو باسی بابەتێکی تەواو جیاواز دەکات و ناڕاستەوخۆ باسی کاریگەری خەم و خەفەت لەسەر بوونەوەرەکانی سروشت دەکات، هەر بەم ناڕاستەوخۆییە بانگەشەی ئەوە بە گوێی قسەکەردا دەدات، کە تەنانەت بەهێزترین بوونەوەرەکانیش، کە وێنەی کێو خۆڕاگرن لە بەردەم خەم و خەفەتدا دەتوێنەوە و بوونیان نامێنێت. بەمشێوەیە ئەم دەربڕینە ناڕاستەوخۆییانە لەلایەن قسەکەرەوە وەردەگیرێت و دەشێت ئەمجۆرە لێکدانەوەیەی سەرەوە بۆ وەڵامەکەی گوێگر بکات. لێرەوە گوێگر، تا ڕادەیەك ئازادە لەوەی چۆن لە واتا بە خشکەییە دەربڕاوەکە دەگات.

گرایس ئەم ئاڕاستەیەی لە شیکردنەوە وەرگرتووە وەك بنەمایەك بۆ دارشتنی دوو جۆر پرسیار، کە زیاتر بریتین لە:

پرسیاری یەکەم// چۆن هەندێك کەس دەتوانێت هەندێك واتا بگەیەنێت یاخود بەخشکەیی دەربڕێت؟

پرسیاری دووەم// ئەو واتایە چییە، کە دەردەبڕدرێت یاخود بەخشکەیی دەردەبڕدرێت؟ [٢٢٢]

222 –Robert M. Harnish(1991:325)



گرایس بۆ دارشتنی بنەمایەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەوڵیداوە خودی دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین"Implicature") لە یاسای (١)دا بخاتەڕوو:

یاسای (١):

ئەگەر (p) و دواتر (q)مان هەبوو، کاتێك (p) واتای ڕەسەنی دەربڕاوەکە بنوێنێت و (q)یش واتا بە خشکەییە دەربڕاوەکە بنوێنێت. ئەوا ئەوەی قسەکەر دەیڵێت بریتییە لە بنەمای بەخشکەییە دەربڕینەکە، ئەگەرنا قسەکە هیچ بەخشکەیی دەربڕینێك ناگەیەنێت و هەڵە دەبێت[٢٢٣].

ئێستا ئەگەر یاسای (١) و نموونەی (١ا و ١ب) بەراورد بکەین، دەبینین، کە ڕستەی (١ب) دەتوانرێت وەك (p) یەك وەربگیرێت، کە بە خشکەیی واتای (q)ی بۆ قسەکەر دەربڕیووە (کە بریتییە لەوەی ئازاد خەم و خەفەت کۆتایی بە ژیانی هێناوە)، بەڵام لە نموونەکەدا ئاشکرا دیارە، کە (p)ەکە بنەمای هەڵهێنجانی (q) بووە. بۆیە پرۆسەی بە خشکەیی دەربڕینەکە و هەڵهێنجانی لەلایەن بەرانبەرەوە ڕاست و دروست جێبەجێ بووە.

(هارنیش) بە ڕەچاوکردنی ئەم بۆچوونەی گرایس و بەراوردکردنی بە دوو پرسیارەکەی (گرایس) هەوڵیداوە سەرلەنوێ ئەم دوو پرسیارەی لە پرسیاری سێیەم و چوارەمدا دابڕێژێتەوە:

سێهەم// ئەو هۆکارە چییە، تاوەکو کەسێك ئەو (p)ە بڵێت؟

چوارەم// ئەو هۆکارە چییە، تاوەکو کەسێك واتای بە خشکەیی دەربڕاوی ئەو (q)ە بکات؟

223– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
a /Robert M. Harnish(1991:326) b /Gerald Gazdar (1979:37-39)

هەر لەم ڕوانگەیەوە (هارنیش) بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە پرسیاری یەکەم، خودی پرسیارەکە دەکاتە دوو پرسیاری لەناو یەکدا شکاوە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە (p). ئەمە لە ڕێگەی ئەوەی، کە (هارنیش) پێیوایە، ئەگەر ئێمە (p) وەك گۆڕینۆکێك (ڤاریابڵ) وەربگرین، ئەوا پرسیارەکە زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە: (ئایا هۆکاری وتنی ئەو (p)ە چی بووە؟ بەڵام ئەگەر (p) وەك هێمایەك بۆ پلانی ئاخاوتنەکە وەربگرین، ئەوا پرسیارەکە زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە: (چی گوتراوە؟). لە وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانەدا چ (گرایس) چ (هارنیش) کۆکن لەسەرئەوەی، ئەگەر یەکێك بیەوێت بە شێوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ ئەوە دیاری بکات، کە قسەکەر وتویەتی، ئەوا پێویستی بە سێ هەنگاوە:

هەنگاوی یەکەم// دیاریکردنی هاوشێوەکان لەگەڵ سەرچاوەکانیان (ئەگەر هاتوو لەو دەربڕینەدا سەرچاوە هەبوو).

هەنگاوی دووەم// دیاریکردنی کاتی دەربڕینەکە.

هەنگاوی سێیەم// دیاریکردنی ئەو واتایەی بە دەربڕینەکە لەو بارودۆخە تایبەتییەی ئاخاوتنەکەدا دەربڕاوە[٢٢٤].

ئێستا بۆ زیاتر تێگەیشتن لە شیکردنەوەکان و چۆنیەتی بەشداری ئەم سێ هەنگاوە لە هەڵهێنجانی واتای تەواو و پڕاوپڕی ئەو قسەیەی قسەکەر دەریبڕیووە، لە نموونەی (١٢ و ٢ب) دەڕوانین:

(٢) ا/ نالی شاعیرێکی مەزنە.

ب/ ڕابەری قوتابخانەی شیعری بابان شاعیرێکی مەزنە.

224– Robert M. Harnish(1991:326)



ئەگەر لە ڕوانگەی هەنگاوی یەکەمەوە بە وردی لە هەردوو ڕستەی (١٢ و ٢ب) وردببینەوە، دەبینین، کەوا هەنگاوی یەکەم دەبێتە هۆی نەهێشتنی لێڵی لە مەبەستی سەرەکی دەربڕینی دوو ڕستەکە لای گوێگرەکە، واتە ئەگەر گوێگر زانی، کە لە ڕاستیدا هەردوو دەربڕاوی (نالی) و (ڕابەری قوتابخانەی شیعری بابان) هەمان سەرچاوەیان هەیە، کە بریتییە لە (نالی شاعیر). ئەوا گوێگر لە هەر بارودۆخێکی ئاخاوتندا گوێی لەم دوو زاراوەیە ببێت (یان هەر دەربڕاوێکی تر، کە هەر هەمان سەرچاوەیان هەبێت وەك "شێخی شاعیران" و "نالی خاك و خۆڵ" و "دیوانەکەی حەبیبە"... هتد،) تووشی لێڵی واتایی نابێت و ڕاستەوخۆ واتای دەربڕاوەکە پەیوەست بە سەرچاوەکەوە (واتە هەنگاوی یەکەم)ەوە لێکدەداتەوە.

بەڵام ئەگەر بێتوو لە ڕوانگەی هەنگاوی دووەمەوە لە هەردوو ڕستەی (١٢ و ٢ب) وردببینەوە، ئەوا دەبێت ئەوە بڵێین، کە کاتی گوتنەکە بە ڕادەی سەرچاوەکە(هەنگاوی یەکەم) گرنگە. بۆ ئەزموونبەندکردنی ئەم ڕاستییە، هەردوو ڕستەی نموونەی (١٢ و ٢ب) لە نموونەی (١٣ و ٣ب)دا دادەڕێژینەوە:

(٣) ا/ ئێستاکە (نالی) شاعیرێکی مەزنە.

ب/ تا ئێستاش (ڕابەری قوتابخانەی شیعری بابان) شاعیرێکی مەزنە.

وردبوونەوە لە هەردوو ڕستەی (١٣ و ٣ب) ڕەوان دەریدەخات، کە ئەو واتایەی بە ڕستەی (١٣) دەربڕاوە هەرگیز ئەو واتایە نییە، کە بە ڕستەی (٣ب) دەربڕاوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کاتی وتنەکە. هەربۆیە ئەو بەخشکەییە دەربڕینە و ئەو فۆڕمە لۆژیکییەی بەدەستی دەهێنێت تەواو جیاواز دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت لە نموونەی (١٤ و ٤ب)دا بنەخشێنرێت و لۆژیکییانە بخوێنرێتەوە:

**(٤) ا/ له كاتی ئێستادا (نالی) بەهۆی هەموو ئەو لێكۆڵینەوانەی لەسەری كراوە، دەركەوتووە، كە (نالی) شاعیرێكی مەزنە.**

**ب/ لە ڕابردوودا و لە ئێستاشدا بەهێزی و قوڵی شیعرەكانی (ڕابەری قوتابخانەی شیعری بابان)، دەریخستووە و دەریشیدەخات، كە (ڕابەری قوتابخانەی شیعری بابان) شاعرێكی مەزن بووە و مەزنیشە.**

**بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی هەنگاوی سێیەمەوە بیر لە نموونەی (١٢ و ٢ب) بكەینەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێت ئەوە تێبگەین، كە مەرج نییە بەم دوو ڕستەیە هەر هەمان واتامان دەربڕیبێت، چونكە بە گۆڕانی باردۆخی ئاخاوتنەكە واتای ئاخاوتنەكە دەگۆڕێت. هەربۆیە ناوهێنانی (نالی) لە ڕستەی (١٢)دا بەبێ لە بەرچاوگرتنی دوو كەڵە شاعیرییەكەی دیكەی هاودەمی (سالم و كوردی) ڕەنگە بە خشكەیی ئەوە دەربڕابێت، كە ئەم لە ناویاندا و لەناو ئەدەبی كوردیشدا (تاكە شاعیری مەزنە)، بەڵام ناوهێنانی (نالی) لە ڕستەی (٢ب)دا وەك (ڕابەری قوتابخانەی شیعری بابان) ڕەنگە زیاتر دەرخستنی مەزنی (نالی) بێت بە لەبەرچاوگرتنی گەورەیی دوو كەڵە شاعیرەكەی هاودەمیشی، واتە (نالی) بۆیە مەزنە، چونكە ڕابەری قوتابخانەیەكی مەزن بووە. ڕەنگە ئەم شیكردنەوەیە بۆ دوو ڕستەكەی (١٢ و ٢ب) هێشتا تەواو و پڕاوپڕ نەبێت، بەڵكو چەندێك لە باردۆخی ئاخاوتنەكە تێبگەین ئەوەندەش لە واتای ئەوەی گوتراوە (واتە چی گوتراوە؟) تێدەگەین. هەربۆیە بە تێگەیشتن لەوەی(چی گوتراوە؟) سانایانەش لەوە دەگەین، كە (بەخشكەیی دەربڕاوە). بەمە دارشتەی فۆرمی لۆژیكی واتا بەخشكەییە دەربڕاوەكە دروست دەبێت و دەشێت چەمكی ئاوەزی قسەكەر بنوێنرێت.**



**بەمشێوەیە دەبینین هەنگاوی سێیەم ورد و دروست واتای ڕستە دەربڕاوەكەمان بۆ دیاری ناكات و پێمان ناڵێت لە چ دەوروبەرێكدا واتاكە ڕاست دەبێت، كە قسەكەر دەریبڕیوە. بۆیە بە ڕای (هارنیش ١٩٩١) (گرایس) سەركەوتوو نەبووە لە دەرهێنانی ئەوەی خۆی پێی وتووە (واتای هەمیشەیی/نەمر"Timeless meaning")[225]ی ڕستە یاخود سەركەوتوو نەبووە لە دەرهێنانی (كۆڵكەی هاوبەش)ی ئەو واتایەی بە ڕستەكە دەربڕاوە لەگەڵ ئەو واتایەی بە خشكەیی بە هەمان ڕستە دەربڕاوە، كە ئەمەش زیاتر تێگەیشتنی (هارنیش) بووە لە پرسیاری دوهەم، كە (گرایس) خستبوویە ڕوو و (هارنیش) لە پرسیاری سێیەمدا داپڕشتبۆوە، چونكە زۆرینەی كارە یەك بە دوا یەكەكانی (گرایس) لەم بوارەدا بە بڕوای (هارنیش ١٩٩١) زیاتر هەر بۆ مەبەستی تێگەیشتن بووە لە (واتای هەمیشەیی/نەمر)، كە لە هەموویان گرنگتر ئەو كار و لێكۆڵینەوانەی بووە، كە زیاتر بە ناوی (ڕێسای**

225– (گرایس) له شیكردنەوەی (واتای هەمیشەیی/نەمر"Timeless meaning")دا نموونەیەكی وەك (١)ی خستۆتەڕوو:

(١) ئازاد ژیربێژە، بەوشێوەیە ئەو ئازایە.

(گرایس ) پێیوایە، كە نەمریی واتای ئەم ڕستەیە لەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ئەگەر بتوانین بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە تایبەتمەندییەكانی واتای نەمری ڕستەی (١) لە (١ا و ٢ب و ٢پ)دا بخەینەڕوو:

(٢) ا/ ئازاد لە ڕووی ئیشوكارەوە بە لێكۆڵینەوەی ژیربێژییەوە خەریكە.

ب/ هەروەها ئازاد ئازایە.

پ/ لە ڕاستیدا ئازایی ئازادیش بە دوای ئەوەدا دێت، كە لە ڕووی ئیشوكارەوە بە لێكۆڵینەوەی ئیشوكارەوە خەریكە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Robert M. Harnish(1991:328)

**هاریکارییانە"Cooperative Principle") ناوبانگی دەرکردووە، کە دواتر پێوانەکانی ئاخاوتنی (چەندێتی و چۆنیەتی و پەیوەندی و شێواز)ی لێکەوتۆتەوە[٢٢٦].**

**بەمشێوەیە (هارنیش ١٩٩١) باوەڕیوابووە، کە (گرایس) زیاتر باسی جێبەجێکردنی پێوانەکانی کردووە لەو واتایەی قسەکەر دەریبڕیووە و دواتریش چۆتە سەر شیکردنەوەی بەزاندنی ئەم پێوانانە لە قسەکردنەکانی قسەکەردا[٢٢٧]، بەڵام (گرایس) نەخشەیەکی تەواوی نەکێشاوە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردن و بەزاندنی ئەم پێوانانە بۆ واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکە، کە بنەمای دیاریکردنی (واتای هەمیشەیی/نەمر)، کە (گرایس) هەوڵی بۆ داوە. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەی (هارنیش) بووە، کە وای لێکردووە بیر لە پەیوەندی نێوان ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی) و دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین) بکاتەوە، بنەمای بیرکردنەوەکەشی لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە نێوان ڕستەکانی زمانەکەماندا دەتوانرێت پەیوەندی (بەخشکەیی دەربڕین) بدۆزرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گۆڕانی فۆڕمی لۆژیکی ئەو ڕستانە.**

[226]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بیرو بۆچونانەی (گرایس) و کارەکانی لەم بوارەدا چ لە زمانەوانیدا چ لە زمانی کوردیدا، بڕوانە:
ا/ بکر عمر علی(٢٠٠٠ :٩١–٩٥) ب/عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٤: ١٠٥–١١٢)
پ/ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩: ٧٠–٨٣) ت/ عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٩: ٥–٨)
a/ Robert M. Harnish(1991:330-335) b/ Gerald Gazdar (1979: 43-52)
c/ Jacob L. Mey(2009: 365-366)

[227]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خودی بابەتی پێوانەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان و شیکردنەوەی چۆنیەتی بەزاندن و پێشیلکردنی ئەم پێوانانەی ئاخاوتن، کە (گرایس) دایڕشتووە، دەتوانین سوود ببینین لە:
ا/ ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٧٠–٨٢) ب/ عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٩: ٤–٣٤).



**بەمە دەتوانرێت کاریگەری پەیوەندی (بەخشکەیی دەربڕین) لە ئاستی فۆڕمی لۆژیکیدا دیاریبکرێت. واتە پەیوەندی (بە خشکەیی دەربڕین) دەتوانرێت شیبکرێتەوە یاخود شینەکرێتەوە لە نێوان چەشنە جیاوازەکانی ڕستەکاندا(بە تایبەتی لەسەر ئاستی فۆڕمی لۆژیکی). ئەم توانای شیکردنەوە و شینەکردنەوەیەش ڕاستەوخۆ لەسەرحاڵەتی فۆڕمی لۆژیکی ئەم چەشنە جیاوازانەی ڕستەکانی زمانەکەماندا دەردەکەون.**

## ٢/٣) پەیوەندییە ڕاڤەییەکانی نێوان ئاستی (ف. ل) و دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین):

**لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی (هارنیش)ەوە (کە لە" ١/٣"دا خرایەڕوو)، کەوا ئاستی فۆڕمی لۆژیکی بریتییە لە تیۆرییەك، کە هەوڵدەدات نیشانە سینتاکسییەکانی ڕستەیەك ڕاست و دروست شیبکاتەوە و واتای ئاوەزیی ئاوەزی قسەکەر دروست هەڵبهێنجێت. هەروەها لەبەر ئەوەی بەخشکەیی دەربڕینیش وەك ئەوەی خرایەڕوو، زیاتر بریتییە لە بەخشکەیی دەربڕینی واتای جیاواز بە یەك ڕستە. هەربۆیە ڕستەیەك چەندە بە خشکەیی دەربڕینی جیاوازی لێبکەوێتەوە دەبێت ئەوەندەیش فۆڕمی لۆژیکی جیاوازی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بڕوانینە زمانەکەمان، ئەوا دەبینین، کە چەندین کردارمان هەیە (تەنانەت ئاوەڵناویش)، کەوا دەردەکەون یەك کردەیی بن بۆ (بکەرە لکێنراوەکان "Conjoint Subjects") وەك کردارەکانی (گەیشتن، خواردنەوە، خواردن) لە ڕستەکانی (٥) و (٦) و (٧)دا بەوەی**

بەرانبەر کردەی (گەیشتن، خواردنەوە، خواردن)ی چەند کەسێك یان شتێکی جیاواز دانرابێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لەم نموونانە وردببینەوە:

(٥) ا/ ئازاد و نەوزاد گەیشتن.

ب/ ئازاد گەیشت و نەوزاد گەیشت.

(٦) ا/ چا یان شیر دەخۆیتەوە.

ب/ چا دەخۆیتەوە یان شیر دەخۆیتەوە.

(٧) ا/ نان و چا دەخۆیت.

ب/ نان دەخۆیت یان چا دەخۆیت/دەخۆیتەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی پرۆسەی (بە خشکەیی دەربڕین)ەوە لەم ڕستە بە ناو لکێنراوانە وردببینەوە، دەبێت ئەوە بزانین، کە بوونی ڕستەی لکێنراو یاخود بکەری لکێنراو مەحاڵە و جێگەی باوەڕ نییە[228]. هەربۆیە دەشێت پێشنیازی (ڕوودانی پێکەوەیی) یاخود (ڕوودانی یەك بە دوای یەك) بۆ ئەمجۆرە کردارانە و ڕستەکانیان بەکاربهێنرێت و لە ڕێگەیانەوە واتا بە خشکەییە دەربڕاوەکەیان هەڵبهێنجین، دواتر لەسەرئەم بنەمایە داڕشتەی فۆڕمی لۆژیکییەکەیان دابڕێژین. بۆیە ناکرێت بڵێین، ڕستەکانی (١٥ و ١٦ و ١٧) لە ڕستەکانی (٥ب و ٦ب و ٧ب)ەوە هەڵگوێزراون و هەمان شتن. ئەم حاڵەتە لە زمانەکەماندا زیاتر لە دوو پۆلی وشەیدا دەردەکەون، کە بریتین لە

228– Robert M. Harnish(1991:316)



پۆلی (کردارەکان) و پۆلی (ئاوەڵناوەکان)[229]، دەشکرێت بگوترێت هەمان دیاردە بۆ هەردوو پۆلەکە دروستە و وەك یەکە.

بۆ ئەزموونبەندکردنی ئەم بۆچوونەش لەسەرئەم دوو پۆلە وشەییەی زمانەکەمان و یەکانگیربونی شیکردنەوەکانی بەخشکەیی دەربڕین و فۆڕمی لۆژیکیان هەریەکە لەم دو پۆلە بە جیا وەردەگرین و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکەین:

### ٣/٢-١) پۆلی کردارەکان:

بە هەمان شێوەی ڕستەکانی (٥) و (٦) و (٧)، دەتوانین بڵێین، کە ڕستەی (٨) کێشەی هەیە و ناتوانرێت بگوترێت لە ڕستەی (٩)ەوە هەڵگوێزراوە:

(٨) مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحویان تەحقیق کردووە.

بەپێی بیروبۆچوونی باو لە زمانەکەماندا دەبێت ڕستەی (٨) لە ڕستەی (٩ا و ٩ب)ەوە هەڵگوێزرابێت:

(٩) ا/ مەلا عبدالکریمی مدرس و دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە.

ب/ محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە.

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، ئەم بۆچوونە ڕەتدەکرێتەوە و ئەو بەڵگانەش، کە دەتوانرێت وەك دژەبۆچوون وەربگیرێت

229– ڕەنگە لە زمانی کوردیدا پۆلی وشەیی زیاتریشمان هەبێت، کە هەمان دیاردە بیانگرێتەوە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئەم دوو پۆلە تاقیکردنەوەی تێداکراوە.

بەوەی، کە ڕستەی (٨) لە هەردوو ڕستەی (٩ا و ٩ب) هەڵنەگوێزراون، زیاتر بریتین لەوەی، ئەگەر بێتوو چەمکی هەر یەکە لە دوو ڕستەی (٩ا و ٩ب) بەراورد بکەین بەو چەمکەی لە ڕستەی (٨)دا دەربڕدراوە، ئەوا دەردەکەوێت، کە هەردوو ڕستەی (٩ا و ٩ب) هەڵەن. کەواتە دەبێت ڕستەی (٩) هەمووی هەڵە بێت، چونکە دوو ڕستە (کە لێرەدا زیاتر مەبەست ڕستەی (٨)ە بەرانبەر بە ڕستەی (٩)) بەهەمان واتاوە ناتوانن هەمان نرخی ڕاستیان لە هەمانکاتدا هەبێت، بە تایبەتی ئەگەر هەمان سەرچاوەشیان هەبێت. پێشتر لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ڕاستییە خرایەڕوو، کە یاساکانی گواستنەوە نابنە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکان[٢٣٠]. بەڵام بینیمان، کە واتای دوو ڕستەی (٨ و ٩) لە یەکتر جیاواز بوون، کەواتە دەبێت ڕستەی (٨) لە ڕستەی (٩)ەوە هەڵنەگوێزرابێت.

بە مەبەستی سەلماندنی زیاتری ئەم تیۆرییە (واتە نەتوانینی هەڵگوێزانی ڕستەی (٨) لە ڕستەی (٩)ەوە) دەبێت شیکردنەوەکانمان لەو خاڵەوە دەست پێبکەین، کە بۆچی دەبێت ئێمە دوو ڕستەی (٩ا و ٩ب) بە هەڵە بزانین؟ دەشێت شیکردنەوەکانمان بۆ ئەم پرسیارە بەمشێوەیە بهێنینەوە:

ئەگەر هاتوو پرسیارێکی وەك (١٠)مان کرد و گوێگریش وەڵامێکی وەك ڕستەی (١١)ەوە داینەوە، ئەوا دەتوانین، بڵێین ڕستەی (١١) ڕستەیەکی وەك (١٢) دەگرێتەوە:

(١٠) کێ دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە؟

[٢٣٠]- بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (٢/١-٤)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە(٧١-٧٧).



(١١) مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحویان تەحقیق کردووە.

(١٢) مەلا عبدالکریمی مدرس ومحمدی مەلا عبدالکریم [ پێکەوە ] دیوانەکەی مەحویان تەحقیق کردووە.

ئەگەر هاتوو وەڵامەکە بۆ ڕستەی (١٠) بریتی بوو لە ڕستەی (١٣)، ئەوا دەتوانرێت، بگوترێت ڕستەی (١٣)یش ڕستەیەکی وەك (١٤) دەگرێتەوە:

(١٣) مەلا عبدالکریمی مدرس دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە.

(١٤) مەلا عبدالکریمی مدرس [ بە تەنها ] دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە.

ئێستا ئەگەر بێتوو وەڵامەکان و ئەو ڕستانەی گرتویانەتەوە بەراورد بکەین، دەبینین، کە ڕستەی (١١) و (١٣) نێواندژن و خوێندنەوەی (١٣) پێچەوانەی وەڵامە شیاوەکەی (١١) دەوەستێتەوە. هەربۆیە دەبێت ڕستەی (١٣) هەڵە بێت و وەڵامی (١١) و ئەو ڕستەی دەیگرێتەوە (کە ڕستەی (١٢)یە) ڕاست بێت.

کەواتە لە ئێستادا دەبێت هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەوە بدەین، کە ئەو دوو پەیوەندییەی لە نێوان هەردوو ڕستەی [ (١١ و ١٢) و هەردوو ڕستەی (١٣ و ١٤) ]دایە پەیوەندی گرتنەوەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی دەبێت تەنها ڕستەیەکیان (واتە یان ڕستەی (١١) یان ڕستەی (١٣)) ئەم پەیوەندییەی

هەبێت بە ڕستەی (١٢ یان ١٤)ەوە، دەنا سەر لە بەری بۆچوونەکە هەڵە دەبێت[231].

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە و ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی، کە ئەمجۆرە پەیوەندییە بۆ (بەخشکەیی دەربڕین) لە ڕستەی پرسیاریشدا بریتییە لە (گرتنەوە)، دەتوانین پێشنیازی ڕاڤەی (١) بکەین:

ڕاڤەی (١): یان ئەوەتا ڕستەی (١١) ڕستەی (١٢) ناگرێتەوە یان ئەوەتا ڕستەی (١٣) ڕستەی (١٤) ناگرێتەوە، یاخود یان ئەوەتا لە ڕستەی (١١) ڕستەی (١٢) بەخشکەیی دەرنابڕێت یان ئەوەتا ڕستەی (١٣) ڕستەی (١٤) بە خشکەیی دەرنابڕێت.

بە مەبەستی دامەزراندنی ئەم ڕاڤە پرسیارییەی، کە لە (١)دا خرایەڕوو، پێویستە هەوڵی دابڕانی پێکهێنەرێك لە پێکهێنەرەکانی ڕستەی (١١) یان ڕستەی (١٣) بدەین، تاوەکو دوو ڕستەکە پشتگیری کرۆکی (بەخشکەیی دەربڕین)ەکە بکەن. ئاشکرا لە دوو ڕستەکەدا دیارە، کە لابردنی پێکهێنەرێك لە دەربڕاوە بکەرییەکەی دوو ڕستەکەی (١١) و (١٣) تەنها لە پەیوەستبوونی بە دەربڕاوە کردارییەکەوە دەبێتە هۆی گۆڕانی کرۆکی (بەخشکەیی دەربڕین)ەکە. هەربۆیە پشت بەست بە لێکۆڵینەوەکانی (هارنیش ١٩٩١)، دەتوانین بەو پەیوەندییە بەخشکەییە دەربڕینەی لە نێوان ڕستەکانی (١١ و ١٢)دا هەیە بڵێین (بەخشکەیی دەربڕینی پێکەوەیی

231 - لە ڕاستیدا زاراوەی (گرتنەوە"Implies") لە لێکۆڵینەوە ژیربێژییەکاندا وەك زاراوەیەکی لێڵ خۆی دەنوێنێت. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن (ڕەسل)ەوە بەکارهاتووە بە واتای گرتنەوە، بەڵام لەلایەن زاناکانی ترەوە بە واتای جیاواز خراوەتەڕوو، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ پەراوێزی ژمارە (٢٢١)ی لاپەڕەی (٢٥٩–٢٦٧)ی بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.



"Together-Implicature")، هەروەها بەو پەیوەندییە بەخشکەییە دەربڕینەی لە نێوان ڕستەکانی (١٣ و ١٤)دا هەیە بڵێین (بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایی "Alone-Implicature")[232].

بەڵام لەگەڵ ئەم شیکردنەوەیەشدا با بڕوانینە فۆرمی لۆژیکی (١٥ا و ١٥ب):

(١٥) ا/ (A) Φ (C)ی بە تەنها کردووە.

ب/ (A و B) Φ (C)یان پێکەوە کردووە.

لەم فۆرمە لۆژیکییەدا [ (A) یاخود (A و B) ] بریتین لە داتایەکی هەمەچەشنی لێڵ بۆ زۆربەی نموونە گۆڕاوەکانی (Φ). هەربۆیە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا بە پێویست دەزانرێت، کە خودی هێمای (Φ) ڕاڤە بکرێت. ئەم هێمایە (Φ)، کە بە (فیی [ 'fi: ]) دەخوێنرێتەوە و وەك تیۆرییەك خۆی دەنوێنێت لە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتەکانی ڕستەیەك بە تایبەتی ئەگریمێنتی نێوان هەردوو پێکهاتەی (بکەر و کردار). لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین، کە ئاڵۆزییەکانی ڕستە دەربڕاوەکان لە زماندا زیاتر لە ڕوانگەی تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانیانەوە شیدەکرێنەوە، یەکێك لە گرنگترین ئەو تیۆرییانەی ئەم تایبەتمەندییە سینتاکسیانە شیدەکەنەوە بریتییە لە تیۆری (فیی/Φ)، کە تایبەتمەندییەکانی (ناوەکان/ جێناوەکان)، کە زیاتر تایبەتمەندیی [ کەس و ژمارە و توخم ] دەگرێتەوە، بە جفرە دەکات(Encoding) و دەکرێنە تێکردە (Input) لە پرۆسەی ئەگریمێنتیدا. کەواتە دەتوانین بڵێین (فیی/Φ) زیاتر زاراوەیەکی زمانەوانییە بۆ ڕاڤەکردنی ڕووکارە واتاییەکانی کەسێك


232 –Robert M. Harnish (1991:317).

یـان ناوێـك لـە ڕووی [ كـەس و ژمـارە و تـوخم ]ەوە، بەمـەش خاسـیەتە سینتاكسییەكانی ئـەو گـرێ سینتاكسییە دەزانرێـت. هـەروەك لـە وشـە كۆكراوەكانـدا (ناوەكـان و جێناوەكـان) دەردەكـەوێت، بـەڵام دەبێـت ئـەوەش بڵێین، كە زاراوەكە شیكردنەوە بۆ نیشانەكانی سەری ڕێزمانی وەك (كردار) ناكات. لەم ڕوانگەیەوە نیشانەكان – Φ سەربەخۆییانە كار لـە نیشانەكانی دیكـەی سـەر ڕێزمـانی دەكـات، بـە لەبەرچـاوگرتنی هۆكـاری دروسـتبوونی پەیوەندییەكانی ئەگریمێنت.

نیشانەكانی پەیوەندی ئەگریمێنتی نێوان (بكەر و كردار) و نیشانەكانی دیكەی سەری ڕێزمانی كردار دەكرێت لە خشتەی (١)دا بخرێتەڕوو[٢٣٣]:

[233] زاراوەی (فیی "PHI")، كە یان بە [ Φ ] یان بە [ φ ] هێمای بۆ دەكرێت و لە نووسینی نوێی یۆنانیدا بە (فی [ 'fi ] ) دەخوێنرێتەوە. ئەم هێمایە پیتی بیستویەكەمە لە ئەلفابێی یۆنانی و لە ئەلفابێی یۆنانی نوێیاودا بە (ف [ f ] ) دەخوێنرێتەوە و دەنوێنرێت، بەڵام ئەم هێمایە جیاوازە لەو هێمایەی، كە بۆ پۆلە بەتاڵەكان بەكاردێت و بە هێمای (فای [ ∅ ] ) ئاماژەی بۆ دەكرێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم تیۆرییە و ڕاڤەكردنەكانی زاراوەكە دەتوانرێت سوود ببینرێت لە: ا/ Susana J. Bejar (2003: 20-33) ب/ Peter J. Binkert (2004:94)
پ/ ماڵپەری ئەلیكترۆنی ویكیپیدیا www. wikipedia. org






خشتەی نیشانەكانی پەیوەندی ئەگریمێنتیی لە نێوان پێكهاتەكانی ڕستەدا

[ خشتەی (١) ]

بـۆ زیـاتر تێگەیـشتن لـە بەشـدارییەكانی دەربـڕاوە بكەرییـەكان لـە پشتگیریكردنی كرۆكی بەخشكەیی دەربڕیندا، هەروەها بۆ زیاتر تێگەیشتن لە فۆڕمی لۆژیكی (١٥) و خشتەی (١)، دەتوانین نموونەی (١٦) بخەینەڕوو:

(١٦) ئازاد ئەو مێزەی بە تەنها گواستەوە.

لەم نموونەیەدا جەختی دركپێكردنمان ناخەینە سەر ئەوەی، كە (ئەو مێزە) تەنها شتە، كە (ئازاد) گواستبێتیەوە، بەڵكو زیاتر ئەمە وەردەگیرێت وەك ئەوەی، كە (ئازاد) تەنها كەسێكە بۆ گواستنەوەی (ئەو مێزە). دەتوانرێت ئەمجۆرە دركپێكردنە لە فۆڕمی لۆژیكی (١٧)دا بنوێنرێت:

(١٧) (A) Φ (C)ی بە تەنها کردووە.

ئێستا ئەگەر ئەم خوێندنەوە لۆژیکییە بگۆڕین بۆ فۆڕمی پرسیار، ئەوا فۆڕمێکی لۆژیکی وەك (١٨)مان دەستدەکەوێت، کە وەڵامەکەی بریتی دەبێت لە فۆڕمی لۆژیکی (١٩):

(١٨) (A) Φ (C)ی لەگەڵ کێ کردووە؟

(١٩) (A) Φ (C)ی کردووە، لەلایەن خودی خۆیەوە.

وردبونەوە لە فۆڕمی لۆژیکی (٩)، تا ڕادەیەك لێڵ دەردەکەوێت. ئەمەش لە بەرئەوەی لە فۆڕمی لۆژیکی (٩)دا مەبەست ئەوە نییە ئەو درکپێکردنە بخرێتەڕوو، کە (A) (لەلایەن خودی خۆیەوە) کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵکو زیاتر نەخشەکێشانی چەمکێکە، کە دەکرێت لە فۆڕمی لۆژیکی (٢٠ا و ٢٠ب)دا بنوێنرێت:

(٢٠) ا/ (A) Φ (C)ی کردووە لەلایەن خودی خۆیەوە (نەك بە هاوبەشی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا).

ب/ (A) Φ (C)ی کردووە لەلایەن خودی خۆیەوە (بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك).

بەڵام ئەگەر هاتوو دەربڕاوە بکەرییەکەی ڕستەی (١٦) دوو بەشداربووی هەبوو، ئەوا ڕستەکە وەك (٢١)ی لێدێت:

(٢١) ئازاد و نەوزاد مێزەکەیان گواستەوە.

خۆ ئەگەر بێتوو بویسترێت فۆڕمە لۆژیکییەکەی بنوێنرێت، بە مەبەستی هەڵهێنجانی خوێندنەوەیەکی لۆژیکیانە، ئەوا دەکرێت فۆڕمی لۆژیکی (٢٢) بخرێتەڕوو:

(٢٢) (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە کردووە.



وردبونەوە لە فۆڕمی لۆژیکی (٢٢) دەریدەخات، کە هاتنی (A) و (B) ناتوانرێت تەنها وەك کۆبونەوەیەکی سادە و ساکار لێکبدرێتەوە، واتە خوێندنەوەی فۆڕمە لۆژیکییەکەی بریتی نابێت لەوەی، کە هەریەکە لە (A) و (B) لە هەمانکاتدا (Φ) کرابێتن (واتە هەریەکە لە (A) و (B) لە هەمانکاتدا لەگەڵ کرداردا ڕێکەوتبن و کردەی کردارەکەیان جێبەجێ کردبێت.)، چونکە ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە بە فۆڕمی لۆژیکی (٢٢) بدەین، ئەوا دەشێت پێشنیازی هەبوونی دوو شت لە بری یەك شت (واتە "مێز" و "کەرەستەیەکی دیکەی وەك قاپ" لە حاڵەتی ئەم نموونەیەدا) بکرێت، کە لەلایەن (A) و (B)ەوە لە هەندێك کاتدا (Φ) کرابێتن. هەربۆیە درکپێکردنی دروست بۆ خوێندنەوەی فۆڕمی لۆژیکی (٢٢) زیاتر ئەوەیە، کە تەنها یەك شت هەیە و (A) و (B) پێکەوە (Φ) ی دەکەن.

بەمجۆرە فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕاوی ڕستەی (٢١) پێشنیازی پێکەوەیی دەربڕاوە بکەرییەکە دەکات لە بە ئەنجامگەیاندنی کردەی کردارەکەدا. بەمەش (بەخشکەییە دەربڕینە پێکەوەییەکان) و (بەخشکەییە دەربڕینە تەنهاییەکان) وەك ئەنجامێك بۆ ئەم شیکردنەوانە بە دەست دێن، کە خاوەنی فۆڕمی لۆژیکی تایبەت بە خۆیانن.

کەواتە لەم شیکردنەوانەوە دەگەینە ئەوەی، کە بەشەکردارەکان ئەو بەشانەی ڕستەن، کە پشتگیری کردەی بەخشکەیی دەربڕینەکە دەکەن و لەم پرۆسەیەدا دەربڕاوە بکەرییەکە ژمارەیەك جیاوازیی لە واتا بەخشکەیی دەربڕینەکەدا دەهێننە کایەوە. دەکرێت، هەم خودی پرۆسەی بەخشکەیی دەربڕینەکە و هەم ئەو جیاوازییانەش، کە بەشداریی پێکهێنەرەکانی دەربڕاوە بکەرییەکە/(A) و (B) لە پرۆسەی بەخشکەیی دەربڕینەکەدا دروستی دەکەن، بە هۆی فۆڕمی لۆژیکی جیاوازەوە نەخشە بکێشرێت و

گوێگر لە لێڵی هەڵهێنجانی واتای ڕاست و دروست بە دوور بگرێت، هەروەك لە نموونەکانی (١٦) و (٢١) و فۆڕمە لۆژیکییەکانیاندا خرایەڕوو.

ئاڕاستەکانی ئەمجۆرە شیکردنەوەیە، لە بنەڕەتدا بە مەبەستی تێگەیشتنە لەوەی، کە ڕوودەدات لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و بارودۆخە جیاوازەکانی ئاخاوتندا. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی بەشداریی و هاریکاریی بەشە کردارییەکان لەناو دەقە تایبەتمەندەکانی دەربڕیندا دەبێت. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت سەرجەم زانیارییەکانی پەیوەست بەو ڕستە دەربڕاوانەی لە پەیوەندیکردنەکەدا دەربڕاون، بدۆزرێتەوە و دروستەی فۆڕمی لۆژیکیان بخرێتەڕوو. سەرجەم ئەم زانیاری و باکگراوندانە ئەو دەقە بونیاد دەنێن، کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیکردنەکە[234]. گشت ئەم زانیارییانەش ئەبستراکتیانە و لە ئاوەزی بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا بوونی هەیە و هاتنەوەیان بۆ ناو ئاخاوتنەکە زیاتر لە شێوەی پرسیاردا دەبێت لەو بەخشکەیی دەربڕینانەی، کە دەشێت قسەکەر ویستبێتی پراگماتیکیانە دەریانبڕێت. هەریەکە لەو پرسیارە لۆژیکیانە دەربارەی بەخشکەیی دەربڕینەکان دروستەی فۆڕمی لۆژیکی جیاوازیان لە ئاوەزی گوێگردا هەیە. بۆیە وەڵامەکانیشیان جارێکی دیکە فۆڕمی لۆژیکی جیاوازیان دەبێت، هەروەك لە نموونەکانی (١٦) و (٢١) و فۆڕمە لۆژیکییەکانی پێشتردا بینیمان.

234- لە ڕاستیدا (هارنیش ١٩٩١) ئەم دەقە بونیادنراوە بە (دەقی گچکەیی "Minimal Context") ناو دەبات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Robert M. Harnish (1991:317-318) .



ئەم دوو چەشنەی بەخشکەیی دەربڕین (واتا بەخشکەییە دەربڕاوە پێکەوەییەکان و تەنهاییەکان)، کە لێرەدا پێشنیازکران، دەشێت جێگەی گومان و لێڵی بن. هەربۆیە پرسیار لە خودی ئەم دوو چەشنەی بەخشکەیی دەربڕین بکەین بەوەی، کە ئایا مەرجە هەموو ئەو بەخشکەیی دەربڕینانەی لە چەشنی (پێکەوەیین) بەخشکەیی دەربڕینی پێکەوەیی بەهێز یان لاوازبن؟ یاخود مەرجە هەموو ئەو بەخشکەیی دەربڕینانەی لە چەشنی بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایین بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایی بەهێز یان لاوازبن؟ بە واتایەکی دیکە دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئایا ئەو ڕستەیەی دەردەبڕدرێت و بەخشکەیی دەربڕینی واتایی لەلایەن گوێگرەوە پێدەکرێت، ئیتر مەرجە ئەو بەخشکەییە دەربڕینە چیتر واتای بەخشکەیی دەربڕینی دیکەی لێهەڵنەگوێزرێت؟

لەم ڕوانگەیەوە، بۆ زیاتر ئەزمونبەندکردنی شیکردنەوەکانی تیۆرییەکەمان و پەیوەست بە وردبوونەوە لە پێڕەوی کردار و بەشە کردارییەکانی زمانەکەمان پێشنیازی بەخشکەیی دەربڕینی واتایی زیاتر دەکەین لە خودی ئەو دوو چەشنەی بەخشکەیی دەربڕینەوە (واتە بەخشکەیی دەربڕینە پێکەوەیی و تەنهاییەکان)، هەروەك لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

### ٣/٢-١-١) ئـەو بەخـشکەیی دەربڕینانـەی دەشـێت لـە (بەخشکەیی دەربڕینی پێکەوەیی)ەوە هەڵبگوێزرێن:

لە پێڕەوی کرداری زمانی کوردیدا هەندێك کردارمان هەیە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لەو کردەیەی لە هەریەکێکیاندایە، ئەوا دەبینین، جێبەجێکردنیان تاڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی تاکگەراییانە بە ئەنجام دەگات. بۆیە لەو ڕستانەی ئەمجۆرە کردارانە بونیان هەیە، ئەگەر بێتوو دەربڕاوە بکەرییەکانی ئەمجۆرە ڕستانە زیاتر لە بەشداربووەیەکیشی تێدابێت، هێشتا گوێگر شیانی زیاتری ئەوەی هەیە، کە بە خشکەیی دەربڕینی ئەو واتایە بکات، کە هەریەکە لە بەشداربووەکان بە جیا کردەی کردارەکە جێبەجێ دەکەن. بۆ مەبەستی ئەزمونبەندکردنی شیکردنەوەکە، با لە نموونەکانی (١٢٣ و ٢٣ب ٢٣پ) وردببینەوە:

(٢٣) ا/ ئارام و بارام کێشەکەیان پشتگوێخست.

ب/ ئارام و بارام خەمی کۆنیان بیرکەوتەوە.

پ/ ئارام و بارام ڕۆمانەکەیان خوێندەوە.

ئەگەر بمانەوێت فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕینی ئەم نموونانە لە زمانەکەماندا بکێشین، ئەوا تاڕادەیەك دەکرێت لەسەر هەمان ئاڕاستەی پێشوو پێشنیازی فۆڕمی لۆژیکی (١٢٤ و ٢٤ب و ٢٤پ) بکەین:

(٢٤) ا/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە پشتگوێخست.

ب/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە بیرکەوتەوە.

پ/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە خوێندەوە.

لە ڕاستیدا ئەگەر ورد بڕوانینە فۆڕمی لۆژیکی ئەم بەخشکەیی دەربڕینانە، ئەوا دەبینین، تا ڕادەیەك لێڵ دێنە بەرچاو، چونکە هەریەکە لە



پرۆسەی [ (پشتگوێخستن) و (بیرکەوتنەوە) و (خوێندنەوە) ]ی بابەتی (C) لەلایەن بەشداربووەکانی [ (A) و (B)]ەوە دەشێت (شیانێکی زۆر بەهێزیشە) قسەکەر ئەو واتایە بە خشکەیی دەربڕێت، کە هەریەکە لە بەشداربووەکانی [ (A) و (B)] بە تەنها و دابڕاوی لە بەشداربووەکەی دیکەیان ئەم پرۆسانەی جێبەجێکردووە، چونکە مەرج نییە ڕێژەی جێبەجێکردنی (پشتگوێخشتنەکە، بیرکەوتنەوەکە، خوێندنەوەکە) و ڕادەی وەلانانی کێشەکە یاخود ڕادەی بیرکەوتنەوەی کێشەکە یاخود ڕادەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕۆمانەکە لە لای هەردوو بەشداربووەکە وەك یەك وابێت، تەنانەت ئەگەر پێکیشەوە جێبەجێیان کردبێت. بۆیە ئەمجۆرە شیکردنەوەیە لە پاڵ هەبوونی شیانی فۆڕمی لۆژیکی (١٢٤ و ٢٤ب و ٢٤پ)دا شیانی هەبونی فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕینی (١٢٥ و ٢٥ب و ٢٥پ)یش پێشنیاز دەکات:

(٢٥) ا/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە (بەڵام جیاواز لە یەکتر و تاکگەراییانە) پشتگوێخست.

ب/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە (بەڵام جیاواز لە یەکتر و تاکگەراییانە) بیرکەوتەوە.

پ/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە (بەڵام جیاواز لە یەکتر و تاکگەراییانە) خوێندەوە.

ئەمجۆرە شیکردنەوەیە، دەتوانرێت لە زۆرێك لە کردەی کردارەکانی زمانەکەمان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیاندا ببینرێتەوە. هەربۆیە دەکرێت ئەمجۆرە شیکردنەوەیە بکەینە بنەمایەك و لەسەر هەمان ئەو ئاڕاستەیەی

(هارنیش١٩٩١) کاری لەسەر کردووە[235]، بۆ ناونانی ئەمجۆرە بەخشکەیی دەربڕینانە بە (بەخشکەیی دەربڕینە – ناپێکەوەییەکان)، کە دەتوانرێت بەوە ڕاڤە بکرێت، کە مەبەست لەو بەخشکەیی دەربڕینانەیە، کە ئەگەرچی جێبەجێکردنی کردەکە لەلایەن زیاتر لە کەسێکەوەیە و کەسەکانیش پێکەوە ئەرکەکە جێبەجێ دەکەن، بەڵام ڕادە و ڕێژەی جێبەجێبوونی کردەکە لە سەریان جیاواز دەردەکەوێت. بۆ شیکردنەوەی زیاتر و پاساودانی بۆچوونەکە، با لە نموونەی (٢٦) و فۆرمە لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕینەکانیان لە (٢٧)دا، ڕابمێنین:

(٢٦) ا/ شیرین و نەسرین ئازارەکەیان چەشت.

ب/ شیرین و نەسرین بۆ کۆنە یاریان سوێیان بۆوە.

پ/ شیرین و نەسرین بۆ دایکیان پەرۆشن.

ئەگەر لە نموونەکان وردببینەوە، دەبینین، کە لە هەر ڕستەیەکیاندا، دەتوانین دوو جۆر واتای بەخشکەیی دەربڕاو هەڵبهێنجین، بەمشێوەیەی خوارەوە:

لە ڕستەی (١٢٦)دا، ڕاستە بەشداربوەکانی ڕستەکە پێکەوە ئازارەکەیان چەشتووە، بەڵام ڕادە و ڕێژەی چەشتنەکەیان بێگومان جیاواز لە یەکتر بووە. بەمەش تاکگەراییانە کردەی کردارەکەیان جێبەجێکردوە. ئەگەرچی پێکەوەیش ئازارەکەیان چەشتبێت.

لە ڕستەی (٢٦ب)دا، ڕاستە بەشداربووەکانی ڕستەکە پێکەوە کۆنە یاریان بیرکەوتۆتەوە و سوێیان بە دڵدا چووە، بەڵام ڕادە و ڕێژەی سوێی دڵ و دەروونیان بێگومان جیاواز لە یەکتر بووە و ناتوانرێت ئەو واتا

[235] –Robert M. Harnish (1991:318).



بەخشکەییە دەربڕاوە هەڵبهێنجرێت، کە سوێ بونەوەکەیان بۆ کۆنە یاریان بە شێوەیەکی نموونەیی وەك یەك وابووە.

لە ڕستەی (٢٦پ)دا، ڕاستە بەشداربووەکانی ڕستەکە پێکەوە بۆ دایکیان پەرۆشن، بەڵام مەرج نییە ڕادە و ڕێژی پەرۆشیەکەیان یاخود جۆری پەرۆشیەکەیان یاخود چۆنیەتی دەربڕینی پەرۆشیەکەیان یاخود... هتد، وەك یەك وابێت، بگرە بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی جیاواز لە یەکتر و تاکگەراییانەیە.

لێرەوە، دەتوانین، پێشنیازی فۆرمی لۆژیکی (١٢٧"a,b") و (٢٧ب"a,b") و (٢٧پ"a,b") بۆ واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکانی نموونەی (١٢٦ و ٢٦ب و ٢٦پ) بکەین:

(٢٧) ا–) a/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە کرد.

b/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە (بەڵام بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز لە یەکتر) کردیان.

ب–) a/ (A) و (B) Φ (C)ی پێکەوە سوڕانەوە.

b/ (A) و (B) Φ (C)ی پێکەوە (بەڵام بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز لە یەکتر) سووڕانەوە.

پ–) a/ (A) و (B) Φ (C)ی پێکەوە پەرۆشن.

b/ (A) و (B) Φ (C)ی پێکەوە (بەڵام بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز لە یەکتر) پەرۆشن.

لەسەر بنەمای جیاوازی ئەم ڕادە و ڕێژەی جێبەجێبوونە لە مجۆرە بەخشکەیی دەربڕینانەدا، دەکرێت پێشنیازی ئەوە بکرێت، کە خودی

(بەخشکەیی دەربڕینی – پێکەوەیی)، زیاتر دوو جۆر دەگرێتەوە، کە بریتین لە:–

**یەکەم// بەخشکەییە دەربڕینە– پێکەوەییە بەهێزەکان:–**

وەك دژێـك، بـۆ ئـەو شـیکردنەوەیەی بـۆ (بەخـشکەیی دەربڕینـی– ناپێکەوەیی) کرا، لە زمانی کوردیدا هەندێك کرداریشمان هەیە، کە ئەگەر بیر لە کردەکەیان بکەینەوە، ئەوا بەشداربووەکانی جێبەجێکردنی ئەم کردەیەی کردارەکە ڕادە و ڕێژەی بەشداربونەکەیان لە بەجێهێنانی کردەی کردارەکەدا هەرچەندێك و هەرچۆنێك بووبێت و چەندێکیش لە یەکتر جیاواز بووبێت، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت، کە گوێگر ڕاستەوخۆ ئەو واتا بەخشکەییە هەڵبهێنجێت، کە بەشداربووەکانی دەربڕاوە بکەرییەکە پێکەوە کردەی کردارەکەیان جێبەجێکردووە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی (٢٨) و فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕاوەکانیان لە (٢٩)دا، وردببینەوە:

(٢٨) ا/ ئەحە و حەمە دارەکەیان بڕیەوە.
ب/ ئەحە و حەمە دیوارەکەیان بۆیەکرد.
پ/ ئەحە و حەمە حەوزەکەیان پاککردەوە.

(٢٩) ا/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە بڕیەوە.
ب/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە بۆیەکرد.
پ/ (A) و (B) Φ (C)یان پێکەوە پاککردەوە.

وردبوونەوە لە فۆڕمە لۆژیکییەکان دەریدەخات، کە [ (A) و (B) ] پێکەوە و بە بەشداری هەردوولایان کردەی (بڕینەوە) و (بۆیەکردن) و



(پاککردنەوە)کەیان جێبەجێکردووە، واتە کردەکە جێبەجێ نەدەبوو ئەگەر پێکەوە کردەکەیان نەکردایە.

**دووەم// بەخشکەییە دەربڕینە – پێکەوەییە لاوازەکان:–**

لە زمانەکەماندا ئەو جۆرە کردارانەی دەبنەی هۆی بەخشکەیی دەربڕینی ئەمجۆرە واتا بەخشکەییە دەربڕاوە شیانێکی لاواز دەخەنە بەردەم گوێگر، تا ئەو واتا بەخشکەییە دەربڕاوە هەڵبهێنجن، کە بەشداربووەکانی جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەیان پێکەوە و بە هاوبەشی هەردوولایان کردەکە جێبەجێکراوە. بۆ ئەم مەبەستە، با لە نموونەی (٣٠) و فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕینەکەیان لە (٣١)دا، ڕابمێنین:

(٣٠) ا/ هەڵگورد و هەڵمەت گەیشتنە شار.
ب/ هەڵگورد و هەڵمەت وەڵامی هاوڕێکەیان دایەوە.
پ/ هەڵگورد و هەڵمەت نابیناکەیان پەڕاندەوە.

(٣١) ا/ (A) و (B) Φ لە کاتی جیاوازدا گەیشتنە (C).
ب/ (A) و (B) Φ وەڵامی (C)یان لە کاتی جیاوازدا/بە نۆرە دایەوە.
پ/ (A) و (B) Φ (C)یان لە کات و شوێنی جیاوازدا پەڕاندەوە.

بە وردبوونەوە لە فۆڕمی لۆژیکی واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکان، دەردەکەوێت، کە ڕاستە [ (A) و (B) ] دوو بەشداربووی پێکەوەیی جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەن، بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت، کە گوێگر واتایەکی بەخشکەیی دەربڕاوی وردتر هەڵبهێنجێت لەسەر(کات و شوێن و... هتد،)ی بەشداربوونەکەی بەشداربووەکان، کە ئایا لە سەرجەم کات و شوێنەکاندا [ (A) و (B) ] پێکەوە کردەکەیان جێبەجێکردووە یان

نا؟ هەر ئەمەشە بۆتە بنەمای دامەزراندنی ئەمجۆرە بەخشکەییە دەربڕینە و شیانی بەخشکەیی دەربڕینێکی – پێکەوەیی لاواز، بۆ گوێگر دەخولقێنن، لە تێگەیشتنیان بۆ بەشداربوونی بەشداربووەکانی جێبەجێبوونی کردەی کردارەکە.

### ۲/۳–۱–۲) ئەو بەخشکەیی دەربڕینانەی دەشێت لە (بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایی)ەوە هەڵبگوێزرێت:

ئەم شیکردنەوەیەی بۆ (بەخشکەیی دەربڕینی– پێکەوەیی) کرا و لەسەربنەمای ئەم چەشنە دوو جۆر بەخشکەیی دەربڕینی دیکەی لێ جیاکرایەوە. بە هەمانشێوە، دەتوانرێت هەمان شیکردنەوە بۆ (بەخشکەییە دەربڕینە– تەنها)ییەکانیش نەخشە بکێشرێت. بەڵام بێگومان بە ئاڕاستەیەکی تەواو جیاواز. بۆیە ئەمیش لەسەر بنەمای تایبەتمەندی پێڕەوی کردارەکانی زمانی کوردی، دەتوانرێت زیاتر دوو جۆری لێجیابکرێتەوە، کە بریتین لە:–

**یەکەم// بەخشکەییە دەربڕینە – تەنهاییە بەهێزەکان:–**

مەبەست لێی ئەو جۆرە بەخشکەیی دەربڕینەیە، کە ئەو کردارەی ڕستەی لەسەر بونیادنراوە هیچ گومان و لێڵییەك ناهێڵێتەوە بۆ گوێگر، تا شیانی ئەو واتا بە خشکەییە دەربڕاوە بکات، کە جگە لە تاکە بەشداربووەکەی جێبەجێکردنی کردەی کردارەکە، هیچ کەسێکی دیکە هاوکاری و یارمەتی جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەی نەکردووە، واتە گوێگر تەنها شیانی هەڵهێنجانی یەك واتای بەخشکەیی دەربڕاوی لە



بەردەمدا دەبێت، کە ئەویش جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەیە لەلایەن خودی تەنها بەشداربووەکەوە و بێ یارمەتی هیچ کەسێك. بۆ شیکردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی (۳۲) و فۆڕمی لۆژیکی واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکەی لە (۳۳)دا وردببینەوە:

(۳۲) ا/ ئازاد وێنەی یارەکەی کێشا.
ب/ ئازاد چیرۆکەکەی نوسیبوو.
پ/ ئازاد تۆپەکەی بۆ نەوزاد هەڵدا.

(۳۳) ا/ (A) Φ وێنەی (C)ی کێشا بە تەنها و بێ یارمەتی هیچ کەسێك.
ب/ (A) Φ (C)ی نوسیبوو بە تەنها و بێ یارمەتی هیچ کەسێك.
پ/ (A) Φ (C)ی بۆ (B) هەڵدا بە تەنها و بێ یارمەتی هیچ کەسێك.

فۆڕمە لۆژیکییەکانی (۳۳) ئاشکرا دەریدەخات، کە جێبەجێبوونی کردەی کردارەکە تەنها لەلایەن (A)ەوە بووە. ڕەنگە ڕاستی بۆچوونەکە بەوە پاساودان بکرێت، کە ئەگەر لە شێوەی پرسیاری لۆژیکیدا پرسیار لە جێبەجێکەری کردەی کردارەکە بکرێت و بگوترێت (کێ وێنەی (x)ی کێشا؟) یاخود (کێ (x)ی نووسیبوو؟) یاخود (کێ (x) بۆ (y) هەڵدا؟). ئەوا ئەم پرسیارانە لە یەك وەڵام زیاتر هەڵناگرێت، پەیوەست بەبێ بارودۆخی ئاخاوتنی نموونەکانی (۳۲)ەوە، کە فۆڕمی لۆژیکی واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکانیان لە (۳۳)دا نوێنرا.

**دووەم// بەخشکەییە دەربڕینە – تەنهاییە لاوازەکان:–**

تەواو پێچەوانە بۆ ئەو شیکردنەوەیەی هەر ئێستا بۆ (بەخشکەیی دەربڕینی– تەنهایی بەهێز) کرا، هەندێك کردار لە زمانەکەماندا هەن، کە ناڕاستەوخۆ شیانی بەخشکەیی دەربڕینی ئەو واتایە دەخەنە بەردەم گوێگر، کە لە ڕاستیدا مەرج نییە جێبەجێبوونی کردەی کردارەکە تەنها

**لەلایەن ئەو تەنها بەشداربووەوە بووبێت. بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر، لە نموونەی (٣٤) و فۆڕمی لۆژیکی واتا بە خشکەییە دەربڕاوەکانیان لە (٣٥) ڕادەمێنین:**

**(٣٤)　ا/ بەرهەم وەڵامی نەوزادی دایەوە.**
**ب/ بەرهەم خانووەکەی فرۆشت.**
**پ/ بەرهەم دزەکەی گرت.**

**(٣٥) ا/ تەنها (A) Φ وەڵامی (C)ی دایەوە لەو کاتەی، کە (C) پرسیاری لە (B) کردبوو.**
**ب/ تەنها (A) Φ (C)ی فرۆشت، پاش ڕەزامەندی ئەندامانی خێزانەکەی.**
**پ/ تەنها (A) Φ گرت، دوای ئەوەی پۆلیس تینی بۆ هێنابوو و ڕاوینابوو.**

**بە وردبونەوە لە فۆڕمە لۆژیکییەکانی (٣٥) بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕاستە گوێگر باوەڕی بەوە هێناوە، کە جێبەجێکردنی کردەی کردارەکە لەلایەن خودی (A)ەوە بووە، بەڵام شیانی بەخشکەیی دەربڕینی ئەو واتایەشی لە ئاوەزدا هەڵگرتووە، کە کردەی کردارەکە لەلایەن خودی (A)ەوە جێبەجێ نەدەبوو، ئەگەر چەند بەشداربووەیەکی دیکەی بارودۆخی ئاخاوتنەکە نەبووایە، کە دەشێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاریکار و یارمەتیدەری (A) بووبێتن لە جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا. بۆیە گوێگر زیاتر واتایەکی (بەخشکەیی دەربڕینی – تەنهایی لاواز) هەڵدەهێنجێت.**

**ئەگەر ورد لە زۆربەی فۆڕمە لۆژیکییەکانی واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکان وردببینەوە، کە لە جۆرەکانی بەخشکەیی دەربڕیندا خرانەڕوو، ئەوا ڕاستییەك دەردەکەوێت، کە لە داڕشتنی فۆڕمی لۆژیکی واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکانی ڕستەکاندا فرێزی ناوی بەرکار (کە بە هێمای (C) ئاماژەی بۆ**



**کراوە لە فۆڕمە لۆژیکییەکاندا) ڕۆڵێکی سەرەکی ئەوتۆی نییە، کە کاریگەری لەسەر فۆڕمی لۆژیکی واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکان هەبێت. ڕاستی ئەم بانگەشەیە، دەتوانرێت لە نموونەی (٣٦) و فۆڕمی لۆژیکیی واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکەی لە (٣٧)دا بخرێتەڕوو:**

**(٣٦) ئالان و باران　ا/ ئەم/ ئەو گوێزەیان　تەکاند.**
**ب/ گوێزەکەیان　تەکاند.**
**پ/ گوێزەکانیان　تەکاند.**
**ت/ هەندێ لە گوێزەکانیان　تەکاند.**
**ج/ هەموو گوێزەکانیان　تەکاند.**

**(٣٧) (A) و (B) Φ　ا/ C　یان تەکاند.**
**ب/ C**
**پ/ C**
**ت/ C**
**ج/ C**

**ئێستا ئەگەر لە (C)یە بەدوایەکدا هاتووەکانی فۆڕمی لۆژیکی (٣٧) وردببینەوە، دەبینین هەمەچەشنی (C) نەبۆتە هۆی گۆڕینی جۆری واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکە، چونکە لە هەریەکەیاندا واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکە لە چەشنی (بەخشکەیی دەربڕینی – پێکەوەیی بەهێزە).**

ئەم شیکردنەوەیەی لێرەدا خرایەڕوو، مەرج نییە بۆ سەرجەم بونیادی ڕستەکانی زمانی کوردی ڕاست بێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی بەرکار لە هەندێك باردا لە دیاریکردنی واتای ڕاستەکە و واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکانیدا و داڕشتنی فۆڕمی لۆژیکی بۆیان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. بێگومان ئەم ڕۆڵبینینە زیاتر لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرکارەکە یارمەتی و هاریکار دەبێت لە دیاریکردنی نرخی لۆژیکی کردارەکە و مەرجەکانی ڕاستی و ڕاستەقینەی کردارەکە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بانگەشە پێچەوانەیە، لە نموونەکانی (٣٨) و (٣٩) وردەبینەوە و بە فۆڕمە لۆژیکییەکانیان لە (٤٠) و (٤١)دا بەراوردیان دەکەین:

(٣٨) ا/ کێ [ سەیارەکەی ] کڕی؟ (لەم ڕستەیەدا بەرکار دیارینەکراوە).

ب/ ئازاد و نەوزاد [ سەیارەکەیان ] کڕی.

(٣٩) ا/ کێ [ ئەم / ئەو سەیارەیەی ] کڕی؟ (لەم ڕستەیەدا بەرکار دیاریکراوە).

ب/ ئازاد ونەوزاد [ ئەم/ ئەو سەیارەیان ] کڕی .

ئەگەر لەم نموونانە وردببینەوە، دەبینین، کە بەرکارەکە لە نموونەی (١٣٨)دا جیاوازە لە بەرکاری نموونەی (١٣٩)دا. ئەم جیاوازییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرکارەکە لە ڕستەی (١٣٨)دا دیارینەکراوە، بەڵام لە ڕستەی (١٣٩)دا نەك هەر دیاریکراوە، بگرە دیاریکراوەکەیشی زیاتر لە ڕێگەی هەبوونی دوو ئامڕازی نیشانەی وەك (ئەم/ئەو)ەوەیە، کە وەك دوو نیشانەی پراگماتیکی ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە یەکلایکردنەوەی واتای بەرکارەکە و سەرجەم ڕستەکە دەبێت. لە کۆتایشدا گوێگر واتایەکی بەخشکەیی جیاواز هەڵدەهێنجێت زۆر زیاتر لەو واتایەی، کە قسەکەر بە



وشە دەربڕاوەکانی دەریبڕیوە و فۆڕمی لۆژیکی تەواو جیاوازییان دەبێت[٢٣٦]، هەروەك لە (٤٠) و (٤١)دا دیارە:

(٤٠) (A) و (B) دەشێت Φ (C)ی جیاوازیان کڕی بێت.

(٤١) (A) و (B) تەنها Φ ئەم/ئەو (C)یە دیاریکراوەیان کڕیووە.

وردبوونەوە لەم دوو فۆڕمە لۆژیکییەی بۆ واتا بەخشکەییەکانی ڕستەی (٣٨) و (٣٩) داڕێژراوە، زیاتر ئەو ئاماژەیە دەدەن، کە فۆڕمی لۆژیکی (٤٠) (بەخشەکەیی دەربڕینی- پێکەوەیی لاواز)ە، چونکە گوێگر شیانی هەڵهێنجانی ئەو واتا بەخشەکەییەی دەبێت، کە [ (A) و (B) ] لە کات و شوێنی جیاوازدا (C)ی جیاوازییان کڕی بێت، بەڵام فۆڕمی لۆژیکی (٤١) شیانی (بەخشکەیی دەربڕینی- پێکەوەیی بەهێز)ی لێدەکرێت، چونکە گوێگر شیانی هەڵهێنجانی ئەوەی دەبێت، کە [ (A) و (B) ] پێکەوە تاکە (C)یەکیان کڕیووە. دەشێت ئەم بابەتە و وردەکارییەکانی پێویستی بە شیکردنەوەی زۆر زیاتر بێت، چونکە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو پێڕەوی (ئێرگاتیڤی) زمانی کوردییەوە لە بواری لۆژیك و فۆڕمی لۆژیکیدا، کە کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە.

## ٣/٢-٢) ڕۆڵی ئاوەڵناوەکان:

مەحاڵیی هەبوونیی چەمکی (ڕستەی لکێنراو) و (بکەری لکێنراو) لە ڕوانگەی دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین)ەوە، کە بۆ (ڕۆڵی کردارەکان)

---

[236] بۆ زانیای زیاتر لەسەر ڕۆڵی ئەم نیشانە پراگماتیکیانە لە زمانەوانی و زمانی کوردیدا، بڕوانە: هۆگر محمود فرج (٢٠٠٠: ٦-٣١).

نەخشە کێشرا هاوشێوە و هەمان شتە بۆ پۆلی ئاوەڵناوەکانی زمانەکەشمان، بە تایبەتی کاتێك شیکردنەوەیان لە ڕوانگەی دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین)ەوە بۆ بکرێت. واتە ئەو ئاوەڵناوانەی لە ڕستەیەکدا بەکاردێن و وەك یەك کەرەستەی لکێنراوی یەکگرتوو دەردەکەون، کە هەڵگوێزرابێتن لە ئاوەڵناوە تاکەکانەوە، ناتوانرێت ڕاستیەکەی بسەلمێنرێت و هیچ سوودێکی بۆ گوێگر بە مەبەستی هەڵهێنجانی واتایەکی دیاریکراو نابێت، چ جای بۆ مەبەستی بەخشکەیی دەربڕینی واتایەکی زۆر زیاتر لەو واتایەی قسەکەر بە وشەکانی/ئاوەڵناوەکانی ڕستەکەی دەربڕیووە. بۆ دروستی بانگەشەکە، با لەنموونەی (٤٢) ڕابمێنین:

(٤٢) کراسەکە ڕەش و سپییە.

به هەمان شێوەیەی، ئەو بانگەشەیەی لە نموونەی (٨)ی ئەم بەشەدا بۆ کردارەکان خرایەڕوو، ناتوانین بڵێین، کە نموونەی (٤٢) لە نموونەی (٤٣ا و ٤٣ب)ەوە هەڵگوێزراوە:

(٤٣) ا/ کراسەکە ڕەشە.

ب/ کراسەکە سپییە.

لەبەر ئەوەی ڕستەی (٤٣ا) هەڵەیە (چونکە ڕەنگی کراسەکە هەمووی ڕەش نییە)، هەروەها ڕستەی (٤٣ب)یش هەڵەییە (چونکە ڕەنگی کراسەکە هەمووی سپی نییە). بەڵام ئەگەر باوەڕمان وابێت، کە ڕستەی (٤٢) لە ڕستەی (٤٣)ەوە هەڵگوێزراوە، ئەوا سەلمێنرا، کە هەردوو ڕستەی (٤٣ا و ٤٣ب) هەڵەن، کەواتە بە لەبریدانان دەبێت ڕستەی (٤٢)یش هەڵە بێت. هەڵەیی هەردوو ڕستەی (٤٣ا و ٤٣ب) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دوو ڕستە، کە هەمان واتایان هەیە، ناتوانن نرخی ڕاستی جیاوازیان هەبێت، لە کاتێکدا هەردوو ڕستە دەربڕی واتای یەك بابەت/سەرچاوە بن، بەڵام لە



ڕووی ڕاستی و ناڕاستییەوە ڕستەی (٤٢) ڕاستە، بەڵام ڕستەکانی (٤٣) هەڵەن، چونکە ناتوانن هەمان واتا بگەیەنن. ئەمە جگە لەوەی هەروەك لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خراوەتەڕوو، جێبەجێبوونی یاساکانی گواستنەوە بە سەر ڕستەیەکدا نابێتە هۆی گۆڕینی واتا[237]. بەمشێوەیە، دەتوانین بڵێین، کە ڕستەی (٤٢) ناتوانرێت لە ڕستەی (٤٣)ەوە هەڵبگوازرێت. سەرجەم ئەم ڕاستیانەش بنەماکەیان لە شیکردنەوەکانی فۆڕمی لۆژیکییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەو فۆڕمە لۆژیکییەی ڕستەی (٤٢) هەیەتی تەواو جیاوازە لەو فۆڕمی لۆژیکییەی ڕستەی (٤٣) هەیەتی، لە کاتێکدا لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا و بە تایبەتی لە تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە"GB")دا سەلمێنراوە، کە جیاوازییەکانی نێوان ئاستی قووڵ و ئاستی ڕووکەش، کە جێبەجێبوونی یاساکانی گواستنەوە بەرهەمی دەهێنێت، دەبێت لەسەر ئاستی فۆڕمی لۆژیکی ڕستەکە ئەم جیاوازییانە یەکبگرنەوە و بوونیان نەمێنێت. بۆ نموونە: جیاوازییەکانی نێوان هەرسێ ڕستەی (٤٤ا و ٤٤ب و ٤٤پ) لە فۆڕمی لۆژیکی (٤٥)دا بوونیان نامێنێت:

(٤٤)

ا/ من نان دەست خواردن ئاستی قوڵ.

ب/ من نانەکە بە دەست دەخۆم. ئاستی ڕووکەش١.

پ/ نانەکە، بەدەست، خواردم. ئاستی ڕووکەش٢.

(٤٥) [ i x ]،[ j x ]، [ڕ (pro) [ ti [ t j [ خواردم ]]]]. ف. ل

[237]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: وەچەپاری (دووەم)ی بەشی (یەکەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٤٦–١٣٨).

ئەگەر لە جیاوازییەکانی نێوان هەرسێ ڕستەی (٤٤ا و ٤٤ب و ٤٤پ) وردببینەوە، دەبینین کەرەستە دەرنەبڕین و گواستنەوەی جۆراوجۆریان تیا جێبەجێکراوە، بەڵام سەرجەمی ئەم جیاوازییانەی لە نێوانیاندا هەیە لە فۆڕمی لۆژیکی (٤٥)دا بوونی نامێنێت و لە ڕێگەی شیکردنەوەی هێما و هاونیشانەکانەوە جیاوازییەکانی یەکدەگرێتەوە[٢٣٨].

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە فۆڕمی لۆژیکی ڕستەکانی (٤٢) و (٤٣) وردببینەوە، دەبینین ئەم ڕاستیەمان چنگ ناکەوێت، هەروەك لە فۆڕمی لۆژیکی (٤٦) و (٤٧)دا نوێنراوە:

٤٦) (C) [ (A) و (B) ] یە.

٤٧) ا/ (C) ی (A)یە.

ب/ (C)ی (B)یە.

دروستی بانگەشەکەمان (بەوەی ڕستەی (٤٣ا و ٤٣ب) هەڵەن) دەشێت لە ئاخاوتنێکی پرسیار ئامێزدا زیاتر ڕوونببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ئاخاوتنی (٤٨) وردەبینەوە:

٤٨) ا/ – ڕەنگی کراسەکە چییە؟

ب/ + کراسەکە ڕەش و سپییە.

بەڵام ئەگەر هەمان پرسیاری (٤٨ا) دوبارە کرایەوە و وەڵامەکە بریتی بوو لە (٤٩):

(٤٩) + کراسەکە ڕەشە.

238– بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە شیکردنەوەکانی بەشی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ڕۆڵی فۆڕمی لۆژیکی لە یەکلایکردنەوەی واتا جیاوازەکانی ڕستە فۆڕم جیاوازەکاندا.



ئەوا یەکسەر ئەو واتایە هەڵدەهێنجێن، کە ڕستەی (٤٩) ڕستەی (٥٠)یش دەگرێتەوە:

(٥٠) + کراسەکە هەمووی ڕەشە.

ئێستا بە بەراوردکردنی هەردوو ڕستەی (٤٨) و (٥٠) دەردەکەوێت، کە لە یەکتری جیاوازن، جیاوازەکەشیان لەوە دێت، کە خودی ڕستەی (٤٩)، کە ڕستەی (٥٠) گرتۆتەوە و هەڵەیە. بۆیە ڕستەی (٥٠)یش جیاواز دەبێت لە ڕستەی (٤٨) و هەمان نرخی ڕاستی ڕستەی (٤٨)ی نابێت. بەمەش دەبنە دوو ڕستەی تەواو جیاواز لە یەکتر، هەموو جیاوازیەکەشیان لەوە دێت، کە ڕستەی (٥٠) بەخشکەیی لە ڕوانگەی ڕستەی (٤٩)ەوە دەربڕاوە. سەرجەم پرۆسەی بەخشکەیی دەربڕینەکانیش لەمجۆرە ڕستانەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی (دەربڕاوە ئاوەڵناوییەکان) تیایاندا. لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بە هەموو ئەو بەخشکەیی دەربڕینانەی لە نێوان ڕستەکانی (٤٩) و (٥٠)دا هەیە و بە هۆی ئاوەڵناوەکانەوە دروست دەبن، پێیانبوترێت (بەخشکەیی دەربڕینی – هەموویی "All - Implicature")[٢٣٩]. هەر لە زمانەکەماندا دەربڕاوی ئاوەڵناوی ئەوتۆشمان هەیە، کە لە خۆیاندا دەربڕی خاسیەتی (کەمەکی) کەس و شتەکانن، نەك خاسیەتی (هەمەکی) کەس و شتەکان. هەربۆیە دەکرێت لە بوونی ئەمجۆرە ئاوەڵناوانە لە ڕستەدا گوێگر نەتوانێت (بەخشکەیی دەربڕینی– هەموویی) هەڵبهێنجێت. بۆیە دەکرێت ئەمجۆرەیان بە (بەخشکەیی دەربڕینی– ناهەموویی "No All – Implicature") ناوزەد بکرێن[٢٤٠].

239– Robert M. Harnish (1991:320).

240– هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەمجۆرەی (بەخشکەیی دەربڕینی– هەموویی) لە نموونەکانی (٥١) و فۆڕمە لۆژیکییەکەیان لە (٥٢)دا، دەڕوانین:

(٥١) ا/ پانتۆڵەکە چڵکنە.

ب/ پەنجەرەکە ژەنگی گرتووە.

پ/ پاڵتۆکە پینەکراوە.

(٥٢) ا/ $(A)\ \Phi(X)$یە.

ب/ $(A)\ \Phi(X)$ی گرتووە.

پ/ $(A)\ \Phi(X)$ی کراوە.

ئەگەر لە هەرسێ فۆڕمی لۆژیکی (١٥٢ ٥٢ب و ٥٢پ) وردببینەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ گوێگر لە ڕستە و فۆڕمی لۆژیکی (١٥١) و (١٥٢) ئەوە واتایە بەخشکەیی هەڵدەهێنجێت، کە نەك هەموو پانتۆڵەکە چڵکن نییە، بەڵکو ڕەنگە تەنها لە بەشێکیدا چڵکن بێت. هەروەها لە ڕستە و فۆڕمی لۆژیکی (٥١ب) و (٥٢ب) ئەو واتایە بەخشکەییە هەڵدەهێنجرێت، کە تەنها بەشێکی پەنجەرەکە ژەنگی گرتووە، هەروەها لە ڕستە و فۆڕمی لۆژیکی (٥١پ) و (٥٢پ) ئەو واتایە بە خشکەییە هەڵدەهێنجرێت، کە پاڵتۆکە هەمووی پینەکراو نییە، بەشێکی یاخود لایەکی بەشێکی پینەکراوە.

به هەمان شێوە، دەربڕاوی ئاوەڵناوی ئەوتۆ لە زمانەکەماندا هەیە، کە لە خۆیاندا دەربڕی خاسیەتێك لە خاسیەتەکانی کەسێك یان شتێکە، نەك هەموو خاسیەتەکانی ئەو کەسە یان شتە. بۆ ڕاستی بۆچوونەکە لە نموونەی (٥٣) و فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەییە دەربڕینەکانیان لە (٥٤)دا وردەبینەوە:



(٥٣) ا/ دار بییەکە چەماوەتەوە.

ب/ کۆڵانەکە چاڵ بووە.

(٥٤) ا/ $(A)\ \Phi\ (X)$یە.

ب/ $(A)\ \Phi\ (X)$ی بووە.

ئەگەر لەم ڕستانە و فۆڕمی لۆژیکی بەخشکەییە دەربڕینەکانیان وردببینەوە، ڕاستەوخۆ لە گوێگرتنمان لەمجۆرە ڕستانەی ئەمجۆرە ئاوەڵناوانەیان تیایە دەگەینە ئەو ئاستەی ئەو واتا بەخشکەییە هەڵبهێنجین، کە لە (١٥٣) و (١٥٤)دا تەنها بەشێکی (داربییەکە) چەماوەتەوە، نەك هەموو (داربییەکە). هەروەهالە (٥٣ب) و (٥٤ب)یشدا ئەو واتا بەخشکەییە هەڵدەهێنجین، کە تەنها بەشێکی کۆڵانەکە چاڵ بووە، نەك هەموو کۆڵانەکە.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین) و ئاستی (فۆڕمی لۆژیکی)ەوە، کە لە ڕوانگەی هەردوو کاتەگۆری (کردار و ئاوەڵناو)ەکانەوە خرایەڕوو، تاڕادەیەك، دەتوانین لەو پرسیارە تێبگەین، کە چۆن قسەکەر واتایەکی زیاتر دەردەبڕێت لەو واتایەی بە وشەکانی ڕستەکەی دەربڕیووە؟ لە بەرانبەریشدا گوێگر چۆن دەتوانێت واتایەکی زیاتر لەو واتایە بە دەربڕاوەکان دەربڕاوە هەڵبهێنجێت؟ بەڵام هێشتا ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەکە ناتوانێت ئەوە جڵەوگیر بکات، تەنانەت گریمانەی ئەوەش بکات، کە بۆچی فۆڕمە لۆژیکییەکانی ئەم بەخشکەییە دەربڕینانە جیاوازن؟ کە ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە بدرێتەوە، کە خودی بەخشکەییە دەربڕینەکان و تێگەیشتن لێیان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بەشدارییە زانیارییە دەقییەکان و باکگراوەندی زانیاریی بەشداربووەکانی ئاخاوتنەکە. ئەم پرۆسەیەش لە شیکردنەوەکانی پێشووی ئەم بەشەدا نەخشەی بۆکێشراوە، کە زۆرجار لە

نەخشە کێشانەکەدا ئاڵۆزی ورد دەهاتەکایەوە، چونکە بۆ نموونە لە پێڕەوی ڕستەی زمانی کوردیدا تەنها کردارەکان سەرچاوەی بەخشکەیی دەربڕین نەبوون، بەڵکو سەرجەم پێکهاتە پەیوەستەکانیش بە کردارەوە لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵیان هەبوو. لە گشت ئەم شیکردنەوانەوە خاڵێك زۆر بە زەقی دەردەکەوێت، کە ئەویش بریتییە لەوەی، کە (ڕستە لکێنراوەکان) یاخود (بکەرە لکێنراوەکان) یاخود (ئاوەڵناوە لکێنراوەکان) لە یەکگرتنی دوو ڕستە یان دوو بکەر یان دوو ئاوەڵناوەوە هەڵنەگوێزراوە، واتە ڕستە بە ناو لکێنراوەکە دوو ڕستە بە ناو پێکهێنەرەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمە زیاتر پرۆسەی بەخشکەیی دەربڕینە، کە ئەم ئاماژەیە دەدات. بۆیە پەیوەندی نێوان ئەمجۆرە ڕستە و دەربڕاوانە (هەروەك لە هەردوو نموونەی (٨ و ٩) و هەردوو نموونەی (٤٢ و ٤٣)دا خرایەڕوو) زیاتر پەیوەندی بەخشکەیی دەربڕینە نەك گرتنەوە. پێداچوونەوە بە نموونەکان و شیکردنەوەیەکی نەرێیانە بۆیان ئەم ڕاستییە زیاتر دەسەلمێنێت. هەربۆیە جارێکی دیکە بە نموونەی (٨ و ٩)دا دەچینەوە (وەك نموونەی پۆلی کردارەکان)، هەروەها جارێکی دیکەیش بە نموونەی (٤٢ و ٤٣)دا دەچینەوە (وەك نموونەی پۆلی ئاوەڵناوەکان):

**یەکەم// بۆ پۆلی کردارەکان:**

ئێمە واماندانا، کە ڕستەی (٨) بە هیچ جۆرێك لە ڕستەی (٩ا و ٩ب)ەوە هەڵنەگوێزراوە، لەبەر ئەوەی ڕستەی (٨) ڕاستە و ڕستەی (٩ا و ٩ب) هەڵەن، کە لێرەدا جارێکی دیکە بە نموونەی ژمارە (٥٥) و (٥٦ا و ٥٦ب) دایان دەنێینەوە:

٥٥) مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحویان تەحقیق کردووە.



٥٦) ا/ مەلا عبدالکریمی مدرس دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە.
ب/ محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحوی تەحقیق کردووە.

مادام ئەرێنی ڕستەکانی (٥٦ا و ٥٦ب) هەڵەن لە بەرانبەر ڕستەی (٥٥)، ئەوا دەبێت نەرێنی ڕستەکانی (٥٦ا و ٥٦ب) بەرانبەر ڕستەی (٥٥) ڕاست بن، کە لێرەدا نەرێنییەکەیان لە نموونەی (٥٧ا و ٥٧ب)دا دادەڕێژین:

٥٧) ا/ مەلا عبدالکریمی مدرس دیوانەکەی مەحوی تەحقیق نەکردووە.
ب/ محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحوی تەحقیق نەکردووە.

لە هەردوو ڕستە نەرێنیەکەوە، دەتوانین پێشنیازی ڕستەی (٥٨) بکەین، وەك ڕستەیەکی واتا ڕاست هەمبەر بە ڕاستی ڕستەی (٥٥):

٥٨) نە مەلا عبدالکریمی مدرس و نە محمدی مەلا عبدالکریم دیوانەکەی مەحویان تەحقیق نەکردووە.

کەواتە بە یەکسانبوونی هەردوو ڕستەی (٥٥) و (٥٨) لە ڕووی نرخی ڕاستی و ڕاستەقینە و نرخی لۆژیکییەوە جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەینەوە، کە ڕستەی (٥٥) لە ڕستەکانی (٥٦ا و ٥٦ب) هەڵنەگوێزراوە و پەیوەندییەکەش لە نێوانیاندا پەیوەندی بەخشکەیی دەربڕینە نەك پەیوەندی گرتنەوە.

**. بۆ پۆلی ئاوەڵناوەکان:** -

بە هەمان شێوە، پێشنیازی ئەوەمان کردبوو، کە ڕستەی (٤٢) هەرگیز ناتوانرێت بگوترێت لە ڕستەکانی (٤٣ا و ٤٣ب) ەوە هەڵگوێزراوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی، ئەو چەمکە ڕاستەی لە (٤٢)دا هەیە بە نیوەناچڵی لە ڕستەکانی (٤٣ا و ٤٣ب)دا هەن. بەمەش دوو ڕستەکە هەڵە دەردەچن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونەکانی (٤٢ و ٤٣) لێرەدا و جارێکی دیکە لە نموونەکانی (٥٩) و (٦٠ا و ٦٠ب)دا، دادەڕێژینەوە:

٥٩) کراسەکە ڕەش و سپییە.

٦٠) ا/ کراسەکە ڕەشە.

ب/ کراسەکە سپییە.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە هەروەك چۆن دوو ڕستەی (٦٠ا و ٦٠ب) دوو ڕستەی هەڵەن بەرانبەر بە چەمکی ڕستەی (٥٩)، ئاوەهاش دەبێت نەرێنی دوو ڕستەی (٦٠ا و ٦٠ب) دوو ڕستەی ڕاست و دروست بن هەمبەر بە ڕستەی (٥٩)، کە لێرەدا لە نموونەی (٦١ا و ٦١ب)دا دەیخەینەڕوو:

٦١) ا/ کراسەکە ڕەش نییە.

ب/ کراسەکە سپی نییە.

بەمجۆرە لە ڕستە نەرێکانەوە دەتوانین پێشنیازی ڕستەی (٦٢) بەرانبەر بە ڕستەی (٥٩) بکەین، وەك دوو ڕستەی هەمان چەمکی دروست:

٦٢) کراسەکە نە ڕەشە و نەسپییە.

یەکسانبوونی هەردوو ڕستەی (٥٩) و (٦٢) لە چەمك و نرخە لۆژیکییەکەیاندا، جارێکی دیکە بۆ ئاوەڵناوەکانیش جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە پەیوەندی نێوان دوو ڕستەی وەك (٥٩) و (٦٠) پەیوەندی بەخشکەیی دەربڕینە نەك گرتنەوە[241].

241– لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین لەم ئاراستەیەی شیکردنەوەکە لەگەڵ ئەو چەمکە باوەی لە زمانەوانیدا بوونی هەیە بەوەی، کە هەبوونی ئاوەڵناوێك بە نەرێنی لە ڕستەیەکدا بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە واتا دژەکەی مەبەستە. بۆ نموونە لە ڕستەی (٣)دا نەرێنی ئاوەڵناوەکە واتا دژەکەی بەخشکەیی دەرنابڕێت وەك لە ڕستەی (٤)دا دیارە:

=(٣) ئەو کچە جوان نییە. بەخشکەیی ناتوانرێت واتای ڕستەی (٤)ی لێهەڵبهێنجرێت:

(٤) ئەو کچە ناشرینە.



وێڕای ئەمجۆرە پاڵپشتی کردنە لە ڕوانگەی نەرێنییەوە لە ئاڕاستەکانی شیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان، بە مەبەستی زیاتر سەلماندنی ئەوەی پەیوەندییەکە لە نێوان ڕستەکاندا بەخشکەیی دەربڕینە نەك گرتنەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین، کە مەرج نییە ئەو واتا بەخشکەییە دەربڕینەی لە ئەرێنی ڕستەیەك هەڵدەهێنجرێت هەمان بەخشکەیی دەربڕینیش لە نەرێنی ئەو ڕستەیە هەڵبهێنجرێت. بۆ نموونە لە پۆلی کردارەکاندا، ئەگەر لە ڕستەی (٦٣) بتوانین ڕستەی (٦٤) بە خشکەیی هەڵبهێنجین، ئەوا مەرج نییە هەر لە ڕستەی (٦٣) بەخشکەیی واتای (٦٥)یش هەڵبهێنجین:

٦٣) ئازاد تۆپەکەی کڕی. بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت،کە:

٦٤) ئازاد تۆپەکەی بە تەنها کڕی.

بەڵام هەر لە ڕستەی (٦٣) واتای ڕستەی (٦٥) هەڵناهێنجین:

٦٥)* ئازاد تۆپەکەی بە تەنها نەکڕی.

دەشێت ئەمە زیاتر پەیوەندی بە بوونی پلەبەندی لە نێوان ئاوەڵناوەکاندا هەبێت، وەك لە ئاوەڵناوەکانی (گەرم، شلەتێن، فێنك، سارد)دا دەبینرێت. هەربۆیە ناکرێت بگوترێت ڕستەی (٥) ئاوەکە گەرم نییە. واتای ڕستەی (٦) بە خشکەیی دەردەبڕێت،

(٦) ئاوەکە ساردە. نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت، کە حاڵەتی میتافۆری ئاوەڵناوەکانیش لەم بابەتەدا دیاردەکە هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکات، چونکە بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (٧)دا ناتوانرێت حەقیقەتی ڕۆشنایی ڕۆژ بشارێتەوە: (٧) چ ڕۆژێکی ڕەشە !

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گرنگی میتافۆر لە شیکردنەوەی ئەم دیاردەیەدا، بڕوانە: بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠: ٩١–٩٥).

هەروەها بۆ پۆلی ئاوەڵناوەکانیش هەمان شیکردنەوە ڕاستە، بۆ نموونە ئەو واتا بەخشکەییە دەربڕاوەی لە ڕستەی (٦٦) هەڵدەهێنجرێت، کە لە ڕستەی (٦٧)دا خراوەتەڕوو، ناتوانرێت واتایەکی بەخشکەیی نەرێنیش لە هەمان ڕستە هەڵبهێنجرێت، هەروەك لە ڕستەی (٦٨)دا دیارە:

٦٦) کچە باڵا بەرزەکە جوانە. بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە:

٦٧) تەنها کچە باڵا بەرزەکە جوانە.

بەڵام ناتوانرێت ڕستەی (٦٨)یش بە خشکەیی دەربڕێت:

٦٨)* تەنها کچە باڵا بەرزەکە جوان نییە/ ناشرینە.

بابەتی فرێزی ناوی لکێنراو، کە زیاتر لە بەشداربووەیەکی تیایە یاخود ئەو فرێزە ناوییە کۆیانەی لە شێوەی دەرخەر و دەرخراوێکدان، بنەمایەکی گرنگ و سەرچاوەیین، بە مەبەستی بەخشکەیی دەربڕینی واتایەکی زیاتر. بۆ نموونە لە هەردوو ڕستەی (٦٩) و (٧٠)دا تەنها لەسەر بنەمای فرێزە ناوییە لکاوەکان گوێگر شیانی هەڵهێنجانی دوو واتای بەخشکەیی دەربڕاوی دێتە بەردەم، کە دەکرێت لە (٧١) و (٧٢)دا بنوێنرێت:

٦٩) بەهێز و بەپێز چوون بۆ بازاڕ.

٧٠) ئەو ژنانە بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

٧١) ا/ [ هەریەکە ] لە بەهێز و بەڕێز چوون بۆ بازاڕ.

ب/ بەهێز و بەڕێز [ پێکەوە] چوون بۆ بازاڕ.

٧٢) ا/ [ هەریەکە ] لەو ژنانە بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

ب/ ئەو ژنانە [ پێکەوە ] بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

ئەگەر لە هەردوو ڕستەی (٦٩) و (٧٠) وردببینەوە و بەراوردیان بە ڕستە بەخشکەیی دەربڕاوەکانیانن بکەین، کە لە (١٧١ و ٧١ب) و (١٧٢ و ٧٢ب)دا خراونەتەڕوو، ڕاستەوخۆ ئەوە تێدەگەین، کە ڕاستە بوونی فرێزە لکێنراوەکان



لە دوو ڕستەی (٦٩) و (٧٠)دا بونەتە بنەمای بەخشکەیی دەربڕینەکە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەو واتایەی گوێگر بەخشکەیی لێیان هەڵدەهێنجێت بە تەواوی لێڵە و یەکلایکەرەوە و سنوردار نین، هەروەك لە نموونەکانی (٧١) و (٧٢)دا بینرا.

هەربۆیە، بە مەبەستی تێگەیشتن و یەکلایکردنەوەی ئەم کێشەیە لە ڕستەکانی زمانەکەماندا لە ڕوانگەی (لۆژیکی پەتیی"Pure Logic")ەوە بۆچوونەکەی (McCawley1968) وەردەگرین و پەیڕەو دەکەین بەوەی، کە ئەم پێیوابووە، کە: ((فرێزە ناوییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا بە سەر دوو چەشندا پۆلێنکراون، کە دەکرێت بە (فرێزی ناوی لکاو"Joint NP") و (فرێزی ناوی نەلکاو"Unjoint NP") ناویان ببەین. بەمشێوەیە ئەم دوو خاسیەتە لە فەرهەنگدا بە فرێزە ناوییەکانەوە دەلکێت و دەبێتە هۆی دیاریکردنی نیشانەی [ + لکاو ] و نیشانەی [ − لکاو ]. لەم ڕوانگەیەوە ئەو فرێزە ناوییانەی [ − لکاو ] یان هەیە ڕێگە بە (بەخشکەیی دەربڕینی − هەموویی) دەدەن))[٢٤٢].

کەواتە لە تێڕوانینی (Mac Cawley1968)ەوە دەگەینە ئەوەی, کە ئەو ڕستانەی فرێزە ناوییەکانیان تیایە وەك بنەمایەکی بەخشکەیی دەربڕینی لێڵ وەربگیرێت, کە لێڵییەکە دەکرێت لە پەیوەستکردنی بە ڕادەکانەوە بڕەوێتەوە, بەڵام هێشتا ئەم ڕەواندنەوەی لێڵییە ڕێگە لەوە ناگرێت, کە بەخشکەیی دەربڕینە لێڵەکە, کە دوو شیانی هەڵێنجانی واتای زیاتر دەخاتە بەردەم گوێگر (هەروەك لە هەردوو ڕستەی (٦٩, ٧٠) و ڕستە بەخشکەییەکانی لە (١٧١ و ٧١ب) و لە (١٧٢ و ٧٢ب) دا بینیمان) دوو فۆرمی لۆژیکی تەواو جیاوازیان هەبێت، بە تایبەتی لە کاتی پەیوەستکردنی دو واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکە بە

[242]– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Robert M. Harnish (1991:321-322)

دەربڕاوە ڕادەییەکانەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەکی لۆژیکیانە بۆ واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکانی هەردوو ڕستەی (٦٩ , ٧٠) بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین، لە ڕستەکانی (٧١ب و ٧٢ب)دا یەك ڕووداوی (چوون بۆ بازاڕ) و (بەرەو ماڵ) هەبووە، کە هەریەکە لە (بەهێز و بەڕێز) و (ئەو ژنانە) تیایدا بەشداربوون. ئەمەش وەك خوێندنەوەیەکی (لکاو) وەردەگیرێت، کە دەشێت لە فۆڕمی لۆژیکی (٧٣)دا بنوێنرێت، بەڵام لە ڕستەکانی (١٧١ و ١٧٢) بۆ هەریەکە لە بەشداربووەکانی ڕستەکە (واتە هەریەکە لە بەهێز و بەڕێز و (هەریەکە لە "ئەو ژنانە") ڕووداوێکی (چوون بۆ بازاڕ) و (بەرەو ماڵ گەڕانەوە) هەبووە، کە هەریەکە لە (بەهێز و بەڕێز) و (ئەو ژنانە) بەشدارییان تیاکردووە. ئەمەش دەکرێت وەك خوێندنەوەیەکی (نەلکاو) وەربگیرێت، کە دەشێت لە فۆڕمی لۆژیکی (٧٤)دا بخرێتەڕوو:

٧٣) ا/ ∀ ∃ x y "چوون بۆ بازاڕ" (x، y). خوێندنەوەی لکاو (پێکەوەیی)

ب/ ∀ ∃ x y "بەرەو ماڵ گەڕانەوە"(x، y).

٧٤) ا/ ∃ y ∀ x "چوون بۆ بازاڕ" (x، xy) خوێندنەوەی نەلکاو (ناپێکەوەیی)

ب/ ∃ ∀ y x "بەرەو ماڵ " (x، y x)

ئێستا ئەگەر بمانەوێت ئەم فۆڕمە لۆژیکییانە بخوێنینەوە، ئەوا دەتوانین بەمشێوەیە بیانخوێنینەوە:

– بۆ نموونەی (١٧٣ و ٧٣ب) لە (١٧٥ و ٧٥ب)دا دەخرێتەڕوو:

٧٥) ا/ ڕووداوێك هەیە بۆ چوون بۆ بازاڕ، کە بەهێز و بەڕێز پێکەوە بەشدارییان تیاکردووە.

ب/ ڕووداوێك هەیە بۆ ماڵ گەڕانەوە، کە ئەو ژنانە پێکەوە بەشدارییان تیاکردووە.



– بۆ نموونەی (١٧٤ و ٧٤ب) لە (١٧٦ و ٧٦ب)دا دەخرێتەڕوو:

٧٦) ا/ بۆ هەریەکێك لە (بەهێز و بەڕێز) ڕووداوێك هەیە بۆ چوونیان بۆ بازاڕ، کە ئەو بەشداری تیاکردووە.

ب/ بۆ هەریەکێك لە (ئەو ژنانە) ڕووداوێك هەیە بۆ ماڵ گەڕانەوە، کە ئەو بەشداری تیاکردووە.

لە هێنانەوەی ئەمجۆرە بەڵگانەوە دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین، سەلماندنی جیاوازی نێوان ڕستە بەخشکەیی دەربڕاوەکان (واتە [١٧١ و ٧١ب] و [ ١٧٢ و ٧٢ب]) ئەوە دەسەلمێنێت، کە ڕستەی (٧١ب) ناتوانێت ڕستەی (١٧١) بگرێتەوە، هەروەها ڕستەی (٧٢ب) ناتوانێت ڕستەی (١٧٢) بگرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە و بە لە بریدانان دەتوانین بڵێین، کە ناتوانرێت بگوترێت ڕستەکانی (٦٩ و ٧٠) لە ڕستەکانی (١٧١ و ٧١ب) و (١٧٢ و ٧٢ب) هەڵگوێزراوە، چونکە پەیوەندییەکە لە نێوان دوو ڕستەی (٦٩ و ٧٠) و ڕستە بە خشکەییە دەربڕاوەکانیاندا زیاتر پەیوەندی (بەخشکەیی دەربڕین)ە نەك گرتنەوە، کە ئەمەش جارێکی دیکە ڕاستی تیۆرییە بنەماییەکەی سەرەتای ئەم بەشە دەچەسپێنێت[٢٤٣].

[243]– (هارنیش ١٩٩١) چەند بیر و بۆچوون و بەڵگەیەکی وردتر بۆ ئەم بۆچوونەی (McCwley1968) دەخاتەڕوو. لەمبارەیەوە (هارنیش١٩٩١) باوەڕیوابووە، کە ڕستە بە خشکەییە دەربڕاوەکانی (١٧١ و ٧١ب) و (١٧٢ و ٧٢ب) تەنها خوێندنەوەیەکی سادانەی ئەو =بارودۆخەیە، کە دەشێت ڕستەکانی (٦٩ و ٧٠) تیا بگوترێت. هەربۆیە زیادکردنی واتای (پێکەوەیی) و (ناپێکەوەیی) هیچ شێوە داڕشتنێکی تەواو و پڕاوپڕی زیاتر بۆ ئەمجۆرە ڕستانە پێکناهێنێت، بەڵام دەشێت درکپێکردنێکی دیاریکراوترمان بۆ بەرهەمبهێنێت دەربارەی ئەو بارودۆخەی ئاخاوتنەکەی تیاکراوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

## ٣/٣) سەرهەڵدانی هەندێك گرفت لە پەیوەستكردنی دیاردەی (بەخشكەیی– دەربڕین) بە ئاستی (ف. ل)ەوە:

هەروەك لە پاری (١/٣)ی ئەم بەشەدا خرایەڕوو[٢٤٤]، كە دەشێت پەیوەندی (بەخشكەیی دەربڕین) شیبكرێتەوە یاخود شینەكرێتەوە لە نێوان چەشنە جیاوازەكانی ڕستەكاندا، كە ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر حاڵەتی فۆڕمی لۆژیكی ڕستەكان دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەو بانگەشەیەی (Gerald Gazdar1979) و (Karttunen and peter1979)[٢٤٥] كردوویانە،[ بەوەی ئەو ڕستانەی هەمان مەرجی ڕاستی و ڕاستەقینەیان هەیە (واتە دەربڕی هەمان چەمكن)، دەتوانن فۆڕمی لۆژیكی تەواو جیاوازیان هەبێت]، چەند گرفتێك دەهێننە بەرهەم لە كاتی لێكدانەوەی واتا بە خشكەییە دەربڕاوەكان لە ڕوانگەی ئاستی فۆڕمی لۆژیكییەوە. ئاسایی ئەم گرفتانەش لە پەیوەستبوونی واتا بەخشكەییە دەربڕاوەكان بە فۆڕمی لۆژیكییەوە سەرهەڵدەدەن[٢٤٦]، كە زیاتر بریتین لە:–

یەكەم/ لە كاتی شیكردنەوەی هەڵگواستنی واتا بەخشكەییە دەربڕاوەكان لە ڕستە لێڵەكانەوە كێشەیەك سەرهەڵدەدات. بۆ شیكردنەوەی كێشەكە لە نموونەی (٧٧) وردەبینەوە، كە دەتوانین دوو دركپێكردنی

Robert M. Harnish (1991:322-325)

244– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: پاری (یەكەم)ی ئەم بەشە، لاپەڕە (٢٥٩–٢٦٧).

245– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Atlas. J and Levinson. S (1986: 6-8)

246– لێرەدا شیكردنەوەكانی ئەم پارەی لێكۆڵینەوەكە پەیوەست دەكرێت بە ئاڕاستەی بۆچون و بیركردنەوە و تێگەیشتنی (J. Atlas and S. Levinson). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Atlas. J and Levinson. S (1986:1-61)



لێهەڵبهێنجرێت (واتای بەخشكەیی دەربڕاو). بەمەش دوو فۆڕمی لۆژیكی دەبێت، كە دەكرێت لە (٧٨ا و ٧٨ب)دا بنوێنرێن:

٧٧) هەموو خوێندكارەكان زیرەك نەبوون.

٧٨) ا/ ¬ ∀ x (خوێندكار(X)) ← بون (X، زیرەك).

ب/ ∀ x (خوێندكار (X)) ← ¬ بون (X، زیرەك).

ئەگەر بمانەوێت هەردوو فۆڕمی لۆژیكی (٧٨ا و ٧٨ب) لۆژیكییانە بخوێنینەوە، ئەوا خوێندنەوەی لۆژیكییانەی (٧٩ا و ٧٩ب)یان دەبێت:

٧٩) ا/ هەر خوێندكارێك لە خوێندكارەكان زیرەك نەبوو.

ب/ هەموو خوێندكارەكان زیرەك نەبوون.

ئەگەر بەراوردی فۆڕمی لۆژیكی (٧٨ا) و خوێندنەوەی لۆژیكییانەی (٧٩ا) بكەین، ئەوا دەتوانین، واتای بەخشكەیی دەربڕاوی (٨٠) هەڵبهێنجین:

٨٠) هەندێك لە خوێندكارەكان زیرەك بوون.

ئەگەر بێتوو بەراوردی فۆڕمی لۆژیكی (٧٨ب) و خوێندنەوەی لۆژیكییانەی (٧٩ب) بكەین، ئەوا ناتوانین هیچ واتایەكی بەخشكەیی دەربڕاو هەڵبهێنجین. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، كە پاش ئەوەی ڕستە لێڵەكان هەردوو واتاكانیان بۆ دیاریدەكرێت (كە واتایەكیان بریتییە لە واتای ئاستی قوڵی و واتاكەی دیكەیشیان بریتیە لە واتای ئاستی ڕووكەشی)، تا ڕادەیەك لە ڕستەكەی ئاستی قوڵەوە (وەك لە فۆڕمی لۆژیكی "٧٨ا"دا دیاربوو)، دەتوانین واتای بەخشكەیی دەربڕاو هەڵبهێنجین، بەڵام ئەگەر ویستمان بە تەنها لە ڕستەی ئاستی ڕووكەشەوە (وەك لە فۆڕمی لۆژیكی"٧٨ب"دا دیاربوو) واتای بەخشكەیی دەربڕاو هەڵبهێنجین، ئەوا

ناتوانرێت هیچ درکپێکردنێك دروست بکرێت بۆ ئەم داتایانەی ئاستی ڕووکەشی ڕستەکە.

دووەم// هەروەها کاتێك شیکردنەوە دەکرێت بۆ هەڵهێنجانی واتای بەخشکەیی دەربڕاو لە دوو ڕستەی جیاوازی پەیوەست بە یەکەوە (بۆ نموونە ئەگەر هەردوو ڕستەکە هەمان چەمکیان دەربڕیبوو، بەڵام لە فۆڕمی داڕشتنیان یان لە کاتی ڕوودانیاندا یان... هتد، جیاوازبوون)، ئەوا سەرلەنوێ کێشە سەرهەڵدەدات، کە ئەویش بریتییە لەوەی دوو ڕستەی پەیوەست بە یەکەوە لە ڕووی چەمکەوە(با جیاوازیش بن لەلایەنێك لەلایەنەکانی فۆڕمەوە)، چۆن دەتوانن دوو فۆڕمی لۆژیکی تەواو جیاوازیان هەبێت، لە کاتێکدا بوونی یەك فۆڕمی لۆژیکی بۆ ئەمجۆرە ڕستانەی دەربڕی یەك چەمکن ڕەنگە گەلێك شیاوتر بێت چ بۆ دەربڕین چ بۆ تێگەیشتن[٢٤٧]. بۆ شیکردنەوەی زیاتر ئەگەر لە نموونەی (١٨١ و ٨١ب) وردببینەوە، ئەوا دەتوانین، دوو واتای بەخشکەیی تەواو پێچەوانەی یەکتری لێی هەڵبهێنجین، هەروەك لە (١٨٢ و ٨٢ب)دا، خراوەتەڕوو:

٨١) ا/ ئالان باوەڕیوایە، کە ئاران ماستەری خوێندووە.

ب/ ئالان باوەڕیوایە، کە ئاران ماستەری خوێندبێت.

٨٢) ا/ ئاران دەشێت ماستەری خوێندبێت.

247– (Gerald gazdar) پێیوابووە، کە مەرجی پەیوەستبوونی دوو ڕستەی دەربڕی یەك چەمك و توانامان بۆ لێکدانەوەی پەیوەستبوونی ئەم دوو ڕستەیە و تێگەیشتن لێیان وەك چەمکێك، زیاتر ئەوەیە کە خاوەنی یەك فۆڕمی لۆژیکی بن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Gerald Gazdar(1979:57-61)



ب/ ئاران پێناچێت ماستەری خوێندبێت.

ئەگەر لە هەردوو ڕستەی (١٨١ و ٨١ب) ڕابمێنین، دەبینین، کە هەردووکیان دەربڕی چەمکی (خوێندنی باڵان لەلایەن ئارانەوە)، بەڵام ئەو واتا بەخشکەییەی لە ڕستەی (١٨١) هەڵدەهێنجرێت، دەشێت ڕەنگدانەوەی (قەناعەتی ئالان بێت بۆ ئەم خوێندنە)، لە کاتێکدا ئەو واتا بەخشکەییەی لە ڕستەی (٨١ب) هەڵدەهێنجرێت، پێناچێت ڕەنگدانەوەی (قەناعەتی ئالان بێت بۆ ئەم خوێندنە).

سێیەم// کێشەی سێیەم لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە (هەروەکچۆن لە خاڵی دووەمدا بینرا) مەرج نییە دوو ڕستەی دەربڕی هەمان چەمك یەك فۆڕمە لۆژیکییان هەبێت. بەهەمانشێوە لێرەدا کێشەی ئەوەمان دەبێت، کە مەرجیش نییە ڕستە جیاوازەکان واتای بەخشکەیی و فۆڕمی لۆژیکی جیاوازییان هەبێت، چونکە لە زمانەکەماندا چەند دەربڕاوێکی وەك (ڕەنگە، دەشێت، پێدەچێت... هتد،) هەیە، کاتێك لە ڕستە جیاوازەکاندا دێن دەبنە هۆی ئەوەی، کە تەنها یەك واتای بەخشکەیی دەربڕاویان لێهەڵبهێنجرێت لەگەڵ هەبوونی هەمان فۆڕمی لۆژیکی بۆیان. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕستەکانی (٨٣) و (٨٤) و (٨٥) وردببینەوە، ئەوا دەتوانین تەنها یەك واتای بەخشکەییان لێهەڵبهێنجین، کە ئەویش بریتییە لە واتای پێچەوانەیی بۆ ئەم ڕستانە، هەروەك لە (٨٦)دا خراوەتەڕوو:

٨٣) ڕەنگە بێم.

٨٤) دەشێت یەکەم بێت.

٨٥) پێدەچێت بڕوات.

٨٦) لەوانە نییە [ بێم]/ [ یەکەم بێت]/ [ بڕوات].

**بەمجۆرە هەروەك چۆن لە هەرسێ ڕستەکەوە شیانی هەڵهێنجانی یەك واتای بەخشکەییمان دەبێت، بە هەمان شێوە هەرسێ ڕستەی (٨٣ و ٨٤ و ٨٥)، کە خۆیان خاوەنی فۆڕمی لۆژیکی تایبەتمەندن، هەروەك دەکرێت لە (٨٧ا و ٨٧ب و ٨٧پ)دا بنوێنرێت، تەنها یەك فۆڕمی لۆژیکیان بۆ واتا بە خشکەییە دەربڕاوەکەیان دەبێت، کە دەکرێت لە (٨٨)دا بنوێنرێت:**

٨٧)

ا/ ڕەنگە A

ب/ دەشێت B

پ/ پێدەچێت C

٨٨) ڕەنگە/ دەشێت/پێدەچێت [ ¬ A / ¬ B/ ¬ C ] .

**ئەم سێ گرفتەی لێرەدا خرانەڕوو، تەنها نموونەی هەندێك لەو کێشانە بوون، کە لە ئەنجامی پەیوەستکردنی دیاردەی (بەخشکەیی-دەربڕین) بە ئاستی (فۆڕمی لۆژیکییەوە) سەرهەڵدەدەن. ئەم گرفتانە وا دەردەکەون، کە جۆرە نێواندژییەك لە شیکردنەوەکاندا هەبن، بەڵام ئەمە تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە ئەگەر ئەم گرفتانە بۆ ئەم ئاستەی تیۆریەکەی (گرایس)، کە (هارنیش) گەشەی پێدابوو وەك نێواندژی دەربکەون، ئەوا بۆ ئەو تیۆرییانەی دوا بە دوای تیۆرییەکەی (گرایس) دەرکەوتوون زیاتر وەك هەنگاوی یەکەم و بەرایی دادەنرێت، کە لیکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانی خۆیان لێوە دەست پێکردووە و دواتریش خودی تیۆرییەکانیان لەسەر**



**بونیادناوە**[٢٤٨]**. سەرجەم ئەم تیۆرییانە تەنها مەبەست و ئامانج، کە هەیانبووە و هەیانە زیاتر نەخشەکێشانە بۆ توانست و تواناکانی درکپێکردنی مرۆڤ. بەمەش ویستویانە لێکۆڵینەوە لە (پێڕەوی درکپێکردن"Gognative System")ی مرۆڤدا بکەن.**

[248]– لە ڕاستیدا ئەم تیۆرییانە بە تیۆرییەکانی (پاش گرایس "Beyond Grice") ناسراون و بریتین لە تیۆرییەکانی [ (تیۆری بەخشکەیی دەربڕینی ئاخاوتەیی بەرهەمهێنراو" Generalized Conversational Implicature(GCIs)")ی زانا S. Levinson و (ڕێسای Q و Rی زانا هۆرن "Horn's Q and R-Principle") و (تیۆری پەیوەندی "Relevance Theory")ی زانا Carston. ]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Jacob L. Mey(2009: 367-376)

# ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستهاتوون:

١. ) شیکردنەوەی ڕستەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی (لۆژیکی چاولێکەریی)ەوە ئەو ئەنجامەی بە دەست خست، کە پێشەکییە لۆژیکییەکان بە ئەنجامە لۆژیکییەکانییانەوە پەیوەستن. دەکرێت ئەم پەیوەستبوونە وەك ئەنجامێکی ئاوەزمەندێتی ئاوەزی مرۆڤی کورد لە چۆنیەتی پۆلێنکردنی چەمکەکانی ئاوەزیدا وەربگیرێت.

٢. ) ئاستی (ف. ل) وەك ئاستێکی نواندنیی زمانەوانیی لە زمانی کوردیدا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. ئەم تایبەتمەندییانە زیاتر لەوەدا دەردەکەون، کە ئاستەکە خاوەنی دروستەی نادیار
{(ف. ن) + ف. ك + [ کاتوکەس} ]. هەروەها کاتەگۆریی تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتین لە (کاتەگۆرییە بەتاڵەکان). ئەمە وێڕای ئەوەی لە ئاستەکەدا تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی فرێزە ناوییەکان ڕەنگدەدەنەوە، کە هەر بە هۆی ئەمەشەوەیە دەتوانرێت واتا و مەودای واتاییان بە وردی دیاری بکرێن.



٣. ) ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا خاوەنی ئارگومێنتی تایبەتی خۆیەتی، ئارگومێنتەکانیش زیاتر سەر بە هەر چوار کاتەگۆریی {(ئەنافۆرە ئاشکراکان، کە وەك گۆڕینۆك شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت)،
(جێناوەکان، کە زیاتر مەبەست لێیان جێناوی خۆیی و proیە)،
(دەربڕاوە سەرچاوەییەکان، کە زیاتر فرێزە ناوییەکان و سەرە ڕێزمانییەکانیان دەگرێتەوە)، (فرێزە بچوکەکان/ ڕستیلەکان، کە وەك چەمکێکی نادیار خاوەنی بکەری نادیارە و هەمبەرە بە بەشەکردارە فۆنۆلۆژییە ئاساییەکانی دیکەی ڕستە لە زمانی کوردیدا)}ن.

٤. ) شیکردنەوە لۆژیکییەکانی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی لۆژیکییەوە، دوو چەشنی ڕادەییان (گشتی و لۆکاڵی) بەدەستەوە داوە، هەروەها لە چەشنی یەکەمیشیاندا دوو جۆری (ڕادەی گشتی و هەبوونیی) دیاریکراوە.

٥. ) دەرکەوتنی (کلیتیکی لۆژیکی) لەناو پێکهاتەی کرداری دروستەی ڕستە ڕادەدارەکانی زمانی کوردی لەسەر ئاستی (ف. ل) و ڕەفتاری گۆڕینۆك ئاسای ئەم کلیتیکە لۆژیکییانە بنەمایەکی پتەوی ئاوەزیی بۆ شیکردنەوە و یەکلایکردنەوەی (مەودای لۆژیکی) ئەمجۆرە ڕستانەی زمانەکەمان دەخوڵقێنن. بەمەش دەسەلمێت، کە ستراتیژییەتی دەرکەوتنی (کلیتیك) لەناو پێکهاتەی ڕستەکانی زمانی کوردیدا بە تەنها بنەمایەکی سینتاکسی و سیمانتیکی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا هەژموونێکی لۆژیکییە.

٦. ) لایەنی کارەکیی لێکۆڵینەوەکە ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامە پێشکەش دەکات، کە هەروەك چۆن ڕستە جیاوازەکانی زمانی کوردی فۆڕمی لۆژیکی و درکپێکردنی جیاوازییان هەیە، بە هەمان شێوەش واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکانی تەنها ڕستەیەکیش فۆڕمی لۆژیکی و درکپێکردنی جیاوازی تایبەت بە خۆیان دەبێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوەی کارەکییانەی هەردوو پۆلی (کردار و ئاوەڵناو)ی زمانەکەمان، پەیوەست بە ئاستی (ف. ل)ەوە، چوار جۆر واتای بەخشکەیی دەربڕاو دەست نیشاندەکات، کە بریتین لە:

(واتای بەخشکەیی دەربڕاوی – پێکەوەیی "بەهێز و لاواز")، (واتای بەخشکەیی دەربڕاوی – تەنهایی "بەهێز و لاواز")، (واتای بەخشکەیی دەربڕاوی – هەموویی)، (واتای بەخشکەیی دەربڕاوی – ناهەموویی).

٧. ) لێکۆڵینەوەکە وەك ئەنجامێکی ئەزموونبەند ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا ئاستێکی نواندنیی ئاوێتەی هەمبەرە لەگەڵ ئاستی (ف. ف)، کە تێیدا گشت پرۆسە زمانییەکان هەم جێبەجێ دەبن و هەم لێکیشدەدرێنەوە. ئاوێتەیی ئاستەکەش لەگەڵ ئاستی (ف. ف) زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گونجاندنی (بیرەکان و دەربڕاوەکان). ئەمەیش بە مەبەستی ساناکردنی (دەربڕینی بیرەکان) لەسەر ئاستی (ف. ف) و توانستی (لیکدانەوەی چەمکی دەربڕاوەکان) لەسەر ئاستی (ف. ل).

# پێشنیاز

## پێشنیازی لێکۆڵینەوەکە

شیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان ڕاستەوخۆ پێشنیازی دوو ئاڕاستەی گرنگ دەکەن بۆ زیاتر توێژینەوە و وردکردنەوەی بابەتە جیاوازەکانی زمانەکەمان:

- شیکردنەوەکانی ئاستی (ف. ل) لە زمانی کوردیدا، لە ڕوانگەی تیۆریی (دەسەڵات و بەستنەوە)وە، گرنگی لێکدانەوەی نیشانەکانی وەچەپۆلێنکردنی پێڕەوی کردارەکان لە زمانی کوردیدا، بە مەبەستی تێگەیاندن و تێگەیشتن، دەسەلمێنن. ئەمەش وەك ڕاستییەك، پێویستە لە گشت بوارە پەروەردەییەکاندا، بە تایبەتی لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم (زمانی بێگانە)دا، ڕەچاوبکرێت. واتە فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونەکەیدا دەبێت فێری نیشانەکانی وەچەپۆلێنکردنی پێڕەوی کردارەکانی زمانەکە بکرێت، تا فێرخواز بتوانێت هەم لۆژیکییانە ڕستەکان بەرهەمبهێنێت و دەربڕێت و هەم تەواو و پڕاوپڕیش لە واتای ڕستەکان تێبگات. بۆ توێژینەوەی زانستیانەی ورد لەمبارەیەوە گولێك پێویستە بۆ خودی پرۆسەی پەروەردەیی و زمانی کوردی.

- شیکردنەوەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی (بەرنامەی کەمینە)وە، ئەو ئەنجامەی لێهەڵدەگوێزرێت، کە (فەرهەنگی ئاوەزیی "Mentality Lexicon") بنەمای سەرجەم بەرهەمهێنانە زمانییەکانە. هەربۆیە شیکردنەوەی (فەرهەنگی ئاوەزیی) مرۆڤی کورد بنەمایەکی پتەو لەم



بوارەدا دەڕەخسێنێت و گرنگیدان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی کارێکی هەنوکەییە.

- بنەمای تێگەیشتنی مرۆڤی کورد لە مەودای لۆژیکی و لێڵیی دەربڕاوە لۆژیکییەکانی وەك (ڕادەکان) زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروستە دووپەلکییەی لە بونیادی لۆژیکی ئەم دەربڕاوە لۆژیکییانەی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە. بۆیە شیکردنەوەکانی (ڕێسای مەودا) بۆ ئەم دەربڕاوە لۆژیکییانەی زمانەکەمان دەتوانرێت وەك یاسایەك بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی پرۆژەی (وەرگێڕانی لۆژیکی)ی سەرجەم ڕستە دەربڕاوەکانی زمانی کوردی. بۆیە شیکردنەوەی سەرلەبەری ڕستەکانی زمانەکەمان لەم ڕوانگەیەوە گەلێك کەلێنمان بۆ پڕدەکاتەوە.

# سەرچاوەکان


**١- بە زمانی کوردی:-**

**ا/ کتێب:**

١. ئاڤێستا کەمال مەحمود، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.

٢. حەمید عەزیز، مەنتیق لە نێوان بابەتی بیر و زماندا، لە پێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی، گۆڤاری ژمارە (١)، توێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥ز.

٣. حەمید عەزیز، سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، ناوەندی بلاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٨ز.

٤. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە (تێروانینێکی ئەرکی)،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ز.

٥. سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، لە بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

٦. عماد عبدالسلام ڕەئوف، و/ سامان مستەفا، کانت (ژیان و کارە فیکرییەکانی)، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.





٧. ڤیان سلێمان حاجی، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، لە بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

٨. کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

٩. کەمال میراودەلی، بیرکردنەوە و ئازادی (پرۆژەی فەلسەفە بە زمانی کوردی)، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

١٠. محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١ز.

١١. محەمەدی مەحویی، زانستی هێما (هێما، واتا و واتالێکدانەوە)، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.

١٢. میهرداد میهرین، و: سیدۆ داود عەلی، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.

١٣. ویل دورانت، و: شۆڕش، چێژەکانی فەلسەفە، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

١٤. یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، لە بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

**ب/ نامەی زانکۆیی (بلاونەکراوە):**

١. ئەمیر مسگو محەمەد، جێناو لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

**٢. بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠ز.**

**٣. چیا عەلی مستەفا، ڕادە و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٨ز.**

**٤. حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٦ز.**

**٥. سەمیرە تۆفیق سەعید، ئەنافەر لە زمانی ئینگلیزی و کوردیدا: بە پێی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩ز.**

**٦. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فریز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠٠٥ز.**

**٧. عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا (لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٤ز.**

**٨. عومەر مەحموود کەریم، سیمای پڕاگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩ز.**

**٩. عیرفان مستەفا حەمە ڕەحیم، ڕستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.**

**١٠. فەرەیدون عەبدول محەمەد، نادیاری، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٨ز.**



**١١. هۆگر مەحموود فەرەج، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠ز.**

**پ/ ڕۆژنامە و گۆڤار:**

**١. بەکر عمر و ئاڤێستا کمال، پەیوەندی سیمانتیک و لۆژیک لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە ٢٦، ٢٠٠٩ز**

**٢. تالب حسین و دیار عەلی، یاساکانی ڕۆنان و گوێزانەوە لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (٢١)، ٢٠٠٤ز.**

**٣. قەیس کاکل تۆفیق، ڕادە لە گرێی ناویدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە١١، ٢٠٠٣ز.**

**٤. محەمەد مەعروف فەتاح، باس لە جۆرێک لە ڕستەی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٨، ١٩٩٢ز.**

**٥. محمود فتح الله، گریمانەکاری لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە٢٦، ٢٠٠٩ز.**

**٦. وریا عومەر ئەمین، ڕستەی بکەرنادیار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٩٥)، ١٩٨٢ز.**

**٧. وریا عومەر ئەمین، لێڵی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٦)، ١٩٩٥ز.**

**٨. یوسف شریف سعید، ڕادە و هەندێ تێبینی دەربارەی ڕادە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، ساڵی سێیەم، ژمارە ٤، ١٩٩٩ز.**

**٢- به زمانی عەرەبی:**

**ا/ كتێب:**

١.أمبرتو إيكو، ت: أحمد الصمعي، السيميائية و فلسفة اللغة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٥ز.

٢.أمحمد الملاخ و حافظ إسماعيلي علوي، قضايا إبستمولوجية في اللسانيات، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩ز.

٣.اندرية ضاكوث، ت: ليلى الشربيني، أنثروثولوجيا اللغة (بناء و ترميز)، الطبعة الآولى، المجلس الآعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٢ز.

٤.كلوُد جرمَان و ريموُن لوبلان، ت: نور الهُدى، علم الدلالة، دار الفاضل، دمشق، ١٩٩٤ز.

٥.مازن الوعر، دراسات نحوية و دلالية و فلسفة في ضوء اللسانيات المعاصرة، دار المتنبى للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠٠١ز.

٦.محمود فهمى زيدان، في فلسفة اللغة، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر،الطبعة الاولى، الاسكندرية، ٢٠٠٣ز.

**٣- به زمانی ئینگلیزی:**

**ا/ كتێب:**

1. Aarts, B. , and McMahon, A. , The Handbook of English Linguistics, Blackwell Publishers, 2006 .

2. Aarts, B. , English Syntax and Argumentation, 2ed, Palgrave Publishers, 2001 .

3. Ackema, P. , Brandt, P. , Schoorlemmer, M. , and Weerman, F. , Arguments and Agreement , Oxford, University Press, 2006 .



4. Atlas, J. and Levinson, S. , It- Cleft, informativeness and Logical Form: radical pragmatics (revised standard version) in P. Cole (ed. ), Radical Pragmatics, New York: Academic Press, 1981 .

5. Baggini, J. and Stangroom, J. , New British Philosophy, Routledge publisher, London& New York, 2005 .

6. Bejar, S. , PHI – Syntax: A Theory of Agreement, University of Toronto, 2003 .

7. Belletti, A. , and Rizzi, L. , On Nature and Language (Noam Chomsky), Cambridge, University Press, 2002 .

8. Bennett, D. , J. , Logic Made Easy, Norton Company, NewYork, 2004 .

9. Bergmann, M. , An Introduction to Many-Valued and Fuzzy Logic, Cambridge, University Press, 2008 .

10. Binkert, P. , J. , A Glossary of Terminology Used in the Study of Language and Linguistics, Printed in Troy, Michigan, 2004 .

11. Boden,M. A. , Mind as Machine(A History of Cognitive Since), Volume (1), Clarendon Press, Oxford, 2006 .

12. Boeckx,C. , Linguistics Minimalism (Origins, Concepts, Methods, and Aims), Oxford, University Press, 2006 .

13. Borg, E. , Minimal Semantics, Oxford, University Press, 2004 .

14. Buring, D. , Binding Theory , Cambridge, University Press, 2005 .

15. Bussmann, H. , T/ Trauth, G. and Kazzazi, K. , Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Routledge publisher, London& New York, 2006 .

16. Cann, R. , and Marten, L. , Syntax and Semantics, Volume (35), Elsevier Academics Press, 2005 .

17. Carpenter, B. , Type- Logical Semantics, 1996 .

18. Chomsky, N. , Lecture on Government and Binding (The Pisa Lectures), 7ed, Mouton de Gruyter, Berlin & New York, 1993 .

19. Chomsky, N. , Minimalism Program, MIT Press, 1995 .

20. Chomsky, N. , New Horizons in the Study of Language and Mind, Cambridge, University Press, 2000 .

21. Corver, N. , and Nunes, J. , The Copy Theory of Movement, John Benjamins Publishing Company, 2007 .

22. Crary, A. , and Read, R. , The New Wittgenstein, Routledge publisher, London& New York, 2000 .

23. Crestal, D. , A Dictionary of Linguistics & Phonetics ,5ed, Blackwell Publishers, 2003 .

24. Culicover, P. , W. and Jackendoff, R. , Simper Syntax, Oxford, University Press, 2005 .





25. Davis, S. and Gillon, B. , S. , Semantics: A Reader , Oxford, University Press, 2004 .

26. Devitt, M. , and Hanley, R. , Philosophy of Language, Blackwell Publishers, 2006 .

27. Epstein, S. , D. , and Seely, T. , D. , Derivation and Explanation in the Minimalist Program, Blackwell Publishers, 2002 .

28. Epstein,S. ,D. , Groat, E. ,M. , Kawashima, R. , and Kitahara,H. , A Derivational Approach to Syntactic Relations , Oxford, University Press, 1998 .

29. Fattah. M, A Generative Grammar of Kurdish, PHD Theses, College of Van dekanen, University Van Amstrdam,1997 .

30. Franks, s. , Parameters of Slavic Morphosyntax, Oxford, University Press, 1995 .

31. Gazdar, G. , Pragmatics (Implicature, Presupposition and Logical Form), Academic Press, 1979 .

32. Griffiths, P. , An Introduction to English Semantics and Pragmatics, Edinburgh University Press, 2006 .

33. Grosu, A. , Three Studies in Locality and Case, Routledge publisher, London& New York, 2005 .

34. Haegeman, L. , Introduction to Government and Binding Theory, Blackwell Publishers, 1994 .

35. Haegeman, L. , Thinking Syntactically, Blackwell Publishers, 2006 .

36. Harnish, R. , Logical form and Implicature, in Davis, S. (ed. ), Pragmatics: A Reader, Oxford, University Press, 1991 .

37. Hawkins, J. , A. , Efficiency and Complexity in Grammars , Oxford, University Press, 2004 .

38. Hendrick, R. , Minimalist Syntax, Blackwell Publishers, 2003 .

39. Heusinger, K. , V. and Turner, K. , Where Semantics Meets Pragmatics, Elsevier Science Publisher, 2006 .

40. Hinzen, W. , Mind Design and Minimal Syntax , Oxford, University Press, 2006 .

41. Hornstein, N. , Logic as Grammar Read Only Text, 1986 .

42. Hornstein, N. , Logical Form (From GB to MP), Blackwell Publishers, 1995 .

43. Hornstein, N. , Nunes, J. , and Grohmann, K. , K. , Understanding Minimalism, Cambridge, University Press, 2005 .

44. Howard, H. , Neuromimetic Semantic (Coordination, Quantification and Collective Predicates), Elsevier Academics Press,2004 .

45. Jacobsen, B. , Modern Transformation Grammar, Elsevier Science Publisher, 1986 .



46. Jacquette, D. , A Companion to Philosophical Logic, Blackwell Publishers, 2002 .

47. Janssen,T. ,M. , Compositionality (Handbook of Logic and Language), Elsevier Science,1997 .

48. Koopman, H. , J. , The Syntax of Specifiers and Heads , Routledge publisher, London& New York,2000 .

49. Lasnik, H. , Minimalist Investigations in Linguistics Theory, Routledge publisher, London& New York, 2003 .

50. Lepore,E. & Smith,B. ,C. , Philosophy of Language, Oxford, University Press,2006 .

51. Lieber, R. , Morphology and Lexical Semantics , Cambridge, University Press,2004 .

52. Long, P. , Logic, Form and Grammar, Routledge publisher, 2001 .

53. Matthews, P. , A Short History of Structure Linguistics, Cambridge, University Press, 2ed, 2003 .

54. May, R. , Logical Form (Its Structure and Derivation), The MIT Press, 1985 .

55. McCarthy, A. , C. , Current Morphology , Routledge publisher, London& New York, 2002 .

56. McGilvaray, J. , The Cambridge Companion to Chomsky, Cambridge, University Press, 2005 .

57. Mey, J. , L. , Concise Encyclopedia of Pragmatics , 2ed, Elsevier Science Publisher, 2009 .

58. Miller, J. , A Introduction to English Syntax, Edinburgh University Press, 2002 .

59. Newmeyer, F. , J. , Generative Linguistics (A historical perspective), Routledge publisher, London& New York, 1996 .

60. Ostrow,M. ,B. , Wittgenstein's Tractatus(A Dialectical Interpretation), Cambridge, University Press, 2000 .

61. Ouhalla, J. , Functional Categories and Parametric Variation, Routledge publisher, London& New York, 1991 .

62. Peters, S. and Westerstahl, D. , Quantifiers , 2002 .

63. Peters, S. and Westerstahl, D. , Quantifiers in Language and Logic, Oxford, University Press, 2006 .

64. Portner, P. and Partee, B. , H. , Formal Semantics (The Essential Readings) , Blackwell Publishers, 2002 .

65. Radford, A. , Minimalist Syntax (Exploring the Structure of English) , Cambridge, University Press, 2004 .

66. Ramchand, G. and Reiss, C. , Linguistics Interfaces, Oxford, University Press, 2007 .

67. Rizzi, L. , Comparative Syntax and Language Acquisition, Routledge publisher, London& New York, 2000 .

68. Roberts, I. , Diachronic Syntax, Oxford, University Press, 2007 .



69. Russell, B. , The Philosophy of Logical Atomism, Routledge publisher, 2010 .

70. Seuren, P. , A. , Chomsky's Minimalism, Oxford, University Press, 2004 .

71. Shanker, S. , G. , Philosophy of Science Logic and Mathematics in the Twentieth Century, Volume (IX), Routledge pubilisher, London& New York, 2004 .

72. Stekauer, P. and Lieber, R. , Handbook of Word-Formation, Springer Publisher, 2005 .

73. Tomassi,P. , Logic, Routledge publisher, London& New York, 2002 .

74. Traxler, M. , and Grensbacher, M. , Handbook of Psycholinguistics, 2ed, Elsevier Press, 2006 .

75. Turner, R. , Type, in Benthem, J and Meulen, A. , Handbook of Logic and Language, Elsevier Science Publisher, 1997 .

76. Van Valing, R. , D. , An Introduction to Syntax , Cambridge, University Press, 2004 .

77. Van Valing, R. , D. , Exploring the Syntax– Semantics Interface, Cambridge, University Press, 2005 .

78. Williams,T. ,C. , Kant's Philosophy of Language (Chomkyan Linguistics and its Kantian Roots), Volume (33), The Edwin Mellen Press, 1992 .

## الخلاصة

يتناول هذا البحث , دراسة دقيقة للمنطق و خاصة من منظور اللغة و المنطق الصوري , حيث ان الصوريون كان يعتقدون بان الشكل (الصورة) هوالحكم الاساس الذي يمكن الاستناد عليه، اي ان التركيبة تعتبر الكيان العقلي التي تقابله الادراكات الحسية و الدلالية ومن هنا فان المفاهيم تؤخذ من حيث ما تؤخذ التراكيب و الصور و بهذا الاستنتاج ارادوا ان يحللوا الميتافيزيقيا (ماوراء الطبيعة) من خلال الآلية التي يعبر عنها الانسان ألا و هي اللغة بوجهيها (المفهوم / الدلالة) و صور المفهوم / صور الدلالة) .

وأثمرت هذه المحاولات نتائجها المرجوة بشكل اوسع في نظرية ( الحكم و الالتزام"GB") بمدرسة

(التوليدية والتحويلية) لان هذه المدرسة حاولت ان تستكشف القدرات الذهنية و العقلية المجردة لدى الانسان و التي تمكنه من اتيان بما هو في العدم الى الوجود ولهذا فان التحاليل في هذه المدرسة وصلت الى مستوى جديد و (هو المستوى المنطقي) والذي عرفوها بالنقطة التي تلتقي فيها التركيبة (الشكل كنموذج لتجسيد اللغة) و المفهوم (الدلالة كنموذج لتجريدية اللغة) اي وسعوا التفسيرات لقدرة النطق عند الانسان و صاغوا تعاريف جديدة للمفاهيم و كيفية اكتساب اللغة منها: ان المستوى (البنية) المنطقية هي المعلومات النحوية التي تراكمت فيها التراكيب الدلالية و المفهومية، ومن هذا المنطلق توصلت تحاليل في هذا البحث الى ان وجود البنية المنطقية للغة الكوردية حقيقة غير قابلة للنقاش وان البنية السطحية للجمل يستخرج عن طريق عدد من القوانين الخاصة و التي تجعل من المستوى المنطقي ذا سمات و جدليات خاصة بها و يتبين من هذا ان البنية المنطقية لها اهمية كبيرة كالتي في المستوى الصوتي (الفونولوجيا) و



اذا ما قارننا هذين المستويين رأينا انهما اعمدتين هامتين في اللغة عامة و في اللغة الكوردية خاصة .

كما ان هذة الاستنتاجات تُنمي و توثق المستوى المنطقي في (برناج الحد الادنىMinimalism programming ١٩٩٥) لان هذا البرنامج طرحت فكرة و هي أن المستوى و البنية الوحيدة لما ينطق به الانسان هي البنية المنطقية و التي تُمكن الانسان من فهم و استدراك المعاني و الدلالات المنطوقة و قد شكل هذا النوع من التحاليل و الادراكات العقلية، بنية قوية للتفسير و الاستدلال على مفهوم (الكم و مداها المنطقي) في المنطوقات المنطقية وقد أُجريت بحوث على (الكم , ادوات الاستفهام ...) لدراسة و فهم مزايا الكم و مداها و قدرتها في استبيان و توضيح المبهمات و المضامين التي تأتي بها المنطق .

لقد حاولنا في هذا البحث ان نحدد اماكن حدوث المبهمات الدلالية في اللغة الكوردية ويأتي هذا التحديد و

الاحتواء من خلال ربط ظاهرة المضامين التداولية بالمستوى و البنية المنطقية، كما انه لم يتم فقط تحديد المعاني المتعددة للجمل المختلفة من حيث الشكل بل حاولنا تحديد المعاني المتعددة للمضامين التداولية من خلال ربطها و تفسيرها بالمستوى المنطقي .

يتكون البحث من مقدمة و خلاصة و اهم النتائج التي توصلت اليها الرسالة، كما يتضمن ثلاثة ابواب و قائمة باسماء الكتب و المراجع التي استخدمت في البحث .

الباب الاول خصصت ل (تعريف المنطق و البنية المنطقية) ويتكون هذا الباب من فصلين , الفصل الاول خُصص لتحليل البنية المنطقية في المنطق الصوري و الفصل الثاني لتحليل البنية المنطقية في اطار نظرية

(الحكم و الالتزام) .

الباب الثاني : خصصناه لتحليل (البنية المنطقية و المديات الكمية المنطقية) في اللغة الكوردية و قُدم هذا الباب من خلال فصلين رئيسيين الا وهما الفصل الاول الذي

يحلل برنامج الحد الادنى من الناحية النظرية و الفصل الثاني يتناول البنية المنطقية و المديات الكمية المنطقية المنطوقة في اللغة الكوردية و كل ذلك من منظور (برنامج الحد الادنى) .

ويتم تداول الروابط التي بين البنية المنطقية و ظاهرة المضامين التداولية في الباب الثالث ويتم ايضا عرض محتوى هذا الباب من خلال ثلاثة فصول . الفصل الاول يتطرق الى الاتجاهات البدائية في هذه العلاقات و الفصل الثاني يتضمن التحاليل العملية لتباين العلاقة بين البنية المنطقية و ظاهرة المضامين .

أخيرا و ليس آخرا, نبين في الفصل الثالث المشاكل التي تظهر نتاج عملية ربط البنية المنطقية و ظاهرة المضامين التداولية .

في نهاية البحث قدمنا اهم نتائج التي وصلت اليها تحاليل البحث و خلصناه في (٧) الفقرة رئيسية. كما زدنا عليه ثلاث طروحات كمواد للبحوث الجديدة في اللغة الكردية في المستقبل.



## Abstract

The traditional school of logic had strongly believed that structural form proves or indicate the propositional structure. This became a darting point towards devoting researches to analyze propositions and restricting them to the structural forms. Doing so, they wanted experimentally conduct researches behind metaphysics through investigating the human expressive tools of metaphysics, including the double sides of language whether proposition or propositional structure. The traditional logic school opinions have strongly reflected in the theories of Government and Binding of the Generative Transformational School and that's because the later school tried to explain the human mental realization of abstract aspects of language as well as to provide them a structural configuration in order to bring them into existence from their abstract identity .

Therefore, the traditional school analyses have proposed the logical form level as the merging point of form (as the concrete side of language) and meaning (as the abstract side of language). Hence they believed that the deep structure of language holds syntactic information to analyze the semantic structures and they hold language to the sense and pragmatics .

Analyses from this perspective suggested that the logical forms of Kurdish language exist as a real truth and they are hold to the surface structure of the sentences through certain rules. Hence the structure will be having its own certain and special argument which show the importance of the logical form versus phonology as two important groups of languages showing languages' grammar as well as Kurdish language. This representation appears more in the minimalist program (1995) because the program introduces the logical form as the only analytic level of linguistic of meaning interpretation and realization of sense. This mental realization forms a firm foundation for the logical scope (quantifier and wh-question) as a tool for understanding the logical scopes itself and the settling tool of logical ambiguity it brings about, besides trying to restrict such meaning ambiguity in Kurdish language

Besides trying to restrict such meaning ambiguity in Kurdish language, efforts to explore logical forms and implicature has reached its highest peak not only to restrict the different possible meanings of the different sentences, but also to restrict the different implicatures of the same sentences through going back to the levels of logical form .

Based on the above perspectives, this dissertation is divided into three major parts; in which the first part is devoted to logic and logical form each presented in an independent chapter. The chapter analyzes the



logical form according to the traditional school of logic; the second chapter analyzes logical forms within the Government and Binding theory.

The second part of the research analyzes logical forms and scopes of logic of Kurdish language in general. The part is presented in two main chapters, the first discusses the minimalist program and the second chapter is mainly dedicated for logical forms and logical scopes of logical utterances of Kurdish language from the perspective of minimalist program.

The third part shows the relationships between the logical forms and implicature in three chapters; the first explains the preliminary directions of the relation, and the second chapter is a practical chapter in which the relations between the logical forms and implicature have been tackled. The last chapter brings into the light the problematic referring of the logical form to the implicature .

Eventually, the dissertation presents the essential conclusion of the research and summarizes them in 7 bullets. Besides suggesting three other aspect of Kurdish language in the same field for further studies .

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| هێما و كورتكراوەكان | ٩ |
| لیستی زاراوەكان | ١٤ |
| پێشەكی | ٢٣ |
| بەشی یەكەم:<br>١) لۆژیك و فۆڕمی لۆژیكی(وەك ئاستێكی نواندنی زمانەوانی) | ٢٩ |
| ١/١) بەراییەكانی لۆژیك و فۆڕمی لۆژیكی | ٣٠ |
| ١/٢) فۆڕمی لۆژیكی لە چوارچێوەی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا | ٤٦ |
| ١/٢-١) ئاستەكانی نواندنی ڕێزمانی | ٥٠ |
| ١/٢-٢) فۆڕمی لۆژیكی وەك ئاستێكی نواندنی زمانەوانی | ٥٧ |
| ١/٢-٣) پەیكاڵبوونی دروستەی قوڵ و فۆڕمی لۆژیكی | ٦٧ |
| ١/٢-٤) هەڵگواستنی فۆڕمی لۆژیكی لە دروستەی ڕووكەشەوە | ٧١ |
| ١/٢-٥) هەبوونیی فۆڕمی لۆژیكی لە زمانی كوردیدا | ٧٩ |
| ١/٢-٦) تایبەتمەندییەكانی فۆڕمی لۆژیكی لە زمانی كوردیدا | ٩٢ |
| ١/٢-٧) ئارگومێنتەكانی دروستەی (ف.ل) لە زمانی كوردیدا | ١١٣ |
| ١/٢-٨) گواستنەوەی ئاشكرا و داپۆشراو | ١٢٠ |
| ١/٢-٩) یاساكانی هەڵگواستنی دروستەی ڕووكەش بۆ ئاستی فۆڕمی لۆژیكی | ١٢٥ |
| (١) یاسای گۆڕینی ( وشە/فریزی پرس )ی ڕستەی پرسیاری بۆ فریزی ڕادە | ١٢٥ |
| (٢) ئەو یاسایەی سەری (ف.ن)ی ڕستیلەی سەرجێناوی دەگۆڕێت بۆ فریزی ڕادە | ١٢٩ |





| | |
|---|---|
| (٣) یاسای گواستنەوەی ڕادە. | ١٣٥ |
| (٤) یاسای تیشكۆ/ فۆكەس | ١٣٧ |
| بەشی دووەم:<br>٢) فۆڕمی لۆژیكی مەودا لۆژیكییەكان لە زمانی كوردیدا | ١٤١ |
| ٢/١) فۆڕمی لۆژیكی لە چوارچێوەی (بەرنامەی كەمینە)دا | ١٤٢ |
| ٢/١-١) بەرنامەی كەمینە (چەمك و تێڕوانین) | ١٤٢ |
| ٢/١-٢) ئاستەكانی نواندن لە بەرنامەی كەمینەدا | ١٤٥ |
| ٢/١-٣) سەر لە نوێ بیركردنەوە لە ئاستە نواندنییەكانی (د.ق) و (د.ڕ) لە چوارچێوەی (بەرنامەی كەمینە)دا | ١٥٠ |
| ٢/١-٣-١) دروستەی قوڵ (د.ق) لە چوارچێوەی بەرنامەی كەمینەدا | ١٥٠ |
| ٢/١-٣-٢) دروستەی ڕووكەش لە بەرنامەی كەمینەدا | ١٥٨ |
| ١-) تیۆریی دۆخی ڕێزمانیی | ١٥٩ |
| ٢-) تیۆریی بەستنەوە | ١٦٣ |
| ٣-) (ئاراستەكانی"Parameters") گواستنەوە | ١٦٦ |
| ٤-) بەهێزیی نیشانەی گواستنەوە | ١٦٧ |
| ٢/١-٤) فۆڕمی لۆژیكی وەك تەنها ئاستی بەرنامەی كەمینە | ١٦٨ |
| ٢/٢) فۆڕمی لۆژیكی مەودا لۆژیكییەكان | ١٧١ |
| ٢/٢-١) گشتێتیی لە زماندا | ١٧١ |
| ٢/٢-٢) چەشن و جۆرەكانی ڕادە | ١٧٤ |
| ٢/٢-٣) واتای ڕادە و كارلێكردنە واتاییەكانیان لە ڕستەدا | ١٨٠ |
| ٢/٢-٤) یاسای بەرزكردنەوەی ڕادە و ڕێسای مەودا لە چوارچێوەی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا | ١٨٨ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-٥) جیاوازی نێوان (ف.ن)ی ئاسایی و (ف.ن)ی ڕادەیی لە سەر ئاستی (ف.ل) لە ڕوانگەی (ڕێسای مەودا)وە | ١٩٨ |
| ٢/٢-٦) مەودای ڕادە لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا | ٢٠٧ |
| ٢/٢-٧) سنووردارکردنی مەودای ڕادەکان | ٢٢٤ |
| ٢/٢-٨) کارلێکردنی مەودای دەربڕاوە ڕادەییەکان و مەودای وشە/فرێزە پرسیارییەکان | ٢٣٧ |
| ٢/٢-٩) دیاردەی پەڕینەوەی لاواز و کێشەی مەودای ڕادە | ٢٤٦ |
| ٢/٢-١٠) مەودای ڕادە و جەمسەریی نەرێکردن | ٢٤٩ |
| ٢/٢-١١) مەودای ڕادە و ڕستە دوو بەرکارییە ڕادەییەکان | ٢٥٥ |
| بەشی سێیەم:<br>٣) پەیوەندی ئاستی (فۆرمی لۆژیکی) و دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین) لە زمانی کوردیدا | ٢٦٣ |
| ٣/١) ئاراستە بەراییەکانی پەیوەندیی نێوان دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین) و ئاستی ( ف.ل ) | ٢٦٥ |
| ٣/٢) پەیوەندییە ڕاڤەییەکانی نێوان ئاستی (ف.ل) و دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین) | ٢٧٣ |
| ٣/٢-١) پۆلی کردارەکان | ٢٧٥ |
| ٣/٢-١-١) ئەو بەخشکەیی دەربڕینانەی دەشێت لە (بەخشکەیی دەربڕینی پێکەوەیی)وە هەڵبگوێزرێن | ٢٨٥ |
| ١) بەخشکەییە دەربڕینە- پێکەوەییە بەهێزەکان | ٢٨٩ |
| ٢) بەخشکەییە دەربڕینە — پێکەوەییە لاوازەکان | ٢٩٠ |
| ٣/٢-١-٢) ئەو بەخشکەیی دەربڕینانەی دەشێت لە | ٢٩٢ |





| | |
|---|---|
| (بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایی)وە هەڵبگوێزرێت | |
| ١) بەخشکەییە دەربڕینە — تەنهاییە بەهێزەکان | ٢٩٢ |
| ٢) بەخشکەییە دەربڕینە — تەنهاییە لاوازەکان | ٢٩٣ |
| ٣/٢-٢-٢) پۆلی ئاوەڵناوەکان | ٢٩٧ |
| ٣/٣) سەرهەڵدانی هەندێك گرفت لە پەیوەستکردنی دیاردەی(بەخشکەیی- دەربڕین) بە ئاستی (ف.ل)وە | ٣١٢ |
| ئەنجام | ٣١٨ |

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٢)ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەنفاکان | و. عەزیز رەئوف | شانۆنامە | ٨٣٨ |
| ٢ | ئەکرۆباتێکی ونبوو | ئیسماعیل حەمە ئەمین | وتاری رەخنەیی | ٨٣٩ |
| ٣ | پەیکی شادی | محەمەد سەعید نەجارِ | شیعر | ٨٤٠ |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٢ |
| ٥ | خاوەن شکۆ | د. یەحیا عومەر ڕێشاوی | لێکۆڵنەوە | ٨٤١ |
| ٦ | ئایین و ئیستاتیکا | خەسرەو میراودەلی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٢ |
| ٧ | کولێنەری هەڵم | محەمەد بەرزی | زانستی | ٨٤٣ |
| ٨ | چرایەك لەسەر مادیان کۆ | و. عەزیز گەردی | رۆمان | ٨٤٤ |
| ٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٣ |
| ١٠ | سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان | عمر مەرگەیی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٥ |
| ١١ | شوناسێکی بێئۆقرە | سەردار عەزیز | کۆمەڵە وتار | ٨٤٦ |
| ١٢ | کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن | د. بێستوون حەسەن | زانستی زمان | ٨٤٧ |
| ١٣ | مێژووی چاپخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | رۆژنامەوانی | ٨٤٨ |
| ١٤ | وێستگەکان | و. محەمەد کەساس | کۆمەڵە وتار | ٨٤٩ |
| ١٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٤ |
| ١٦ | مێژووی دێرینی کوردو شوێنەوارەکانی | کەمال نوری معروف | مێژوویی | ٨٥٠ |
| ١٧ | ئەزموونی چیرۆکنووسین | محەمەد فەریق حەسەن | وتار | ٨٥١ |
| ١٨ | پۆست مۆدێرنەو چەند بابەتێکی شانۆی | ئەنوەر قادر ڕەشید | شانۆیی | ٨٥٢ |
| ١٩ | هەڵوەدای کوێرێك | رەنجەی نابینا | کۆمەڵەچیرۆك | ٨٥٣ |
| ٢٠ | ئاوڕدانەوەیەك لە مێژوو | عەلا نووری | مێژوویی | ٨٥٤ |
| ٢١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٥ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٦ |
| ٢٣ | سمکۆ | سەید کەمال ئیبراهیمی | مێژوویی | ٨٥٥ |
| ٢٤ | تەلیسمی گێڕانەوە | کامیل محەمەد قەرەداغی | لێکۆڵینەوە | ٨٥٦ |
| ٢٥ | نارنجی فڕین | ئەمین گەردی گلانی | چیرۆك | ٨٥٧ |
| ٢٦ | ئایین و کایە جیاوازەکان | سەنگەر زراری | کۆمەڵە دیدار | ٨٥٨ |
| ٢٧ | تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | د. کەمال مەعروف | ڕەخنەی ئەدەبی | ٨٥٩ |
| ٢٨ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٧ |
| ٢٩ | ڕەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری | حسین سابیر علی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٠ |
| ٣٠ | میدیا و دەسەلآت | و. فاروق جمیل کریم | رۆژنامەوانی | ٨٦١ |
| ٣١ | ئەدەبی ئەمریکای لاتین | و. تەها ئەحمەد رەسول | ئەدەبی | ٨٦٢ |
| ٣٢ | پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا | بوشرا کەسنەزانی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٣ |
| ٣٣ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٨ |
| ٣٤ | تروسکەیەك لە تاریکیدا | صلاح نیساری | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٤ |
| ٣٥ | سی و حەوت خوێندنەوەی جیاواز | نەبەز تالیب | بایۆگرافی | ٨٦٥ |
| ٣٦ | سایکۆلۆژیای شۆفێری | بەختیار محمد | زانستی دەروونناسی | ٨٦٦ |
| ٣٧ | بکوژی بابانوئێلەکان | و. مستەفا زاهیدی | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٧ |
| ٣٨ | بارگە | رەفعەت مورادی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٨ |
| ٣٩ | شێوازی شیعری نوێ- کرمانجی ناوەڕاست | د. حمە نوری عمر کاکی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٩ |
| ٤٠ | مادام بۆڤاری (وەرگێڕان) | جەبار سابیر | ڕۆمان | ٨٧٠ |
| ٤١ | ڕۆمانە فارسیە هاوچەرخەکان | عمر شینکی | رانانی کتێب | ٨٧١ |
| ٤٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٩ |
| ٤٣ | وەرزەکانی ئەیرۆبیك و دابەزینی کیش بۆ پیاوان و ئافرەتان | و. ڕێباز ئەحمەد فرج | زانستی | ٨٧٢ |
| ٤٤ | دەقئاوێزان لەشیعری نوێی کوردیدا | شنۆ محەمەد محمود | ئەدەبی | ٨٧٣ |
| ٤٥ | ئەنفال تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتی | ستارە عارف | لێکۆلینەوە | ٨٧٤ |
| ٤٦ | تەکنیکەکانی سەردەم | جمال محەمەد ئەمین | زانستی | ٨٧٥ |
| ٤٧ | ڕەهەندەکانی شوێنکات لەدەقەوالآکانی شێرکۆ بێکەس | لوقمان ڕەئوف عەلی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٧٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٨ | لەودیوشتە جوانەکانەوە | و. ڕەئوف حەسەن | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٧٧ |
| ٤٩ | جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێب | د. نەجم ئەڵوەنی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٧٨ |
| ٥٠ | نەریت و کلتووری کوردی | م. زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین | کلتووری | ٨٧٩ |
| ٥١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٠ |
| ٥٢ | شەوانی بۆن و سەفەر | فروغ نیعمەت پور | کورتەچیرۆك | ٨٨٠ |
| ٥٣ | گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا | ڕێبوار حمە تۆفیق | لیکۆڵینەوە | ٨٨١ |
| ٥٤ | پێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان | فەیسەڵ سلێمان محمد | لیکۆڵینەوە | ٨٨٢ |
| ٥٥ | بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا | شەهاب شێخ تەیب تاهیر | زمانەوانی | ٨٨٣ |
| ٥٦ | فۆرمی لۆژیك لە زمانی کوردیدا | د.کاروان عمر قادر | زمانەوانی | ٨٨٤ |
| ٥٧ | حەریق | سەید نەجمەدین عەلی محەمەد | دیوان | ٨٨٥ |
| ٥٨ | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جلال محمود علی سوبحانی | فەرهەنگ | ٨٨٦ |
| ٥٩ | تەکنیکی گۆرانی وتن | و. یەدێ شاکری (هۆگر) | لێکۆڵینەوە | ٨٨٧ |
| ٦٠ | ئێکسیری وشە | و. هادی محەمەدی | ڕەخنە | ٨٨٨ |
| ٦١ | ژنێك بۆ خۆشویستن | و. دلاوەر قەرەداغی | ڕۆمان | ٨٨٩ |